# گوتاری ئیسلامی سیاسی لە
# هەرێمی کوردستاندا

Rahand

غازی حەسەن

# گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

# ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند


نـــــاوی کتـێـب: گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا
نووســــــــەر: غازی حەسەن
بــــــابـــــــەت: لێکۆڵینەوە
دیزاینی بـــەرگ: ئیبراهیم ساڵح
دیزاینی تێکست: ڕەنجدەر جەبار
نـــۆرەی چـاپ: یەکەم ٢٠٢٢
چـــاپخـــانـــە: پاندا - سلێمانی
تــــیـــــــراژ: (٥٠٠) دانە
نـــــــــــرخ: (٦٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (      )ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێ دراوە.



ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند
هەرێمی کوردستان - سلێمانی
07709309121
Ktebxanai Rahand

# پێڕست


**بەشی یەکەم................ ١٣**

١-١ پراگماتیک و شیکردنەوەی گوتار/ لایەنی تیۆری ................ ١٣

١-٢ کردە قسەییەکان چییە؟................ ٢١

١-٣ جۆرەکانی کردە قسەیی................ ٢٧

١-٤ نیازو مەبەست................ ٣٠

١-٥ کێشەکانی زارو زمانو گوتار ................ ٣٥

**بەشی دووەم................ ٤١**

٢-١ گوتار چییە؟ تێڕوانینێکی گشتی بۆ گوتار................ ٤١

٢-٢ پێناسەیەکی عەرەبی ئیسلامی بۆ گوتار................ ٥١

٢-٣ جۆری گوتار ................ ٥٥

٢-٤ کەسانی هاوبەش لەکردەی گوتاردا................ ٥٨

٢-٥ گوتاری سیاسیو گوتاری ئیسلامی سیاسی................ ٦٢

٢-٦ تایبەتمەندی گوتاری سیاسی................ ٦٤

٢-٧ تایبەتمەندی گوتاری ئیسلامی سیاسی ................ ٦٥

**بەشی سێیەم................ ٧١**

٣- ١ شیکردنەوەی گوتار................ ٧١

٣-٢ هاوبەشی لەئامۆژگاری (سیاسیو ئاینی) ................ ٧٣

٣-٣ لایەنی دەروونی نێرەو زمان................ ٧٥

٣-٤ گوتاری سیاسی................ ٨١

٣-٥ بەهای راستیو درۆ لەگوتاردا ................ ٨٣

**بەشی چوارەم................ ٨٧**

٤-١ گوتاری ئاینی و ئیسلامی................ ٨٧

٤-٢ سیاسەتو ئیسلام................ ٨٨

٤-٣ فرەیی لەگوتاری ئسیلامیدا................ ٨٩

٤-٤ نوێبوونەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسی................ ٩٣

٤-٥ بنەمای گشتی گوتاری ئیسلامیی.... ٩٦
٤-٦ جێبەجێکردنی شەریعەت .... ٩٧
٤-٧ جۆری گوتاری ئیسلامی بەگشتی .... ٩٨
٤-٨ ئاینو گوتاری ئاین.... ١٠٦
٤-٩ ئاین لە نێوان ئەکێکسی دوو تۆکڤێلو ماکس ڤێبەر .... ١١٠
٤-١٠ گوتاری چاکەو خراپە .... ١٢١
٤-١١ شوراو ئیسلامی سیاسی.... ١٢٧
٤-١٢ سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسیو نەتەوەی کورد .... ١٣٥
٤-١٣ گوتاری ئەقڵیو گوتاری کردەیی ئیسلامی سیاسی .... ١٤٦
٤-١٤ گوتاری چاکسازی .... ١٥٨
٤-١٥ گوتاری زاراوەسازی، یان گوتاری بەرهەمهێنانی نوێبوونەوەی هاوچەرخ .... ١٦٢
٤-١٦ بنەماکانی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخو ناکۆکییەکانی .... ١٧٢
٤-١٧ گرفتەکانی ئەم گوتارە چین؟.... ١٧٤
٤-١٨ گوتاری ئیسلامی سیاسی و نوێبوونەوە .... ١٧٥
٤-١٩ ستراتیجیەتی گوتاری ئیسلامی سیاسی .... ١٩٦
**بەشی پێنجەم.... ٢٠١**
٥-١ گوتاری ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، هۆکاری دەرکەوتنی حزبی سیاسی ئیسلامی لە کوردستاندا .... ٢٠١
٥-٢ چەمکەکان:.... ٢٠٩
٥-٣ بەراوردی بەرکاهێنانی چەمکەکان لای (فەرەج)و (باپیر) .... ٥٥٢
٥-٤ شێوازی بەکارهێنانی گوتار.... ٢٦٧
٥-٥ بەراوردی گوتاری هەردوو کارەکتەر .... ٢٧٧
٥-٦ پوختەی توێژینەوە .... ٢٧٨
**سەرچاوەکان.... ٢٨٣**
**هێلکاری توێژینەوەکە .... ٢٨٨**
**چارتەکانی توێژینەوەکە .... ٢٩٠**

# پێشەکی

## ناونیشان توێژینەوە

ناونیشانی ئەم توێژینەوە «گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، شیکارێکی پراگماتیکی، نموونەی (محەمەد فەرەج)و(عەلی باپیر)»یە. لەچۆنیەتی بەرهەمهێنانی گوتارو ئەرکی گوتار دەکۆڵێتەوە. مەبەستی سەرەکی شیکردنەوە هەلومەرجو بەراوردو دەرخستنی گوتاری ئیسلامی سیاسییە لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ شیکردنەوەی نێوەڕۆکی گوتارەکان، پشت بەبۆچوونەکانی کردە قسەیی بەستراوە، کە (ئۆستن) ڕۆیناوە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە

لەنێو کۆمەڵگەی سیاسی کوردستاندا، گوتاری ئاینییە جیاوازەکان، بەتایەبتیش گوتاری ئاینی بۆتە جێگەی بایەخ. گوتاری ئسیلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا، زەمینەیەکی دیارکراوی بۆ خۆی داگیرکردووە، بۆیەشە لەئەنجامی بەدەرکەوتنی کاریگەرییەکانی گوتاری ئیسلامی سیاسی لەکایەی زمانەوانیو سیاسەتدا لەلایەکو هەروەها ئەو ئاستەنگو گومانو بەها کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو ئاینییەی گوتاری ئیسلامی سیاسی هەیەتی لەلایەکی دیکەدا، لەگەڵ گریمانەکانی وابەستەبوونی گوتاری ئیسلامی بەدەقی باڵاو نوێبوونەوەو هاوچەرخبوونیو خۆماڵی بوونی، بۆیە بەپێویستمان زانی

شیکارێکی زمانەوانی لەڕوانگەی پراگماتیکی بۆ ڕۆڵو کاریگەرییو چۆنیەتی بەرهەمهێنانەوەی خودی گوتارە لەلایەن وەگرو بەکارهێنەرەکانی ئەنجام بدەین.

**تیۆری توێژینەوە**

توێژینەوەکەمان لەچوارچێوەی زانستی پراگماتیکی ئەنجام دراوە، پشتمان بەتیۆری کردە قسەییەکان (ئۆستن) بەستووە، لەکاتی پێویستدا پشتمان بۆ بۆچوونی زانایەکانی دیکەی ئەم بوارە لەپێناو بەراورد، یان دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە بەستووە.

**ڕێبازی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ڕێبازی (وەسفی- شیکاریی) ئەنجام دراوە، ئەم خۆمان لەچوارچێوەی بواری کارکردەکەماندا لەگوتار ئیسلامی سیاسیدا، چەندین چەمکمان دەسنیشان کردووە، لەنێو گوتاری هەریەکێک لەنێرەرەکاندا ژمارەیەک کۆدمان لەسەر بنەمای گوتن هەڵبژاردووە. ئەو چەمکانەشمان لەڕوانگەی گوتارەکان هەڵبژاردووەو بنەمای دیارکردنی هەریەکێکیشمان لەشوێنی خۆیدا شی کردۆتەوە. ڕەچاوی هاوبەشی چەمکەکانمان لەنێوان هەردوو کەسایەتی کردووە.

**پرسیاری توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا کارمان لەسەر گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ئەم پرسیارانە لەنێو گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا کردووە:

**یەکەم**/ گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، لەنێوان پابەستبوون بەدەقی باڵای پیرۆزی ئاینیو چەمکی هاوچەرخبوونو نوێبوونەوەدا. هەروەها ئەم گوتارانە چەندە لەگەڵ چەمکی سەردەمیانەی نەتەوەییو کۆمەڵگەی مەدەنی دەگونجێن؟

**دووەم**/ ئەم گوتارە ئیسلامییە سیاسییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بۆتە گوتارێکی کامل‌و پڕ، یان سەرەتایەکە بۆ دەرکەوتنی گوتاری کوردی ئیسلامی؟

**سێیەم**/ هاوبەشیی‌و جیاوازیی نێوان گوتاری میانەڕەوەیی‌و نیمچە توندئاژۆی ئیسلامی سیاسی؟ ئامانج‌و مەبەستی ئەمجۆرە گوتارە لە هەرێمی کوردستاندا لەچ ئاستێک‌و پلەیەکی کۆمەڵایەتی دایە؟

**چوارەم**/ گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمدا چۆن مامەڵەی لەگەڵ چەمکە جیاکانی سەردەمەکە کردووە؟ زمانی ئەم گوتارە ئیسلامییە چۆنە؟ شێوازی ڕاپەڕاندنی گوتارەکەو مەبەستەکانی لەپەیوەندیکردن‌و تێڕوانینی بۆ وەرگرەکانیان چییە؟

### بایەخی توێژینەوە

دەکرێت بەڕوونی بڵێین، لەدوو بواردا بایەخی توێژینەوەکەمان بەدیار دەکەوێت‌و بەرجەستە دەبێت:

**یەکەمیان**/ لەڕووی تیۆرییەوە سود بەتوێژەران‌و توێژینەوەی زانستی لەمبارەوە دەگەیەنێت،

**دووەم**/ لەلایەنی پراکتیکییەوە، دەتوانرێت ئەم توێژینەوە بکرێتە سەرەتایەکی گونجاوو لەبار بۆ چۆنیەتی بەکارهێنان‌و بەدیهێنانی ئامانج‌و مەبەستەکانی گوتار لەلایەن خاوەن گوتارەکاندا، ئەوانەی پێچەوانەی ئەمجۆرە گوتارە بیردەکەنەوە. ئێمە لەتوێژینەوەکەماندا پشتمان بەهێلکاری‌و چارت‌و ئامار بەستووە، ئەمەش ئاسانکارییەکی پوخت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات.

### کۆکردنەوەی داتاکان و سەرچاوەکان

١. گوتارەکان دوور لەمەبەستی پێشوەختە هەڵبژێردراون، هەر یەکەیان دوو دیداری ڕۆژنامەنووسیمان دیارکردووە. هیچ تایبەتمەندییەکمان بۆ

کەسەکان لەدیارکردنی بابەتەکانیان ڕەچاو نەکردووە، تەنیا پێوەری گشتی نەبێت.

٢. پشتمان بەسەرەتای دیارکردنی (گوتن) لەهەڵبژاردنی کۆدی نێو گوتارەکان بەستووە، تاکو بزانین هەر چەمکێک چەندجار لەنێو گوتارەکاندا بەکارهێنراون، دەبێت ئەو ڕاستیەش بڵێین، کە ئاساییە کۆدێک، یان گوتنێک لەچەند چەمکێک و مەبەستێکی جودا دووبارەو سێ بارە بووبێتەوە.

٣. بەپێی بەرنامەی ئێکسیل کار بۆ دابەشکردن‌و بەراوردی داتاکان‌و هێڵکاری‌و چارتەکان کراوە.

## پەیکەری توێژینەوە

ئەم توێژینەوە جگە لەپێشەکی لە پێنج بەش پێکهاتووە:

## بەشی یەکەم – پراگماتیک و شیکردنەوەی گوتار/ لایەنی تیۆری

لەم بەشەدا بایەخمان بەپێناسەی تیۆرو چەمک‌و گوتارو جۆرەکانی گوتاری ئیسلامی سیاسی‌و ڕۆڵ‌و بوونی زمان لەم کایەداو ئینجا پێناسەی پراگماتیک‌و کردە قسەییەکان‌و جۆری گوتار کردووە. سەرباری بۆچوونەکانی (ئۆستن)و (سێرل) و (فۆکۆ).

## بەشی دووەم/ گوتار چییە؟ تێڕوانینێکی گشتی بۆ گوتار

لەم بەشەدا کار لەسەر پێناسەی گشتی گوتارو پەیوەندی نێوان گوتارو دەق‌و وتار کراوە. هەروەها شیکاری ئەرک و جۆری گوتار و پێکهاتەی گوتاری سیاسی و گوتاری ئاینی و بەتیابەتیش ئیسلامی سیاسی و گوتاری لای عەرەب و ئەرک و پەیام وپێکهێنەرە سەرەکییەکانی گوتار (نێرەرو وەگر کراوە).

**بەشی سێیەم/ شیکردنەوەی گوتار**

گوتار هێندەی لەکردەی گوتنو دابەشکردنی پێکهاتەو یەکەی گوتار بۆ سەر گوتنەکان گونجاوە، رەنگە هێندە دابەشکردنی بەسەر دەقو ئاستەکانی زماندا خزمەت بەشیکاری گوتار بەتایبەتیش لەڕوانگەی پراگماتیکی نەکەن. واتە شیکاری گوتار سنوری شیکاری دەق تێدەپەڕێنێت، شیکردنەوەی دەق بریتییە لەلێکدانەوەی نێوەکی لەچوارچێوەی دەقو ئەو سنورەش تێناپەڕێنێت، بەڵام شیکاری گوتار پێویستی بەوە هەیە، پێداچوونەوە بەو دۆخە بکرێت، کە بۆتە بەرهەمهێنی خودی گوتارەکە لەدەوروبەری (زمانیو دەرەکی)، هەروەها شیکاری گوتار بەرەو ئەوەیە، کە تێڕوانینی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی بەکاربهێنرێت.

**بەشی چوارەم/ گوتاری ئاینی و ئیسلامی**

گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا لەنێوان نەتەوەیی بوونو پانیسلامیزمو لەنێوان ئیخوانو سەلەفییەکاندا، لەنێوان میانڕەوەییو توندڕەوی جیهادیدا، لەنێوان سەردەمبوونو وابەستەبوون بەدەقی باڵاو نەگۆڕ، لەناکۆکیو ململانێیە نێوەخۆییەکانو گروپە ئیسلامییە جیاکاندا شیکاری پراگماتیکیان بۆ کراوە.

هەروەها شیکاری سیاسەتو ئیسلامو فرەیی لەگوتاری ئسیلامیداو نوێبوونەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسیو بنەمای گشتی گوتاری ئیسلامیی ئەنجام دراوە، هەروەها **جۆری گوتاری ئیسلامی بەگشتیو** ئاینو گوتاری ئاینی، گوتاری چاکەو خراپە، شوراو ئیسلامی سیاسی، سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسیو نەتەوەی کورد، سەرباری **گوتاری ئەقڵیو گوتاری کردەیی ئیسلامی سیاسی، گوتاری چاکسازی، گوتاری زاراوەسازی، یان گوتاری بەرهەمهێنانی نوێبوونەوەی هاوچەرخو** بنەماکانی گوتاری ئیسلامی سیاسی هاوچەرخ، گوتاری ئیسلامی سیاسیو نوێبوونەوەو ستراتیجیەتی گوتاری ئیسلامی سیاسی.

## بەشی پێنجەم/ گوتاری ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا

لەم بەشەدا شیکاری گوتاری هەریەک لە(محەمەد فەرج) وەکو نوێنەری فکری میناڕەویی لەئیسلامی سیاسیداو (عەلی باپیر) نوێنەری فکری سەلەفیو نیمچە توندئاژۆیەک، یان وابەستە بەدەقی (قورئانو سونەت)و هۆکاری دەرکەوتنی حزبی سیاسی ئیسلامی لە کوردستاندا کراوە.

ئینجا باسی دەرکەوتنی ئیخوانو تەوژمە ئیسلامییەکانی دیکە لە کوردستاندا کراوە، چەمکەکانو دیارکراونو سەرباری پێناسەو ئەو بوارانەی پەیوەندیان بە چەمکە جیاکانەوە هەیە. هەروەها بەکارهێنانی ئەم چەمکانە لای هەریەکێک لە(محەمەد فەرجو عەلی باپیر)، دوای ئەوەش بەراوردی چەمکەکانو ڕێژەی بەکارهێنانی لای هەریەکەیان کراوەو شیکردنەوە بۆ جیاوازیو هاوبەشیو ئاڕاستەو هۆکاری هەر یەکەیان کراوە. سەرباری شێوازی بەکارهێنانی گوتارەکان، هەروەها شیکاری بەکارهێنانی ژمارەو ڕێژەی چەمکەکان بەهێلکاریو چارت ئەنجام دراوە، ئینجا پوختەی توژینەوەو ئەنجامەکەیو سەرچاوەکان هەیە.


# بەشی یەکەم

## ١-١ پراگماتیک و شیکردنەوەی گوتار/ لایەنی تیۆری

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەشیکاری پراگماتیکی گوتاری سیاسی، بەتایبەتیش ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستان دەبەستین، لەبەر ئەوەی سیاسەتو گوتار پەیوەندییەکی پتەویان بەدەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، وەکو هەر بوونێکی کۆمەڵایەتیو زیندوو گەشەدەکاتو پێشکەوتنی بەردەوامی هەیەو ئاسایشە دووچاری لاوازیو سستیو لەنێوچوونیش بێت. هەروەها کردەی گوتار پەیوەستە بەکردەی پەیوەندیدکردنو کردەی گەیاندنی پەیامو دروستکردنی کاریگەرییو کارتێکردنو بەدیهێنانی کوتار، بۆیە شیکردنەوەی پراگماتیکی بەیەکێک لەگونجاوترین زانستەکانی بواری زمانەوانی لەم سەردەمەدا دادەنرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت گوتارو پێکهاتەکانیو یەکەکانی بەشێوەیەکی کردەییو گونجاو شیبکرێتەوە، هەروەها پەیوەندی گوتار بەدەوروبەرو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو مەعریفی دیاربکرێت.

ئەگەر بۆ واتای بەکارهێنانو دەرکەوتنی پراگماتیک بگەڕێینەوە، ئەوە دەبێت بگەڕێینەوە سەر رەگەزە یۆنانییەکەی پراگماتیک، کە واتای کارکردن، یان پراکتیک دەدات. ئەم واتایەش لای چالز مۆریس دەچێتە ئاستێکی دیکە، کە ئەو باسەکەی خۆی لەمبارەوە کردۆتە سێ بەش: یەکەم/ سیسنتاکس. دووەم/

واتاسازی . سێیەم/ پراگماتیک، کە پەیوەندی نێوان هێماو بەکارهێنەرەکەی دەگرێتەوە، واتە (قسەکەرو گوێگر). (محمد معروف فتاح:٢٠١١، ١٨٢). هەروەها تێڕوانینی سەرەکی دەربارەی پراگماتیک ئەوە دەگرێتەوە، کە لەڕووی زمانەوە هەموو رستەیەک واتای خۆی هەیەو بۆ دیارکردنی ئەمەش پێویستە توێژەر بایەخ بە(بەکارهێنانو دەوروبەری راپەڕاندنەکە) بدات. (حسیب حدید: www.alrdiyaraondaon.com).





هێلکاری ژمارە (١) پراگماتیک پەیوەندی بەکارهێنان و دەوربەری ئەنجامدامی کردەیەک

بۆ ئەوەی باش لەپێناسەی پراگماتیکو پێکهاتەکانی پراگماتیکو جۆرەکانی بگەین، لەکتیبی زمانەوانی محەمەد مەعروف بەوردی ئەم بوارانەی لێکداوەتەوە، بۆیە لێرەدا دووبارەیان ناکەینەوە. لێرەدا ئاماژە بەدواین پێناسە پێدەکەین، کە هاتووە: (پراگماتیک ئەو زانستەیە ، کە لەکردە قسەیی‌و گریمانەی پێشینەو دەرکەوتە ئاخاوتنییەکانو دەوروبەر (کاتو شوێنو دەوروبەری قسەکردنو

پلەی کۆمەڵایەتیو قسەکەرو گوێگرو زانیاریی هاوبەشو زانیاریی دنیاییان) لێکدەداتەوە. (محمد معروف:١٩١،٢٠١١).

واتە زانستی پراگماتیک زانستێکە سنورە ئاساییە سروشتییەکانی یاسای زمان دەبەزێنێت، هەر بەتەنیا لەنێوەوەی زمان وەکو یاساو یەکەکانی زمانو ئاستەکانی زمان کار ناکات، بەڵکو باسی کردەی قسەیی لەنێوان (نێرەرو وەرگر) دەکات، باسی دەوروبەر بەهەموو رەهەندو جۆرو پێکهاتەکانییەوە دەکات، دەبینرێت کاتو شوێن، پلەو چینە کۆمەڵایەتییەکان، رۆلی قسەکەرو گوێگر، بەشداریی پێکردنی زانیارییە هاوبەشەکانە. بۆیەشە (شاردۆ) وەکو شارەزاییەکی گوتاری رۆژنامەنووسیو نوێکردنەوەی زمان دەڵێت: قسەکەر ستراتیژیەتێک دادەرێژێت، کە ئامانجی راکێشانی سەرنجە، لەپێناو ئەوەی خوێنەر/ وەرگر لەزەت لەئاڵوگۆڕی پەیوەندکردنەکە وەربگرن، بەمەش وەرگر/ خوێنەر دەچێتە دونیای بیکردنەوە، کە کردەی پەیوەندیکردنەکە دابینی دەکات، ئەمەش دابەشی سەر (مەبەستو نیازو سۆزداری) دەبێت. (حسیب حدید، www.alrdiyaraondaon.com).




هێلکاری ژمارە (٢) پەیوەندی کاریگەری ستراتیجیەتی نێرەر/قسەکەر لەسەر وەرگر و بەدیهاتنی کردەی پەیوەندیکردن لەگوتاردا

واتا پراگماتیک دەسەڵاتێکی فراوانتری لەبوارەکانی دیکە شیکردنەوە هەیە، بۆ نموونە واتای سیمانتیکی ناتوانێت، تەواوی ئەو وتا شاراوەو ناڕاستەوخۆو فرە واتاییانە شی بکاتەوە، کە کاتی گۆکردن دێتە ئاراوە. بۆیەشە (محەمەد مەعروف) دەڵێت: زانستی سیمانتیک ناتوانێت ئەمە لێکبداتەوە، سیمانتیک یارمەتیمان نادات بۆ هەموو تێگەیشتنێک، لەوانەیە وشەیەک لەهەر ڕستەیەک واتایەکی هەبێت. بەوە دەتوانینی سنور بۆ سیمانتیک دابنێن، ئەگەر لەپراگماتیکی

جیابکەینەوە، ئەگەر واتاسازیو گیروگرفتەکانی واتاسازی لێک جیانەکەینەوە، نابێتە زانست. (محمد معروف:٢٠١١،١٨٦). هەروەها دەکرێت جیاوازییەکە بەشێوەیەکی دیکە بخەینە نێو توێژینەوەکەمان، یان ئەو خاڵە هاوبەشو جیایانە بخەینە روو، کە لەنێوان واتای سیمانتیکیو واتای پراگماتیکی هەیە بەمجۆرە:

**یەکەم**/ واتای واتاسازی بریتییە لەو واتایەی، کە لەئەنجامی بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکانەوە دێتە کایەوە، لەگەڵ ئەو واتایە رێزمانییەی کە لەچۆنیەتی ریزبوونی کەرەسەکان پەیدای دەکەن وەک:

پشیلە مشکەکەی راونا.

مشکەکە پشیلەکەی راونا.

**دووەم**/ واتاسازی پابەستی یاسایە، بەڵام پراگماتیک پابەندی بنەماو ستراتیژە.

یاسا، کەتێکدرا واتا دەشێوێت.

بنەما، کە تێکدرا لەوانەیە واتا تەواو بێت.

**سێیەم**/ واتاسازی پابەندی توانستی ئاخێوەرە، بەڵام پراگماتیک بەندە بەچالاکییەوە.

**چوارەم**/ واتاسازی پابەندە بەواتای پیتی (حرفی) وشەکانەوە، بەڵام پراگماتیک لەواتای خوازراو دەکۆڵێتەوە بۆ نموونە وەکو:

کاوە مەکینەیە.

ئەمە لەڕووی سیمانتیکەوە نابێت، چونکە مەرجەکانی هەڵبژاردنی ناتەواوە، مەکینە دەبێت (گیاندار نەبێت). واتە لەڕووی سیمانتیکەوە ناتەواوە (مەکینە گیاندار نییە)، بەڵام لەڕووی پراگماتیکەوە زۆر ئاساییە، هەندێک سیفەت لەمەکینەدا هەیە لە کاوەشدا دەبینرێت:

- لەوانەیە پیاهەڵدان بێت
- لەوانەیە توناج بێت.

**پێنجەم**/ واتاسازی خەریکی رستەیە، بەڵام پراگماتیک لێکدانەوەی واتای گوتنە.

**شەشەم**/ واتاسازی واتای فەرهەنگی وشەکانە لەدەرەوەی دەوروبەر، بەڵام پراگماتیک واتای گوتنە لەنێو دەوروبەردا.(هەمان سەرچاوە،١٩٣).

ئەم باسەمان بۆ ئەوە هێنایەوە، کە گوتاری ئیسلامی سیاسی لەلایەک وەکو گوتارێکی سەلەفی، یان سۆفی، یان کلاسیکی هەمیشە پشت بەواتای واتاسازی دەبەستێتو لەچوارچێوەی یاسا زمانو رستەو واتای فەرهەنگیو توانستی قسەکەرو یاساکانی زمانو پابەستبوون بەواتای وشەو پیتەکان گەڕانە بەدوای واتای رستە. چونکە گوتاری ئیسلامی سیاسی وابەستەیە بەدەق، وابەستەیە بەپیرۆزییەکانی (قورئان)و (سوننەت). دیارە ئەمەش دابڕانێکی بەرچاوی دەوروبەر لەشیکردنەوەوە لەخۆگرتووە، چونکە پراگماتیک وەکو زانستێکی کردەییو کاریی، پشت بە(دەوروبەر، گوتن، چالاکیو پابەندبوون بەبنەماو ستراتیژو واتای خوازراو) دەبەستێت. راستە هەندێک فکری نوێی ئیسلامی بەرەچاوکردنی بنەماکانی نوێبوونەوەو سیستەمی هاوچەرخبوون، دەیانەوێت وەکو بەشێک لەدەوروبەری زمان، دوروبەری کۆمەڵایەتیو ئیجتهادی فکریو گونجان لەگەڵ سەردەمەکە، سود لەزانستی پراگماتیکی وەربگرن. بۆیەشە کاتێک شیکاری گوتاری ئیسلامییەکی سیاسی دەکەیەن، کە دەڵێت: لەدیدی سەلەفی جیهادیو (داعش)ەوە تەوەرەی راستەقینەی ململانێ جیهانی یەکە، لەنێوان (باوەڕ)و (بێ باوەڕی)و (هەق)و (باتل) دایە، نەک نەتەوەکان). (رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە ٤٥٩، رۆژی ٣٠-١٢-٢٠١٤).


لێرەدا پاکانەیەکی روون بۆ ئەوە دەکرێت، کە داعش دژی نەتەوە نییە، بەڵکو دژی (بێ باوەڕی)و (ناهەقییە). شەڕ دژی کورد بەپێی تێڕوانینی داعش بێت، کە دوو ساڵە جەنگێکی سەختی دژ بەرێوەدەبات، کارێکی رەوایە، یەوکاتە گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە (بێ باوەڕی)و (ناهەقیەتی) لەهەقیقتەدا دوو چەمکی راستبن، بۆ راستکردنەوەی هەڵەکان. چونکە وەکو رۆشنبیرێکی ئیسلامی سیاسی دەڵێت، کە سەلەفییەکان ئیسلام دابەشی سەر (دار السلام)و

(دار الكفری) سەدەکانی نێوەڕاستو فقهە دەکەن، لەم روانگەیەوە نەتەوایەتی رەنگدانەوەی کاڵایەکی ناشیرینو نەخوازراوی (دار الكفر)ە، پلانێکی کوفری جیهانییە بۆ دابەشکردنی جیهانی ئیسلامی. (رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە ٤٥٩، رۆژی ٣٠-١٢-٢٠١٤).

واتە نەتەوەیی بوون، کوفرێکە، بۆیە کاتێک لەڕوانگەی پراگماتیکی شیکاری ئەمجۆرە گوتارە ئیسلامییە بکرێت، دەردەکەوێت، کە (گوتنەکانو رەهەندی قسەکەر) کە ئیسلامییەکی سەلەفییە، (رەتکردنەوەی) فکری نەتەوەو بوونی نەتەوەکانی غەیری ئیسلامە، هەروەها لەنێو ئیسلامیشدا تەنیا (قورئان) و (سوننەت)، کە بەزمانی عەرەبی هاتوون، جێگەی متمانەو پاڵپشتیو کارپێکردنە. لەبەر ئەوە بەلای داعشەوە (کورد) دەچێتە خانەی (دار الكفر) و دەبێتە تێکدەری جیهانی ئیسلامی. بۆیەشە ئەو دەوروبەرەی ئەم فکرەی تێدا گەشە دەکات، دەوروبەرێکی (عەرەبی/ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی قورئانو سوننەتە). هەر لەم روانگەیەشە قڕکردنی کوردی ئێزیدیو کورد بەگشتی دەبێتە ئەرکێکی ئەم گوتارە ئیسلامییە توندڕەوە، بۆیە کە پانئیسلامیزم دەکرێتە ئامانجو ئامرازو کەرەستە بۆ گەیشتن بەمەبەستی کۆتایی، گیرمانەی ئەوە دەکرێت، کاراکردنو پراکتیکەکردنی گوتارەکە لەپێناو سەپاندنی هێز بێت، توندتیژییو رەنتکردنەوەی یەکترو قڕکردن بەرهەم بێت..

کەواتە شیکاری پراگماتیکی گوتار ئاسانکارییەکی زۆر، هەروەها وردەکارییەکی پتەو لەبارەی خاوەن گوتارەوە ساخ دەکاتەوە.

هەروەها پراگماتیک وەکو دێڤید کریستال ئاماژەی پێدەکات تێکەڵیو هاوبەشی لەگەڵ گەلێک لەزانستەکانی دیکەش، بەمجۆرە: واتاسازی Seman-tics، زانستی شێوازیی Stylistics، زمانەوانی کۆمەڵایەتی Sociolinguistics، زمانەوانی دەروونی Psycholinguistics، شیکردنەوەی گوتار Discourse Analysis. (شێرزاد سەبری عەلی:٢٠١٤، ١٠).




هێلکاری ژمارە (٣) پەیوەندی پراگماتیک بەزانستەکانی دیکە

هەروەها کاتێک قسەکەر/ نێرەر، کە مەبەستێک، یان پەیامێکی دەبێتو لەرێگەی گوتنەوە بەگوێگری دەگەیەنێت، کەچی گەلێکجار قسەکەر، کە گوتەیەک دەردەبڕێت، یان مەبەستێک گۆ دەکات، واتای زیاتر لەوە دەگەیەنێت، کە دەیڵێت، گوێگریش، کە گوتەکەی گوێ لێدەبێت، گریمانەی ئەوە دەکات، کە قسەکەر هاریکارەو دەیەوێت شتێک بگەیەنێت، ئەو شتەش دەبێت زیاتر بێت لەوەی گوتنەکە نیشانی دەدات، ئەم واتا زیادەیە پێی دەگوترێت لێکەوتە .Im-plicature (G.Yale:2000,35).

## ١-٢ کردە قسەییەکان چییە؟

لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت لەڕوانگەو پشت بەستن بەتیۆری کردە قسەیی، کە زانای دیاری زمانەوانی ((ئۆستن)) دایهێناوە، شیکاری هەندێک لەو گوتارانە بکەین، کە پەیوەستە بەئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا. بۆیە پێویستە بەکورتی پێناسەی کردە قسەیی بکەین، بزانی ئەم تیۆرە چ بوارێکو ئاستێکی شیکاری زمانو دەقو گوتاردا دەگرێتەوە. هەیە پراگماتیک بەهاو واتای کردە قسەیی دادەنێت (علی محمود حجی الصراف:٢٠١٠، ١٠).

(ئۆستن)ی زانای بەریتانی، کە جەخت لەسەر ئەنجامدانی شت لەڕێگەی بەکارهێنانی قسەکردنەوە دەکاتەوە، بەپشت بەستن بەبۆچوونەکانی فنگشتاین، کە بڕوای وایە (واتا بەکارهێنانە)، ئا لەو کاتەدا (ئۆستن) لەوانەکانی زانکۆی هارفارد لە نێوان ١٩٥٢و ١٩٥٤دا تیۆرە بەنێوبانگەی داهێنێو لەکتێبی (How To Do Things With Words) بەیەکەوە بڵاوکرایەوە. لەڕوانگەی (ئۆستن)ەوە ئەو دەربڕیانەی قسەیەکی دروستیش نەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا کردەیەک بەیدەهێنن. بۆیە (ئۆستن) کردە قسەیی کردۆتە دوو بەش:

**یەکەم**/ کردەی هەواڵدان، کە لەم ڕێگەیەوە واقیعی دەرەکی پێ وەسف دەکرێت، بەڕاست، یان درۆ دەناسرێتەوە.

**دووەم**/ کردەی جێبەجێکردن، لەڕێگەیەوە هەندێک کرداری دیارکراو ئەنجام دەدرێت، بەڕاست، یان درۆ وەسف ناکرێت، بەکو بەگونجاو یان نەگونجاو وەسف دەکرێت، لەواتە : داوای لێبوردن، وەسیەت، پەیمانو گفت، ئامۆژگاری ... تد. (د.جمعان بن عبدالكريم، http://www.ta5atub.com).

هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین هەر کردەیەک، کە لەئەنجامی گوتنو قسەکردنەوە بەدی دێت، دەوروبەرێکی هەیە، ئەو دەوروبەرش (کاتو شوێنو دۆخو باری کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو رەگەزو مەبەستی قسەکردنەکە) دەگەیەنێت. بۆیە گرینگە کاتێک باسی تیۆری کردە قسەیی دەکرێت، دەبێت

(دەوروبەر)و (پەیوەندیکردن) وەکو دوو کۆڵەگەی گرینگی شکردنەوەی کردە قسەیی لەگوتاردا لەبەرچاو بگیرێن.

بۆیەشە ئەگەر باسی هەر لایەنێک لەم دابەشکردنە بکەین، دەبێت توێژینەوەی زمانەوانی هەمە لایەن‌و وابەستە بەزانستەکانی دیکەو ئامانج‌و مەبەستی پەیوەندیکردن لەگەیاندنی کردە قسەی هەواڵیی، یان کردە قسەیی جێبەجێکردن ئەنجام بدرێت.


(ئۆستن) پێکهاتەی کردە قسەیی دابەشی چەند جۆرێک کردووە، کە بێگومان باسی هەریەکێک لەم پێکهاتانە دەبێتە تەواوکاری پێکهاتەکانی دیکە، هەروەها کردە قسەیی لەکاتێکدا هەم (قسەکردن/ زمان‌و جۆری کردە دەگەیەنێت و لەهەمان کاتیشدا کردەیەکی بەکردەوەی کردارێک دەگەیەنێت) بۆ نموونە:

نێوم نا دارا.

ئەم رستەیە، یان گوتنە قسەکردنە، هەواڵدانی نێونانی کەسێکە، بێگومان بەپێی دەوروبەرەکەی پێمان دەڵێت: ئەمە وەڵامی پرسیاری کەسی سێیەمی نادیارە، قسەکەر/ نێرەر بەئامانجی بەدیهێنانی کردە قسەیی هەوڵیداوە (رونکردنەوە بدات، زانیاری داوە، هەواڵی راگەیاندووە، ئینجا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێمان دەڵێت من خێزاندارم ، بوومە خاوەنی منداڵێک، منداڵەکەش کوڕە، کە نێوی (دارا)یە. (بڕیار) دانی تێدایە، کە دەڵێت (نێوم نا)، واتە من بڕیاری نێولێنانەکەم داوە. رەنگە ئەمە منداڵی یەکەم بێت، یان دووەم‌و زۆرتریش، هەروەها بەشێوەی سروشتی لەدایک بووە، یان بەنەشتەرگەری. منداڵێکی سروشتییە، یان نا، دەکرێت لەڕووی پراگماتیکییەوە دەیان پرسیاری دیکە دروست بکرێت، یان گریمانەو پێشگریمانەی دەیان شت بەپێی دەوروبەرەکەی بکرێت.

هەروەها دەکرێت لەڕووی پێکهاتەییەوە کردە قسەیی دابەشی سەر چەند جۆرێک بکرێت، لەوانە:

١. کردەی حوکمدان: ئەوەش ئەو حوکمانە دەگرێتەوە، کە دادوەر، یان دادگاو ...تد بڕیاری لێدەدات.
٢. کردەی بڕیارەکان: ئەمەش ئەو بڕیاریانە دەگرێتەوە، وەکو: (دامەزراندن، دەرکردن، مۆڵەتو ... تد).
٣. کردەی پەیماندان: ئەو پەیمانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر دەیدات (گفتدان، سوێندخواردن، گرێبەست).
٤. کردەی رەوشتی: (داوای لێبوردن، سوپاس، رووبەروبوونەوە، هەڕەشە، پەنجە هەڵشەقاندن، خۆسورکردنەوە، تفکردن، پەنابردنە بەر شتی کەسی، هەڕەشە بەقسە، یان کردەوە، نێو زراندن... تد).
٥. کردەی ئاگاداری/ رونکردنەوە: ئەم کردەیەیە، کە بۆ رونکردنەوەی (بیرورِا، راگەیاندنی بۆچوون لەکاتی ناڕازیبوونو گومانکردن، رەزامەندی، رەتکردنەوەو نەفی، دەنگدان، هەڵەکردن) بەکاردەهێنرێن. (هەمان سەرچاوە).




هێلکاری ژمارە (٤) پێکهاتەی کردە قسەیی

بەمجۆرە دەبینین، کە مەبەست لەبەکارهێنانی هەر گوتنێک بەبارودۆخی قسەکەرو گوێگرو چوارچێوەی گوتنەکەوە دەبەسترێتەوە، نەک تەنیا بەواتای وشەکان خۆیانو ئەو بۆتە ڕیزمانییەی، کە کەرەستەکانی گرتۆتە خۆ، کەواتە هەر یەک گوتن لەوانەیە بەمەبەستی (ڕاسپاردن، ڕاگەیاندن، هەڕەشکردن، زانیاری دان، پرسیارکردن، فەرماندان، دڵنیاکردن، بەڵێندان)و دەیان مەبەستی تر بەکاربێت هەر ئەم مەبەستانەشن، کە (ئۆستن) بەکردە قسەییەکان نێویان دەبات. (قەیس کاکل، ٤٠، ١٩٩٥).

هەروەها قەیس کاکل کار ڕاپەڕاندنی کردە قسەیی دابەشی سەر دوو بار کردووە:

**یەکەمیان**/ کاری راپەراندن Performative:

کە ئەمەشی وەها دانیوە هەموو ئەو کارانە دەگریتەوە، کە بەکارهینانیان لەلایەن قسەکەر دەبیتە هۆی ئەنجام دانی کردەوەیەک، واتە گوتنەکە راستەوخۆ ئەنجامدانی کردەوەکەیە. وەکو:

پەیمان دەدەم راستی بلێم.

سویند دەخۆم.

سوپاسی هەستت دەکەم.

لەم رستانەدا (پەیماندان، سوێن خواردن، سوپاس کردن) خۆیان لەگەڵ گوتنی قسەکە، کردەوەکە ئەنجام دەدەن.

**دووەمیان**/ کاری ناڕاپەراندنە Constantive: جگە لەکاری راپەراندن کارەکانی دیکە هوموی دەگریتەوە، یان هەر کارێک بەلای کەمەوە یەکێک لەو سێ مەرجەی (کاری راپەراندن)ی تێدا نەبێت، بەکاری ناڕاپەڕاندن دادەنرێت، کاری ناراپەڕاندن کردەوە دیاریکراوەکەی خۆی جێبەجێ ناکات، بۆ نموونە:

سزات دەدەم.

دەتکوژم.

هەوڵ دەدەم.

چونکە کاری سزادان لەگەڵ گوتنی قسەکردنەکەدا یەک شت نین، بۆیە ئەمە بەکاری ناڕاپەراندن دادەنرێت. (قەیس کاکل:٤٥، ١٩٩٥–٤٦).

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە بواری شیکردنەوەی پراگماتیکی بەپێی بۆچوونەکانی (ئۆستن)، کە پشت بەکردە قسەیی دەبەستێت، دەتوانرێت گوتاری سیاسی/ ئاینی بەشێوەیەکی گونجاو شیی بکاتەوە، لایەنە شاراوەکانی شیبکاتەوە، هەروەها لەرێگەی ئەو دابەشکردنەی بۆ پێکهاتەکانی گوتار لەڕووی (رونکردنەوەو رەوشتو پەیماندانو بڕیاردانو حوکم)ەوە کراوە،

لایەنە گرینگەکانی پێکهاتەی گوتار شیبکرێتەوە، کە دەبنە دەربڕی بنەما سەرەکییەکانی گەیاندنی ئەو مەبەستانەی گوتاریان لەپێناو بەکاردێت، کە هەریەک لەو چەمکانەش کۆمەڵێک چەمکو بنەمای دیکە لەخۆ دەگرن.

لەهەمان کاتدا (سێرل)، کە یەکێکە لەقوتابییەکانی (ئۆستن)، بەتەواوکاری تیۆری کردە قسەیی دادەنرێت، هەندێک چەمکی دیکە لەبواری شیکردنەوەی کردە قسەیی زیادکردووەو بەمجۆرە کردە قسەیی کردۆتە چەند بەشێک، لەوانە:

**یەکەم**/ کردەی گوتن.

**دووەم**/ کردەی دۆز (کردەی هەواڵدان + کردەی سەرچاوە) دەگرێتەوە.

**سێیەم**/ کردەی بەدیهێنان.

**چوارەم**/ کردەی کاریگەری. (د.جمعان بن عبدالكريم، http://www.ta5atub.com).

بەکورتی دەکرێت بڵێین ئەگەر لەشیکردنەوەی کلاسیکدا (تاماوەیەکی زۆر وا باو بوو، کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان (قسەکردن)و (کار ئەنجام دان) دا هەیە وەکو دوو شتی جیاواز سەیر دەکران. بەڵام لەشەستەکانی سەدەی رابردوودا (ئۆستن) قسەکەردنی بەئەنجامدانی کارێک دانا. واتە جیاوازی قسەکردنو کار ئەنجامدانی هەڵوەشاندەوە). (قەیس کاکل،١٩٩٥، ٣٨). واتە هەر قسەیەک کارێک رادەپەڕێنێتو جێبەجێ دەکات. ئەم بۆچوونەش لەشیکردنەوەی گوتاردا رۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لەناساندنو دیارکردنی جۆری گوتارو ئامانجەکانیو هێزو پێویستی کردە قسەیی لەڕاپەراندنی گوتاردا. هەر قسەیەک، کە قسەکەر، یان خاوەنی گوتار دەیکات، گەیاندنو راپەڕاندنی مەبەستێکو نیازێکە لەپێناو گەیشتنە ئەنجامێک. لەبەر ئەم هۆکارەیە دەمانەوێت شیکاری گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستان بکەین، بنەماکانی تیۆری کردە قسەیی، کە پشت بە (قسەکردن یەکسانە بەئەنجامدان) دەکەینە پێوانە بۆ ئەم توێژینەوەیە.

## ٣-١ جۆرەکانی کردە قسەیی

کردە قسەیی بۆ سەر چەند جۆرێک دابەش کراوە، بێگومان ئەم دابەشکردنەش پەیوەستە بەبۆچوونەکانی (ئۆستن)و (سێرل)، هەرچەندە هەرکەیەکەیان هەندێک جیاوازی بۆچوونیان هەیە، بەڵام ناکرێت بەجیاواز لەیەکتر سەیر بکرێن، بەڵکو بەتەواوکەری یەکترن دادەنرێن.

(ئۆستن)، کە خاوەنی ئەم تیۆرەیە لەشیکردنەوەی پراگماتیکدا، بەمجۆرە کردە قەیی دابەش کردووە:

**یەکەم**/ کردەی بڕیاردان Verdictives

ئەمەش (بڕیاردان، پۆلێنکردن، پایەبەخشین، هەڵسەنگاندن، مەزەندەکردن، دانپێدانان، داوەتکردنی کەسێک بەشتێک، دیارکردن، پێناسەکردن، جیاکردنەوە، تەلاقدان، نێولێنان، پێشکەشکردن، کردنەوە/ افتتاح، هەڵبژاردن... تد دەگرێتەوە.

**دووەم**/ داخوازیکردن

هەموو ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە وزەو هێزی تێدا بەکاردێت، قسەکەر بەسەر گوێگردا زالەو دەسەڵاتدار دەبێت وەکو (فەرماندان، ئامۆژگاری، تکاکردن، داواکردن، ئاگادارکردنەوە، بانگکردن، ئیزندان، قەدەغەکردن، دوا راگەیاندن... تد).

**سێیەم**/ پەیوست Commissives

ئەمە پەیوەندی بەخودی قسەکەرەوە هەیە، خۆی بەرانبەری بەرپرسیارە، کاردانەوەی لای گوێگر نییە وەکو (بەڵێندان، گفتدان، نەزرکردن، سوێندخواردن، پەیماندان، مەرجکردن / گرۆکردن. تۆبەکردن، پەشیمانبوونەوە... تد.

**چوارەم**/ کردەی رەفتار Behabitives

هەموو ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار دەهێنرێنو رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەنوێنن وەکو: کارەکان، سوپاسکردن،

پیرۆزبایی، پیاهەڵدان، هاوبەشیکردن لەهەستی بەرانبەر، زەمکردن، تورەبوون، لێبوردن، پۆزش هێنانەوە، سوککردن، هەستدەربڕین، خۆشحاڵبوون، نیگەران بوون، گلەیی کردن، قێزکردنەوە، تووک لێکردن، جنێودان، تفلێکردن، خۆبەدەستەوەدان، نەفرەت لێکردن، مژدەدان، سەرسام بوون، رووڵێنان، ریسواکردن... تد.

**پێنجەم**/ کردەی گفتوگۆ Expositives

هەموو ئەو کردانە دەرگرێتەوە کەلەکاتی گفتوگۆکردندا بۆ روونکردنەوەی قسەکردنەکە بەکاردێت، وەکو: (دەڵێم، وادەزانم، وەڵام ئەوەیە، سووربوون، بەبیرهێنانەوە، ترسان، پێشنیاز، یادکردنەوە، دووان، بەرپەرچ دانەوە، گومان، دوودڵی، پێداگرتن، پاتکردنەوە، داکۆکی کردن، رازی بوون، پشتگیری کردن، بڕواهێنان لەگەڵ دابوون... تد).

لەهەمان کاتدا (سێرل)، کە تەواوکەری تیۆرەکەی (ئۆستن)ە بەمجۆرە کردە قسەییەکانی دابەش کردووە:

**یەکەم**/ کردەی نواندن Repesentatives

مەبەست بەکارهێنانی ئەمجۆرە کردانەیە، کە بارێک بنوێنن جا بارەکە دروست بێت، یان نادروست، نواندکە ورد بێت، یان درشت. ئەمجۆرە لەم بوارانە دەردکەون وەکو: (هەواڵ گەیاندن، پاتکردنەوە، داکۆکی کردن، پێشبینی، رونکردنەوە، پۆلێنکردن، ناسینەوە، دۆزینەوە، وەسفکردن... تد).

**دووەم**/ فەرماندان، یان رێنمایی Directives

هەوڵە لەلایەن قسەکەرەوە بۆ ئەوەی گوێگر والێبکات کاریک یان ئیشێک ئەنجام بدات لە رێنمایکردن وەکو (فەرماندان، داواکردن، راگەیاندن، پارانەوە، دوعاکردن، ئامۆژگاری کردن).

**سێیەم**/ کردەی پەیوەستبوون Commissives

بەستنەوەی قسەکەرە بە بەڵێنێک کە لەئاییندەدا جێبەجێی دەکات، وەکو (بەڵێندان، پەیامدان، سوێندخواردن، هەڕەشە، گرەوکردن، دابینکردن).

**چوارەم**/ کردەی هەست دەربڕین expressives

مەبەست لێی دەربڕینی هەڵوێستێک یان هەستێکە یان بارێکی دەروونییە وەکو (سوپاسکردن، پیرزۆبایی، پۆزش هێنانەوە، پرسە، بەخێرهێنان، ناخۆشی دەربڕین).

**پێنجەم**/ کردەی ڕاگەیاندن (بڵاوکردنەوەو بانگهێشتکردن) Diclarati ons

یەکێک لەسیما گرینگەکانی ئەوەیە، کە هێنانەدی کردەکەو واتاو دەوروبەر جووت دەکات، بەدیهاتنی ئەم کردەیە وابەستەیە بەباری کۆمەڵایەتی وەکو (مزگەوت، یاسا، خێزان، قوتابخانە، دەوڵەت، میری ... تد). بڕوانە (استن، ١٩٩١)، (قیس کاکل،١٩٩٥، ٥٧-٥٩).

جۆرەکانی کردە قسەیی، کە هەریەکە لە(ئۆستن)و (سێرل) وەکو بنەما مامەڵەیان لەگەڵ کردووەو دایانڕشتووە، لەشیکردنەوەی گوتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری‌و ئاینی‌و زانستی ... تد دەبنە بنەمایەکی گونجاو بۆ دەرخستنی جۆری گوتارو شێوازەکانی. بۆیەشە کاتێک قسە وابەستە بێت کردەو دەربڕی بەدیهێنانی کردەیەکو کارێک بێت، قسەکردن جێبەجێ کردنی کردەوەیەک بێت، ئەوە گوتاری بەهەموو ئەو جۆرو دابەشکردنەی لەلایەن ئەم دوو زانایە کراوە، هێزو پێویستی گوتار دەردەخات‌و شی دەکاتەوە. لەنێو هەر گوتارێکدا ئەم جۆرە ڕەگەزانە بەپێی دۆخی قسەکەرەکە بەدیاردەکەون، هەر یەکێکیک لەم دۆخانە دەبنە هۆکار بۆ ناسینەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی‌و دەروونی‌و کۆمەڵایەتی قسەکەرەکە، وەکو چۆن وەرگریش ڕۆڵێکی کارا لەوەبەرهێنانەوەی گوتارەکە دەگێڕێت، تەنیا هەندێک لەکردەی گوتاردا بەتایبەتی لەدۆخی ئەنجامدا، وابەستەیە بەدۆخو هەڵسوکەوت‌و کاردانەوەی وەرگر ، نەک قسەکەرو خاوەنی گوتارەکە. بۆیەشە شیکردنەوەی گوتاری سیاسی‌و گوتاری ئیسلامی سیاسی، لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە، دەبێتە بناغەیەکی گونجاو بۆ ناسینەوەی جۆرو پایەو هێزی گوتارەکەش.

## ١-٤ نیازو مەبەست

یەکێک لەو لایەنە گرینگانەی، کە هەمیشە وەکو پێکهێنەرێکی گوتار ئاماژەی پێدەکرێت (مەبەستە)، مەبەست پەیوەستە بەنێوەڕۆکو ئامانجی هەر پەیامێک، کە نێرەر دەیەوێت ئاڕاستەی وەرگری بکات. دیارە وەکو (ئۆستن) لەتیۆرەکەی خۆیدا باسی دەکات، مەبەست لەواتای مەبەست ئەوەیە، کە پەیوەستە بەهەڵسوکەوتێکی پێویست لەبەدیهێنانی گوتار، ئەویش پەیوەستە بەجۆری گوتنەکە، واتا ئاوازەی کردەکە، یان هەڵسوکەوتێکی پڕو تەواو، یان گەیاندنی مەبەستەکەی بەشێوەیەکی تاکەکەسی بۆ نموونە:

- بمدێ (بەمەبەستی پێدانو وازهێنان لەمافی مولکایەتی).

بەڵێ (رازیبوونە).

- فرۆشت (واتا پرۆسەی فرۆشتنەکە تەواو بوو).

هەروەها لەچۆنیەتی دەربڕینی مەبەستێکی دیکە، کە هەمان ئەم مەبەستە دەگرێتەوە، کە دەڵێت: (داوات لێدەکەم داوای لێبوردنم لێبکە)، واتە بڵێ (داوای بوردن دەکەم). مەبەستەکە لەڕستەی دووەم گەیاندنی ئەو پەیامەیە، کە کەسی یەکەم دەیەوێتو نیازیەتی. کەواتە (مەبەست)و (نیاز) لەرێگەی شیکردنەوەی کردە قسەیی لەنێو گوتاردا دەناسرێنەوە، شیکردنەوەشیان بەپێی دەوروبەر دەگۆڕێت. بۆیە جیاوازیکردن لەنێوان ئەو شتەی (مەبەستو نیاز) وەکو داوا پێویستیەکان نیشان دەدات، لەپێناو دانانی مەرجەکانی پێویستی لەکردە قسەییدا رۆل دەگێڕێت.

هەروەها لێرەدا (مەبەستی سەپێندراو)و (مەبەستی سووربوون لەسەر شتێک) هەیە، پێویستە جیابکرێنەوە، کە حالەتی دووەم نیشاندەری رەوشتێکە، کە مەبەستو پێداگری لەسەر بابەتەکەی تێدایە، کە ئەمەش وابەستەی دەکات بەرەوشتێکی تایبەت بەمەبەستی بەدیهێنانی هەڵسوکەوتەکە.

بۆ نموونە:

من ئەو شتە دەکەم

ڕەنگە لەم قسەکردنەدا، کە بەم شێوەیە قسە دەکرێت، ڕەنگە مەبەستێکی هەبێت، ئەگەر نا ڕاستگۆیی تێدا نییە.

هەروەها شێوەی دەربڕینی سادەی زمانەکەش ڕۆڵ دەگێڕێت لەچۆنیەتی گەیاندنی مەبەستەکەو ڕونکردنەوەی نیازەکە لەنێو پرۆسەی کردەی گوتاردا. ئەگەر شتێکیش تەواو بەرانبەر پێویستییەکە، یان بابەتەکە بێت، دەبێت سەلماندنی حوکمەکەی تێدابێت، کە ئەویش پەیوەستە بەوەی دەبێت وەسفێکی ڕاستگۆیانەی To Be True تێدا بەرجەستە کرابێت. (اوستن:١٩٩١، ٥٧-٥٩).

دەکرێت لەڕوانگەیەکی دیکەی مەعریفی، یان پاش ئیسلامی سیاسی، ئەو گۆڕانە کاکلدارانەی بەسەر فکری ئیسلامی لەدەرەوەی دەقو هەروەها شیکردنەوەی گوتاری ئاینی بەگشتیدا هاتووە، گۆڕانێک، کە (گەڕانەوە بۆ مێژووی شیکاری دەقی ئاینییە لەدەرەوەی دەوروبەر، ئەمەش لایەنە توندڕەوو توندییەکی ئاینی لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ وابەستەبوون بەلایەنی کلاسیکی لێکدانەوەی دەق)، ئەوی دیکەشیان گۆڕانە بەرەو هاوچەرخ بوون. ئاراگۆن لەشیکردنەوەکانی دەربارەی گوتاری ئیسلامی سیاسیو ئاین پێی وایە دوو کاری بنەڕەتی هەن، دەبێت ڕەچاوبکرێن. یەکەمیان ناتوانێت ئینکاری بوونی بابەتیی بوون لەفکری ئیسلامی بکرێت، کە لەهەمان کاتدا دان بەوەشدا دەنێت، کە ئەم بابەتیی بوونە پێویستی بەرازیکردنێکی ئەمر واقیع هەیە. دووەمیشیان ئینکاری تەواوی بوونی «مەبەستی» ئایدیۆلۆجییە. (نصر حامد ابو زید: ٢٠٠٨، ١١١) مەبەستمان ئەوەیە ئاماژە بەوە بکەین، بوونی هەر مەبەستێک، کە هەڵگری ئایدیۆلۆجیا بێت، یاخود لەسەنگەرێکی ئایدیۆلۆجییەوە گوتارەکەی ئاڕاستەی وەرگر/ بەکارهێنەر/ گوێگر بکات، دووچاری گرفتێکی دژواری دژ بەلێکۆڵینەوەی زانستی دێت. لەهەمان کاتیشدا ئەو ئازایەتییەی، کە ئاراگۆن لەبواری فکریيو ڕەخنەی ئازاد لەمێژووی ئیسلامیدا نیشانی دەدات، کەسێکی وەکو ئەبو زێد والێدەکات بڵێت: ئەم ئازایەتییە فکرییەی ئاراگۆن، کە دان بەبوونی (ڕازیکردنی ئەمری واقیع - الترضيات الضمنيە) دەکات، ئەم ئازایەتییەی لەهەمان کاتدا دابینکردنی بیمەو پارێزگارییە لەوەی بیریارەکە

لەکێشەی ئایدیۆلۆجی بڵێت. ئەم ئازایەتییە، کە گوتاری ئاراگۆنی لەسەرجەم گوتاری ئیسلامی جیاکردۆتەوە. ئەم ئازاییە لەهوشیارییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو هوشیارییەی، کە ئەگەر پێی وابێت هەر گوتارێک بانگەشەی ئەوە بکات حەقیقەتی لەخۆی گرتووە، ئەمە گوتارێکی گومانلێکراوە. هەروەها خوێندەوەی لاشەڕانەو بێ گوناهو مەعریفەی بێلایەن هیچ بوونێکیان نییە. ئەم رازیکردنانەش لەڕاستیدا ئەنجامی هەڵوێستی «هاوکارییە» لەگەڵ کۆمەڵگە، بۆیە «هاوکاری» پێویستی بەهەندێک «رازیکردن» هەیە بۆیەشە فکر دیاردەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە. (هەمان سەرچاوە، ١١١).

مەبەستمان ئەوەیە بڵێین گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستان ناتوانرێت لەڕوانگەو تیۆری ئایدیۆلۆجی شیکاری بۆ بکرێت، ناشتوانرێت (رازیکردنی ئەمری واقیع) لەبارەی ئاینو ئیسلام بەگشتی رەچاو نەکرێت، چونکە هەڵوەشانەوەی مێژوو، واتە هەڵوەشانەوەی ئیمانو فکرو دەقە پیرۆزەکان، بەمەش (رایکردنی ئەمری واقیعانە) دەچێتە جەنگێکی فکری توند. هەروەها ناشبێت ئاماژە بەوە نەکەین، کە مەبەستو نیاز لەنێو خودی گوتاری ئسیلامی سیاسیدا تەژییە لەتەموژی سیاسیو ئیجتهادی سیاسی سەردەمانە، تەموژمێک، کە لەلایەک (ئازادیەتی نوێبوونەوە)ی پێ قبوڵ ناکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە گوتارێکە، کە سیاسەت بەشی سەرەکی مەبەستو نیازی داگیرکردووەو لەهەندێک تەنکایدا وەکو ئایدیۆلۆجیای سەردەم، بەڵام ئایدیۆلۆجیایەکی مەرعیفی پەروەردەیی ئیسلامی سیاسی خۆی دەردەخات. بۆیە هەر کاتێک بمانەوێت شیکاری گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستان بکەین، ناتوانین مەبەستو نیازی خودی گوتارەکە، کە نیازو مەبەستێکی (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، مەعریفییە) پشتگوێ بخەین. گوتار لەقسەکردنو گوتندا نزیکە، گوتنو قسەکردینیش لەرێگەی پەیامەوە مەبەستو نیاز ئاشکرا دەکات، لەرێگەی پەیوەندیکردنەوە دەیەوێت کاریگەرییو کارتێکردن لای وەرگرو گوێگر دروست بکات. ئینجا وەرگر پرۆسەی وەبەرهێنانەوەی سەرلەنوێی گوتار ئەنجام دەدات، دیارە ئەم

پرۆسەیەش پێویستی بەعەقڵێکی رەخنەگرانەی ئازاو بابەتی هەیە، پێویستی بە عەقڵێکە پیادەی (رازیکردنی ئەمری واقیع)و (دوورکەوتنەوە لەمەبەستی ئایدیۆلۆجی) بکات.

بۆیە جارێک دیکە لەشیکاری پراگماتیکی گوتاری سیاسی دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەو چەمکە گشتییەی، کە (ئۆستن) لەم بوارە وەکو سێ بنەمای گشتی پشتی پێبەستووە ئەویش بریتییە لە(قسەکردن، گۆکردن، گوتار). مەبەستی لەقسەکردن دەرچوونی پیتە مادییەکانە لەکاتی قسەکردندا، هەروەها گۆکردنیش بەمەبەستی دەربڕینەکان هاتووە، بەڵام کردەی گوتار مەبەستی دەرەکی قسەکەر دەگرێتەوە لەو دەربڕینو چەمکانەی لەدەوروبەردا دەبن. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش (ئۆستن) کردە قسەیی دابەشی سەر سێ جۆر کردووە، لەوانە: کردە قسەیی، هێزی کردە قسەیی، پێویستی کردە قسەیی. (اوستن:٧،١٩٩١). لێرەدا دەردەکەوێت ئەگەر شیکردنەوەی گوتار لەڕوانگەی زمانەوانی بەشێوازو تیۆرو رێبازی دیکەش شیکردنەوەی بۆ بکرێت، لای ئێمە لەم توێژینەوەدا پێمان باشبووە، کە کردە قسەیی وەکو تیۆرێکی زمانەوانی پراگماتیکی بکەینە بنەما بۆ شیکردنەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا، چونکە بەشێکی ئەو گوتارەی ئیسلامی سیاسی هەیەتی، گوتارێکە هێندەی لەکۆمەڵایەتی ئاینی نزیکە، هاوچەرخانە خۆی دەردەخات، ئەگەر چەمکەکانی هاوچەرخبوونیشی لەژێر پرسیار بێت، بەڵام گونجاو لەژێر رۆشنیایی ئەم بۆچوونە شی بکرێتەوە، کە بڕوای بەدەوروبەرو کاریگەریو پێگەی کۆمەڵایەتی هەیە. زمان بەبەشێک لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەزانێت، هەروەها گوتاری ئێستای ئیسلامی سیاسیش گوتارێکی کۆمەڵایەتی تێکەڵ لەگەڵ سەردەمەکەو گۆڕانە باوەکانی ئەم قۆناغەو ناکۆک لەنێوان رەسانەیەتیو پاشکۆ بوون دایە. سەرباری ئەوەش رەگەزەکانی (حوکمو بڕیاردانو پەیمانو روونکردنەوەو رەوشتی) تێدا بەرجەستەیە. (مەبەستو نیازی) تێدایە، ئامانجی گەیاندنی پەیامێکە لەرێگەی سیستەمو کردەی پەیوەندیکردنەوە. لەمبارەوەش سودی لەپێشکەوتنەکانی هۆکاری پەیوەندیکردنو گەیاندن وەرگرتووە.

نابێت بکەوینە ئەو بۆسە مەعریفییەوە، کە ئایدیۆلۆجیا، یان گوتاری ئایدیۆلۆجی بنەمای فکری بۆ تێگەیشتنی زانستی لەدەست دەدات، رەخنەی ئازادی داهێنەرو بنیاتنەر دەکاتە قوربانی ئایدیۆلۆجی باو. (هاشم صالح:١٩٨٧،٢٤٦).

بەواتایەکی دیکە دەکرێت کردە قسەی راپەڕاندن لەقۆناغی (راپەڕاندن) دابەشی سێ قۆناغ بکرێت وەکو : یەکەم قۆناغی قسەکردن لەم قۆناغەدا قسەکەر کردەوەکە ئەنجام دەدات، کە قسەکردنەکەیە ئەمەش دەبێت چەند مەرجێکی تیدا بێت وەکو: ١- قسەکەرو گوێگر بەیەک زمان قسە بکەن. ٢- واتای وشەکانو واتای رۆنانی رێزمانی دەبێت، کە کایەن قسەکەرو گوێگر ئاشکرا بێت، بۆ نموونە: گوێگر دەبێت لەواتای (هەنگ)و (گوێگر) بگات، کە دەڵێین:

(هەنگێک لەسەر شانتە).

دووەم قۆناغی مەبەست (جیاکردنەوە) ئەم قۆناغە دیاری کردنی جۆری کردەکەیە، گوێگر دەتوانێت کردەوەکە جیابکاتەوەو لەمەبەستی قسەکەر تێبگات. بۆ نموونە بزانێت راپەڕاندنەکە ئاشکرایە، یان شاراوەیە، یان بۆ چ مەبەستێک بەکارهێنراوە وەکو (هەڕەشە، دڵنیاکردنەوە، پرسیار، ئاگاردکردنەوە ... تد). سێیەم قۆناغی ئەنجامە ئەم قۆناغە کاری گوتنەکەیە لەسەر گوێگر، بەواتایەکی تر کاردانەوەی گوێگرە بەرانبەر بەقۆناغی دووەم، ئەم قۆناغە لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردا نییە، قسەکەر ناتوانێت پێشبینی بکات، یان بڕیاری لەسەر بدات بۆ نموونە:

(ئەو مارە بکوژە)......... (ئاگاردارکردنەوە).

ئەم گوتنە بۆ ئاگادار کردنەوەی گوێگرە، لەئەنجامدا گوێگر مارەکە بکوژێت، یان رابکات، یان بقیژێنێت... قسەکەر دەسەڵاتی بەسەر ئەو قۆناغەدا نییە، بەلکو بەپێی ویستی گوێگرە. (قەیس کاکل:١٩٩٥،٥١-٥١).

لێرە ئامانجمان دیارکردنی رۆڵی گوێگرو وەرگرە لەبەرهەمهێناوەوەی گوتاردا، قسەکەر، نێرەر لەقۆناغی سێیەم ئەنجام دەسەڵاتی نامێنێت، ئەوەی کردە قسەی رادەپەڕێنێت گوێگرو وەرگرەکەیە. واتە وەرگر لەکردەی گوتاردا رۆلی یەکسانو هاوشانە بەنێرەر، بۆیە کاتێک بیر لەبەدیهێنانی گوتار دەکرێتەوە، پێویستە لەمەبەستو نیاز بگەین، کە لێرەدا لەقۆناغی دووەم دانراوەو پەیوەستە بەئامانج. قسەکەر دەبێت مەبەستەکان ئاشکران، یان نائاشکرا دیار بێت، ئەمە دەبێتە بنەما بۆ دەرکەوتنی دواین قۆناغ، کە ئەنجامە.

## ١-٥ کێشەکانی زارو زمانو گوتار

لەئەنجامی ئەو توێژینەوە زانستییە نوێیانەی لەبارەی گەشەکردنی زمانو ئەرکی زمان لەدەوروبەرو هەروەها جیاوازی نێوان زمان وەکو سیستەمو قسەکردن، پەیوەندیان بەگوتارەوە گرفتێکی جدییە. چونکە کاتێک زمان Langue (اللغە)و قسەکردن Parole (الکلام) بە دوو بەشی جیاوازی توێژینەوەی زمانەوانی دادەنرێت، چونکە هەر یەکێکیان ئەرکو پەیامی تایبەتی خۆی لەپرۆسەی پەیوەندیکردن هەیە. تەنیا (سوسێری) زماننناس باسی قسەکردن دەکات نەک گوتار. زمان کۆمەڵێک کۆدە، کە ئاخێوەر بەکاریان دەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی. بۆیە کاتێک بمانەوێت باسی قسەکردن بکەین، دەبێت وابەستە بەژمارەیەک زانستی دیکە، شیکردنەوە لەبارەیەوە بکەین لەوانە گوێگرتنو دانانو زانستی کۆمەڵناسیو مێژووو گەشەکردنی واتا، کەچی زمان تەنیا وابەستەیە بەیەک زانست، ئەویش زانستی بەیەکەوە بەستراوی زمانە.(بول ریکور:٢٠٠٦، ٢٦).

هەروەها گوتار واقیعی زمانەوانییە، بەڵام زمانەوانی لەسەر رۆنانی سیستەم جێبەجێ دەبێت، ئێمە دەتوانین گوتار جارێکی دیکە بەرهەمبهێنینەوە، بەهەمان زمان یاخود وەرگێڕانی بۆ زمانێکی دیکە. بۆیە گوتار پەیوەستە بەواقیعی خۆی، ئەو واتایەی بەکاری دەهێنێت. .(هەمان سەرچاوە،٣٥).

با لەلایەنێکی دیکەوە سەیری گوتاری ئیسلامی کلاسیکیو نوێ بکەین، ئەو گوتارەی لەشیکردنەوەدا پشت بەهەندێک کەرەستەو ئاراستەو بنەما دەبەستێت، کە دەبنە بناغە بۆ دیارکردنی هێڵی جیاوازییو لێکچوونی گوتارەکان. ئاراگون دەڵێت گوتارەکە بەتوندیی وابەستەی شێوە کلاسیکییەکەیە، گوتارەکە وابەستەیە بەزمانی شیکردنەوەی کەرەسەتەکانی تێگەیشتن، کە جیاوازە لەزمانی زانستی سەردەمەکە، لەهوشیاری رۆژئاوادا. ئەم هاودژییە، لەنێوان زمانەکان، دروستکەری هەڵەی تێگەیشتنو هەڵەی تەقدیرە، کە دەبنە بەربەست لەبەردەم توێژینەوەی رەخنەی ئازاد. لەئەنجامی ئەوەدا دەبینرێت، کە جیهانی ئیسلامی لەدوو ساتی دژ بەیەک دەژی، کە هەندێک بەساتی (شیزۆفرینیای کۆمەڵایەتیو فکری) دادەنێن. ئەویش ساتی پێشکەوتنی مادی تەکنەلۆجییە، کە هوشیاری ئەوروپایی بەرهەمی هێناوە، ئەمەش ئەو ساتەیە، کە مرۆڤی موسڵمان بەهەموو پێکهاتەکانییەوە لەگەڵی دەژیت، ئەمەش ئەو هوشیارییە، کە لەسەردەی چوارەمی کۆچییەوە هیچ پێشکەوتنێکی ریشەیی بەخۆیەوە نەدیتووە. (نصر حامد ابو زید:٢٠٠٨، ١١٥).

لەبارەی زمانەوە، ئایا ئیسلامی سیاسی دەیەوێت بەکامە زمان قسە بکات، زمانی عەرەبیو فکری عەرەبیش لەم رێگەیەوە بگەینێتە کۆمەڵگە، کە ئەمەش بەدابڕانێکی جدی لەگەڵ فکری سیاسی کۆمەڵگەی کوردی دادەنرێت. هەروەها زمانی گوتاری سیاسی ئەو گروپە ئیسلامیانە لەڕووی (مەعریفی، ئاینی، چاکسازی، مەبەستو نیاز، توندڕەویی، تەکفیرو هاوچەرخبوون) پتر کامەیان دەکاتە بنەما بۆ بیرکردنەوەو شیکاری خودی گوتارەکانی خۆیان. یان چۆن (لەرازیکردنو دوور کەوتنەوە لەئایدۆلۆجیا) دەگەن؟.

بیریارە عەرەبەکان، کە دەیانەوێت ناسنامەی ئیسلامی نوێ دابڕێژنەوە لەبارەی زمانو گوتاری ئیسلامی دەڵێن: چەکی «تەکفیر»و «لادەر لەئاینو گومڕاو ... تد، کە ئەمجۆرە زمانە بەدەست نوێنەرانی گوتاری ئاینی بڵاوو باوی زاڵە، لەمەش خراپتر ئەوەیە، کە نوێنەرانی دەسەڵاتی سیاسییە ئەو

ئیسلامیانەی، کە ململانێ لەسەر دەسەڵاتی نوێ بەنێوی ئیسلامی راستەقینە دەکەن. (هەمان سەرچاوە، ١١١). ئەم زمانە خۆفەرزکردنو سەپاندنی بەزۆری تێدایە، یان نوێنەرایەتی فکرێکی توندو سزادەر دەکات. هەروەها ئاراگۆن، کە دەیەوێت دیاردەی (قورئان)و (ئیسلام) وەکو دوو یەکەی جودای بەشێک سەیربکات، پێی وایە (زمانی قورئان پشت بەمەجاز دەبەستێت لەپێناو «بەدیهێنانی سەرمایەی رەمزیی/ هێمایی»). کاتێکیش، کە قورئان لەداکیبووی مێژووە، بەڵام بە بەردەوامی سەرلەنوێ دەلالەتی زۆرتر بەرهەمدەهێنێتەوە (هەمان سەرچاوە،١١٧). زمانی ئاینی زمانێکە سنوری پەیوەندکردن دەبەزێنێت، تەنیا توێژەرێکی وەکو ئاراگۆن پێی وایە زمانی ئاینی سنورەکەی لەزمانی ئاسایی، یان زمانی پەیوەندیکردن فراوانترە، هەروەها ناتوانرێت لەزمانی ئەدەبیش کورت بکرێتەوە، نموونەی ئەوەی، کە کەسێک جا ئەمە سەر بەهەر ئاینێک بێت، نوێژ دەکات، دەربڕینەکانی لەرێگەی بەکارهێنانی وشەکانی نییە، بەڵکو لەرێگەی تقوسو بۆنە ئاینییەکەیە. (هەمان سەرچاوە،١٢١).

هەروەها لایەنێکی دیکەی گوتار ئەوەیە، کە پێناسە دەکرێت بەوەی قسەکردنە، یان گوتراوە، کە زمانیش بەزمانەوانی دەبەسترێتەوە. هەروەها واتاش رۆڵێکی گرینگ لەدیارکردنی گوتار دەگێڕێت، یان بەپێچەوانە واتا دەبێتە دیارکەری گوتارەکە. ئەمە پەیوەستە بەو مشتومڕەی لەبارەی جیاوازی نێوان (واتاو ئەو شتەی رویداوە)، چونکە واتا ئەو شتە دەگەیەنێت، کە قسەکەر دەیەوێتو مەبەستیەتی بیڵێت. یان رستە مەبەستییەتی. زمانەکان قسەناکەن، ئەوەی قسە دەکات خەڵکە، واتا ناتوانرێت بگەینە واتای عەقڵی، تەنیا لەرێگەی خودی گوتارەوە نەبێت بۆ نموونە جێنێوەکان واتای بابەتی لەخودی خۆی ناگەیەنن، «من» روون نییە چی دەگەیەنێت، هەروەها کارێکی نەکراوە ئەگەر بمانەوێت بە»کەسێکی بچووێنین، کە ئێستا قسە دەکات». تەنیا ئەو کاتە دەبێت، کە تاکە ئەرکی ئەوەیە بەتەواوی ببەسترێتەوە بەڕستەکەی، ئەویش بۆ ئەو بکەرەی، کە روویداوە لەقسەکردندا.(بول ریکور:٢٠٠٦،٣٩).

ئەم بوارە پەیوەستە بەزمانەوە، زمان لەئاستێکدا، یان پێکهاتەی زمان. بۆ نموونە، کە (ئۆستن) لەتیۆری کردە قسەیی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لەرێگەی قسەکردنەوە کردەیەکی بەکردەوە بەدیدێت، بۆ نموونە، کە دەڵێین:

(پەیمان دەدەم)

واتە بەپێی تیۆرەکەی (ئۆستن)، کەسی قسەکەر کارێک دەکات، کە ئەویش گفتدانو پەیمانە بۆ ئەنجامدانی کارێک، ئەم کارەش هێزێکی کردە قسەیی تێدایە، کە ئیلتیزامو وابەستەبوونە بەئەنجامدانی پەیمانەکە، قسەکەر لەرێگەی جێناوی کەسی، کە دەڵێت (پەیمان دەدەم) واتە من پەیمان دەدەمو کارێکی بەکردەوە دەکەم. ئەمە وەکو (Doing) ەکەی زمانی ئینگلیزییە. بۆیەشە بول ریکۆر لەمبارەوە، کە بایەخ بەزمانو واتاو پراگماتیک دەدات، دەبێت تەعبیر لەکارەکە بەشێوەی جێناوی کەسی بکرێت، ئەمەش پاڵپشتە بۆ (رێسای) دیارکراوی «هێزی» بەکارهێنانی گوتار. قسەی راپەڕاندن تەنیا دۆخی تایبەتییە لەسیما گشتییەکانی، کە بەشەکانی کردە قسەیی نیشانی دەدات، جا ئەمە (فەرمان بێت، یان خواستو پرسیارو هوشداری دانو سەلماندن بێت). (هەمان سەرچاوە،٤١). واتە قسەکەر، کە «من/ئێمە» دەگرێتەوەو لەپرسی پەیوەندیکردندا رۆڵی (نێرەر/ قسەکەر/ گەیەنەر/ سەرچاوە) دەگێڕێت، لەڕووی زمانەوە بەشێوەی جێناوی کەسی، یان جێنێوە لکاوەکان دەردەکەوێتو (وەرگرو بەکارهێنەرو گوێگر، شیکەرەوە) بەهەمان شێوە لەحالەتی جێناوی کەسی (تۆ/ ئێوە) دیارکراون، کە ئێمە پێمان وایە کەسی سێیەمی (ئەو/ ئەوان)یش بەشدارو هاوبەشێکی کارای راستەوخۆو ناڕاستەوخۆن، رۆڵیان لەپێکهێنانی گوتار هەیە. بۆیەشە ئەگەر لەگۆشە نیگایەکی دیکە سەیری ئەرکی گوتار بکەین لەڕووی زمانو پەیوەندیی ئەوە دەردەکەوێت، کە (چرکەساتی گوتار، بریتییە لەچرکە ساتی دیالۆگ)، کە گوتار دوو واقیعی قسەکردنو گوێگرتن بەیەکەوە دەبەستێتەوە. (هەمان سەرچاوە،٤٤). ئێستە باشتر بۆمان دەردەکەوێت، کە لەپڕۆسەی پەیوەندیکردن ئەگەر زمانی جەستەش بۆ

گەیاندنی پەیام هەبێت، بەڵام قسەکەرو گوێگر وەکو دوو لایەنی راستەقینەی گوتار پێویستیان بەزمان دەبێت، بۆ گەیاندنی پەیامو بۆ ناردنو دواتریش شیکردنەوەی مەبەستەکان پێویستیان بەکۆدەکانو کردەنەوەی کۆدەکانیش دەبێت، کە ئەمەش لەچوارچێوەی کردەی روودانی شتێکو واتای کردەکەوە لەچوارچێوەی دەوربەرێکی دیارکراودا بەرجەستە دەبێت. کردەی واتا لەگوتار، لەچوارچێوەی قسەکردنو گەیاندنی پەیامو کۆدەکانەوە دەردکەوێتو کردەی واتایی لەزمانیش لەڕستەو پێکهاتەکانی دیکەی زمانەوانی شی دەکرێتەوە. رستە، کە یەکەیەکی زمانەو بوارەکانی دیکەی (فۆنیمو مۆرفیمو سینتاکسو سیمانتکیش دەگرێتەوە). کاتێک باسی پراگماتیکش دەکەین، کە پەیوەستە بەدەوروبەرو چالاکیو فراوانتر لەڕستە هەیەو پشت بەڕستە نابەستێت، بەڵکو پشت بەگوتنو قسەکردن دەبەستێت. گوتار دەچێتە بواری پراگماتیکی، تیۆری کردە قسەیش باس لەشیکردنەوەی رووداني کردەیەک لەرێگەی گۆکردنو بەکارهێنانی وشە دەکات، کە ئەم بوارە دەتوانێت گونجاوتر لەپەیوەندیو ئەرکی پەیوەندیکردنی زمانو گوتار بکۆڵێتەوە.

# بەشی دووەم

## ١-٢ گوتار چییە؟ تێڕوانینێکی گشتی بۆ گوتار

زاراوەی گوتار، زاراوەیەکی گشتگیرە، بەر لەوەی هەر شتێک دەربارەی گوتار باسبکەین، پێویستە دان بەو راستییەدا بنێین، کە گوتار بەشێوەی کۆ بەجێناهێنرێتو ناگوترێت، بەڵکو (گوتار) تاکەو ، بەواتایەکی دیکە دەگوترێت (گوتارەکەت) پێشکەش بکە، نەک (گوتارەکانت پێشکەش بکە). هەروەها (بواری گوتار) هەیە، نەک (بواری گوتارەکان). هەر بەمجۆرەش دەمێنێتەوە. بەواتا گشتییەکەشی گوتار لەبواری شیکردنەوەی شێوازی جودا بەکاردێت.

لەزمانی کوردیدا جیاوازیی لەنێوان (گوتار)و (وتار) ناکرێت، کە یەکەمین کردەی قسەکردنو گۆکردن دەگرێتەوە، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک رەگەزی تایبەتی (شێوەی گۆکردن، کاتو شوێنو جۆری قسەکردنو جووڵەو بەکارهێنانی گۆڕان لەدەنگو هێماو جووڵەی جەستەی تێدایە)، کەچی وتار (نووسراوە، لەکاتێکی دیارکراوداو لەرێگەی نووسینەوە وەبەردێت، هەروەها دەبێت شوێنێک بگرێت، مامەڵە لەگەڵ هێزی دەربڕینی نووسین، نەک گۆکردن دەکات، واتای وشەو هێزی وشە دەگرێتەوە، کەچی گوتار واتاو هێزی گۆکردنی وشەو ئاوازەو جۆری گوتاردانەکە دەگرێتەوە). بۆیەشە بەر لەوەی باسی گوتارو پێناسەی گوتار بکەین، دەبێت دان بەو راستییەدا بنێین، کە


(گوتـار) جیاوازییەکی زۆری لەگـەڵ (وتـار) هەیـەو لەهەمـان کاتیشـدا جیاوازی لەگـەڵ (دەق)یش هەیـە. لەهەمـان کاتیشـدا زمـان لەگوتـاردا پێکهاتەیەکی چالاکی کەسـەکانە، کـە لەنێـو دەوروبەرێکی دیارکـراودا هـەن، بۆیەشـە زانایانـی ئـەم بـوارە پێیـان وایـە گوتـار ناچێتـە نێـو بـواری تایبەتـی زمانـەوە.

گوتـار لەزمانـی ئینگلیـزی بـە Discourse نێودەبرێـتو لەزمانـی عەرەبیشـدا (الخطـاب) دەگرێتـەوە، پێناسـەی گوتـار واکـراوە، کـە مەبەسـتی قسـەکردن یـان ئاخاوتنێکـە، کـە لەکەسـێکەوە ئاڕاسـتەی کەسـێکی دیکـە کـراوە لەپێنـاو تێگەیشـتنو تێگەیانـدن. (محـمد فتـاح :١٩٨٥،٢٦). لەسـەردەمی کۆنـی ئیسـلامیدا لەزمانی عەرەبیدا بایەخی زۆر بەمەسـەلەی گوتارو شـیکردنەوەی دەدرا، بەڵام لـەم سـەردەمەدا وەکو دەردەکەوێت پتر بایەخ بەشـیکاری گوتـار بەپێی ڕێبازی ڕۆژئاوایـی دەدرێـت. (هاریـس) یەکێکە لەوانەی زۆر زوو بایەخی بەلێکۆڵینەوەلە بـواری گوتـار دا، وەهـا پێناسـەی گوتـاری کـرد، کـە «گوتراوێکی/ ملفوظ» درێـژە، یاخـود بەدوایـی یەکدا هاتنـی رسـتەیە، کۆمەڵەیەکی داخـراون دەتوانرێت لەڕێگەیـەوە ئـاگاداری ڕۆنانـی زنجیرەیـەک لەپێکهاتەکانی بین، لەڕێگەی ڕێبازی دابەشـکردن، بەشـێوەیەک وامـان لێدەکات، کـە لەبـواری زمانەوانـی بمێنینـەوە. (محمـود عکاشـە:٢٠٠٥،٣٦). دیـارە ئـەم بیرۆکەیـەی (هاریس) پشـتی پێبەسـتبوو، سـەرچاوەی لەبۆچوونەکانـی (بلومفێلد) دەربـارەی رسـتە گرتبوو، کـە جەختـی لەسـەر ئـەوە دەکردەوە بوونـی گوتـار بەسـتراوەتەوە بەسیسـتەمی بـەدوای یەکدا هاتنـی ئـەو رسـتانەی، کـە ڕۆنانـی گوتنەکەیـە. ئەمـەش کۆمەڵێک رسـتەی بەیەکەوەبەسـتران، کـە دەقێکـی تـەواو پێشـکەش دەکات، هەرەهـا (بنفینسـت) یـش پێناسـەی گوتـاری وەهـا کـردووە، کـە بریتییـە (لەهەمـوو قسـەکردنێک، کـە قسـەکەرو گوێگـری تێدایـە، لەیەکەمـدا ئامانجـی کارتێکردنـە لەسـەر دووەم بەشـێوازێکی وەهـا، بۆیـە دەبێـت لەگوتـاردا قسـەکەرو وەرگـر پەیوەندیکـردن لەنێوانیانـدا هەبێـت. (هەمـان سـەرچاوە،٣٧). هەروەهـا (بنفینسـت) پێناسـەکەی کاراتر کـرد، کە بڕوای وایە (هەموو بەشـێک لەبەشـەکانی قسـەکردن دەگرێتەوە، کـە قسـەکەر ئەنجامـی دەدات. بۆیەشـە پێـی وایـە بەدیهێنانی قسـەکردنو کردەی

گوتار ئەو شتانەی پێیەوە بەندە، کە لایەنی پەیوەندیکردن لەخۆدەگرێت، مەبەستیش لەپەیوەندیکردنو ئەو کەرەستانەی لەکارتێکردن بەکاردەهێنرێت دەچنە ژێر نێوی زاراوەی گوتار، کە ئەم جۆرانە دەگرێتەوە (گوتاری زارەکی رۆژانە، گوتاری نووسراو، بیرەوەری، ... تد)، کە قسەکەر ئاڕاستەی وەرگری دەکات. (هەمان سەرچاوە،٣٧).

بەکورتی دەکرێت وەها دابنرێت، کە گوتار ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

- گوتار رستەی بەدوای یەکدا هاتووە.
- بەدوای یەکدا هاتووی گونجاوی گوتراوەکانە.
- کردەیەکی زیندووی بەدیهێنانییە، پێویستی بەکارتێکردنو کارلێکردنو مەبەست هەیە.
- گوتار رێبەرێکی زمانەوانییە.
- گوتاری هاوسەنگو بەیەکەوەبەستراوە.
- گوتار یەکەیەکی پەیوەندیکردنی تەواوە.
- گوتاری ئەنجامی چالاکی گوتنە.
- گوتار کردە قسەیە.
- گوتار دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زیندووە.
- گوتار ئاڕاستەکراوو مەبەستدارە.
- گوتار پێویستی بە بەشداری راستەوخۆ هەیە. (هەمان سەرچاوە،٣٩).




هێلکاری ژمارە (٥) گوتار چییە؟

لەئەنجامی ئەو پێناسەو چەمکو تێگەیشتنانەی بۆ گوتار دانراون، دەگەینە ئەوەی، کە گوتار یەکەیەکی چالاکو زیندووی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە، قسەکردنو گۆکردن پێکهێنەری بنەڕەتی گوتارە، کە دەبێت لەپرۆسەی بەدیهێنراوی کردە قسەیی، (مەبەست) هەبێتو نێرەرو وەرگر وەکو دوو لایەنی سەرەکیو بنەڕەتیی کارتێکردن، کاریگەریان بەسەرەوە بێت.

لەلایەکی دیکەوە گوتار لەسەر ئەم چەند بنەمایە پێناسە کراوە، کە (دومینیک مانگونو) بڕوای پێ هەیە، بەمجۆرە:

گوتار/ ڕستە: گوتار لەیەکەیەکی زمانی پێکدێتو ڕستەش بریتییە لەزنجیرەیەک لەپێکهێنەرەکانی، لەسەر ئەم تێگەیشتنە (هاریس) ساڵی ١٩٥٢

چەمکی شیکردنەوەی گوتاری باسکردووە، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە قسە لەبارەی (رێزمانی گوتار/Grammaire Discours) دەکەن، بەڵام ئەمڕۆ قسە لەمەڕ (دەقو زمانەوانی دەقی) دەکرێت.

گوتاری/ گۆکراو: لەگەڵ سروشتەکەشی یەکەی زمانەوانی (گۆکردنە)، بۆیەشە دەکرێت بگوترێت گوتار یەکەی پەیوەندیکردنە، کە بەستراوەتەوە بەبارودۆخی بەرهەمهێنانی دیارکراو، یاخود هەرشتێک لەمبارەوە هەیە، جۆری گوتاری دیارکراو: گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی، وتاری رۆژنامەنووسی، رۆمانو ... تد. بۆیەشە لەبارەی (گۆکردنو گوتار) دوو بۆچوونی جودا لەئارادایە، کە (پێیان وایە تێڕوانین لەدەق لەبواری رۆنانی (زمانی) وایلێدەکات گوتراو/ قسەکردن بێت، بەڵام لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەربارەی دۆخی بەرهەمهێنانی ئەم دەقە، وایلێدەکات، کە گوتار بێت. (دومینیک مانغونو:٢٠٠٨،٣٨).

گوتار/ زمان: آ- زمان، کە سیستەمی بەهایێکی توانادارەو ناکۆکە لەگەڵ گوتارو بەکارهێنانی زمان لەهەمان دەوروبەردا، کە لەهەمان کاتدا بەهاو ئاماژە بەنرخە نوێیەکەی دەکات، ئەم جیاوازییەش بەکاردێت بەشێوەیەکی زۆر لەبواری فەرهەنگدا Lexique، لەدایکبوونی فەرهەنگی بەتایبەتی لەلایەن گوتارەوە دەبێت. لەهەمان کاتدا کەسێکی وەکو (ستابز) «گوتار وەک زمان لە»سەروو» گەورەتر، یان فراوانتر لە(رستە یان سەرووی رستیلە) وەسف دەکات. (رەحیم سورخی:٢٠١٣،٣٨).

ب- زمان سیستەمێکی هاوبەشە لەنێوان ئەندامانی گروپە زمانییەکان، کە ناکۆکیی گوتارن، بەو پێیەی، کە ئەمە بەکارهێنانێکی سنووردارە لەبارەی ئەم سیستەمە، ئەمەش پەیوەستە بە ١- کێڵگەی گوتارەکە وەکو (شیوعیو سریالیو ئاینی...)، ٢- بەجۆری گوتارەکەوە بەندە، وەکو گوتاری (رۆژنامەنووسی، ئیداریی، رۆمان، مامۆستا....). ٣- بەرهەمەکانی توێژێک یاخود توێژێک لەقسەکەران، وەکو گوتاری (پەرستاران، کابانی ماڵ...). ٤- پەیوەستە بەئەرکی زمانەوە، وەکو گوتاری (مشتومڕدار، فەرمان).

گوتاری/ دەق: وا لەگوتار دەڕوانێت، کە پەیوستە بەدەق لەدەوروبەری خۆیدا، وەکو گوتاری (دەق– Text).

گوتاری/ گێڕانەوە/ سرد/ حیکایەت. (دومینیک مانغونو:٢٠٠٨،٣٩).

لەشیکردنەوەی گوتاردا ئەوە دەردەکەوێت، کە گوتار لەتەک جۆرو پلەکانیدا، یاخود لەتەک ئەو دابەشکردنانەی لەبارەی گوتارەوە هەیە، گوتار دەکرێت بەشێوەی جیاجیاش پێشکەش بکرێت. (دەق یان گۆکراو/ قسەکردن)، لەلایەن (کەسێکە/ نێرەر/ گروپێک/ حزبێک/ دەزگایەک)، یان لەدەوروبەرێکی دیارکراوداو لەکاتێکی دیارکرداودا گۆکردنەکە/ قسەکردنەکە روودەدات، بەڵام مەرج نییە دەق، لەچوارچێوەی کاتدا خۆی ئابلوقە بدات، چونکە دەقی نووسرا لەسەردەمو سەدەی جوداجودا دەتوانێت بمێنێتەوە، هەروەها لەگوتاری گۆکراودا کەسێک، گروپێکی گوێگر هەیە، بەڵام لەدەقدا خوێنەر هەیە. واتە لەشیکردنەوەی گوتاردا دەبێت بەشێوەیەکی یەکسان رەچاوی (قسەکەر/ نێرەر)و (گوێگر/ وەرگر) بکرێت. چونکە گوتار پرۆسەیەکە خۆی خۆی وەبەردەهێنێتەوە، هەروەها گوتار خۆی دەسەڵاتە، نەک دەسەڵاتێک بیەوێت گوتار بکاتە دەسەڵاتو دەسەڵاتی پێببەخشێت.

هەروەها شێوازی جودا بۆ پێشکەشکردنی گوتار هەیە (راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ)، (گوتاری گۆکراوی راستەوخۆ، یان گوتاری نووسراوی ناڕاستەوخۆ). گوتاری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئاینیو ئەدەبیو زانستیو ئابووریو... تد. کەواتە دەکرێت بڵێین گوتار یەکەیەکی بەیەکەوە بەسترای گۆکردنە، کە جۆرو شێوازو مەبەستو ئامانجی جوداجودای هەیەو پەیوەستە بەدەوربەرێکی دیارکراو، گوتار دەسەڵاتە، نەک ئامرازێک بێت بەدەست دەسەڵاتەوە.

ئەگەر لەڕوانگەیەکی زمانیی سەیری گوتار بکەین، کە کەسانێکی وەکو (تامپسۆنو سکۆت) دەڵێن: ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەی زمانیی وەسفکردنی پێوەندیکردنە لەڕێگەی رووداوەکانی گەیاندنەوە. (رەحیم سورخی:٢٠١٣،٢١).

واتە (پەیوەندیکردن‌و ڕووداوەکان) دوو بنەمای گرینگن لەشیکردنەوەی زمانەوانی گوتار، ڕاستە ئێمە بڕوامان وایە، کە گوتار لەزمان فراوانترە، واتە دەکرێت لەهەندێک بواردا نەک هەر لەزمان لەسەرەوەتری دابنێین، بەڵکو گوتار پەیوەندیکردن‌و ڕووداوەکان دەکاتە دوو ئامرازی گرینگ بۆ گەیاندنی مەبەست. هەروەها زمان لەدەرەوەی دەوروبەرو ڕووداوەکانی گەیاندندا سەیر ناکرێت. (هەمان سەرچاوە:٢١). ئەمەش لەدەرەوەی گەشەکردنی توێژینەوە زمانەوانییەکان نییە. زمانەوانە فۆرمییەکان، کە کاریان لەسەر فۆرمی زمان دەکردو ڕۆنانی زمانیان بەشێوە فۆرمییە سیستەمییەکە لێکدەدایەوە، دەبینین زمانەوانی ئەرکی‌و بەتایبەتیش (هالیدە)ی لەئەنجامی توێژینەوە نوێیەکانی ئەرک‌و پەیام‌و کردەی زمانی گەیاندنە ئاستێکی کاراتر لەجاران، کە هاوکاتیش جۆرێک لەشیکاریی گوتارو دەقیش سەریهەڵدا، کە دەوری زمانی لەڕۆنانی پێوەندییەکانی دەسەڵات لەکۆمەڵگە دەستنیشان کرد. تاکو دەگاتە ئەوەی لەتەک پراگماتیک زمان لەبەکارهێناندا، زمانناسی ڕەخنەییش دەرکەوێت‌و هەروەها ڕێزمانی ئەرکی سەلماندنی، کە «تاوتوێکردنی زمان دەبێت تەواوی دەقێک بێت، نەک ڕستە، یان گوتەی لەدەوروبەر دابڕاو». (هەمان سەرچاوە:٢٣).

واتە لەگەڵ گەشەکردنی توێژنەوەی زمانەوانی، دیارکردنی ئەرکی گوتارو پێکهاتەو ئاڕاستەو بەستنەوەی بەدەوروبەرو سیستەمی پەیوەندیکردن چووە ئاستێکی بالاتر، کە شیکردنەوەی گوتار، شیکردنەوەیەکی زمانەوانی ڕووت‌و دابڕاو لەدەوروبەرو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەبێت، بەڵکو لەسەرووی وشەو زاراوەو ڕستەو دەقیشدا بێت. هەنووکە گوتن/ قسەکردن‌و دەوروبەر، مەبەست‌و کارتێکردن‌و جوولاندن پێوەری گوتاری گونجاوو نەگونجاون، نەک پێوانە زمانییەکە. بۆیەشە ئەرکی شیکردنەوەی گوتار، ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بەرفرەترە، لەو شیکردنەوەی، کە تەنیا وەکو فۆرم‌و نەریتی‌و لەچوارچێوەی زمانەوانییەکی دابڕاو لەباری کۆمەڵایەتی‌و زمانێکی ئەرکی‌و چالاک دێتە بەرهەم.

بۆیە ئاساییە، کە بڕوا بهێنین، کە گوتار گەورەتر لەڕستە دەگرێتەوە، وەیان بریتییە لەو قسەیەی ئەرکی گەیاندنی واتاو پەیامێکە بۆ کەسێکی بەرانبەر. (عەبدالواحیدموشیر دزەیی:٢٠١١،٣٣). گوتار گەورەترە لەڕستە، ئەرکی گەیاندنی واتاو پەیامێکە. بێگومان ئەم پێناسەیەش ناتوانێت سنوورو ئەرکو نێوەڕۆکی گوتار بەبێ گرفت دیاربکات، چونکە گوتار دەسەڵاتە، دەوربەرە، لەسەرووی دەقیشەوەیە.

هەروەها لەبەکارهێنانی گوتاردا پێویستە لەسەرنجدانێکی کۆمەڵایەتیو کارلێککردنی گوتار بەولاتر بڕۆینو بڕوانینە ئەو دیوی فۆرمو پێکهاتەی دەقو هەروەها سەرنجێکی زیاتر بدەینە چەمکە دەروونناسییەکان وەک زانینی پێشینە، باوەڕو چاوەڕوانییەکان. واتە ئەوەی لەمێشکی قسەکەردایە لێی بکۆڵێنەوە. (ڕەحیم سورخی:٢٠١٣،٢٥).

گوتار سیاسییە، زمان سیاسییە، وەکو گوتمان پەیوەندیکردن یەکێکە لەهۆکارە گرینگە چالاکەکانی گوتار، بۆ ئەوەی مەبەستەکانی (هەواڵدان، زانیاری، وریاکردنەوە، هاندان، هەڕەشە، حوکم، بڕیار، یاسایی، زانستی) بێت بگەیەنێت، یان ڕووداوەکان لەچوارچێوەی گوتار بەزمانێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، یان هەڕەشە، یان ڕاستگۆییو هەڵەو درۆ دابڕێژێتەوە، بۆیەشە ئەگەر زمان سیاسەت بێت، لێرەدا سیاسەت بەواتای «هەرشتێکو هەر شوێنێکە، کە پێوەندییو کارلێککردنە مرۆییەکان لەبارەی چۆنێتی دابەشکردنی کاڵا کۆمەڵایەتییەکانەوە هاوپێچی واتای شاراوەیە. یان هەیە پێی وایە «. هەموو ئەو واتایانەی دروستیان دەکەینو دەقین، لەوشەکاندا یان بەهۆی کردەکانەوە بەقووڵی سیاسین. ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتیانە لەنێو کۆمەڵ، کلتوورو وردە کولتوورەکاندا بەندمان دەکەن. ئەو واتایانەی دروستیان دەکەین، نەک هەر خۆمان دەناسێنن، بەڵکو کۆمەڵەکەمانو گرووپی تەمەن، ڕەگەزو نێوچەکەشمان لەڕووی مێژووییەوە دیاری دەکەن. تەنانەت زیاتریش، ئەوانە پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵەکان، گرووپی تەمەن، ڕەگەز

ئاستە کۆمەڵایەتییەکان، کلتوورییەکانو وردە کەلتوورەکانیش، دیاری دەکەن، هەر یەک لەمانە لەبنەڕەتدا پەیوەندی سیاسین. (هەمان سەرچاوە: ٣٣-٣٤).

لەهەمان کاتدا وەکو (فۆکۆ) دەڵێت هیچ مەرج نییە (ئەوەی دەگوترێت لەحەقیقەتدا، واقیعی بێت، چونکە لەسەردەمێکدا ئەو شتانەی دەربارەی زانستی بایۆلۆجی، کە حەقیقەت بوو دەگوترا، لەوکاتدا واقیعی نەبوو). (میشیل فوکو:٢٠١٢،٨). ئەمە بۆ گوتاری سیاسیو ئاینیش راست دێتەوە، ئەوەی ئەمڕۆ حەقیقەتە، رەنگە واقیعی نەبێتو کردەیەک بێت، بەخەیاڵی، لادەر، هەڵگەڕاوە، ئاژاوەچی، فەوزا... تد، دابنرێت).

بێگومان گوتاری سیاسی ئاینی ئەرکی ئەم شیکردنەوەیە، گوتار گوتنی شتێک، کە خودی دەقەکە نەبێت)و (دانەر/ نووسەر)، کە کۆکەرەوەی گوتارەکەیە، نەک دانەرە راستەکە. (هەمان سەرچاوە:٢٠). دەبێتە گرفت لەبەردەم گوتارو بەدیهێنانی کاریگەری لەنێوان خودی گوتارو دەوروبەرەکەیدا. کە دەبێتە پەناگەیەکی زیندوو بۆ گوتاری سیاسی مردوو، زمانی سیاسی رۆلێکی گرینگ لەم بارەوە دەگێڕێت، تەنیا لەهەندێک بواردا نابێت رەچاوی ئەوە بکەین، کە میشێل (فۆکۆ) زۆر راشکاوانە (لەنێوان دەوروبەرێکی شیاوو نەشیاودا کاردەکات، ئۆرێل دەڵێت: «ئاخاوتنو نووسینی سیاسی تارادەیەکی زۆر بەرگری لەو شتانە دەکەن وا شایانی بەرگری کردن نین». (رەحیم سورخی:٣٦،٢٠١٣).

بۆیەشە پێناسەی گوتار لەچوارچێوەی زمان دەردەچێتو کەسێکی وەکو (فێرکلاف) دەڵێت: گوتار زیاتر لەوەی هەر بەکارهێنانی زمان وەک نووسین یان ئاخاوتندا بێت، بەجۆرێک کردەی کۆمەڵایەتی سەیر کراوە. (هەمان سەرچاوە:٤٣). بۆیەشە گرینگە لەبەدیهێنانی کردەی گوتاردا، گوتار وەکو کردەیەکەی کۆمەڵایەتی رەچاوی هەندێک بنەمای گشتی ببین، کە بریتییە لەپەیوەندیکردنو گەیاندن، هەروەها دەوروبەرو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئینجا کەسایەتیو پێکهاتەی دەروونی نێرەر/قسەکەرو وەرگرو بەکارهێنەرو گوێگر.

کەواتە گوتار کردەیەکی تەنیاو تاقانەی یەکلایەنەی بەدیهێنانی کردەیەکی سەرووی زمانو دەق نییە، بەڵکو کردەیەکی هاوبەشو هاوتایە لەگەڵ (دەوربەرو وەرگرو پەیوەندیی).




هێلکاری (٦) پەیوەندی کردەی گوتار و کۆمەڵایەتی

(فۆکۆ) لەبارەی سیستەمی گوتار دەڵێت: گرینگە لەیەک کاتدا بایەخ بە بەرهەمهێنانی چاودێر، وەرگر، رێکخەر لەبەرهەمهێنانی گوتار بدەین، کە ئێمە دەزانین مافی ئەوەمان نییە، هەموو شتێک بڵێین. هەروەها ناتوانین باسی هەمووستێک بکرێت لەوانە تقوسی تایبەتی، مەسەلەی سێکسو سیاسەت. لەگوتار وەکو دەردەکەوێت ئەمانە شتێکی سادەن، بەڵام شێوەی رێگەگرتنو قەدەغە هەیە، کە دواتر ئەم بارانە بەخێرایی پەیوەندییەکانی وابەستە بەرەغبەتو دەسەڵات دەردەخەن. (میشیل فوکو: ٢٠١٢،٨).

دەکرێت بڵێین، کە گوتار هەر ئەو پێناسەیە نییە، کە پێکهاتەکان بگرێتەوە بەڵکو ئەرکێکی لەنێو دەوروبەرێکی دیارکراویشدا هەیە، ئیرادەی قسەکەر

هەر بەتەنیا ئەوە نییە قسەکانی ئاڕاستەی مێشکی قسە بۆکراوەکان دەکات، هەروەها هەر بەتەنیا بۆ لایەنی سۆزداریش نییە، بەڵکو لەیەک کاتدا بەیەکەوە قسەکردنە لەگەڵ مێشکو سۆزی قسەبۆکراو. بەئامانجی ئاڕاستەکردنی ئیرادەیانو هاندانیان بۆ کار. (ادونیس،:١٩٨٦،٣٠١). واتە گوتار هەر تەنیا بەدیهێنانی کردەیەک بەقسەو گەیاندنی پەیامو هەواڵو حوکمو فەرمانو ووریاکردنەوە نییە، بەلکو ئامانجی (ئاڕاستەکردنو هاندانە بۆ بەدیهێنانی کارێکە). کەواتە کاریگەریی‌و کارتێکردن لەرێگەی (جولاندنی مێشکو سۆز) لەیەک کاتدا دێتە دی، ئەمەش ئەرکی گوتارە، وەکو چۆن پێناسەشە بۆ ناسینەوەو دیارکردنی گوتار.




هێلکاری ژمارە (٧) گوتار و بەرهەمێنانی کردەیەک

## ٢-٢ پێناسەیەکی عەرەبی ئیسلامی بۆ گوتار

ئەگەر لەڕوانگەی زمانەوانو رەوانبێژە ئیسلامییە عەرەبییەکانەوە سەیری پێناسەی گوتار بکرێت، هەندێک لێکچوونو هەروەها لەهەندێک بواریشدا هاوبەشی‌و لێکچوون هەست پێدەکرێت . ئەمەش بەڵگەی گەشەکردنو رۆلی زمانو گوتارە، لەتەک گەشەکردنی ئەو بۆچوونەی، کە رۆلی دەوروبەر بەرجەستە دەکات. هەندێک پێیان وایە گوتار بریتییە لەحوکمێکی ئاشکرا، یان بەسوێندخواردن، یان فەقیهی لەدادگا، یان گۆکردن بەوشەی دادەنێن،

دواتریش گوتار دەربڕی جۆرێکە لەگوتنە، کە چەند شتێک لەخۆدەگرێت وەکو دروستکردنی گۆکردن، پاساوای بڕواپێهێنەر، بێ ئاڵۆزکردنو قورسکردنی لای گوێگر. (عبدالواسعم الحمیری،٢٠١٤،١١). (زەمخشەری) بۆچوونەکانی لەبارەی گوتار بەمجۆرە کورت کردۆتەوە، (فلانەکەس بەباشترین شێوە گوتاری دا. واتە گوتار ئاڕاستەیەکە پەیوەستە بەقسەکردنەوە، لەگەڵ فلانە هۆز قسەدەکەم واتە گوتارێکیان ئاڕاستە دەکەم. (هەمان سەرچاوە:١٢). هەروەها (ئیبن فارس) لەفەرهەنگەکەیدا دەڵێت: (گوتار قسەکردنە لەنێوان دوو کەس). (هەمان سەرچاوە:١٣).

کەواتە لەڕوانگەی شیکاری عەرەبی ئیسلامی لەتەک پێناسەی گوتار، دەڵێن پێویستە رەچاوی ئەم خالانەی خوارەش بکرێت بۆ ئەوەی کردەی گوتارێکی سەرکوتوو بێتە دی: گوتاردەر پێویستە دەنگێکی خۆشی هەبێت، ئاوازەی دەنگی باش بێت، هاوسەنگ بێت، رەزمی هەبێت لەکاتی گۆکردنو دەربڕینەکانو شێوازەکانیدا، ئەمە لایەنی قسەکەر دەگرێتەوە، هەروەها لایەنی دیکە بریتییە لەجووڵەی پێشکەشکردنی رەزمەکانی بەشێوەیەکی جوانو رێک، سەرباری ئاماژەکانو پێکهاتەکەیی‌و دەموچاوی. (هەمان سەرچاوە،١٤).

بۆیە لەم پێناسانەدا وای بۆ دەچن رەسەنایەتی لەگوتاردا بریتییە لەقسەکردنی یەکلاکەرەوە، یان دەربڕی ئیرادەی یەکلاکردنەوە، یان گواستنەوە، سیستەمی گوتنی هزرێکی یەکلاکەرەوەیە لەنێوان بڕیاردەر، کە پشت بە(بەڵگەو ساخکردنەوە)یان روونی پاساوو بەڵگەکان دەبەستێت، یاخود قسەکردنە یان سیستەمی قسەکردنە بەمەرجێک بڕواپێهێنانو کارتێکردن هەبێت. (هەمان سەرچاوە:١٥).

گوتار لای ئسولییەکان لەجیهانی ئیسلامیدا فکرو تەوژمی جودا جودا لەخۆدەگرێت، ئەمانەش هەر یەکەیان پشت بەژمارەیەک بۆچوونو ئیجتهادی ئاینی لەرێگەی شیکردنەوەی قورئانو فەرموودەکانەوە دەبەستێت، هەندێک ئەمە بەدۆخێکی ئاسایی دەزانن، کە ئەمانە خۆیان لەچوارچێوەی گوتاری

ئیسلامی هاوچەرخ دەبینن‌و تەنیا پێیان وایە دەبێت لەگەڵ لایەنە بنچینەییە گۆڕاوەکان لەئاینی ئیسلامدا مامەڵە بکرێت، لایەنە چەسپیوەکان دیارن‌و جێگەی دەستکاری‌و گفتوگۆو مشتومڕ نییە، هەشیانە وەکو سەلەفییەکان پێیان وایە دەبێت وابەستەی سەلەف بن، قورئان‌و سونەت سەرچاوەیە. ئسولییەکان دەیانەوێت جۆرێک لەپەیوەندیی‌و هاوبەشی لەنێوان دەق‌و بەڵگە زمانەوانییەکان‌و لەنێوان دەق‌و کردەی دەلالەت‌و هەروەها بەڵگەی زمانی شەرعی بۆ سەلماندنی بڕیارە شەرعییەکان دروست بکەن. واتە دەکرێت بڵێین ئەوانە بڕوایان وایە، کە هەموو گوتراوێکی شەرعی رەنگدانەوەی سەلماندنی بڕیارە شەرعییەکانە. (هەمان سەرچاوە:٤٤).

ئسولییە ئیسلامییەکان لەدوو روانگەوە پێناسەو بۆچوونی خۆیان لەبارەی پەیوەندی نێوان دەق‌و گوتار دەخەنە روو، وەکو:

**یەکەم**/ دەق لەهوشیاری بەیانکردنی پەیوەندیدا، بریتییە لە «هەموو گوتراوێکی شەرعی»، هێمایە بۆ حوکمێکی شەرعی، بەیەکێک لەرێگاکانی دەلالەت بەمجۆرەیە: دەربڕین، یان شێواز، یان ئاماژەو نێوەڕۆک.

**دووەم**/ کرانەوەی دەق، بەپێی ئەم بۆچوونە هەمەلایەنی بێ کۆتاییە، بەمجۆرە دەق بەڵگەی زمانەوانی کراوەیە، کە فرەیی لەدەلالەت‌و دەلالەت بۆکراو دەگرێتەوە، یاخود هەموو ئەو قسانە دەگرێتەوە، کە هێمایە بۆ پتر لەهێما بۆکراوەکان، ئەمەش بەپتر لەرێگەیەک لەرێگەکانی دەلالەت ئەنجام دەدرێت. یاخود بڵێین ئەمە دەربڕینی هەموو گوتراوێکی هێماییە لەبارەی فرەبوونی هێما بۆکراوەکان، لەرێگەی هێمایە زمانییەکان. (هەمان سەرچاوە:٤٤). واتە ئەگەر لەڕوانگەی زمانەوانیی شیکاری گوتارو رۆڵی دەق‌و کاریگەری بۆچوونە جیایە ئاینییەکان بکەین، دەردەکەوێت هەموو ئەوانە ناتوانن لەکاریگەری (گوتن، یەکە زمانییەکان‌و کەرەستە زمانییەکان) دەربچن. لەگوتاردا دەق ناگاتە ئاستی گوتن/ قسەکردن‌و گۆکراوەکان، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، نەتوانرێت رۆڵی دەق وەکو پێکهاتەو ئاستێکی زمانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

لەتەک ئەم بۆچوونەدا ئەوان پێیان وایە گوتار زۆر لەدەق فراوانترە، بۆیە زۆر بایەخ بەم بوارە دەدەن. بۆیەشە زانایانی ئەم تەوژمە دەق بەشێوەیەکی تایبەت لەشێوەکانی گوتار دادەنێن، بەیەکێک لەرێگە گرینگەکانی بەڵگەبوونی گوتاری دەزانن بۆیەشە سەلەفییەکان بەشێوەیەکی گشتی بڕوایان بە»دەقی نواندن» هەیە، چونکە بڕوایان وایە بەلای کەمەوە ئەو دەقو گوتارە وابەستەیە بەگوتاری شەرعیو ئاینیو قورئانو سوننەت، بێ ئەوەی شتی بخرێتە نێو، یان ئیزافە بکرێت، لەژێر کاریگەری خودی کەسەکانەوە. (هەمان سەرچاوە:٤٦). بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە کتێبی الخطاب والنص کە د. عبدالواسع الحمیری، لەشوێنێکدا دەربارەی دەق بۆسەر سێ لە روانگە دابەش دەکات، کە بریتین لە:

١. دەقی نواندن/ التمثیل کە دەوروبەری پراگماتیکی گوتارە.
٢. دەقی دەربڕین/ دەوروبەری پەیوەندیکردنی گوتارە یان هەڵوێستو پێگەیە.
٣. دەقی تێپەڕاندن یان جیاوازییەکان، دەوروبەرێکە بۆ بەرهەمهێنانو دووبارە بەرهەمهێنانەوەی گوتار، یان بەواتایەکی دیکە ئاسۆیەکە بۆ رکابەری گوتارەکانو دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان، لەپێناو بەدەستهێنانی لەدایک بوونەوەو تێپەڕاندن/ شکاندنی سنورەکان، یان گواستنەوەو بەردەوامی. (هەمان سەرچاوە: ٤٧).

بۆیە دەبێت لەم بوارانە رەچاوی ئەوە بکرێت، کە سەلەفییەکان بەشێوەیەکی گشتی پەنا بۆ دەق دەبەن، وابەستەبوون بەدەق دەکەنە پێوانە بۆ فکرو ئیجتهادی لەنێو گوتارەکەیاندا.

لەسەردەمی نوێدا لەپێناسەیەکی دیکە دەربارەی گوتاری ئیسلامی لەمیسرو وڵاتە عەرەبییەکاندا بڕوایان وایە گوتار (پشت بەمەرجەعیەتی ئاینی ئیسلام دەبەستێت، لەئاڕاستەکردنی گوتارەکەیو بنەماکانیو زانیارییەکانیدا، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو گوتارەی زانێو بانگخوازو کەسانی سەر بەدامودەزگا ئیسلامییەکان پێشکەشی دەکەن لەڕاگەیاندنی ئیسلامو

شەریعەتدا، جا ئەمە لەچوارچێوەی گوتارو وانە وتنەوەکان بێت، یان کتێبو شتەکانی دیکە. (شریف درویش اللبان، http://www.acrseg.org).

گوتاری نوێی ئاینی لەکۆمەڵگەی ئیسلامی بەگوتارێکی (ئینشائی تەقلیدی بەستەلەک نێودەبرێت، کە جەخت لەسەر لایەنێکی بەرژەوەندی دەکاتەوە. بۆیەشە نوێبوونەوە لەگوتاری ئاینی بەدوو ئاڕاستەی جودا دەبەسترێتەوە، کە یەکەمیان لەڕوانگەی نائاینی سەرچاوە دەگرێتو دووەمیش ئەو گروپە ئیسلامیانەن، کە ترسێکی توندیان لەخزان و خلیسکان بەرەو دەستێوەردان هەیە ، لەبەرانبەر لایەنە چەسپیوە نەگۆڕەکانی ئایندا. (هەمان سەرچاوە: http://www.acrseg.org).

ئەمە گرفتێکی بەرچاوە لەچۆنیەتی پێناسەکردنی گوتاری ئیسلامیو ئاینی لەژێر هەژمونی بیرکردنەوەی عەرەبیانەدا دروستکردووە، بەو واتایەی زمانی عەرەبی، کۆمەڵگەی عەرەبی پێشەنگایەتییەکی سەرەکی لەگوتاری ئاینیو فکری ئاینی دەکەن.

### ٢-٣ جۆری گوتار

ئەگەر بەپێی شیکاری پراگماتیکی بێت، بەگشتی دووجۆر کردەی گوتار لەپێناو ئاشکراکردنی پەیام لەرێگەی پەیوەندیکردنو گەیاندنی مەبەست هەیە، کە ئەوانیش گوتاری راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیە. بەکورتی ئاماژە بەم دوو جۆرەی گوتار دەکەین.

گوتاری راستەوخۆ/ ئەمە ئەم جۆرەیە، کە قسەکەر دەربڕی خودی خۆی دەبێت لەرێگەی بەرکارهێنانی جێناوی لکاوی (من)ی قسەکەر، یان (ئێمە)، کە ئەمەش ئەوپەڕی بالایی بوون لەبابەتی قسەکردن دەگرێتەوە. هەروەها ئەمەش باوە، کە گەلێکجاران قسەکەر جێناوی کەسی (ئێمە) بەکاردەهێنێت لەجیاتی بەکارهێنانی (من)، وەکو (ژیاین و بینیمان). واتە من ژیامو من بینیم، بەڵام لێرەدا لەبەر هۆکاری رێزگرتن، پێدانی پێگەیەکی گونجاو بەکەسایەتی

گوێگری ڕاستەوخۆ، (من) وەکو سادەیی‌و خاکی بوون، یان خۆکردنە بەشێک لە(ئێمە)، یان (ئێمە) دەکرێتە بەشێک لەڕووداوەکان، کە ڕوویان داوە، یان ڕوودەدەن، بۆ ئەوەی کاریگەریی‌و متمانەو بڕوا دروست بکرێت.

گوتاری ناڕاستەوخۆ/ ئەمە لەڕێگەی وەرگرتنی گوتاری خەڵکی دیکەوە دروست دەبێت، هەروەها بەکارهێنانی بەشێوەیەک دەبێت، کە وشەکان ڕاستەوخۆو ئاشکرا نەبن، ئەمە پێویستی بەگۆڕینی کات‌و جێنێوەکان‌و ئاماژەو هێماکانە. (محمود عکاشە:١٠٦،٢٠١٥).


واتە ئەو گوتارە بەشێوەی خوازراو، یان ڕەوانبێژی، یان فرە واتایی، یان بەرهەمهێنانی جێنێوەکان لەجیاتی یەکتر دێتە ئاراوە، وەکو: (بوکێ لەگەڵ تۆمە خەسو گوێت لێبێت). ئەمە ناڕاستەوخۆیە. (گەندەڵکاران نایانەوێت، چاکسازی بکرێت) ناڕاستەوخۆیە، کە مەبەستیان (دەسەڵاتە).

لەگوتاری ئیسلامی سیاسیدا، بەشێک لەگوتارەکەیان ناڕاستەوخۆن، چونکە کاتێک باسی (ئیمانداری لای موسڵمانان) دەکرێت، واتە (ئیمان لەژێر پرسیارە، یاخود ئیلتزام بەئاین لاواز بووە، یان دەسەڵات لەدەرەوەی ئیمان وەکو ئاین هەڵسوکەت دەکات‌و فەرمان دەکات)، یان، کە دەڵێت (درۆ دوژمنی خوایە، سفور وەکو دزی‌و لادان‌و هاوبەشی پەیداکردنە بۆ خوا)، ئەمانە بەناڕاستەوخۆیی پێمان دەڵێن (خەڵک لەڕاستی لایداوەو خراپەی کردووەو پشتی لەڕاستی گوتن کردووە، پێویستە ئافرەتی سفور سزا بدرێت، تاکو ئاستی کوشتن). لەکاتێکدا ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت درۆ ئەوەیە، بەڵام ئەمە واتایەکی ئاشکرایە، بەڵام واتا شاراوەکەی بەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتی، یان ڕۆشنبیری، یان ئاینی‌و سیاسی، واتایەکی دیکەی ناڕاستەوخۆی هەیە.

گوتاری تێکەڵ/ یەکێک لەبوارەکانی دیکە، کە لەشوێنەکانیدا ئاماژەی پێنەکراوە، گوتاری تێکەڵە لەنێوان گوتاری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ. لەکاتی شیکردنەوەی گەلێک گوتارو لەنێویشیاندا گوتاری ئیسلامی سیاسی، تووشی دیاردەیەکی سەیر لەم بوارە دێین، کەلەیەک ڕستە، یان گوتندا، یان لەیەک

کاتو شوێندا، هەروەها لەیەک دەوروبەری گوتنەکەدا شێوازێک بەکاردەهێنن، کە تێکەڵە لە شێوازی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ. بۆ نموونە: (ئێمە پێمان راگەیاندوون، کێشەی دەستوور چارەسەر بکەن). لێرەدا دەردەکەوێت دیار نییە بەکێیان گوتووە، راستە کەسێ سێیەمی کۆیە، بەڵام نادیارە، ئینجا باسی کێشە بەشێوەی راستەوخۆ دەکات، کەمەسەلەی دەستورو چارەسەرکردنیەتی. راستە لەبوارێکدا راستەوخۆیە، بەڵام لەهەمان کاتدا نادیاریشە، کەواتە بەمەبەست نایەوێت ناوی (ئەوان) بەشێوەیەکی ئاشکراو راستەوخۆ بهێنێت. گیرمانەی ئەوە دەکرێت، گوتنێکی دیبلۆماسی راپەڕێنێت، یان لەتوانای دانەبێت ناوەکان ئاشکرا بکات، رەنگە لایەنی بەپرس بن، یاخود هەر تەنیا قسەیەکەی لاستیکییە، بۆ ورژاندنو هاندانی خەڵک دەیکات، یان دەیەوێت بەگوێگرەکانی بڵێت، ئێمە تواناو ئازایەتیو هێزی ئەوەمان تێدایەو ناترسین بە(ئەوان)مان گوت، کە دەبێت چارەسەری کێشە بکەن، واتا گوێگر متمانەم پێبکەن. کەواتە پراگماتیک دەتوانێت لەرێگەی پەیوەندیی قسەکەرو دەوروبەر دەیان گریمانە بۆ ئەمجۆرە گوتارە بکات.

ئێمە لێرەدا وەکو دەرفەتێک ئەم بوارەشمان شی کردۆتەوە، کەبوارێکی توانای زمانییو شیکردنەوەی گوتارو شێوازی گەیاندنو شاردنەوەی مەبەست، یان ئاشکرا گوتنیو بەکارهێنانی زمانی دیبلۆماسی، یان پاساو هێنانەوە، یان زمانی هاندانو ئاگادارکردنەوەو وریاکردنەوەو هەروەها دوور نییە مەبەستی شێواندنو ئاڵۆزکردنی رای وەرگر بێت، فتنەو ورژاندنو ئاژاوەش هەندێکجار لەمجۆرە شێوازە تێکەڵە دروست ببێت.




هێلکاری ژمارە (٨) بەکارهێنانی شێوازی تێکەڵ لەنێوان راستەوخۆو ناڕاستەوخۆدا

## ٢-٤ کەسانی هاوبەش لەکردەی گوتاردا

وەکو زانایەکانی بواری شیکردنەوەی گوتار ئاماژەیان پێکردووە، دوو لایەنی سەرەکی دەبنە پێکهێنەری گوتار، ئەویش (نێرەر/ منو ئێمە)و (وەرگر/ تۆو ئێوە)یە. لەکردەوەدا بەشێوە ئاشکراو راستەوخۆکە، پرۆسەی بەدیهێنانی گوتار لەلایەن ئەم دوو پێکهێنەرە سەرەکییەی گوتار بەدی دێت، بەڵام، کە دواتر باسی دەکەین، کەسانو لایەنی دیکەش هەن رۆڵی ئاشکرا، یاخود نائاشکراو شاراوە لەبەدیهێنانی گوتار دەبینن، کە من پێیان دەڵێم کەسانی هاوبەشی شاراوە لەنێو پرۆسەی بەدیهێنانی کردەی گوتارداو بەشێوەیەکی

شاراوە، یان ئاشکرا بەرجەستە دەبن. بەشێوەیەکی گشتی کەسەکان رۆڵی هاوبەشیی لەکردەی گوتاردا دەبینن:

نێرەر/ کەسی قسەکەر، یان نێرەری پەیامەکە دەگرێتەوە، کە (من/ ئێمە)، بۆ نموونە:


من/ ئێمە پێتان رادەگەینین، کە هێرشەکان لەبەیانییەوە دەوەستێت، لەبیرتان نەچێتو وریای یاساو رێزگرتنی پێورەکان بن.

ئەمە شێوەی راستەوخۆ دەگرێتەوە، یاخود (ئەو/ ئەوان)، (تۆ/ ئێوە) بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەگرێتەوە.

ئەوان بەئێمەیان راگەیاند، ئیلتزام بەئاگربەست ناکەن، تۆش بەخێرایی ئەو هەڵوێستە بکە بروسکەو بیگەینە شوێنی مەبەستو ئاگاداریان بکەوە، کە دۆخەکە رەنگە بەرەو ئاڵۆزی ببرێتەوە.

واتە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ (ئەوان بەئێمەیان گوت/ کردەی قسە ئەوان دەگرێتەوەو ئەوان کارێکیان کردووە. (تۆ)ش، کە لەلایەک جەختکردنەوەیە بەهۆی (ش)ەکەوە، لەهەمان کاتیشدا فەرمان پێکردنە لەلای (من)ەوە، بەڵام ئەو کردەی ناردنی بروسکە ئەنجام دەدات، واتە ئەو گوتارێک دەنێرێتو جێبەجێی دەکات، کە ناردنی بروسکەیە بۆ لایەنی دیارکراو.

کەسی یەکەم تاکو کۆ/ مەبەستیان هەیە لەبەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێکو مەبەستێک بۆ دروستکردنی کاریگەرییو کارتێکردن لەسەر لایەنی دووەم، کە وەرگرو گوێگرە.




هێلکاری ژمارە (٩) کەسو لایەنە بەشدارەکانی گوتار

قسەکەر رەنگە (سەرۆکێک، یان مامۆستایەک، یان کەسێکی ئاسایی) بێت، هەر یەکەیان بەشێوازی تایبەتی خۆی لەدەوروبەری کۆمەڵایەتی دیارکراو گوتاری تایبەتی خۆی بەشێوازی شیاوی خۆی پێشکەش دەکات. هەیە سەرۆکە، بەڵام، کە قسە دەکات بۆ رێزگرتنو بەدیهێنانی کاریگەری راستەوخۆ لەباری دەروونی لەسەر گوێگرەکانی بەزمانی (ئێوە/ من بەشێکم لەئێوە/ لەبیرتانە، کە شۆڕش سەرکەوت/ دایکو باوکتان/ ئێمە لەگەڵ هەژارو کەم دەرامەتەکانین/ ئێمەش پێشمەرگەین/ ئێمەی ئیماندار وەکو ئێوە دەژین/ ئێمە پاکو ئیمانداریـن/ هەمووومان پێکەوە دەتوانین... تد). ئەمەش وادەکات گوێگر ئامادەییەکی چالاکی لەنێو گوتارەکەو کاردانەوەشی لەهەمان کاتدا هەبێت.

وەرگر/ کەسێکە، کە (ئەو/ ئەوان) دەگرێتەوە، ئەرکیان گوێگرتنو وەرگرتنو تێگەیشتنو لەکۆتایشدا سەر لەنوێ بەرهەمهێنانەوەی گوتارەکەیە. واتا کەسی کارتێکراو لەلایەن کەسی کارتێکەرەوە، ئامادەیە کردەی گوتار لەرێگەی تێگەیشتنو کاردانەوەو بەرهەمهێنانەوەی گوتارەکە سەر لەنوێ، پرۆسەی بەدیهێنانی گوتار تەواو بکات. وەرگر/ گوێگر، یان ئەوەتە راستەوخۆ لەرێگەی نێرەر گوتارەکە وەردەگرێت، یان ناڕاستەوخۆ لەرێگەی (رۆژنامەو تەلەڤزیۆنو رادیۆو ئەنتەرنێتەوە) گوتارەکە وەردەگرێت. ئەمەش بێگومان بەپێی دەوروبەرو رۆشنبیریو پێگەی سیاسی گۆڕانی بەسەردا دێت. لەگوتاری ئیسلامی سیاسیدا کاتێک دەگوترێت (دەسەڵات پێویستە چاکسازی بکات)، لێرەدا گیرمانەی ئەوە دەکرێت، کە ناڕاستەخۆ باسی لایەنێک بکرێت، یان باسی بوونی گەندەڵی دەکرێت، یان دەسەڵات دەخاتە ژێر بەرپرسیارەتییەوە بۆ چاکسازی، بەڵام، کە دەڵێت (نابێت چیتر ئێوە، ستەمکاریو ناعەدالەتیو گەندەلی قبول بکەن) ئەمە راستەوخۆ رووی پەیامەکەی لە(ئێوە) کردووەو گریمانەی ئەوە دەکرێت هۆشداریو لەهەمان کاتیشدا فەرمان بەگوێگرو وەرگر بدات، بۆ ئەوەی ئەم حالەتانە قبوڵ نەکەن، گریمانەی هاندانو جۆشدان دەکرێت، گریمانەی پاساوهێناونەوە بۆ نارەزایەتی بهێنێتەوە، یاخود، کە دەڵێت (برای موسڵمان) ئەوە (ئێوە/ تۆ) دەگرێتەوە. گرینگ لەتەک ئەم دوو پێکهاتە سەرەکییە راستەوخۆیەی گوتار، لایەنی سێیەمیش هەیە، کە هەندێکجار زۆر کاراو کاریگەر لەنێو گوتاردا دەردەکەون.

لایەنی سێیەم کەسانی هاوبەشو شاراوە دەگرێتەوە، رەنگە پێمان سەیر بێت، پێچەوانەی هەموو زاناکانی دیکەی ئەم بوارە شیکارییەی زمانەوانی، ئێمە لایەنگیری ئەوە دەکەینو دەریدەخەین، کە بەتایبەتیش لەزمانی کوردیدا رۆڵی کەسی سێیەم (ئەو/ ئەوان) بەشێوەیەکی زۆر کارا لەنێو گوتاردا دەردەکەوێت. بۆ نموونە (ئەو بەمنی راگەیاند، کە چی دیکە خۆم بۆ تۆ بەکوشت نەدەم، ئێوە شایانی رێزو هاوکاریو پیاوەتی نین، بەڕاستی ئەوان پیاوەتییەکی زۆر باشیان لەگەڵ کردم، کە دەربارەی تۆ/ ئەو روونکردنەوانەیان پێدام). واتە

ئەوەی لەنێو گوتارەکەدا کردە قسەییەکە رادەپەڕێنێت، نێرەرە، (ئەو)ە. راستە (من) قسەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام کردەی راستەقینە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ (ئەو)ە، کە بە(من)ی راگەیاندووە. ئینجا (من) جارێکی دیکە بەئاشکرا بە(تۆ/ی گوێگرو وەرگر) دەڵێمەوە، کە قسەکانی ئەو دەربارەی (ئێوە)/ کە هەر (تۆ) دەگرێتەوە، بەڵام بۆ رێزگرتن بە(ئێوە) نێوی دەبات.

واتە لەم دۆخەکدا کەسانێک هەن بەشاراوەیی، یان راستەوخۆ بەشداری بەکردەی گوتارو بەدیهێنانی کردە قسەیی دەکەن، کەسانی چالاکو حەقیقیو بەرجەستەن.

لەگوتاری ئیسلامیدا گەلێکجاران دەڵێن: (خوا ئەمرمان پێدەکات)، (ئەوان ستەمکارن)، یان (ئەوان ئیماندارنو ئیمانیان بەهێزەو ئەوان ناترسن). (ئەوان بەتۆیان گوت)، واتە لەم سێ رستەیەدا یەکەمیان (هەواڵدانە، زانیارییە، دڵنایی دانە). واتە مەبەستی سەرەکی جەختکردنەوەیە (ئەوان)ە، کەسی سێیەمی کۆیە، بەڵام ئەوان کاتێک بە تۆ دەڵێن، رێک شوێنی (من/ ئێمە) دەگرێتو هەمان ئەرکو کارو مەبەست دەگرێتەوە، کە بریتییە لەپڕۆسەی گەیاندنو پەیوەندیکردن لەنێوان (ئەوانو تۆ)دا. وابزانین هەنووکە روونە، خاوەنەکانی ئەم تیۆرە، کە جەخت لەسەر رۆڵو ئەرکی (منو تۆ)/ (نێرەرو وەرگر) کردۆتەوە، بیریان لەرۆڵی کەسی سێیەم، یان جێنێوە شاراوەکان، کە کەلوپەلو بێ گیانەکان نەکردۆتەوە لەو رۆڵەی لەبەدیهێنانی کردە قسەیی لەگوتاردا دەیبینن، کە دەتوانن رۆڵێکی هێمایی لەگەیاندنی پەیامو مەبەستەکان بەگوێگر ببینن. (بەرد هاتە دەنگ، ئەو نوقەی نەکرد).

### ٢-٥ گوتاری سیاسیو گوتاری ئیسلامی سیاسی

دەکرێت لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی- دەوروبەر، کە بنەمای بنەڕەتییە بۆ شیکردنەوەی گوتار، بۆ واتاو پێناسەکردنی واتاش لەڕوانگەی زمانەوانی هەمان شت بکرێت، (مالینۆسکی) ئەنترۆپۆلۆجی ناسی پۆلەندی لەبارەی

تیۆری واتاو زمانەوە، لەبارەی لێکۆڵینەوە لەواتا «باری دەوروبەر»ی کردە بنەمای کاری خۆی، ئەو رستە بەیەکەی سەرەکی زمان دادەنێتو بەئامرازێکی کۆمەڵایەتی گرنگی لەقەڵەم دەدات، رای وابوو، کە واتای هەر وتەیەک تەنیا بەپێی باری دەوروبەری ئەم وتەیە دیار دەکرێت، بەم پێیە «واتا» بەبەکارهێنان لەقەڵەم دەدات. (شێرزاد سعید صدیق: ۲۰۰۸، ۵). تەنیا فیرث مەسەلەی واتا لەزمانو بەکارهێناندا وردتر شی دەکاتەوە بەو پێیەی واتاناسان واتای وشە بەبەکارهێنانی لەزماندا لەقەڵەم دەدەن. بۆیەشە ئاساییە واتای وشە بەپێی باری دەوروبەر وای کردووە، کە زۆرجار تاکە وشەیەک چەند واتایەکی جیاواز وەربگرێت، کە دوورن لەواتا فەرهەنگییەکەی. لەوەش پتر لای فێرث واتا بریتییە لەدەنگو رێزمانو لێکسیک لەباری دەوروبەر، هەرچەندە، کە پێناسەیەکی روونو تەواو نییە بۆ باری دەوروبەر (هەمان سەرچاوە: ٦) . پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە دەوروبەر لای فرێث چی دەگرێتەوە، بۆیە ئەم ئامـاژە پێویستە، چونکە شیکاری پراگماتیکی گوتار پەیوەندی بەدەوروبەرەوە هەیە، دەوروبەری گوتاری ئیسلامی سیاسیش، دەوروبەرێکی هاوبەشو لەهەمان کاتیشدا جیاوازە لەدەوروبەری عیلمانی. فێرث دەوروبەری لەڕووی پێکهاتەوە کردۆتە سێ بەش، مەبەستمان پێکهاتەی زمانییە:

**یەکەم**/ کەسایەتی قسەکەرو گوێگر، کە ئاستی رۆشنبیریو ئامادەبوونییان لەگفتوگۆو کۆمەڵێک نیشانەی نازمانی وەکو جوولەی دەستەکانو نیشانەکانی دەموچاو ... تد.

**دووەم**/ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانو بابەتە پەیوەندیدارەکان بەگفتوگۆ، ئەو شوێنەی گفتوگۆکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، باری ئاووهەوا، باری رامیاری، هەروەها هەموو ئەو شتانەی کاریگەریان لەسەر شێوازی ئاخاوتن لەگفتوگۆدا هەیە.

**سێیەم**/ کاریگەری دەقی ئاخاوتن (رووداوی گفتوگۆ، یان شێوازی قسەکەرو گوێگر) لەسەر کرداری زمانی، وەک گریان، پێکەنین، سوکایەتی کردن، پیشاندانی ژانو نارِازیی بوون. (هەمان سەرچاوە:۷).

## ٦-٢ تایبەتمەندی گوتاری سیاسی

پێش ئەوەی باسی گوتاری ئیسلامی سیاسی بکەین، پێویستە تایبەتمەندییەکەی بەشێوەیەکی گشتی دیاربکرێت، کە گوتاری سیاسی چ دەگرێتەوە، دیار کەمال عەلی لەچوار خاڵدا تایبەتمەندی گوتاری سیاسی دیارکردووە، بەمجۆرە:

**یەکەم**/ گوتاری سیاسی گوتارێکی گوزارشتکەر نییە لەبونیادێکی رووتی زانستی، بۆیە رستەی شیکاریو لێکدانی لەدەقی گوتاری سیاسیدا، بوونییان کەمترە.

**دووەم**/ بەجۆشخستن (استثارە)ی رەمزەکان، نێرەری گوتاری سیاسی بۆ پەسندکردن یاخود پەسند نەکردنو رەتکردنەوە شتێک (بیرێک یاخود دامەزراوەو سیستەمێک)، لەلایەن وەرگرەوە، پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانو جۆشدانی چەند رەمزێکو ئەوەی مەبەستییەتی بەو رەمزەوە پەیوەندییان دەکات.

**سێیەم**/ بەکارهێنانی لێڵی، بەشێوەیەکی گشتی گوتاری سیاسی پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی لێڵی زمانی، بەتایبەتی لێڵی واتایی، گوتاری سیاسی لەرێگەی بەکارهێنانی وشەو دەربڕینی نادیارو فرە واتاوە، لێڵی دەهێنێتە ئاراوە.

**چوارەم**/ گوتاری سیاسی بەمەبەستی بەدیهێنانی ستراتیجییەتی نێرەرە: بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، نێرەر پەنا دەباتە بەر ئەو مێتافۆرە دەربڕینە زمانیانەی، کە لەژینگەی کەلتووریو دەوروبەری واقیعی ژیانی وەرگرەوە نزیکە، چونکە وەرگران سەر بەگروپی کۆمەڵایەتی دیاریکراون، ئەمەش وادەکات لەڕەوشتی گشتی لەنێو هەمان کۆمەڵدا هاوبەش بن. (دیار کەمال عەلی،٢٠٠٩، ٢٣-٢٥).

**پێنجەم**/ ئەنجامی گوتارەکە، بەرای من پێوستە بەپێی تێگەیشتن لەتیۆری کردە قسەیی، کە بایەخ بە ئەنجام بدرێت لەپرۆسەی بەدیهێنانی گوتاری سیاسیدا، چونکە (نێرەرو وەرگر) هاوبەشو یەکسانن، هەروەها ئەنجام پەیوەستە بەکاردانەوەو تێگەیشتنو سەر لەنوێ دروستکردنەوەی گوتارەکە

لەلایەن وەرگرەوە. بەمەش گوتاری سیاسی بەتایبەتی لەکۆمەڵگەی داخراودا، لەسیستەمی شمولی سیاسیدا بایەخ بەکردەی ئەنجام، یان ئەنجام دان لەلایەن گوێگرەوە نادات. بۆ نموونە کاتێک گوێگر، یان وەرگر وەکو بەرئەنجامی وەرگرتنو تێگەیشتنو لێکدانەوەی قسەی قسەکەرەکە دەڵێت:

- ئەمە سیاسەتێکی خراپە، درۆیە، مەترسیدارە........ کەواتە نارازییە.
- دەنگ بە هەق دەدەم............. کەواتە رەزامەندی دەردەبرێت، ناهەقی رەتدەکاتەوە، بیرکردنەوەی تێدایە.

## ٢-٧ تایبەتمەندی گوتاری ئیسلامی سیاسی

سەرەتا دەبێت ئەوە دیاربکەین، کە گوتاری ئاینی چییە؟ کە هەندێک بەمجۆرەیان دیارکردووە: نامەیەکە لەڕووی نێوەڕۆکو پێکهاتەو زماندا، نێرەر ئەو کەسەیە، کە بەرپرسیاریەتی گەیاندنی نێوەڕۆکی گوتارە ئاینییەکەی لەسەر شانە، وەرگریش جەماوەرە، کە نامەکەی ئاڕاستە دەکرێت تاکو لەژیانی خۆیدا سودی لێوەرگرێت، ئامرازە پێویستو گونجاوەکانی پەیوەندیکردنیش دەزگاکانی راگەیاندن بەهەموجۆرەکانیو چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکەلنەلۆجیای نوێ دەگرێتەوە، سەرباری گرینگی بایەخدانی ئەو کەسانەی هەڵسەنگاندنو بەدواداچوونی بەردەوام لەئاستی تاکەکەسی، یان کەسی بانگەوازخواز، یان لەئاستی دامودەزگای بانگەوازخوازو کۆمەڵگە بەگشتی دەکەن.

**(من بين قضايا العصر الضرورية المشروعة والمعقدة والمتداخلة http:// archive.aawsat.com).**

ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا لەڕووی رۆحییەوە هەمیشە دەیانەوێت گوتارەکەیان تێکەڵی زمانی دەربڕینی (پیرۆزییو بۆنە) ئاینییەکان بێت، واتە بەشێک لەگوتارەکانیان بەئایەتو فەرموودە پیرۆزییەکانی ئاین دەست پێدەکەنو دەوڵەمەندی دەکەن، ئەمەش لەرێگەی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکەوەیە:

**یەکەمیان**/ رەخنەگرتن لەمجۆرە گوتارە، دەخرێتە نێو ئیشکالیەتی ئاینی، واتە رەخنەگرتن لەگوتاری ئیسلامی سیاسی، بەواتای رەخنەگرتن لەخودی ئاین لێکبدرێتەوە.

**دووەم**/ زمانی ئەمجۆرە گوتارە بۆ کۆمەڵگەیەکی موسڵمان شیاوە، مەعریفەی مێژوویی، ترس لەدوارۆژو رۆژی ژیانەوەو لێپێچینەوەو سزای قەبر دەبنە، زەمینەیەکی پتەو بۆ ئەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسی بە (پیرۆزو زمانی پیرۆز) پێشوازی لێبکرێت.

**سێیەم**/ بەشێک لەگوتاری ئیسلامی سیاسی، کە دەکرێت بڵێین زۆرینەیە وەکو زمان پشت بەزانستی رێزمانی عەرەبیو زانستی زاراوەکانو رەوانبێژییو زانستی واتا دەبەستێت، کە ئەمانەش تێری پێداویستییەکان ناکەن. چونکە لێرەدا پێشکەوتنێکی گەورەو فراوان لەزانستی زمانو شیکردنەوەی گوتار لەرۆژئاواو لەزمانی کوردیشدا بەدیهاتووە، لەوانە مێژووی ئاینەکان، ئاینی بەراوردی، زانستی کۆمەڵناسی، ئەنسرۆپۆلجیای ئاینی، سایکۆلۆجیای کۆمەڵایەتیو شیکردنەوەی دەروونیو زمانەوانی. (نصر حامد ابو زید:٢٠٠٨، ١٢٢).

**چوارەم**/ نێواقیعبوونو بایەخدانی زیاد لەرادەی سروشتی بەلایەنی میسالی ژیانی پێشینانو وێناکردنی وەک فریشتەو سوپەرمانو مرۆڤی ئەفسانەیی، دیارە بەمەبەستی چاولێکردنو سودلێوەرگرتن. بەڵام لەراستیدا ئەو شێوازە لەگوتار زۆرجار کاریگەری سەلبی جێدەهێڵێت لەسەر لایەنی دەروونیو رۆحی گوێگرەکان. (هادی عەلی:٢٠١٥، ٤١).

**پێنجەم**/ لایەنێکی دیکەی زمانی گوتاری ئیسلامی بەگشتیو لەهەرێمی کوردستان بەتایبەتی، نەبوونی جورەئەتو توانای فیکری پێویست بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی مەنتیقیو گرتنە بەری پرۆسەیەکی رەخنەیی زانستیانە لەمەڕ کەلەپوورو بەرهەمەکانی مێژوو لەرووی فکرییو فقهیو سیاسییەوە، بەمەبەستی جیاکردنەوەی ئەو باسو بابەتانەی، کە لەگەڵ بەهاو بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلامو رۆحی سەردەم ناگونجێن. (هادی عەلی:٢٠١٥، ٢٣).

**شەشەم**/ وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، رەنگە ئەمە گوتاری حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان بەشێوەی راستەوخۆ نەبێت، بەڵام کەسانێک هەن، لەچوارچێوەی داکۆکی لەپیرۆزییەکانی ئاین، زمان بەکاردەهێنن، بۆ کردەی برینی زمان، واتە (سەرکوتو لێدانی ئازادی فکرو سزادان)، زاراوەی (زمانبڕین) دەبێتە گوتارێک، کە زمان خۆی سزای خۆی دەدات. بۆیە بانگەشەکردن بۆ «زمانبڕین» لەسەر رادەربڕین دیاردەیەکی ترسناکە، بەتایبەت ئەگەر ئەو بانگەشەیە لەلایەن کەسانێکەوە بێت، کە خۆیان ئامرازی چالاکییەکەیان زمانەو هەموو کات قسە دەکەنو دوور نییە رۆژێک بێت ببن بەداوای زمانییەوەو خەڵکێک داوای زمانبڕینی ئەوان لەدەسەڵات بکات. (عومەر عەلی عەزیز:٢٠١٠، ٨٢). کەواتە لەڕوانگەی شیکاری پراگماتیکی بەپێی تیۆری کردە قسەیی، بۆمان ساخ دەبێتەوە ئەمجۆرە گوتارە ئیسلامییە دەربڕی (فەرمانی سزادانە، توندڕەوە، رەتکردنەوەی رەهایە، بڕوای بەیاسای مەدەنی نییە، شەریعەتی ئیسلامی دەکاتە بنەما بۆ بڕیارەکەی). واتە لەنێوان عەقڵانیەتو هاوچەرخبوونو گەڕانەوە بۆ هێزی رەهای دەسەڵاتی ئاینی بۆ سزدانی گومڕایەکان، ئەوەی سێیەمیان دەڵدەبژێرێت، کەجۆرێک لەدابڕان لەسەردەم دروست دەکات.

**حەوتەم**/ زمانی گوتاری ئیسلامی سیاسی گەڕانەوەیە بۆ سۆزی مێژوو، گەڕانەوەیە بۆ رووداوە ئیسلامییەکان، ژیانی پێغەمبەرو هاوەڵەکانی، لەسەردەمو شوێنێکی کۆندا. بۆیەشە ئەمە وایکردووە، کە هەندێک لەرۆشنبیرانی ئیسلامی بڵێن: گوتاری ئاینی ئەم سەردەمەش بەشێوەیەکی گشتی پشت بەستووە بەو رابردووەوەو راستەوخۆ کار بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەو کۆپیکردنی دەکات، بەبێ ئەوەی گرینگییەکی جدی بدات بەو هەموو گۆڕانکارییو پێشکەوتنە لەڕادەبەدەری، کە هەموو جیهانی گرتۆتەوە، ئامادەیی بۆ تێپەڕاندنی ئەو رابردووەو خۆ نوێکردنەوە لەئاستێکی زۆر لاوازدایە. (هادی عەلی:٢٠١٥، ١٣). تاکو دەگاتە ئەوەی کەسێکی وەکو (ملک بن نبی) لەجەزائیر بڵێت (شارستانی ئیسلامی لەڕووی سیاسییەوە شارستانیەتێکی نەخۆشە)، چونکە ئیستبدای

سیاسیو تاکڕەوی مۆرکی سیستەمی حکومڕانیەتی دەوڵەتی خەلافەت بووە. (هادی عەلی:٢٠١٥، ١٨).

**هەشتەم**/ لەڕووی زمانەوە جۆرێک لەگوتاری ئیسلامی سیاسی لەنێو دەسەڵاتی عیلمانی بەپاڵپشتی دەسەڵات کار دەکاتو داکۆکی لەچەمکە نیشتیمانییەکان بەپێی تێگەیشتنو فکری ئیسلامی دەکەن، گوتارێکی دیکەی مۆدێرن لەنێو بزاڤی ئیخوانی مۆدێرن دروست بووە، کە پێی وایە دەبێت عەقڵ بکرێتە پێوانە، هاوچەرخبوونو نوێبوونەوە بکرێتە ڕێبازی سیاسی لەنێو ئایندا. سەرباری بوونی زمانێکی دیکە، کە سەلەفییەکانن، ئەوانیش دەیانەوێت بڵێن ئێمە سود لەتەکنەلۆجیا وەردەگرینو شەرعیشیان لەدەقی باڵاو پیرۆزەکان سەرچاوە دەگرێت، ئەمەیان خاوەنی گوتارێکی رەخنەگرە لەئیسلامییە مۆدێرنەکان، هەروەها کاریش دەکات بۆ گونجان لەگەڵ حوکمی سەردەمدا.

لەپێشتریش ئاماژەمان پێکرد، گوتار پەیوەستە بەدەوروبەر، لەڕێگەی پەیوەندیکردنەوە کار دەکات، مەبەستە (ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆکەی) بگەینێتە (وەرگر/ گوێگر). بۆیەشە ئەم پرۆسەیە ئەگەر لەهەندێک کاتدا لەدەرەوەی زمان لەڕێگەی جووڵەو بەکارهێنانی زمانی ئاماژەو نیشانەکان بێتەدی، بەڵام زمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەدیهاتنی گوتار. گوتار لەکردەوەداو لەبەکارهێناندا ئاماژە بۆ پێشەوە، یاخود دوواوە دەکات، هەروەها ئاماژە بۆ گوێگرو جیهان دەکات، ئەمەش پێوانەی کۆتایی زمانە، کە بەئاکارەکەی دەردەکەوێت گوتارە. (بول ریلور:٢٠٠٦،٥٢). واتە کاتێک جوولە بۆ پێشەوە یان دوواوە هەبێت، ئەمە پەیوەستە بە(شوێنو کات)، ئینجا (نێرەرو وەرگر)، کە لەدەوروبەردا هەیە، کەواتە ئەم پەیوەندییە لەنێوان زمانو قسەکردن بەڕوونی لەگوتاردا بەرجەستە دەبێت. هەرچەندە گوتار پابەستی (گوتن/ گۆکردنو قسەکردن)ە، بنەمای پێکهاتنی گوتار بەدیاردەکەن، لەهەمان کاتشدا زمان، کە رۆنانی سیستەمی زمانی دەگرێتەوە، ئەگەر زمان (نێوەوە)ی سیستەمەکە بێت، ئەوە گوتار (دەرەوەی) سیستەمی زمانو قسەکردن دەگرێتەوە. بۆیە

کاتێک بمانەوێت شیکاری گوتار بکەین، لەهەندێک بواردا دەبێت پەنا ببەینەوە بەر ئاستەکانی زمان وەکو (وشە، رستە، واتا)و کاریگەریان لەنێو گوتاردا، هەروەها کەباسی (نێرەرو وەرگر)و (بەشدارەکانی دیکە)ی نێو گوتار دەکەین، دەبێت باسی رۆڵی (جێنێوەکان / کۆو تاک) بکەین، باسی (جێنێوە لکاوەکانو رۆڵی بکەر نادیار)ەکان بکرێت، کە کاریگەریان لەسەر دیارکردنی ئاڕاستەی گۆکردنی گوتارەکەو چۆنیەتی گەیاندنی مەبەستەکان هەیە. ئەمانە لەهەندێک بواردا، دەبنە هێڵی دیارکەری نێوان گوتاری راستەوخۆو ناڕاستەوخۆش. واتە هەرچەندە گوتار پەیوەستە بەقسەکردن، بەڵام دیسان بۆ دۆزینەوەی هەندێک لەگرفتە نێوەکییەکانی گوتار، دەبێت پەنا وەبەر شیکردنەوەی هەندێک لایەنی سیستەمی رۆنانی زمانو ئاستەکانی ببرێت، بەتایبەتیش لەبواری شێوەگەراییو واتاسازی

# بەشی سێیەم

## ٣- ١ شیکردنەوەی گوتار

شیکردنەوەی گوتاری سیاسی/ ئاینی بەچەند شێوەو جۆرێک بەدی دێت، ئەم شیکردنەوانەی دەشکرێت وابەستەیە بەچەمکو تێگەیشتنی سیاسیو زمانەوانی بۆ کردەی گوتار نەک دەقی گوتار، بۆیە دەڵێم کردەی گوتار، چونکە من پێم وایە گوتار هێندەی لەکردەی گوتنو دابەشکردنی پێکهاتەو یەکەی گوتار بۆ سەر گوتنەکان گونجاوە، رەنگە هێندە دابەشکردنی بەسەر دەقو ئاستەکانی زماندا خزمەت بەشیکاری گوتار بەتایبەتیش لەڕوانگەی پراگماتیکی نەکەن. واتە شیکاری گوتار سنوری شیکاری دەق تێدەپەڕێنێت، شیکردنەوەی دەق بریتییە لەلێکدانەوەی نێوەکی لەچوارچێوەی دەقو ئەو سنورەش تێناپەڕێنێت، بەڵام شیکاری گوتار پێویستی بەوە هەیە، پێداچوونەوە بەو دۆخە بکرێت، کە بۆتە بەرهەمهێنی خودی گوتارەکە لەدەوروبەری (زمانیو دەرەکی)، هەروەها شیکاری گوتار بەرەو ئەوەیە، کە تێڕوانینی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی بەکاربهێنرێت، بەڵام شیکاری دەق خۆی لەچوارچێوەی شیکاری زمانەوانی دەبینێتەوە، یاخود بەجۆریکی دیکە بڵێین شیکردنەوەی دەق خۆی لەکەرەستەی قسەکردنو شێوەو رۆنانەکەی دوور لەنێوەڕۆکو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی دەبینێتەوە، کە ئەمەی دواییان واتای شیکردنەوەی گوتار دەگەیەنێت. (محمود عکاشە:٤٥،٢٠٠٥).

لەبوارێکی دیکەدا، کە شیکاری گوتار دەکەین دەبێت ئاماژە بەبۆچوونێکی (گولد شیلگەر) بکەین، کە گوتار دابەشی سەر گوتاری (وشەکانو ڕۆنان) کردووە، کە ئەویش بەمجۆرەیە:

**یەکەم**/ گوتاری وشەکان: ئەمەش لەچوارچێوەی کردەی پەیوەندیکردنی زمانی دەردەکەوێت، وەکو:

آ- بەکارهێنانی زمانی هاوبەش لەنێوان نێرەرو وەرگر.
ب- لایەنی پەیوەندیکردن یەک گونجانی هەبێت.
ج- ڕوونی لەپەیامەکەدا، چونکە ئەرکی گەیاندنی هەیە، سەرباری تێگەیاندن، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە نێرەر حوکم لەبارەی بابەتەکانی خۆی بەکاردەهێنێت، یان بابەتەکان لەگەڵ وەرگر دەگونجێن، تاکو ئەرکی گەیاندنەکەی بەدیبهێنێت، تاکو ئاستی ئەوەی کاری تێبکاتو بڕوای پێبهێنێت بەپێی بابەتەکەیو ئەو مەبەستەی نێرەر هەیەتی.

**دووەم**/ گوتاری ڕۆنان: ئەمە ئەو شێوازە زمانییەیە، کە نێرەر بەکاری دەهێنێت، تاکو دەگاتە ئەوەی ڕوونی ئامانجە بنەڕەتییەکانی گوتارەکە پێکناهێنێت، بەڵکو دەبێتە هۆی داتەپاندنو لێڵکردنی پەیامەکە، ئەویش لەڕێگەی دروستکردنی شێوازێکی زمانیی دژو ئاڵۆز، لەپێناو ڕێگەگرتن لەگفتوگۆو ئەقڵانیەتو ڕایە دژەکان (ئۆپۆزسیۆن)و، ئەمەش دەبێتە بەدیهێنی شێوازێکی تایبەت بەنێوەڕۆکەوە، کە لەڕوانگەی خۆییەوە داڕشتووەو بەسەر وەرگریشی دادەسەپێنێت.، چونکە ئامانجی سەرەکی گفتوگۆو بیروڕا گۆڕینەوە نییە، بەڵکو لەبنەڕەتدا ئامانجی (ئامۆژگاریو ملکەچ پێکردنو پەرستنە) بۆیەشە گوتاری دەسەڵات گوتارێکی گشتگیرەو کۆتابڕەو لەدیماهییەوە دەگوترێت، بۆیە پێویستی بە پلارو قسە لەسەرکردن نییە، کار دەکات لەسەر (پڤدانی پڕکردنەوەی وشەکانو بیرۆکەکانو ئاڕاستەکردن). (هەمان سەرچاوە:٤٦).

واتە دەکرێت لەخاڵی دووەمدا هاوبەشییەکی زۆر لەنێوان گوتاری دەسەڵاتو گوتاری ئیسلامی سیاسی دیاربکرێن وەکو:

### ٣-٢ هاوبەشی لەئامۆژگاری (سیاسیو ئاینی)

هاوبەشی لە (ملکەچپێکردنی وەرگر، بەنێوەڕۆکی سیاسی بابەتەکە، یان بابەتو چیرۆکە ئاینییەکان)

هاوبەشی لە(لێسەندنەوەی دەسەڵات لەوەرگری گوتار، لەچۆنیەتی کاردانەوەو شیکردنەوەی وەبەرهێنانەوەی سەر لەنوێی گوتارەکە) رەنگە لەمبوارە گوتاری ئیسلامی سیاسی بەهۆی وابەستەبوون بە(سەرچاوەی دەقی باڵاو دەقی پیرۆز)و (قورئانو سوننەت)، هیچ دەرفەتێکی ئازاد بوونی بۆ گوێگر نەهێڵێتەوە. گوتاری خێڵەکی لەسەدەکانی رابردووی کوردستاندا، وەرگری وەکو کۆیلە سەیر دەکرد، جا ئەمە گوتاری دەربەگو خاوەن زەویو زار، یان مزگەوتو ئاین بووایە.

هاوبەشی لەپەرستن؛ لەم بوارەشدا دووجۆر پەرستن لەنێو گوتاری عیلمانیو ئاینی لەنێو گوتاری کوردیدا بەدی دەکرێت:

پەرستنێکی سیاسی، کەسییو مێژووو رابردووو رەمزە نیشتیمانییەکانە. ئەوی دیکەشیان پەرستنێکی سیاسی ئاینییە، کە لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکان، گروپە ئاینییەکانی ئیسلامی، تەوژمو فکرە جیاکان نوێنەرایەتی دەکەن، پەرستنێکی خوداییو ئاینی لەگوتارەکانیان بەکاردەهێننو لەپێناو بەهێزکردنی بنەمای پەرستنی سیاسیی رۆژانە، کە باس لەشەرعیەتی (ئیجتهادو دەوڵەتدارییو مۆدێرنەی سیاسی ئاینیو گونجان لەگەڵ سەردەمەکانو نوێبوونەوەو هاوچەرخ بوون) دەکات. واتە ئەم هاوبەشیانەو هەندێکی جیاوازیش لەنێوان گوتاری سیاسی عیلمانیو ئیسلامی سیاسی هەیە، کە دەکرێت شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.

ئامانجی شیکردنەوەی گوتار، دۆزینەوەی ئەو شێوازو رێگەو ئامانجو مەبەستانەیە، کە نێرەر دەیەوێت مەبەستە سیاسیو ئاینییەکانی خۆی پێ بگەیەنێتە وەرگر، واتە زۆر گرینگە لەم شیکردنەوەیەدا بایەخی (پەیوەندیکردن)

پشگوێ نەخرێت، چونکە شێوازو ئامرازو ڕێگەو ئامێرەکانی گەیاندن، کە بریتین لەکردەی پەیوەندیکردن زۆر گرینگن لەچۆنیەتی گەیاندنی مەبەستو نێوەڕۆکو بابەتەکانی گوتار. واتە نێرەر دەتوانێت ڕێگەی پەیوەندیکردن لەپێناو گەیاندنی پەیامەکەی بەوەرگر هەڵبژێرێت، وەکو چۆن ئامانجیشی (کارتێکردنو جولاندنو بەدیهێنانی کردەیەکە) لەڕێگەی بەکارهێنانی گوتارەکەی.

لەبیری نەکەین شێوازی شیکردنەوەی گوتاریش لەئاستی زمان، یان پێکهاتەی گوتاریش هەیە:

لەئاستی زمان شیکردنەوەی بۆ (وشە، رستە، واتاو دەق) ئەنجام دەدرێت، بەڕای من لەئاستی گوتاریش دەکرێت، شیکردنەوەی پراگماتیکی بەهەموو ئاڕاستەو ڕێبازەکانییەوە بکرێت، هەروەها گوتار وەکو کردەیەکەی (پەیوەندیکردن/ گوتن/ دەوروبەر) شیکردنەوەی بۆ بکرێت، بۆ؟ چونکە کردەی پەیوەندیکردن یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی گەیاندنی ئامانجو مەبەستی ئەو پەیامەی، کە نێرەر دەیەوێت ئاڕاستەی وەرگری بکات. ئەمەش لەچوارچێوەی کردەی گوتن/ قسەکردن دێتە دی، واتە قسەکەر پڕۆسەیەکی فرە ڕەهەندو ئەرکو شێوازی هەیە، بۆ دۆزینەوەی گوێر/ وەرگرێکی گونجاوو لەبار بۆ وەرگرتنی گوتارەکەی هەیە، واتە دۆخی وەرگر هیچی کەمتر نییە لەدۆخی نێرەر، نێرەر دەبێت لەچوارچێوەی قسەکانیدا بزانێت وەرگرەکەی لە چ ئاستێکی (کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، فکری، جوگرافیو دەروونی) دایە، بزانێت توانای وەرگرتنی پەیامەکەی چەندە. ئینجا (دەوروبەر) وەکو شیکردنەوەی پراگماتیکی دێتە پێشەوە، کە زمانەوانی نوێو هاوچەرخ، زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو گوتار وەکو پڕۆسەیەکی وەبەرهێنانی کردەیەکی کاریگەرو زیندوو لەچوارچێوەی دەوروبەر لە دەرەوەی ئاستەکانی زمان لێکدەدەنەوە. ئەم (دەوروبەرە) کۆمەڵایەتییە، دەرەکییەو لەدەرەوەی پێکهاتەو یەکەی زمان دایە، واتە پڕۆسەیەکە لەنێوان (مەرعیفەو وەحی)، ئەمەش یەکێکە لەگفتوگۆیە ڕاشکاوەکانی نێوان گوتاری (عیلمانیو ئاینی). هەرچەندە

بۆچوونە ئیسلامییە هاوچەرخەکان دەیانەوێت (مرۆڤو کردەوەکانی) بکەنە سەرپشک، نەک خودی سەرچاوەی باڵاو دەقی پیرۆز، لەچۆنیەتی بەدیهێنانی ئەو دەوروبەرە نوێیە، بەڵام دیسان ئەمە واتای نەبوونی کێشەو ئیجتهادو لێکدانەوەی جودا جودا ناگەیەنێت، چونکە گوتاری ئیسلامی سیاسی هەرچەندە گروپێک بیەوێت وەکو میتۆدێکی کۆمەڵایەتی، لەژێر کاریگەری شیکاری زمانەوانی نوێ، شیکاری گوتارو پێکهاتەی گوتاری سیاسی ئیسلامی بکەن، بەڵام هێشتا لەگرفتو پەیوەندییو ئاڵۆزییەکانی ئەم بوارە دەربازیان نەبووەو نەبوونەتە خاوەنی گوتارێکی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی ئاینی.

کاتێک بمانەوێت رستەیەکی لەمجۆرە شی بکەینەوە لەڕووی زمانەوانییەوە، کە دەڵێت: (دەستهەڵات هەر یا هشیارە). دەتوانرێت ئەم رستەیە بەپێی ئاوازی گوتنەکەی ببێتە رستەیەکی (راگەیاندن)، یان (پرسیار)، یان (سەرسوڕمان). (شێرزاد سەبری عەلی:٢٠١٣،١٩). بەڵێ ئەمە لەگوتندا، بەهۆی ئاوازەی گوتنەکەی چەند ئاڕاستەو ئەگەرو مەبەستو رەهەندێک لەبەردەم گوێگرو توێژەر دروست دەکات. بێگومان لەشیکردنەوەدا هەتا، توڕەییو هەڵچوونو گۆڕانی رەنگو چۆنیەتی جووڵاندنی بەشەکانی جەستەو بەکارهێنانی زارەکانو زاراوەی تایبەتو بەکارهێنانی دەست لەتۆقەکردن لەگەڵ وەرگرو سەڵاو ... تد کاریگەریان دەبێت لەسەر چۆنیەتی گەیاندنی پەیامەکە.

### ٣-٣ لایەنی دەروونی نێرەو زمان

لایەنێکی دیکە شیکاری گوتار، وابەستەیە بەچۆنیەتی خوێندنەوەو لێکدانەوەی باری دەروونی خودی زمانو ئینجا باری دەروونیو پێکهاتەی دەروونی نێرەر، بۆچی چونکە زمان لەتەک پێکهاتەی رۆنانی زمانیی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو ئەرکیو دەروونیشی هەیە. هەر زاراوەو وشەو پەیڤێک لەچوارچێوەی دەوروبەری تایبەتو دیارکراوی خۆیدا، پێکهاتەیەکی دەروونیشی هەیە، ئەو پێکهاتە دەروونییە، لەچوارچێوەی گوتاردا بەدیهێنەری کردەیەکەی دەروونی ئاشکراو روونە.

لەم بوارەدا بایەخ بەهەندێک لایەنی لەمجۆرە دراوە، وەکو:

**یەکەم**/ لایەنی دەروونی، کە رەفتاری زمانو چۆنیەتی شرۆڤەکردنی سایکۆلۆجیای مرۆڤ دەگرێتەوە، لەپێناو دیارکردنی مەبەستو نهێنییەکان.

**دووەم**/ بایەخدان بەچالاکی قسەکردنو داهێنانی زمانو دەوروبەر.

**سێیەم**/ وروژاندن، کە هەردوو زانستی زمانو دەروونی پەنای بۆ دەبەن.

**چوارەم**/ لێکۆڵینەوە لەرەگەزو لایەنی هەڵچوون، کە بریتییە لە(هێزو ئاوازەو ئەندازەی دەنگیو لادانو دەوروبەرو ... تد.

**پێنجەم**/ زانستی رازیکردن. (هەمان سەرچاوە:٢٢).

لەبارەی پێکهاتەی دەروونی سیاسیو ئاینی لەهەرێمی کوردستاندا دەکرێت لەرێگەی شیکردنەوەی گوتاردا، پێکهاتەو کەسایەتیو نهێنیو مەبەستەکانی نێرەر دیاربکرێن، واتە شیکردنەوەی گوتار، یان شیکردنەوەی زمانی گوتار هەر تەنیا شیکردنەوەیەکی زمانەوانی روتو ئاستو یەکەکانی زمان ناگرێتەوە، بەڵکو لەزانستی نوێی زمانەوانیداو بەتایبەتیش پراگماتیکدا دەتوانرێت بەپشت بەستن بەزانستە مرۆییەکانی دیکە، رەهەندە شاراوەکان، ئەرکە کۆمەڵایەتییو دەروونییەکانی زمان لەئاستی (وشەو رستەو واتا) شیبکرێتەوە.

با نموونەیەکی زیندوو بهێنینەوە، کاتێک ئیسلامییەکی سیاسی یان حزبێکی سیاسی ئیسلامی دەڵێت: (سەلەفییەکان بەکرێگیراوی سعودیەن). (رۆژنامەی ئاوێنە ژمارە٤٧٢ رۆژی ٣١-٣-٢٠١٥). ئەگەر لەڕووی دەروونییەوە ئەم مانشێتە شیبکەینەوە، کە قسەی مامۆستایەکی ئاینی سۆفییەکانە بەنێوی (هاوکار عەزیز عەبدوللا)، لەمزگەتی خومخانە لەسلێمانی، دەردەکەوێت قسەکە لەڕووی دەروونییەوە (رەخنەیە، هەڵچوونە، تۆمەتبارکردنە بە بەکرێگیراوی، تۆمەتبارکردنی سعودییە، کە بەکرێگیراوی لەکوردستان هەیە، سەرباری ئەمانەش نێوزڕاندنی سەلەفییەکانە، کە بەکرێگیراون). ئیجا دەڵێت (سەلەفییەکان ماوەیەک دەبێت هاتوونەتە کوردستان هاوردەکرانو فکرەکەیان

هاوردە کراوە، بەکرێگیراوی سعودیەن، کاک عەبولەتیف موچەی لێببڕێت ئەم کارانەی بۆ دەکرێت؟ وەڵامی من‌و خەڵکیش بداتەوە، کەناڵەکەی لەکوێوە پشتگیر دەکرێت؟ کاک عەبولەتیف دەڵێت ماڵی موسڵمانانە، ئەو ماڵە ماڵی کام موسڵمانانەیە؟ من هیچ باوەڕم بەو قسەیە نییە؟ بەخوا سوێند دەخۆم بەبازنگی مەچەکی ١٠٠ ژنیش ئەو کەناڵە ناچێت بەڕێوە، کە ئەوان دەڵێن ژنێک بازنگی دەستی بۆ هێنێوم تا ئەو کەناڵە دانەخرێت، کاک عەبدولتەیف ئۆتۆمبێلەکەی دەکات بەدرع، زێدە ئیسراف لەئیسلامدا زۆر ناپەسندە). ئەگەر شیکاری دەروونی ئەو گوتارە کورتەی سۆفییەکی تەریقەت بکەن، کە وەڵامێکە بۆ مەلایەکی سەلەفی، بێگومان هەست بەچەند لایەنێکی دەروونی گشتی دەکرێت، وەکو:

**یەکەم**/ درۆ، لەچۆنیەتی دابینکردنی خەرجی کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی.

**دووەم**/ زیادە مەسروف دەکرێت‌و پارە بۆ کاروبارو مەبەستی کەسی بەکاردەهێنرێت، سیفەتێکی ئیسلامی نییە.

**سێیەم**/ نۆکەری بۆ سعودییە.

**چوارەم**/ هەواڵدانی تێدایە، باری دەروونی هەواڵدانەکەش (بازنگی ئافرەتێک‌و سەیارەی دورعە، کە دەکرێت لەحالەتی (سەرسوڕمانیش بن)، یان ئاگادارکردنەوەی رای گشتی بێت. بۆ (هەڕەشە) نەبێت، بەزمانێکی نەرم‌و وەڵامێکی بەڵگەدار.

لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی شیکاری پراگماتیکی گوتار خاوەنی بارێکی دەروونی تایبەتە لەدۆخ‌و بارێکی دەروونی تایبەتدا دەردەکەوێت، بەواتایەکی دیکە گوتار جەستەیەکی زیندووە، لەگەڵ دەوروبەردا گەشە دەکات، رەنگدەداتەوەو کارتێکردن‌و کارلێکردنی تێدا روودەدات.

ئەم سۆفییە ئاینییە دەڵێت: (ئێمە بۆیە رقمان لەسەلەفییە لەبەرخاتری خودا، رق لێبوونەوە لەبەر خوا نیشانەی ئیمانە). (هەمان سەرچاوە: ژمارە٤٧٢،

رۆژی ٣١-٣-٢٠١٥). کەواتە ئەگەر شیکارێکی پراگماتیکی کردە قسەیی بۆ بۆچوونی ئەم سۆفیی ڕێبازە بکرێت، دەردەکەوێت (هێزی گوتارەکەی)، کە بریتییە لەهێزی بەدیهێنانی کردە قسەیی (رق لێبوونەوە) لەدژی (سەلەفییەکان). پێویستی ئەم کردە قسەییەش، یاخود سەرچاوەی هێزی کردە قسەییەکەی دەبەستێتەوە بە(رق لێبوونەوە لەبەر خوا نیشانەی ئیمانە). واتە هێزی کردە قسەییو سەرچاوەی هێزی کردە قسەییو بەدیهێنانی کردە قسەیی وەکو زانای زمانەوایی (ئۆستن) لەکتێبی (How To Do Things With Words) ئاماژەی پێکردووە، لەم گوتارە ئیسلامییەدا جوان بەدەردەکەوێت، کە ئەم سەلەفییە، هەموو لایەکی کردۆتە دوژمنی خۆی، ئەو دڕکە دەچێتە پێی خەڵکەوە، بۆیە لەبەر خاتری خودا رقیان لێی دەبێتەوە، ئەمەش سەرچاوەی ئیمانە. (هێرشکردنە سەر بیروڕای سەلەفییەکانو نێوهێنایان بەموشریکو بەکرێگیراوی سەلەفییەکانو ناڕاستی لەزانیارییو قسەکانیان، خۆکردنە دڕکو بچەقنە پێی خەڵکی دیکە) هۆکارن بۆ بەدیهاتنی گوتارێکی دەروونی رەخنەگرانەی سۆفییانە، بۆ ئەوەی (هەواڵو زانیاریو وشیارکردنەوەو هاندان) نیشان بدەن.

لەڕووی دەروونییەوە لەپرۆسەی پەیوەندیکردندا، گوتار لەبواری ئەرکاندنی زمان دوو ئەرکی دەبێت، یەکەمیان (گەیاندنو گواستنەوەی فکرەکانە)، دووەم (سۆزدارییە) لەمبارەوە ئەرکی زمان دەربڕینی هەستو سۆزو هەڵچوونو ئازاردانی هەستەکانە، لەهەمان کاتیشدا کارتێکردنی لەسەر رەفتاری مرۆڤەکان دەبێت). (ستیفن اولمان:١٩٩٧،٤٠). واتە ئەگەر ئەم ئەرکە لەشیکاری پراگماتیکی لەم دوو نێونیشانەی خوارەوە شیبکەینەوە، کە هاتووە (فاتیح شارستانی پێیوایە سفوریی یان بێ سەرپۆشیی ئافرەت هاوشانە لەگەڵ دزیو زینێو هاوبەشی پەیداکردن بۆ خودا، بەمەش تیرۆری کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی کەسایەتی ژنی سفور دەکات)و ئەوی دیکەشیان هاتووە (ئەم پرۆسەی تەکفیرکردنو پەلاماردانی ئازادییو بەدینیکردنی هەموو بوارەکانی ژیان، پرۆسەیەکە بەئاشکرا لەبەرچاوی دامودەزگاکانی حکوومەتو نوخبەی

ڕۆشنبیرو بزوتنەوەی ئازادیخوازی ژنانەوە بەڕێوەدەچێت). (ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە٤٧٢، ڕۆژی ٣١-٣-٢٠١٥، لاپەرە ١٤).

لەم دوو نێونیشانە، کە لەبابەتێکی ڕۆژنامەوانی وەرگیراوە، چەند ئاڕاستەیەک دەبینین لەڕووی دەروونی زمانەوانییەوە، کە دەبێت شیکردنەوەی بۆ بکرێت، کە یەکەمیان (گەیاندنو گواستنەوەی فکرەکەیە) ئەویش فکرەی توندی ئیسلامییە دژی (سفوری ئافرەتو تاوانبارکردنی بەکۆمەڵێک چەمکو فکرەی ئیسلامی، کە تا ئاستی حەڵاڵکردنی کوشتنی ئەمجۆرە ئافرەتانە دەڕوات)، لەلایەکی دیکەشەوە دەیەوێت فکرەیەکی دیکەی ڕەخنەگرتن بگەیەنێت، کە بریتییە لەترسی (هەڕەشەو تەکفیرکردنی کۆمەڵگەو کەمتەرخەمی حکوومەتو دەستەبژێری ڕۆشنبیرانو خودی بزاڤەکانی ئافرەتانە)، کە بە بەرچاوی ئەوانەوە کارێکی لەمجۆرە لەڕێگەی قسەکردنو گوتار ئاینی ئەنجام دەدرێت. واتە (کردە قسەییەکە) لەڕێگەی وشەی (سفور یەکسان کردن بەدزیو زینێو هاوبەشی پەیداکردن بۆ خودا)، ڕێک کردەی حەڵاڵکردنی کوشتنی ئافرەتانی سفور بەڕەوا دەبینێت، واتە (حوکمو بڕیار)ی لەنێو ئەمجۆرە گوتارانە بەدی دەکرێت، هەروەها کردەی (حوکمدان) هەیە، لەمانشێتی دووەمیشدا کردە قسەیی (وریاکردنەوەو ڕەخنەگرتنو هوشداری) بەدی دەکرێت.

ئەرکی دووەمی زمان لەمجۆرە گوتارەدا وەکو (ستیفن ئۆلمان) ئاماژەی پێدەکات، لەبارەی دەروونییەوە وەها مەبەستەکان شی دەکاتەوە: دەربڕینی هەستو سۆزو هەڵچوونو ئازاردانی هەستەکانە، لەهەمان کاتیشدا کارتێکردنە لەسەر ڕەفتاری مرۆڤەکان. ئەم دوو مانشێتە، کە یەکێکیان لەلایەن نێرەرێکی ئیسلامی فکر توند دەردەکەوێتو گوێگرەکانیشی پێدەچێت گوێگری دیارکراوی ئیسلامی بن، هەروەها نێرەری دووەم پێدەچێت کەسێکی عیلمانی ڕەخنەگر بێت، ترسەکانی خۆی وەکو بەرهەمهێنانەوەی پێچەوانەی گوتارە ئیسلامییەکەو هەروەها ترسی ئەمجۆرە گوتارەش نیشان دەدات. بۆیە وەکو لەئەرکی دووەمدا دیار دەکەوێت (دەربڕینی هەستو سۆز)و

(هەڵچوونی ئازاردانی هەستەکان)و (کارتێکردن لەسەر رەفتاری مرۆڤەکان) دەخوێندرێتەوە. بێگومان راشکاوانە ئەم کاریگەرییانە لەنێو گوتاری ئیسلامیو رەخنەگرتن لەئاڕاستە ئیسلامییەکە بەدی دەکرێت، هەریەکەشیان بەمەبەستو ئامانجو ئەرکێکی جودا رۆڵ دەگێڕن. ئەم زمانە گوتارێکی دەروونی تەژی لەهەڵچوونو کاردانەوەو وروژاندن دروست دەکەن. بۆیە شیکردنەوەی گوتاری سیاسی، بێ رەچاوکردنی دەوروبەری دەروونی زمانو نێرەرو کاردانەوەکانیش، شیکردنەوەیەکی تەواو نابێت.

بێگومان ئەمجۆرە گوتارە بێ رەچاوکردنی لایەنی رازیکردن، یان بڕواپێهێنان بەدی نایەت، نێرەرو قسەکەر هەمیشە کار دەکات لەرێگەی گوتارەکەیەوە سود لە(داڕشتنی هێماکانو کاری وەرگرتنو کردنەوەی هێماکانیش لەئەستۆی وەرگرەکانە، بۆیەشە هەندێک پێیان وایە ئەگەر یەکسانی لەنێوان هزرو بۆچوونەکاندا هەبێت، یان نێرەر بەڵگەو بیانووی بەهێزو راستەقینەی لەقسەکانیدا هەبێت، یان نێرەر فکرو بۆچوونی وەرگر لەقسەکانیدا رەچاو بکات، ئا لەو کاتەدا کردەی کارتێکردنو رازیکردن ئاسان دەبێت، ئەگەر نا نێرەر ناتوانێت هیچ کارتێکردنێک، یان رازیکردنێک لای وەرگر بەدیبهێنێت. (شێرزاد سەبری عەلی:٢٠١٣،٤١). واتا دەکرێت بڵێین نێرەرو وەرگر رۆڵێکی هاوبەشو گرینگ لەبەدیهێنانی کردەی دەروونی گوتار دەگێڕن، وەکو چۆن نێرەر ناتوانێت سەرکوتوو بێت، ئەگەر شارەزای باری دەروونیو مەعریفیو لێهاتووییو کۆمەڵایەتی نەبێت، باشتر بڵێین دۆخی دەوروبەری وەرگر نەبێت، ناتوانرێت کاریگەرییو کارتێکردنێکی گونجاو دروست بکرێت. ئەمەش پەیوەندییەکی پتەوی نێوان گوتارو دۆخی دەروونی زمان ساخ دەکاتەوە.

بارێکی دیکەی شیکردنەوەی دەروونی زمانی گوتار (راستەوخۆییو ناراستەوخۆیی)یە. گوتاری ئیسلامی راستەوخۆ (ئافرەتی سفور بەلادان لەرێبازی ئاینی) تاونبار دەکات، هەروەها ناڕاستەوخۆش سزای کوشتنیان


حەلاڵ دەکرێت. لەمانشێتی دووەمدا راستەوخۆ نێوی (حکوومەتو نوخبەی رۆشنبیرانو بزاڤەکانی ژنان بەشێوەیەکی گشتی) دەهێنێت، بەلام راستەوخۆ دەڵێت: (ئەمە فکری داعشە لەهەرێمی کوردستان)، ناڕاستەوخۆش ئەم بۆچوونانە بە(مەترسی بۆسەر ئاشتەوایی کۆمەلایەتیو پەرەسەندنی توندتیژی ئیسلامی) دەزانێت. واتە ناڕاستەوخۆ (ئەم بۆچوونە رەتدەکاتەوە).

## ٣-٤ گوتاری سیاسی

کاتێک باسی گوتاری سیاسی دەکەیەن، یەکسەر هزرمان بەلای دەسەلاتدا دەچێت، دەسەلات وەکو سەرچاوی حوکم و بەرێوەبردنی ولات، لەکاتێکدا نە گوتار ئەو دەسەلاتە دەگرێتەوەو نە سیاستەیش تەنیا لەچوارچێوەی دەسەلاتدا شیکردنەوەی، دەبێتە شیکردنەوەیەکی واقیعی سەرکەوتوو. چونکە کورد گوتەنی (بەسیاستەم برد)، واتە بەزمێکی پێکردووە، کە ئیدی تەنیا مەگەر سیاسییەکان بزانن، چ بەزمێکی پێکراوە. ئەگەر ئەم سیاستە عەلمانی یان ئاینی بێت، تەنیا لەشێوەو زاراوەو جۆری پەیامەکاندا جیاواز دەبن. هەروەها گوتار نەک بەشێکە لەدەسەلات، بەڵکو خودی گوتار دەسەلاتە. واتە گوتار دەسەلاتێکی تایبەتو تایبەتمەندە، کە ئەو دەسەلاتەی حوکم ناگرێتەوە. بەڵکو خۆی وەکو (هێزو پێویستیو بەدیهێنان) دەسەلاتێکی جیایە لەو دەسەلاتەی حوکمڕانی کۆمەڵگەی پێدەکرێت. دەسەلاتی گوتار لەشێوازی (هەواڵدان، فەرماندان، ئاڕاستەکردنو زانیاریو ... تد) دەردەکەوێت.

گوتاری دەسەلات، گوتاری ئۆپۆزسیۆن، گوتاری ئاینی سیاسیو گوتاری یاسایی لەچوارچێوەی گوتاری سیاسی بەشێوەیەکی بەردەوام دەردەکەون، گوتاری دەسەلاتی فەرمانڕەوا لەشێوەی پڕوپاگەندە بەکاردێت، ئەویش ئەو گوتارەیە، کە بەمەبەست ئاڕاستەی ئەو وەرگرەی ئامانجە دەکرێت، بەمەبەستی کارتێکردنو بڕواپێهێنان بەنێوەڕۆکی گوتارەکە، کە ئەو نێوەڕۆکە بریتییە لەبیرۆکەی سیاسیو یاخود هەر بابەتێک، کە ئەمجۆرە گوتارە سیاسییە

بەرجەستە بکات. (محمود عکاشە:٢٠٠٥،٤٥). واتە، کە شیکاری گوتاری سیاسی عیلمانی/ ئاینی بکرێت، دەبێت (مەبەستی نێوەڕۆک)و (گوێگرەکەی، کە مەبەستە)و (ئامانجی مەبەستەکی ئاڕاستەکردن) بزانرێت، کە دەبنە سێ کوچکەیەکی گرینگی کاریگەری گوتارەکەیی و هەروەها دیارکردنی شێوەو ئامانجو ئەرکی گوتارەکە.




هێلکاری ژمارە (١٠) کاریگەری گوتار

### ٣-٥ بەهای راستیو درۆ لەگوتاردا

بەها یەکێک لەو بنەمایە، کە تیۆری کردە قسەیی لەشیکردنەوەی گوتاردا رەچاوی دەکات، ئەو بەهایەی لەڕووی مادیو واتاییەوە دەردەکەوێت، ئەو بەهایەی لەرێگەی کردەی قسەکردنەوە بەدیدێت. هەروەها لەلایەنی دیکەشەوە (بەهای راستی بەهای درۆ)یە. (ئۆستن) لەتیۆرکەی خۆیدا پێی وایە (راستیو درۆ) نییە، بەلکو گونجانو نەگونجان هەیە. چونکە ئەو شتەی لەدەوربەری (کاتو شوێنو کەس)ی هەنووکە راست بێت، رەنگە بۆ بارێکی دیکە درۆ بێت، ئەوەی ئێستا درۆیە، رەنگە بۆ دوێنێ یان بۆ سبەینێ راست بێت، یان بەپێی کەسەکانو شوێنەکان واتاو بەهای ئەم چەمکانە بگۆڕێت.

(ستراون)یش پێی وایە بڕیاردان لەسەر باسێک بابەتێکی زمانییەو بەپێی دەوروبەری گوتنەکە دەردەکەوێت، کە ئەو باسە راستە، یان درۆ، یان ڕاست نییەو درۆش نییە. واتە لەم روانگەیەوە واز لەو لۆجیکە هێنرا، کە دوو بەها بۆ رستە دیاریی کرابوو، کە ئەویش (بەهای راستیو بەهای درۆ) بوو. لۆجیکی سێ بەهایی، کە ئەویش (راستی، درۆیی، نەڕاستو نەدرۆ) شوێنی دوو لۆجیکی گرتەوە. بۆیەش بەپێی ئەو لۆجیکە سێ بەهاییە رستەی «پادشای فەرەنسا سەری رووتاوەتەوە». نەڕاستەو نەدرۆ، چونکە فرێزی نێوی (پاداشای فەرەنسا) بۆ هیچ کەسێک ناگەڕێتەوە. (عومەر مەحموود کەریم:٢٠٠٩،٤٩).

کەواتە بەپێی ئەو بۆچوونە، راستیو درۆ ناکرێتە پێوانەو بنەما بۆ دیارکردنی بەهای گوتار، چونکە (راستیو درۆ) ئاساییە بکەوێتە ژێر گومانەوە، یان گریمانەی شتی دیکەی بەپێی شێوەو مەبەستی گوتنەکە لەدەوربەرێکی دیارکراودا لێبکرێت. بۆنموونە، کە دەڵێین:

- لەکوردستاندا گەندەلی هەیە.

لەراستیدا ئەمە راستە، بەهای راستی تێدایە، بەڵام بەپێی بۆچوونەکانی (ستراوسن) بەجۆرێک لەجۆرەکان (نەڕاستەو نەدرۆ)، چونکە دیار نییە

کوردستان کێ‌و چی دەگرێتەوە. کوردستان پانتاییەکی جوگرافی دابەشبووی سەر چەند وڵاتێکە، ئینجا لەکوردستاندا (حکوومەت، وەزیرەکان، پەرلەمان، دامودەزگای ئابووری، وەبەرهێنان، کۆمپانیای حکوومی‌و ئەهلی هەن) مەبەست لەکامەیانە، کە گەندەلکارن.

بۆیە کاتێک باسی راستی‌و ناڕاستی لەکردەی گوتاری سیاسی ئیسلامیدا دەکرێت، مەرج نییە راستی‌و درۆ پێوانە بن، بۆ خودی گوتارەکە یان پێگەی نێرەرو کاردانەوەی گوێگر. چونکە کاتێک نێرەر لەرووی پراگماتیکییەوە ئەگەر شیکاری بۆ بکرێت ئاساییە باسی راستییەک بکات، ئەویش گەندەڵییە، یان کوردستانە، بەڵام مەرج نییە پێشگریمانەی گوێگر راست بێت، چونکە ئەم راستەیە هێندەی (مەبەستی ئایدیۆلۆجی) ئابلوقەی داوە، (راستی) رێبەرایەتی ناکات. واتا زۆر ئاساییە (قسەکەر، کە وتەیەک دەردەبڕێت لەوانەیە مەبەستی زانیاری گەیاندن نەبێت، بەلکو بۆ مەبەستی هەڵخەڵەتاندن‌و چەواشەکاری وتەکەی دەردەبڕێت). (هەمان سەرچاوە:٥٣). واتە دەوروبەر، گوێگر بڕیار دەدەن، کە ئەم گوتەیە چەندە بەهای راستی‌و درۆی تێدایە، یاخود هیچیان نییە. ئێمە گوتمان گوتار لەڕووی کردە قسەیی هەڵگری پەیام‌و مەبەستی (فەرمان، زانیاری، هوشداری، وریاکردنەوە، بڕیار، هەواڵدان... .تد)ە ئەمەش راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبێت. بۆیە رۆڵی وەرگر گرینگە لەشیکردنەوەو لێکدانەوەو سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی خودی گوتاردا، ئینجا بڕیاردان لەوەی ئەو گوتارە بەهای راستی‌و درۆیی چەندە تێدایە.

بەڵام کورد گوتەنی مانگەشەو سەر لەئێوارە دیارە، پێشگریمانەی راستی‌و درۆش لەجۆری بابەتەکەوە دەردەکەوێت، چونکە هەندێک کردار هەن، گریمانەی پێشەکیی راستەقینە دەبەخشن، چونکە ئەو زانیارییانەی لەدوای کردارەکەوە دێن، وەکو راستییەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت‌و بەگریمانەی پێشەکی راستەقینە دادەنرێت. (Yule: 2000,23). واتە ئەم قسانەی هەڵگری راستین، یاخود راستەقینەن‌و لەباری مادییەوە بەرجەستەکراون، ئەوە

دەردەخەن، کە بەهای راستیان تێدایە. گوتاری ئیسلامی سیاسیش هەردەم بەو ئاراستەیە کاردەکات، کە گوتارەکەیان بەهای شتە راستەقینەکان، لەرێگەی بەهای راستی دەخاتە روو. بێگومان پێشگریمانەی گوێگر دیسان گرینگە، کە بڕیاردەری کۆتاییە لەپرۆسەی وەربەرهێنانی گوتاردا. شتە راستەقینەکان، بێگومان بەهای راستی پتر دەردەبڕن، بەڵام دیسان ئەمە مەرج نییە واتای بەهای راستی ئەو واتایانە بگرێتەوە، کە دەوروبەر دیاری دەکات. چونکە راستەقینەیی، کە دەخرێتە نێو شیکاری ئایدیۆلۆجی ئاساییە بەئاراستەیەکی دیکە، کە (درۆیە)، یان (چەواشەکارییە) یان (گەوجاندنە) ببرێت. راستە گوتاری ئیسلامی لەمبارەوە جەخت لەسەر (چاکەو خراپە) دەکاتەوە، بەڵام ئەمە لەبەهای کردەی گوتار کەم ناکاتەوە، کە دەڵێت گوتار بەهای کردەیەکە کە بەگوتن بەدیدێت.

# بەشی چوارەم

## ٤-١ گوتاری ئاینی و ئیسلامی

### دەروازەیەک

گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا لەنێوان نەتەوەیی بوونو پانیسلامیزمو لەنێوان ئیخوانو سەلەفییەکاندا، لەنێوان میانڕەوەییو توندڕەوی جیهادیدا، لەنێوان سەردەمبوونو وابەستەبوون بەدەقی باڵاو نەگۆڕ، لەناکۆکیو ململانێیە نێوەخۆییەکانو گروپە ئیسلامییە جیاکاندا، سەرباری ئەوەش دەیان چەمکو دەستەواژەی تێکەڵ لەگەڵ جیهانی عەلمانیو هەورەها پێچەوانەش بەکاردەهێنن. هەندێک دەیانەوێت ئەم چەمکانە بکەنە نیشانەی مۆدێرن بوونو نوێبوونەوە، هەندێکیش وەکو رەخنەو هێرشکردنە سەر لایەنە ناکۆکە ئیسلامییەکان بەخۆیانو دژی عەلمانییەکان بەکاری دەهێنن. گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە هێشتا گومان لەبوونی گوتارێکی ئیسلامی سیاسی سەردەمانەی تەواو هەبێت، هەروەها گریمانەی هەندێک ئاڕاستەی نوێش لەنێو فکری ئیسلامی سیاسی کوردی بەدیدەکرێت، کەناڵێم نوێبوونەوەیە، بەڵام بەلای کەمەوە چاولێکەرییەکی لەبارە، بەمەرجێک ئەم چاولێکەرییە بەخۆماڵی بکرێت، ئەو کاتە دوور نابینرێت، کە ئەنجامێکی گونجاو بەدەست بهێنێت.

## ٤-٢ سیاسەتو ئیسلام

ئیسلامییە سیاسییەکان، نایانەوێت خۆیان بەسیاسی نێوببەن، چونکە ئەمە بەشێواندنو سوکایەتی دژی ئیسلامبوونیان دەزانن، هەشیانە بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە لەبنەڕەتدا ئیسلام سیاسییەو مەسەلەی دەوڵەتداریو بەڕێوەبردنی دەوڵەتی لەخۆگرتووە، بەڵام لەبەکردەوە لەژیانی سیاسی ئێستادا هیچ جیاوازییەکی تەنیا بچووکیش لەگەڵ حزبە سیاسییە عەلمانییەکانیان تێدا نادۆزرێتەوە، تەنیا نێوەکانیانو مانشێتو دروشمو هێماو بەکارهێنانی کەرەستەو شوێنە پیرۆزەکانو هەندێک دەستەواژەو بەکارهێنانی دەقی باڵای ئاینی نەبێت ، کە لەنێو گوتارەکانیاندا وەکو مەبەستو ئامرازو هۆکار بەکاریان دەهێنن. لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر دیارکردنی ئەم ئاڕاستانە لەنێو گوتاری ئیسلامی سیاسی دەکەین، ئێمە خۆمان ژمارەیەک چەمکی تایبەت بەگوتارەکانیان هەڵدەبژێرین، لەنێو گوتاری هەریکە لە (محەمەد فەرەج) نوێنەری ئیخوانەکانو (عەلی باپیر) نوێنەری جیهادیو پابەستبوون بەدەقی باڵای ئاینی، شیکردنەوەیان بۆ دەکەین. چاکەو خراپە، راستگۆییو درۆ، گونجاوییو نەگونجاویی گوتارەکانیان وەکو هێزی کردە قسەیی شیکار دەکەین.

یەکێک لەئیسلامییە عەرەبییەکانی مەغریب بەمجۆرە وەسفی گوتاری ئیسلامی سیاسی دەکاتو دەڵێت: یەکەم شتێک، کە هزر دەستی پێدەکات مەسەلەی (تێگەیشتنو مەرجەعیەتو ئینتمایە) بۆیەشە چار نییە لەسەرەتادا دەبێت چەمکی «گوتاری ئیسلامی» دیاربکرێت، «گوتار» زاراوەیەکەو ئەو قسەکردنەیە، کە ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت، هەواڵێکە، یان داواکارییەکە یان فەرمانێکە، یان راگەیاندنی راییکە، یان هەڵوێستێکە دەردەبڕدرێت. کاتێک ئەم گوتارە وابەستە دەکرێت بەعەقیدەیەک، یان مەزهەبێک، یان فەلسەفەیەک، واتاکەی دەربڕینی تێڕوانینێکی عەقیدەیی، یان مەزهەبێک دەگرێتەوە، یان دەربارەی واقیعێک، یان مەسەلەیەکی کێشەدار دەدوێت، کە واقیعەکە

سەپاندوویەتی، بەمەبەستی شیکردنەوەی لەچوارچێوەی سیاقێکی گشتیدا، یان رەخنەلێگرتن، یان هەڵسەنگاندنی. هەروەها توێژینەوەی نوێی زمانەوانیی سیمۆلۆجی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە گوتار دەسەڵاتە، بەواتایەک لەواتایەکان پەیوەندی نێوان نێنەر/ قسەکەرو وەرگر/ گوێگر لەرێگەی گوتارەوە بەشێوەیەکی بەرچاو یەکەم شتێک بگرێتەوە واتای مەرجەعیەیە، هەروەها لایەنی دووەم، کە وەرگرە شتێک ئەنجام دەدات، لەپێگەی پێگەیەنراوێکەوە، یان ئەرکی پێسپێدرداوە بەوەڵامدانەوەو رەخنەگرتن دەربارەی ئەو شتەی وەریدەگرێت. (الخطاب الإسلامي.. ومتطلبات المرحلة الراهنة -http://www.al ihyaa.ma/Article).

### ٤-٣ فرەیی لەگوتاری ئیسلامیدا

هەروەها لەبوارێکی دیکەدا، کە پەیوەستە بەئیسلامی سیاسی لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا، لەهەمانکاتیشدا دەکرێت بەسەرچاوەی زۆربەی فکرو بزاڤە ئیسلامییە جیهانییەکانیش دابنرێت لەسەرتاسەری دونیادا. بۆچوونێک هەیە پێی وایە: تەوژمە ئیسلامییە سیاسییەکان لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا لەهەبوون‌و نێوەرۆکیاندا، لەگوتارە سیاسییەکانیاندا لەزۆر بواردا پشت بەسەرچاوەی ئاینی، کە سەربەخۆ نییە دەبەستن. (زیاد حافظ:٢٠١٢،العدد،٤٠٢)

فەیلەفسوف (تێد سمیدس) لەبارەی گوتاری ئاینی دەڵێت: (گوتاری ئاینی گوتارێکی هێمایی رەمزییە). (مشكلات الخطاب الديني .https://ar.wikipedia org/wiki/). هەروەها هەندێک توێژەری عەرەبیش (گوتاری ئاینی هاوچەرخ لەلایەن هەندێک گروپی ئیسلامی سیاسی بەگوتاری ئاژاوە وەسف دەکەن، کە موسڵمان هەموو بەیەکەوە کۆناکاتەوەو لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی دیکەی نێو مسوڵمانەکانیش هەمان شت دەکات). (زیاد حافظ: ٢٠١٢،العدد،٤٠٢).

هەروەها لەبوارێکی دیکەدا گوتاری ئاینی بەکێشەیەکی فەلسەفی دەزانرێت، کە بەزەحمەت دەتوانرێت وەسفی خودای تێدا بکرێت، چونکە خوا

وەکو کیانێکی مەعنەوی‌و ڕەهایانە دەبینرێت، بۆیە زمانی ئاسایی ناتوانێت ئەمەی تێدا جێبەجێ بکرێت، چونکە کێشەکە لەوەدایە، کە بیروباوەڕی ئاینی بەشێوەیەکی گشتی زۆر قورسە بتوانێت‌و ئەو توانایەی هەبێت وەسفی خودا بکات‌و قسە لەبارەی ئەم مەسەلە زۆر گرینگە لەژیانی ئایینیدا بکرێت، بۆیەشە (سیمون وێل) لەکتێبەکەی بەنێوی (لەچاوەڕوانی خودا)، باسی ئەوە دەکات ئەو هیچ دوو دڵییەکی لەخۆشەویستی خودا نییە، لەهەمان کاتیشدا ناتوانێت بەشێوەیەکی لەبارو گونجاو وەسفی خودا بکات. (مشكلات الخطاب الديني https://ar.wikipedia.org/wiki/).

ئەمە بەشێوەیەکی گشتی کاتێک دێینە سەر باسی ڕۆڵی گوتاری ئیسلامی، پرسیارێکی سەرەکی خۆی ڕەپێش دەکات، ئایا گوتاری جودا جودای ئیسلامی لەنێوان (نێرەرو وەرگر) چ ڕۆڵێک دەگێڕێت و بۆچی ئەم هەموو جیاوازییە هەبێت؟ هەروەها فرەیی لەگوتاردا بۆتە بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەو گوتارە، یان دابەشی کردووەو لەگرفت‌و قەیران دایە؟. لەمبارەوە کەسێکی ئیسلامی دەڵێت: ئەم چەمکەی، کە دەربارەی گوتاری ئیسلامی هەیە لەحەقیقەتدا بەسەر گوتاری قورئان بۆ مرۆڤ جێبەجێ دەبێت لەڕێگەی «وەحی/ سروشەوە». کە پێغەمبەری خودا محمەد (د.خ) لێبێت، دەیگەیەنێتە خەڵک. بۆیە زانا ئسولییەکان زانیویانە، کە حوکمی شەرعی برتییە لەگوتار، ئەویش وابەستەیە بەکردەی ڕاسپێردراوەکان، ئەمە فەرمان بێت، یان (اقتضاء و تخييرا) بێت. بۆیەشە لێرەدا دەبێت‌و زۆر پێویستیشە جیاوازیی لەنێوان لایەنی مێژوویی لەفکری ئیسلامی‌و ئەو شتانە بکرێت، کە لەژێر کاریگەریی یاساکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەو مەعریفە دایە، جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەو تێگەیشتنانەی، کە فکر دروستیان دەکات، لەگەڵ واقیعێک، کە لەسیاقێکی گۆڕاودا کاریگەری لەسەر دروست دەکات، لەگەڵ ئەو شتانەی جێگیرن‌و ناگۆڕێن‌و ڕەهان لەئیسلامدا، یاخود جیاکردنەوە لەنێوان دەق‌و ئیجتهاددا. (الخطاب الإسلامي.. ومتطلبات المرحلة الراهنة http://www.alihyaa.ma/)

کەواتە لێرەدا دوو جۆر گوتار بەپێی ئەو پێناسیەی سەرەوە لای ئیسلامییەکان دروست دەبێت، کە بریتییە لەگوتارێکی چەسپیوی نەگۆڕ، پێی دەگوترێت گوتاری مەرجەعی، واتە لایەنی مێژوویی‌و دەق رەچاو دەکات، دەقی بالاّ، یان وابەستە بوونە بە(قورئان‌و سوننەت)، لەهەمان کاتیشدا گوتارێکی دیکە هەیە، کە وابەستەیە بەگۆڕاوەکان‌و شیکردنەوەی ئیجتهادی زانێو لایەنەکانەوە، پەیوەستە بەئیجتهادی (نێرەر/ وەرگر)ەوە، لەکاتی وەرگرتنی گوتارەکەدا چۆنی لێکدەدەنەوە. ئەمەش لایەنی مەجازو شیکردنەوەو لێکدانەوە لەسیاقێکی کۆمەلاّیەتی گۆڕاودا بەپێی پێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی‌و مەعریفی دەگرێتەوە.

واتا لەشیکردنەوەی پراگماتیکی گوتاری ئیسلامی سیاسیدا لەهەرێمی کوردستاندا، دەبێت رۆڵو بایەخ‌و بەهاو پێگەی (نێرەرو وەرگر) لەلایەک‌و ئەو دوو ئاڕاستەیەش شیبکرێتەوە، کە بریتین لە(چەسپیو/ نەگۆڕ/ دەقی بالاّ)، یان (گۆڕاوو ئیجتهادو شیکردنەوەی مرۆڤەکان).

مەرجەعییە/ سەرچاوە رۆڵێکی یەکلاکەرەوە لەگوتاری ئیسلامیدا دەگێڕێت، چونکە هێزی دەسەلاّتی گوتاری ئیسلامی لەو حەقیقەتەوە سەرچاوە دەگرێت، کە خوا بەرجەستەی دەکات، لەو شێوازە پەرەی پێدەرێت‌و بەردەوام دەبێت، کە پێغەمبەری خودا، لەرێگەی پەیامەکانیدا دەیگەنێتە وەرگرەکان/ ئەوانەی لەدوای خۆیدا دێن‌و هاوەڵەکانی ئەون. ئەم شێوە گوتارەش بەدرێژایی چەندین سەدە درێژەی هەیە، بەردەوامیش لە ناکۆکیی‌و ململانێ دایە، چونکە (قورئان‌و سوونەت) فەرمانەکانی خودای بێ هاوتاو فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خودا ئەمرۆ پەیام‌و زانین‌و حوکمی چەسپویی نەگۆڕن، بەلاّم وەرگرەکانی ئەم (هەواڵ‌و فەرمان‌و حوکم‌و ئاگادارکردنەوەو وریاکردنەوەو لێدوان‌و گێڕانەوانە)، هەر یەکەیان لەسیاقێکی دیارکراوی (کات‌و شوێن)ی جودا، بەعەقڵ‌و مەعریفەی جودا لەسەردەمی جودا، شتەکانیان وەرگرتووەو کاردانەویان بۆی هەبووە لەوەرگرتنێکی (ئەو مەرجەعە) بێ دەستکاری‌و کارتێکردن‌و بەستنەوەی بەسیاقی کۆمەلاّیەتی نوێ، یان لەژێر کاریگەری گۆڕاوەکاندا (جارێکی دیکە

گوتارێکی مۆدێرن‌و رۆشنگەرو جیاوازی مەزهەبەکانیان) وەبەرهێناوەتەوە. ئەمە لای هەندێک بەشیکارێکی واقیعیی وەسف دەکرێت‌و لای هەندێکیش بەسنوربەزاندن دەچوێنرێت، کە هەم پەیوەستە بەمەرجەعەوە/ سەرچاوە، هەمیش پەیوەستە بەسیاقی کۆمەڵایەتی گۆڕاوی نوێی مەرعریفەو رۆڵی کاریگەرانەی لەسەر گوتاردا دەبێت.

هەر لەم روانگەیەشەوە، دەردەکەوێت کە فرەیی، کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە لەنێو بزاڤە ئیسلامییەکانداو هەروەها پێشگریمانەی ئەوەش هەیە، کە هەتا مەزهەبە جیاکانیش پەیوەندیان بە گۆڕنکارییو کێشەکانی کاتەوە هەبێت، نەک لەبنەڕەتدا لە ئاینەوە هاتبێت. بۆیە ئەگەر لەبنەڕەتدا سەیری مەسەلەکان بکرێت، فرەیی لەسەرچاوە نییە، کەواتە وەکو هەندێک دەڵێن قورئان بەرنامەمانە، کەواتە جیاوازییەکان پەیوەندی بە بەرژەوەندیو ناکۆکیو ململانێی دەوربەری کۆمەڵایەتیو کەرەستەکانی پەیوەندکردن‌و شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانەوە هەیە.

ئایا بەڕاست هەڵگرانی فکری ئاینی لەنێو بزاڤە ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمە خاوەنی گوتاری ئاینین، یاخود ئاین وەکو ئامرازێکی کۆمەڵایەتی/ رۆحی بۆ بەدیهێنان‌و بیناکردنی دەسەڵات‌و حوکمی ئیسلامی بەکاردەهێنن؟. هەندێک توێژەر پێیان وایە دەبێت لەوە بگەین، کە نێوەڕۆکی گوتاری ئاینی ئیسلامی سیاسی، دەستکردی ئەوانەیە، کە بەنێوی ئیسلامی سیاسی کاردەکەن، لێرەدا گرفت‌و کێشەیەک هەیە، ئایا گوتاری سیاسی ئەو گروپانە، بەڕاستی گوتارێکی ئاینییە؟ یان ئەم قسەیە شتێکی راست‌و ورد نییە، ئەم گروپانە هیچ شەرم لەپاساو هێنانەوەی ئاینی ناکەن لەپێناو بەئیسلامکردنی گوتاری سیاسیان؟. بۆیە لێرەدا چۆن دەتوانرێت لەپێداگرتن لەسەر پێویستی دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامیو بەئیسلامکردنی کۆمەڵگەو جێبەجێکردنی شەریعەت بگەین؟ هێشتا بۆچوونی جیاواز لەمەڕ نێوەڕۆک‌و چەمکی شەریعەت هەیە، لەهەمان کاتدا ئەوانە دەربارەی کامە شەریعەت دەدوێن؟ ئایا شەریعەت بەزۆر یان بەشێوەی

ئارەزوومەندانە دەسەپێندرێت؟ ئایا ئەو لایەنەی ئەم کارانە دەکەن کامەن؟. ئەمەش بە بەڵگە ئاینییەکان پشت راستە. (زیاد حافظ: ٢٠١٢،العدد،٤٠٢).

## ٤-٤ نوێبوونەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسی

گوتاری ئیسلامیی شتێکی نوێ نییە، تەنیا لەزاراوە هاوچەرخەکەی نەبێت، یان لەنێوەڕۆکو بوژانەوەو نوێبووەکەیدا نەبێت، ئەمەش لەلایەن فکری ئیسلامییەوە پێناسە کراوە. چونکە ئەم فکرە بەدرێژایی سەردەمەکان گوتارەکەی لەئومەت دانەبڕیوە، بۆیەش نوێبوونەی ئەم گوتارە یەکێکە لەبنەماکانی بوونو بەردەوامبوونیشی. بۆیەشە ئیسلام دانی بە «اختلاف/ ناکۆکی» نێوە، هەروەها ئیجتهادیش وەکو بنەمای بیناکردنی فکری فەقیهیی‌و ئاینی بەشێوەیەکی گشتی دانراوە. بۆیەشە زانایانی ئاینی پێیان وایە لەم روانگەیەوە دەتوانن فکرو گوتاری ئیسلامی بەم واتایەوە ببەستنەوە لەچوارچێوەی فرەیی فکریی، کە بۆتە هۆی دەرکەوتنی ئیجتهادو پێشکەوتنی مێژوویی ئومەت. (الخطاب الإسلامي.. ومتطلبات المرحلة الراهنة http://www. (alihyaa.ma/Article.aspx?C=5661

واتە گەشەکردنو پێشکەوتنی گوتاری ئیسلامی وابەستە دەکرێت بە (فرەیی لەفکرو ئیجتهاد)، کەئەمەش وابەستەیە بەسەردەمی جوداو شیکردنەوەی وەرگرەکانو گونجاندنی دەقەکان لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش پێی دەگوترێت (ئیجتهادی فقیهیی) لەچوارچێوەی گوتاری ئاینی مزگەوتو قوتابخانە ئاینییەکانو (ناکۆکی شەرعی‌و نوێبوونەوەو رۆشنەگەرایی‌و فکری مەزهەبی جودا)، لەچوارچێوەی سیاقی کۆمەڵایەتی‌و وابەستەبوون بەسەردەمو ئینجا نێولێنانی (هاوچەرخ بوون) لەرێگەی (نێرەرو وەرگری) بزاڤی رابوونی ئیسلامی سیاسی هاوچەرخ.

گوتاری ئیسلامی سیاسی هاوچەرخ لەهەرێمی کوردستاندا، لەقۆناغێکی هەستیار دایە، ناکۆکیی‌و شیکردنەوەی جودا بۆ گونجانو پێشکەوتنی ئەم

گوتارە هەیە. پێشکەوتن‌و نوێبوونەوە لەچوارچێوەی گوتاری سیاسی ئیسلامی بەدی دەکرێت بۆ ئەوەی سیاقێکی کۆمەڵایەتی ئاینی وەربگرێت، هەروەها ناکۆکیش لەگەڵ ئەم گوتارە هەیە، کە وابەستەی (مەرجەع/ سەرچاوەیە) ەیە. هیچ گوتارێک خراپ‌و باش نییە، بەڵکو ئەوە (نێرەر و وەرگر)ن بەهاوبەشیی‌و بەشێوەیەکی هاوسەنگ دەسەڵاتی گوتارەکە دروست دەکەن، وەبەرهێنانەوەیەکی نوێ‌و بەردەوام دەدەنە گوتارەکە. گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا هێشتا لەقۆناغی (پەروەردەو فێرکردن) دایە، هەرچەندە هەندێکیان بانگەشەی (حکومداری‌و ئۆپۆزسیۆن‌و گۆڕانکاری لەسیستەمی حوکمی هەرێم) دەکەن، هەشیانە خاوەنی گوتارێکی (جیهادی/ توندڕەوە). بەڵام دیسان لەژێر کاریگەری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی، لەژێر کاریگەری (نەرمی‌و کرانەوەو میانڕەوەی وەرگرەکان)ەوەیە، گوتارە توندەکانیش جۆرێک لەجیاوازی لەگەڵ گوتارێکی ئیسلامی سیاسی عەرەبی، تورکی‌و فارسی‌و ئەفغانی‌و پاکستانی) هەیە. بەڵام گریمانەی ئەوە دەکەین، کاتێک پێناسانەیەکی گشتگیر بۆ ئەم بوارە دەکرێت، هەمان بۆچوون‌و یاساو ڕێساش بەسەر گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستانیشدا جێبەجێ ببێت.

بۆیە پێناسەو باسکردنی گوتاری ئیسلامی، یاخود ئاینی بەشێوەیەکی گشتی پێویستی بەوردەکاری هەیە، بۆ ئەوەی توێژەر تووشی دووبەرەکی‌و ناکۆکی لەنێو بۆچوونەکانی نەبێت، چونکە هەمیشە باسکردنی ڕۆڵی گوتاری ئاینی دوو ئاڕاستە دەگرێتەوە، کە یەکێکیان فکرو بۆچوون‌و سەرچاوەی چەسپیویی نەگۆڕە، ئەوی دیکەشیان پەیوەستە بەمرۆڤەوە، واتە (وەرگرو گوێگرو بەکارهێنەرەکان)، ئەمانەش بەشێوەیەکی ئاسایی بەپێی سەردەمەکانی خۆیان ئیجتهیاد دەکەن‌و شیکاری لایەنە هەمەجۆرەکانی ئاین‌و ڕۆڵ‌و پەیوەندیی‌و کارتێکردنی لەسەر (وەرگر/ ئومەت/ خەڵک/ جەماوەر/ هاووڵاتی) دیار دەکەوێت. بۆیە هەندێک لەپێناسەی گوتاری ئاینی‌و ئیسلامیدا لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا وەها تیشک دەخەنە سەر لایەنە هەمەجۆرەکانی گوتارو هەمەجۆری

گوتار: کردەی چوونە نێوقۆناغەکانو ئاستێکی دیکە گۆڕانکاریی نەسقی جۆریی لەفکرو عەقڵدا لەکۆمەڵگەی عەرەبی / ئیسلامیدا هەنگاوی یەکەمو دەستپێکی یەکەمی بەرەو گۆڕانکاریی‌و پێشکەوتنو بیناکردنی شارستانیی خودییە. سەرکەوتنی ئەم گۆڕانانە لەتێڕوانییەکانو هەڵوێستەکانی تەوژمو ڕێکخستنە ئیسلامییەکان لەنێوەخۆیاندا دەگرێتەوە، کە خودی خۆیان لەگەڵ «ئەوانی دیکە»، کە بەشێوەیەکی باوی ڕۆژئاوایی لەئارادایە. ئەمەش مەرجی بەدیهێنانو سەرکەوتنو گونجانی ئەو گوتارە ئیسلامییە، کە لەنێوەخۆیدا دابەشی سەر چەند جۆرێک گوتاری وەکو سۆفیگەریی‌و سەلەفی‌و زانستی‌و فکری‌و ئەدەبی‌و سیاسی بوون. (هاشم الرس: http://www.hiramagazine. .(com

هەروەها مرۆڤ یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی فکری ئیسلامی بۆیەشە کاتێک بمانەوێت پێناسەی گوتارەکە بکەین، ناتوانرێت بێ بایەخ دان بەمرۆڤو پێگەی لەنێو گوتاری ئیسلامیدا بەرەو بەدیهێنانی ئامانجی گونجاو بچین. ڕاستە مرۆڤ لەم سەردەمەدا لەکردەی گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان هیچ بایەخێکی پێنادرێت، وەکو کەلوپەلێکی بێ بایەخ لەڕێگەی کوشتنو بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆییەکانو وێنەو هەڕەشەکان سەیر دەکرێت، پێگەو بایەخە مرۆڤ لەگوتاری ئیسلامیدا لاواز دەبێتو لەهەندێک بواردا پێچەوانەش دەبێتەوە. ئەمەش وایکردووە لەسەردەمی نوێدا ئەم پڕۆژەیە گفتوگۆی زۆری لەسەر بکرێت، هەندێک پێیان وایە گوتاری ئیسلامی شتێکی نموونەییەو هاوشانی نییە، بۆیە هەموو جیهان لەسەریەتی بچنە ژێر باڵییەوەو پێی ڕازیی بن، ئەوانەشی، کە پێیان وایە گوتاری ئیسلامی ئیجتهادێکی مرۆڤەکانە، پێش ناکەوێتو نوێ نابێتەوە، ئەگەر قبوڵی ڕەوشی جیهان نەکات. نابێت ترس هەبێت، کە گوتاری ئیسلامی (منزها) نییە، بەڵکو دەچێتە چوارچێوەی ئیجتهادی تێڕوانینی مسوڵمانان لەنێو کاتو شوێندا. هەروەها فرەو زۆرە، مێژووی ئیسلامیش ئاماژەیە بۆ ئەو فرەیی‌و زۆرییە، ئەمەش لەئەنجامی کەڵەکەبوونی مەعریفەوە هاتووە، مەعریفەی گەشەپێدان، کراوەیە، تەخمینییە

(هەڵسەنگێنەرە)، یان درۆیەکی بڕوا نەهێنەری کۆتاییە، هەروەها گوتاری ئیسلامی بەرهەمی مرۆڤە، کە تایبەتمەندییەکانی شێوەکانی، یان بەرهەمە مرۆییەکانی دەڕاستێنێت، لەشێوەی هەوڵدانو ئیجتیهادو هەڵە. (الخطاب الاسلامی ، تجربة فتح الله کولن هشام الرس : http://www.hiramagazine.com/).

## ٤-٥ بنەمای گشتی گوتاری ئیسلامیی

کاتێک بمانەوێت هێڵی گشتی گوتاری ئیسلامی سیاسی دیاربکەین، پێویستە کورترین ڕێگە، کە گەڕانەوەیە بۆ ئەو بابەتەی کە توێژەرێک بەنێوی (مەجد ابو کمال احمد) لە بنکەی توێژینەوەی عەرەبیی ئەلوەحدە بۆ توێژنیەوە لە ساڵی ٢٠١٢ پێشکەشی کردووە، ئەو بەکورتی گرفتەکان، یان هێڵی گشتی گوتاری ئیسلامی سیاسی بەمجۆرە دیارکردووە:

١. ترساندن و تۆقاندن.
٢. ئارەزووکردن بۆ فشارە خستنەسەر دەروون.
٣. بێ ئاگایی لەمەبەستە شەرعییەکانو پشتبەستن بەلایەنە رووکەشەکانی دەقو پیتەکان.
٤. بێ ئاگایی لەڕێکخستنی کارە لەسەرەکیو پێشینەکانو ئاستی ئەرکە ئاینییەکان.
٥. بێ ئاگایی لەڕۆڵی عەقڵو بایەخی زانست لەڕۆنانی تێڕوانینی ئیسلامی.
٦. بەردەوامی دان بەقسەکردن لەسەر رابردوو، کەمبایەخ کردنی ئێستاو هەبوونی ترس بەرانبەر ئاییندە.
٧. پەیوەندی موسڵمانان بەخەڵکی دیکەوە. (زیاد حافظ: ٢٠١٢،العدد،٤٠٢).

## ٤-٦ جێبەجێکردنی شەریعەت

ئەمە لایەنێکی گرینگی ئەمڕۆی گوتاری سیاسی ئسیلامییەکانە، لەنێویشیاندا ئیسلامی سیاسی هەرێمی کوردستان، بڕوا ناکەم هیچ موسڵمانێک هەبێت، کە بڕوای بە ئاین و ژیانەوە هەبێت، بتوانێت خۆی لە جێبەچیکردنی شەریعەت وەکو لایەنی رۆحی و خواپەرستی و ئیلزتیزام کردن بە بنەما سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ئاین بدزێتەوە. بەڵام وەکو هەندێک توێژەر لەبارەی ئیسلامی سیاسی هاوچەرخ ئاماژەی پێدەکەن، پرسیارێکی گرینگ و بنەڕەتی لەبارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی شەریعەت دێتە پێشەوە کە بریتییە لەوەی: لە ئەدەبیاتی سیاسی هاوچەرخ بە «نەخشە رێگەی» نێودەبەن بۆ رەوشتی مرۆڤەکان، لەکاتێکدا جێبەچی کردنی کاری زانایانی ئیسلامە، یاخود روونتر بڵێین کاری خودی مرۆڤە کە ئەویش ملکەچی هەڵە و راستییە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کێ لەکاتی ئیجتاهدەکان لە زانایانی ئاینی دەرپرسیێتەوە و سزایان دەدات؟ ئایا چەند بواری ئیلتیزام لەم ئیجتهادە هەیە؟ ئایا ئیجتهادی مرۆڤەکان ملکەچی ژینگەی دەوروبەر لە کات و شوێن دەبێت؟ هەروەها لە ئاینی ئیسلامدا هیچ کەسێک یان هۆکارێک بۆ پەیوەندی لەنێوان ئیمانداران و خوای گەورەو میهرەبان نییە، ئەمە بۆتە هۆی جیاکردنەوەی ئاینی ئیسلام لە ئاینەکانی دیکە، کە دامودەزگای ئاینیان هەیەو سەرچاوەی یەکلاکەرەوەی کاروباری ئاینین؟ (زیاد حافظ: ٢٠١٢،العدد،٤٠٢).. ئەمانە پرسیاری گرینگن، ئایا گوتاری ئیسلامی سیاسی چۆن چارەسەری ئەم پرسیارانە دەکات؟ واتە گوتاری ئیسلامی لەنێوان شەریعەت و ئجتهادی لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێو (شوێنو کاتدا) چۆن حکوم دەکات. ئێمە پێشتر باسی پێکهاتە و یەکەکانی شیکردنەوەی گوتارمان کرد، کە پشت ئەستور بە (هەواڵدان، فەرمان، حوکم، زانیاری، رەوشت، بڕیاردان، وریاکردنەوە.... تد). گوتاری ئیسلامی سیاسی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم رەگەزانەی تێدایە، وەکو چۆن لەنێو گوتارەکەیدا بایەخێکی زۆر بە (چاکەو خراپە) وەکو بنەمای شەریعەت لە ئیدارە و دەسەڵاتیش دەدات.

## ٤-٧ جۆری گوتـاری ئیسلامی بەگشتی

گوتـار بەگشـتی چەند جۆری هەیـە، لەوانـە سیاسـی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، زانستی، ئەدەبی. ئاینی....تد. هەروەها هەر یەکێک لەمجۆرانەی گوتاریش شێوازو جۆرو رێگەی تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بۆ ئەوەی پرۆسـەی پەیوەندیکردن لەنێوان (نێرەرو وەرگر) بتوانن بەسـەرکوتووی پرۆسـەی بەدیهێنانی گوتـار ئەنجام بدەن. پێش ئـەوەی بچینـە نێو شـیکاری پێکهاتـەو چەمکی گوتـاری ئیسـلامی سیاسی بەگشـتی، پێویسـتە ئاماژە بەوە بکرێت، کە گوتاری ئیسـلامی سیاسـی لەهەرێمی کوردسـتاندا لەچەند ئاراسـتەو بوارێکدا بەرجەسـتە دەبێت، وەکو:

**یەکەم**/ گوتاری ئاینیو خواپەرستی، کە زانایانی ئاینی پێڕەوەی دەکەن.

**دووەم**/ گوتاری سۆفیگەریی.

**سێیەم**/ گوتاری سەلەفی.

**چوارەم**/ گوتاری حزبی/ سـەلەفی، کە بزوتنەوەی ئیسـلامیو کۆمەڵی ئیسـلامی نوێنەرایەتی دەکات.

**پێنجەم**/ گوتاری میانڕەویی، کە یەکگرتووی ئیسـلامی وەکو ئیخوان موسـلمین، کـە گوتارێکی حزبی/ دوور لەچەکداریی جیهادییە.

**شەشەم**/ گوتاری هاوچەرخ/ دەستەبژێرێکی ئیسلامی سیاسین، ئەوانە بەشێکن لەئاراستەی ئیخوان، رەخنەگران لەئیسـلامی سیاسـی، رۆشـنبیرانی خواپەرست، ئەمانـە بانەگشـەی عەقڵانیـەتو هاوچـەرخ بوونی پرۆسـەی ئاینـیو گۆڕانکاریو کۆمەڵایەتییو گونجان لەگەڵ سـەردەم دەگرێتەوە.

گوتـاری ئیسـلامی سیاسـی لەسـەرەتاوە وابەسـتە بـووە بـەڕۆڵو ئاراسـتەغو فکری رۆشنبیرانو زانای مزگەوتەکانو فەقێو زانایەکانی حوجرەو سـەرکردەی بزاڤە ئیسـلامییەکانو خاوەنـی تیۆریـی تەوژمەکانـی نێو کۆمەڵگـەی ئیسـلامیی.

بێگومان هەموو ئەو لایەنو کەسو گروپانە هەردەمو بەبەردەوامی باسی چاکسازی دەکەن، بەڵام هەریەکەیان لەچوارچێوەی تێڕوانینو فکرو ئیجتهادی تایبەتی خۆیانەوە گوتار دەدەن، بۆیەشە هەندێکجار گوتاری ئیسلامی خۆی لەگۆشەیەکی دابڕاو، یان پڕ تەنگەژە ئابلوقە دەدات، ئەمەش دوور نییە ببێتە هەڵگری شێوازی سۆزداری، دۆگمابوون، یان کرانەوەیەکی بێ سنوری توندڕەو. ئەمانە کاتێک بەراورد بەسۆسیۆجیای زانین لەسەردەمی نوێدا دەکرێن، گوتارەکان دابەشی سەر ژمارەیەک چەمکو ژمارەیەک پێکهاتەی نێوەخۆیی دەبن، وەکو:

**یەکەم**/ چوارچێوەی ئاینی: ئایان ئاین تایبەتە بەکەسەکانو دۆخی تایبەتی رەوشو ژیانیانەوە، یاخود باری سیاسیو ئابووری دەگرێتەوە؟. بۆیەشە، کە وەرگر دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری (چاوەڕوانی/ انتظاراتو رەچاوکردنەکانی مرۆڤ بۆ ئاین/ توقعات)، ئەم تیۆرە نیشانی دەدات، کە ئاین هەموو ژیان بەگشتی دەگرێتەوە. هەندێکی دیکە ئەم تیۆرە بە (ئاین لەئاستی هەر سەرەوە، ئاین لەئاستی هەر خوارەوە) نێو دەبەن.

**دووەم**/ زمانی ئاین/ ئایا ئەم زمانە زمانێکی رەمزیی هێماییە، یان ئەفسانەیە، یان واقیعییە، یان چیرۆک ئامێزە، یان زانیارییە؟ ئایا مەسەلە ئاینییەکان وابەستەی باوەڕن، یاخود بێ مانایە وەکو ئەوانی دیکە دەیڵێن؟ ئایا زمانی ئاین زمانێکی ئینشائییە، یان هەواڵی حەقیقییە، یاخود مەجازیی خواستە؟ ئایا ئاین زمانێکی تایبەتی هەیە، هەروەها دەبێتە زمانی وەسفەکانی خەڵکی ئاسایی، تاکو بزانرێت ئاین چییە؟

**سێیەم**/ کێشەو ناکۆکی ئاینی/ هۆکارەکانی دەرکەوتنی دینداریو ترسو نەزانینو چینەکان ... تد چییە؟. ئایا خەڵک پێویستی بەئاینەو ئایا ئەمە بەشێوەیەکی خۆڕسکە، واتاو حەقیقەتی خۆرسکبوونەکە چییە؟ ئەی بۆچوونەکانی (مارکس)و (سپنسەر)و (دورکایم)و (فرۆید)و ئەوانی دیکە لەمبارەوە چییە؟.

**چوارەم**/ ئەزموونی ئاینی/ ئایا حەقیقەتی هەستکردنو نەستی ئاینی چییەو لەچی پێکدێتو تایبەتمەندییەکانی چییە؟. ئایا جیاوازی لەنێوان ئەزمونی ئاینیو ئەخلاقی هەیە؟ چۆن دەتوانرێت راستگۆیی ئەزموونی ئاینی کۆنترۆل بکرێتو پەیوەندیی نێوان ئەزموونی ئاینیو رۆحیو عیرفانی چییە؟.

**پێنجەم**/ عەقڵانیەتی ئاینی/ ئایا مەسەلە ئاینییەکان بەشێوەی عەقڵانی، یان بینینگەرایی ساخ دەکرێتەوە؟ ئایا لەمەسەلەی پەیوەست بەبۆچوونەکانی کات دەربارەی پەیوەست بوون بەعەقڵی زانستی، هەروەسا سەڵماندنی ئەخلاقی ئاینی چی دەکرێت؟ بۆیە ئەمجۆرە باس لەپەیوەندیی نێوان ئاینو عەقڵانیەت دەکاتو عەقڵانیەتو خواپەرستی لەئایندا چەند شوێن دادەگرێتو پەیوەندییەکانی چۆنن؟.

**شەشەم**/ واتاو حەقیقەتی ئاینی/ ئایا جیاکەرەوەی نێوان ئایندارو بێ ئاینێک چییە؟ ئایا ئاین پێناسەیەکی دیارکراوی هەیە؟ ئایا ئەمە هیچ تایبەتمەندییەکی مەعریفیو سۆزداریو زانستیو ... تد هەیە؟.

**حەوتەم**/ نێوەڕۆکی کاکڵدارو نیشانگەرایی لەئایندا/ ئەوە چییە، کە نمایندەیی پێکهاتەی خودی لەئاین دەکاتو ئەو پێکهاتانە چین، کە نوێنەرایەتی نیشانگەراییەکان دەکەن؟ ئایا لایەنە ئاینییەکان بەپێی بایەخیان چۆن رێکدەخرێتو دەستپێدەکرێت؟ ئەخلاقو یاساو عەقیدە چۆن دەبێت؟

**هەشتەم**/ هاوبەشی ئاینی/ تایبەتمەندییو هاوبەشییەکانی ئاینو مەزهەبەکانو سنورە روونو شەفافەکانی نێوانیان چییە؟ ئایا هەر گشت بۆ سیستەمێکی تاکیی دەگەڕێتەوە یان نا؟ ئایا هەڵوێستی ئاینەکان بەرانبەر یەکتر چیییەو ئایا بنەماکانی حەقیقەتو ئەخلاقو مەعریفەو دیالۆگی گۆڕەپانی ئاینیو مەزهەبی چییە؟ ئایا حەقیقەتی دیالۆگی ئاینی چییەو ئایا دیالۆگ رێگایەکە بۆ چارەسەر، یان بەریەکدادانە ؟ سەرباری مەسەلەی تەکفیرو لەعنەتو هۆکارەکانی ئەمجۆرە مەسەلانە؟

**نۆیەم**/ ڕێبازی مەعریفەی ئاینی/ ئایا ڕێبازی مەعریفی لەئایندا، ڕێبازێکی عەقڵی ئاوێتەییە، تەفکیکیە. گواستنەوەیە. ڕەوشتییە، یان بینیگەراییە، یان پێچەوانەو پاساوە، ئایا سروشتی ئەم پێچانەوەو پاساوە چۆنەو سنوری هەریەک لەم ڕێبازانە چییە؟ پەیوەندی ئاین بەمەنتیقو ڕێبازی بیرکردنەوە چییە؟.

**دەیەم**/ فرەیی ئاینی/ ئایا هەموو ئاینەکان کێشەیە؟ ڕێژەی ڕاستیو هەڵەکردن چەندە؟ ئایا دەتوانرێت گەیشتن بەشتێک لەهەموو ڕێگاکانەوە بەدی بێت؟ سنوری داننا بۆ یەکتر لەنێوان ئاینەکان چەندە؟.

**یانزدەم**/ ڕۆلی ئاین/ ئایا ئەو شوێنەوارانەی ئاین لەژیانی تاکەکەسیو کۆمەڵگە دروستی دەکات چییە؟ ئایا ژمارەکان لەبارەی ئەم بابەتە چەندن، ئایا ئەمە کاریگەری دەروونیو کۆمەڵایەتیو سیاسی ... تد چەندە؟ ئایا ڕۆڵی ئاین لەدروستکردنو بەکردەکردنی شارستانی چییەو کاریگەری ئاین لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی چییە؟. لێرەدا پێویست بەلێکۆلینەوەی زانستی کۆمەڵایەتی ئاینو دەروونی ئاینیو زانستەکانی دیکە دەکات.

**دوانزدەم**/ کۆمەڵگەی ئاینی/ تایبەتمەندیو بنەماکانی کۆمەڵگەی ئاینی چییەو پەیوەندی کۆمەڵگەی ئاینیو مەدەنی پاش دیارکردنیان بەشێوەیەکی ورد چییە؟ هەروەها بنەمای کۆمەڵایەتی ئاینیی چییە؟ هەروەها چینی زانایانی ئاینی لەم کۆمەڵگەیەو چینایەتیو عەشایەرییو هۆزایەتی لەکۆمەڵگەی ئاینیو چارەسەری گەلێک گرفت لەم ئاستەدا دیارترینیان بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابوریو مافپەروەریی چۆنە؟.

**سێزدەم**/ مەعریفەی ئاینیو مرۆیی/ سنورەکانی تێکەڵبوونو کارتێکردنەکانیان کامەیە؟ جۆرەکانی؟ ئایا ئەمە گشتییە، یاخود دیارکراوو بەش بەشەو چۆن؟ چی لێوەبەردێت لەکاتی قوبوڵکردنو ڕەتکردنەوەی تیۆری کارتێکردنو کاریگەری مەعریفی ئاینی لەبواری مەعریفەی مرۆییەوە؟ هەروەها خودیو بابەتی بوون دەکەوێتە کوێی خوێندنەوەی ئاینیانە؟ ئایا خوێندنەوەی ئاینی

دەستبەسەرکراوە لەلایەن خوێنەرەوە، یان لەلایەن خودی دەقەکەوەو پەیوەندی نێوان دەقو خوێنەر لەژێر رۆشنایی تیۆرەکانی زمانەوانیو هێرمۆنیتیقای نویێ؟ لەسەر ئەم بنەمایە کامە موقەدەسەو دەکەوێتە کامە شوێنی ئاین؟.

**چواردەم**/ جێگیربوون- الثابتو گواستنەوەی ئاینی- التحول الدینی/ مەساحەی جێگیربوونێو گواستنەوە لەئاینو ئایا گواستنەوە هەموو شتێک دەگرێتەوە، یان نەخێرو چۆن؟ ئایا گواستراوەکە مەعریفەیی مرۆییە بۆ ئاین، یاخود خودی ئاینە ملکەچی گواستنەوەکان دەبێت؟ تیۆری مێژوویی بۆ ئاین، ئایا قورئانی پیرۆزو ئەزموونی پێغەمبەرایەتی دیاردەیەکی مێژوویی مرۆییە، هەروەها کەموکورِیو کێشەکانی ئەم تیۆرە لەباری رێبازو نێوەرِۆکەوە چییە؟ لەوانەش ئەو تیۆرانەی د. نەسر ئەبو زەیدو د. محەمەد ئارگۆنو د، عەبدولکەریم سروش هەیانە.

**پانزدەم**/ ئاینو زانست/ ئەمە گرینگترین مەسەلەیە لەقسە نوێیەکاندا، ئایا دەبێت چەمکی ئاین هێلی سوری بەدەوردا بکێشرێت، ئەنجامی کۆتایی لەبەردەم زانستدا ئەوەیە، کە رێگەی پێنادرێت زانست مافی سەربەخۆبوونی هەبێت، هەتا ئەمەش پەیوەندی بەدیاردەی گەردوونو بەدیهاتووەکانی مرۆڤەوە هەبێت، تیۆرەکانی دەروونناسیو کۆمەڵناسی، خۆرسکی ئاینو نامۆبوون، کە کەسانی ئیماندار تێیدا دەژیت، ئایا جیاوازی لە نێوان زمانی ئاینو زانست هەیە، یاخود مەسەلەکە پەیوەستە بەنێوەرِۆکو کاکلی بابەتەکەوە؟ ئایا ئێمە لەرِووی مەبدەئییەوە کەسانی عەقڵانین، یان دەقین؟.

**شانزدەم**/ ئاینو ئەخلاق/ تیۆری ئەخلاقی ئاینی چییە؟ بنەمای حەق لەکویێ دەوەستێتو ئەرکو تەکلیفکردنو تاکو کۆمەڵو وابەستەکردنو نیەتو هەڵەو سزا، ئەوانی دیکەش لەم تیۆرە؟ ئایا ئاین پاڵپشتی ئەخلاق دەکات، یان رووبەرووی دەبێتەوە؟ ئایا دەتوانرێت دونیایەکی ئەخلاقی بێ ئاین وێنا بکرێت، بەمەرجێک وابەستەیی لەبواری ئاینو ئەخلاقو مێژوو بێت، نەک واقیعی؟ ئایا هیچ زەمانێک دەتوانێت دابینی ئاینیی بۆ ئەخلاق بکاتو رێژەی

ئەخلاقو کاریگەریی لەسەر ئەخلاقی ئاینیی چەندە؟ پەیوەندی نێوان ئەخلاقو یاساو هەروەها ئەخلاقو ئاینو جوانیو جوانکاریی وەکو (ئەدەبو هونەر) لەوێناکردنی ئاینیدا چییە؟

**حەڤدەم**/ مرۆڤایەتی ئاین/ ئایا ئاین مرۆڤایەتیانە یاخود نامرۆڤایەتیانەیە؟ بابەتی مافەکانی مرۆڤی دەکەوێتە کوێی ئاینەوە؟ ئازادیو دادپەروەریی لەئاینو جیاوازیی ئاینو دەمارگیری ئاینیو ئاینو چەمکی نەتەوەییو رەگەزییو چەمکی برایەتیو یەکسانی لەئاین؟ دۆزی کەمایەتییەکانو بابەتی ئافرەتو کێشە ئاڵۆزەکانیو مافی منداڵو مافی کرێکارانو مافە گشتییەکانو پەیوەندیان بەچەمکی دەسەڵاتەوە، دوای ئەوەی وەکو مافی گشتی دیاردەکرێت؟ سیستەمی سزادانی تاوانو داد لەئاینو مەسەلەی لەسێدارەدانو شێوازەکانیو هەڵگەڕانەوەو گونجانی مرۆڤ تێیاندا؟.

**هەژدەم**/ ئاینو ئەفسانە/ پەیوەندی نێوانیان لەڕووی نێوەڕۆکو زماندا، نهێنی گەشەکردنی ئەفسانە لەمەساحەی ئایندناو تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەو حەقیقەتی ئاینی؟ ئایا لەیەکچوونی مێژوویی لەنێوان ئاینەکانو ئەفسانەدا وامان لێدەکات حوکمێک بدەین؟.

**نۆزدەم**/ ئاینو ئایدیۆلۆجیا/ پەیوەندی نێوان ئاینو ئایدیۆلۆجیاو ئەو رێژەیەی لەنێوانیاندا هەیەو پێناسەی ئایدیۆلۆجیا بەشێوەیەکی روونو ئاشکراو بابەتی مردنی ئایدیۆلۆجیاو کاریگەری بەسەر ئاینەوەو هەڵوێستی ئاین لێی؟ کێشەکانی پراگماتیکیو هەڵوێستی ئاین بەرانبەری؟.

**بیستەم**/ ئافاتی ئاین/ ئایان یەکسانە بۆ هەمووانو دەمارگیریشە، پەڕگیری ئاینیو تاکڕەویەتیو خۆبەباڵاکردن لەئاینو کەسیەتیو جەنگو کەبتی سێکسییو فکری، تیرۆر بەهەموو شێوەکانییەوە، توندتیژییو رەقیو ... تد. شیکردنەوەی بەشێوەیەکی زانستیو پێشکەشکردنی وەڵامێکی پڕبەپێست.

**بیستو یەک**/ توێژینەوەی گۆتنو ئاخاوتن/ وەکو قسەکردن لەسەر مەسەلەی

رۆح، جن، شەیتان، خوای گەورە، وەحی، موعجیزەو مەلائیکەتو مەلایەتیو باشیو خراپیو مەسەلەی ئادەمو خیلافەتو هەموو ئەو مەسەلانەی دیکە، کە لەم بوارەدا بەکاردێن،

**بیستو دوو**/ چاولێکەریو نوێخوازی لەئاین/ ئایا ئاین چەند توانای نوێبوونەوەو نوێخوازی تێدایە؟ ئایا چوارچێوەی ئەم گەشەکردنە چییەو چۆن دەتوانرێت ئاین زیندوو بکرێتەوەو پەرەی پێبدرێت؟ خوێندنەوەی پشکنینو رەخنەی وەکو ئەزموونی زیندوکردنەوەی ئاین لەلایەن (جەمالەدین ئەفغانی، محەمەد عەبدە، عەبدولرەحمان کەواکبی، محەمەد حوسێن ئەلنائبی، خومەینی، محەمەد باقر سەدر، مورتەزا متەهەری، عەلی شەریعەتی، محەمەد رەشید رەزا، مەحموود شەلتوت، موحسین ئەمین، محەمەد ئیقبال، مالک بن نەبی) ئەمانە لەسەر ئاستی ئیسلامدا، هەروەها (پرۆتستانتییەکان بەهەموو جۆرەکانییەوە لە ئاینی مەسیحیدا). توانای ئاین بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژیان. (هشام الرس /http://www.hiramagazine.com –)

هەروەها دەتوانرێت لەبوارێکی دیکەدا، خشتەیەکی لەمجۆرەی خوارەوە بۆ جۆرەکانی گوتاری ئیسلامیو نێوەڕۆکو بابەتەکانیانو ئەو لایەنو گروپو کەسانە دروست بکرێت، کە نیشانی دەدات چەندجۆرە گوتار هەیەو ئاڕاستەو پێکهاتە سەرەکییەکانی گوتاری ئاینی لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا چینو تێکڕای ئەو شێوەو بابەتو باسانەی هەریەک لەجۆری گوتارەکانی پێدەناسرێتەوە کامانەن؟. ئەم نەخشەیە لەتوێژینەوەکەی . (هشام الرس -http://www.hi ramagazine.com/) وەرگیراوە.

| دیارترین نوێنەرە قسەکەرەکانیان | تێکڕای دۆزو بابەتەکانی | هەندێک لە سیماتەکانی | جۆرەکانی گوتاری ئیسلامی |
|---|---|---|---|
| ئیخوان موسڵمین | کۆمەڵگە، ئافرەت، خێزان، بوژانەوە، رێنسانس | رێکخستنە، جوانکاردن | گوتاری رابوونی ئیسلامی |
| شێخ ئەلعیثمین، شێخ باز، شێخ ئەلبانی. | سەلەفە، سوننەتە، عەقیدەیە، لایەنیو خۆبێلایەن کردن، لێزیادکرن (بیدعە) | رابردووە، گوستنەوەیەو وەرگرتنە، پیشەیی، چاولێکەرییە | گوتاری سەلەفی |
| بەدیع زەمان نەورسی، یْشخ ئەحمەد زروق. | ئەخلاق (پێغەمبەری خودا)، رەوشت، بەهێزکردنی رۆحو دەروون | عیرفانی، رۆحی، ئەخلاقی، مەعنەوی | گوتاری سۆفیگەری |
| گروپی دەعوەو تەبلیغو هەندێک لەبانگەوازخوزەکان | چاکسازی، تاک، کۆمەڵگە، کۆتایی دونیا، باشی بوونەوەر، خوورەوشتی ئیسلامی | سەرنجراکێشی، ناهەستەکی (نەست)، کاریگەریی، هاندەریی، تۆقاندن، ئامۆژگاری، ویژدانی، سۆزئامێز | گوتاری بانگخوازی/ |
| تەها عەبولرەحان، محەمەد ئارهوب، عەبولوەهاب ئەلمسیری، فەتحی یەکن، پەیمانگای جیهانی بۆ فکری ئیسلامی | رۆشنبیری، شارستانی، مێژوویی، پێشکەوتن، سەردەمی نوێخوازی، جیهانگەرایی، بەها | عەقلانی، رەخنەیی، فەلسەفی | گوتاری فکر/ هزری |
| حێزبوللاو بزاڤی حەماسی ئیسلامیی | حوکمو دەسەڵاتە | حجاجی/ پاساوهێنانە، جۆشدانە، ئایدۆلۆجی، گەرمکردنو گێلاندن | گوتاری سیاسی |
| طه حسین، مصطفی ناصف | رۆشنبیری، عەقڵی، رەوانبێژی زمانی ئەدەبی، شعر | داپۆشراو، رێنمایکاری، رەمزی | گوتاری ئەدەبی لەدڵەڕاوکێ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گوتاری فێرکاری | ڕێنمایی‌و ئامۆژگاری‌و ئاڕاستەکردن | زانستی ئاینی، تەفسیر، زانستی تێگەیشتن لەشەرع (فیقیهە)، مێژووی ژیانی پێغەمبەر و بنەماکانی | بەشێک لەزانێو پیاوانی ئاینییە. |
| گوتاری کافراندن‌و پەڕگیر | شکاوە بەسەر خۆیدا، ترسێنەرە، پیشەییە، دابەشکردن | ئەوی دی سونەی کافرە (الآخر الكافر السنة)، تێکۆشان(جیهاد)، پێشینی (سەلەف) | قاعیدە، سەلەفی جیهادی تەکفیریی |
| گوتاری ئاینی زانستیی | ئەوانەی بەبەڵگە کار دەکەن (ئیستدالالییە وەکو ئین عظمی زاهیری)، ، بەراوردکارییە، بەڵگەهێنەرەوەیە | رونکردنەوەی لایەنی ئیعجازی قورئانە لە واری پزیشکی‌و زانستی حەقدا. | هارون یەحیا، د. زەغلول ئەلنەجار، کۆمەڵەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان‌و سونەت. |

## ٤-٨ ئاین‌و گوتاری ئاین

پێش ئەوەی باسی گوتارو بایەخەکانی‌و پەیوەندی بەئاین‌و کاریگەرییەکانی‌و ئەو ئاڕاستانەی بکەین، کە گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پێیەوە بەندە، پێویستە باسی ئاین بکەین، بزانین لەڕوانگەی هەندێک فەیلەسوفی رۆژئاوایی ئاین چییە، چ دەگرێتەوە، ئاین لەسەردەمی نوێدا، لەسەردەمی دەوڵەت‌و سیاسەتدا پێگەو رۆڵی چییە؟

ئەگەر بمانەوێت باسی رۆڵی ئاین لەکۆمەڵگەی کوردیدا بکەین، ناتوانین لەتێڕوانین‌و هزری خەڵک لابدەین، وەکو چۆن ناتوانین لەپێناسە باوە گشتگیرەکانی پیاوانی ئاینی‌و خودی ئاینیش لابدەین، چونکە گەلێک کەس پێیان وایە ئاین واتای خواپەرستی دەگرێتەوە، ئاین ئەو چوارچێوانە دەگرێتەوە، کە ئاین دیاری کردووە، ئەویش بریتییە لەسزاو پاداشت، لەبەختەورەیی‌و چاوەڕوانی دۆزەخ، ئاین بریتییە لەچاکەو لێپێچانەوە لەخراپە.

واتە راستگۆییو لادان لەڕاستگۆیی دەگریتەوە. ئیمانداریيە، بەرانبەر گومڕایی، بڕوا بەخواپەرستنو زیندووبوونەوەیە. بەڵام ئەمڕۆ لەژێرکاریگەری گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا کەسانو گروپێکی ئاینی، یان خەڵکی دیکە بەنێوی ئاینی سیاسی دروست بوون، لەژێر کاریگەری دەوروبەر، باری کۆمەڵایەتی بیردەکەنەوەو ئاین بەسیاسەتو دەوڵەتداری دەشوبهێنن. هیچ هەڵەیەکی زانستی ناکرێت ئەگەر بڵێین ئاین بەشێکە لەباری کۆمەڵایەتیو رزگاکردنی مرۆڤ. واتە ئاین لەهێزێکی رۆحی خواپەرستی، دەکەنە هێزێکی فەلسەفییو فکریو لەژێر کاریگەری عەقڵیو شیکاری کۆمەڵایەتی وابەستەی دەکەن بەتاک، بەرژەوەندی کۆمەڵایەتیو تەنیا دیموکراسیو ئازادی تاکەکەسی، کە بنەمای فکری علمانی رۆژئاواین، ئەم بۆچوونانە دەکەنە چەمکە بنەڕەتییەکانی پێناسە کردنەوەی ئاین. هەشیانە لەژێر کاریگەری تیۆری (نوێخوازی دوای نوێخوازی) ئیسلامی داوای دەوڵەتی ئیسلامی دەکاتەوە پێوانە بۆ بیناکردنەوەی ئیسلامی سیاسی.

مەسەلەی نوێبوونەوەو نوێخوازی لەگوتاری ئاینی لەکۆمەڵگەی عەرەبیداو لەو شوێنانەی لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەیە لەڕێگەی کۆمەڵایەتی، یان رۆحی ئاینی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، وەکو باسێکی هەنووکەیی شیکردنەوەی بۆ دەکرێت. دیارە رەهەندەکانی نوێبوونەوە لەئاینیش رەهەندەکانی (دەق، رۆحی، کۆمەڵایەتی) لەخۆدەگرێت. یەکێک لەو لایەنانەی کاری لەبارەوە دەکرێت پەیوەندی بەچۆنیەتی رووبەروبوونەوەی توندوتیژییو تیرۆرە، بۆیەشە بۆ جیاکردنەوەی گوتار لەنێوان ئاینو ئیسلامخوازی، یاخود لەنێوان گوتارێکی ئاینیو گوتارێکی ئاینخوازیی، کە خۆی لەجیاکردنەوەی (گوتاری ئاینی لەگەڵ چەمکی ئاین) دەبینێتەوە، چونکە پێیان وایە ئاین شتێکی رۆحی جێگیرەو گۆڕانی تێدا روونادادتو داهێنراوێکی خوداییە، بەڵام گوتاری ئاینی لەدەستکردی مرۆڤە، بۆیە گوتار دەبێتە هۆکارێک بۆ چۆنیەتی دەربڕینی بۆچوونەکان لەبارەی رۆحو لایەنە چەسپیوە نەگۆڕاوەکانی ئاین. بۆیەشە لەڕاستیدا دەبینرێت، کە وشەی توندتیژانە دەگۆڕیت بۆ کردەی توندتیژانە.

بۆیەشە هەندێک پێیان وایە، کە بەکارهێنانی ئاین لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ شەریعەتدان بەدەسەڵاتەکەی، یان بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئاینی هەردووکیان لەگەڵ رۆحی ئاین نایێتەوە. (شریف درویش اللبان: http://www.acrseg.org/).

کاتێک لەم روانگە کراوەیە سەیری رۆڵی گوتاری ئاینیو نوێبوونەوە لەبۆچوونو فکری ئاینی لەئەنجامی گۆڕانە خێراکانی کۆمەڵگە دەکرێت، دەردەکەوێت، کە رەخنەگرتن لەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئاینو خستنەگەڕی لەپێناو بەدیهێنانی مەبەست لای (دەسەڵاتی سیاسی بێت، یان خودی گروپە ئیسلامییەکان) بێت، زیان بەچەمکو تێگەیشتن لەحەقیقەتی ئاینی دەگەیەنێت. تەنیا رۆژنامەی ئەلحەیات لەبۆچوونەکانی لەبارەی رۆڵی گوتاری ئاینی دەڵێت، کە هەندێک لەوڵاتە عەرەبییەکان لەسایەی بەهاری عەرەبیدا، بەرەو سەرکوتکردنی ئاینی دەچێت، ئەمەش وابەستەیە بەپاشماوەی ئەو سەرکوتکردنەی ئاسایشی وڵاتەکان بەجێیان هێشتووە. هوشداریش لەبارەی سەرکوتکردنێ ئاینی دەدات، کە ترسناکترینیانە. بۆیەشە هەمان رۆژنامە لەبارەی (ناسنامەی ئاینی گوتار) لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا پێی وایە بانگەشەکردن بۆ ناسنامەی پیرۆز رێگر دەبێت لەبەردەم هەموو ناسنامەکانی دیکە. ئەمەش وادەکات لەسەر خودی خۆیدا پیادەبکرێتو بەمەش بەرەو ناسنامەی ئایدیۆلۆجی دەچێت، بۆیەشە بەرهەمهێنانی ئەمجۆرە گوتارە لەکۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامیدا (عەفوی/ رەشۆکی بوونو سۆزئامێزو لەسەر بنەمای منی باڵاو ئەوانی دیکەو رەتکردنەوەو قبوڵنەکردن) بەرێوەدەچێت. بۆیەشە مەسەلەی (عقلو نقل) پەیوەستە بەململانێی نێوان ئاینو سیاسەت. (شریف درویش اللبان: http://www.acrseg.org).

بینیمان دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئیخوانەکان لەمیسرو لەهەندێک شوێنی دیکە، گوتاری ئیسلامی سیاسی جۆرێک لە(هەڵچوونی سۆزئامێزانەی) بەخۆیەوە گرت، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی لای هەندێک لەگروپە ئیسلامییە

کوردییەکانیش رەنگی دایەوە، وەکو چۆن دوای لادرانی ئیخوانو زیندانی ئەندامەکانیان، بەپێچەوانە بەجۆرێک لە(هەستکردن بەشکانو پاشەکشە) لەڕووی دەروونییەوە لەسەر خۆیان رەنگی دایەوە. بۆیەشە وەکو رۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنی لەتوێژینەوەیەکیدا، کە دەربارەی ئیسلامی سیاسی لەدوای بەهاری عەرەبی کردوویەتی دەڵێت: گوتاری ئیسلامی سیاسی ئاماژەبوو بۆ زاڵبوونو سەرکەوتنو خۆفەرزکردن لەنێو رەوشتی سیاسی ئیسلامییەکان سەریهەڵدا. چەمکەکانی (توانا‌داری، الاستخلاف، حوکمداری) شوێنی چەمەکەکانی (بەشداری، فرەیی‌و هاوکاری‌و هەمەجۆری‌و جیاوازی) گرتەوە، کە کۆمەڵێک زاراوەن، وابەستە بەخۆسەلماندنی ئیسلامییەکان لەقۆناغی گواستنەوە بۆ پەیداکردنی (هێزو توانا‌داری) نیشانی دەدەن. (شریف درویش اللبان: http://www.acrseg.org).

ئەم رەوشتە مرۆییە، پەیوەستە بەدەوروبەری خودی مرۆڤ، نەک ئاین، چونکە دەقە پیرۆزەکانی ئاین چەسپویوونو کاردانەوەی ئەرێنی‌و نەرێنی نیشان نادەن، تەنیا شیکردنەوەو ئیجتهادی مرۆڤەکان نەبێت. ئەوەی روودەداتو گوتاری ئاینی دەبێتە دەربڕی، هەڵسوکەوتو بیرکردنەوەو شێوازی رەوشتی خودی مرۆڤەکانە، کە بەنێوی ئیسلامی سیاسیی بەرهەمی دەهێننەوە. بۆیە ئاساییە گوتاری ئیسلامی سیاسی بەگونجاوترین پێناسەی خودی گوتاری ئاین دانەنرێت، بەلکو وەکو پێوانەو ناسنامە بۆ فکری سیاسی ئیسلامی دابنرێت، کە ئەو کاتە رەخنەلێگرتنو هەڵوەشانەوەی هەندێک لەچەمکە هاوچەرخەکانیان، کە لەقۆناغی دەرەوەی (هێزو توانا‌داری) بەکاری دەهێنن لەبارتر دەردەکەوێت، بەراورد بەو چەمکانەی، کە لە(دەسەڵاتو حوکمداری) بەرهەمی دەهێنن. ئەم شیکردنەوەیە پەیوەستە بەچۆنیەتی تێڕوانین لەنوێبوونەوەی گوتاری ئیسلامی‌و ئاینی، لەهەمان کاتدا بەشێوە گشتییەکەی دەکرێت وەکو پێوانەکردن لەنێو گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستانیشدا جێبەجێ بکرێت، چونکە گوتاری ئۆپۆزسیۆنبوونی ئیسلامییەکان، گوتاری سەرکەوتنو وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئیخوانەکانی

میسرو دەرکەوتنی راپەڕینی عەرەبی، گۆڕان بەسەر هەندێک چەمکی ئەو تەوژمە ئیسلامییەش لە کوردستاندا دەهێنێت، کە دەکرێت گریمانەی کرانەوەیەکی ئەرێنی سەردەمیانەو هاوچەرخانە لەبیرکردنەوەو نەرێیش وەکو پاشکۆبوون بۆ فکری ئیخوانی بکرێت.

## ٤-٩ ئاین لە نێوان ئەکێکسی دوو تۆکڤێلو ماکس ڤێبەر

لەنێو خودی کۆمەڵگەی رۆژئاوایدا، کە بنەمای جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەتیان داهێنا، تێڕوانینی جودا بۆ پێناسەکردنەوەی ئاین، واتا گوتاری وەبەرهێنانەوەی ئاین هاتە ئاراوە، لەنێو خۆشیاندا لەدوو کۆمەڵگە، یان لەدوو دۆخی کۆمەلایەتی جودادا، پێناسەو پێگەو رۆڵی ئاین دەگۆڕێنو گۆڕانی بەسەردادێت. واتە گوتاری ئاینی، لەیەک دۆخدا نییە، بەڵکو گوتارێکە بەپێی فکرو شیکارو پێگە کۆمەلایەتییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، کە ئەمرۆ لەگوتاری هاوچەرخبوونو نوێبوونەوەو جیهادییەکان لەلایەکی دیکە، یان توندڕەویی دەردەکەوێت.

(تۆکڤیل) پێچەوانەی زۆر زانای دیکە پێی وایە (لەگەڵ مۆدێرنیزەکردنو بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگەکان فاکتە ئاینییەکان بەهێزتر دەبنو بەردەوام خۆیان بینادەکەنەوەو مۆدێلی نوێی خۆنمایشکردن لەنێو کۆمەڵگە دیموکراتەکاندا دەدۆزنەوە). (کۆمەڵێک نووسەر: ٢٠٠٨،٥٧). ئەمە پێوانەیەکی پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو گوتارەی رەخنە لەئاین دەگرێت، ئاین بەسەرچاوەی بەدکارییو زولمو دواکەوتن لەکۆمەڵگە دادەنێت. واتە بەپێی بۆچوونەکانی (تۆکڤیل) فاکتی ئاینی وابەستەیە بەپێشکەوتنی کۆمەڵگە. کەچی رەخنەگرانی ئاین، پێیان وایە فاکتی ئاین وابەستەیە بەدواکەوتنی کۆمەڵگە، تەنیا لەرۆژهەلاتی نێوەڕاستدا زۆر لەتوێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن هەژاریو دواکەوتنو نەخوێندەواری بەشێکنو کاریگەرن لەکارابوونی فاکتی ئاینی، دەرکەوتنی توندوتیژی ئاینی.




هێلکاری ژمارە (١١) سێ هۆکاری بەرهەمهێنەری گوتاری توندوتیژی ئاینی

واتە ئەم سێ کۆڵەگەیە دەبنە هاندەری دەرکەوتنی گوتاری توندی ئیسلامی سیاسی. لەمەش قوڵتر وەکو ئاماژەمان پێکرد، کۆمەڵگە دۆخی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە لەسەر دیارکردنی رەوشی ئاینی. لەمبارەوە (پیەر بوریێتز) پێی وایە، کە (لێکدژی نێوان مۆدێلی ئەمەریکیو مۆدێلی فەرەنسی لەوەدایە، کە لەوپەڕی ئەتلەنتیکەوە ئەمەریکا ئەولەویەت دەدات بەئازادیی ئاینی بەڕادەیەک،

کە لەیەک جیکاردنەوەی ئاینو دەوڵەت گرفت دروست ناکاتو وەکو شتێکی سروشتی سەیر دەکرێت. لەمبەری ئەتلەنتیکشەوە فەرەنسا ئەولەویەت دەدات بەخەیاڵدانی جەنگ دژی کۆنەپەرستیو رزگاربوون لەئیمانو بیروڕا ئاینییەکان). (هەمان سەرچاوە: ٥٧).

بەڵێ ئاین لە ئەوروپای ئازادا بەشێوەیەک کالبۆتەوەو ئاین لەدەوڵەت جیاکراوەتەوە، ئیماندارەکان بەزەییان پێی دێتەوە، تا دەگاتە ئەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسی رۆژهەلاتی، وەکو فریاد رەسێکی نوێ بیەوێت ئەوروپا لەخنکانی نێو لافاوی بێ دینی رزگار بکات، کەچی زانایەکی سۆسیۆلۆجی وەکو (تۆکڤیل) دەڵێت: (کریستانیسم قوولایی مۆراڵی سەردەمی مۆدێرنە) پێشی وایە، کە (رۆژێک دادێت، کە ئاین لەکۆمەڵگە دیموکراتەکاندا خۆی وەردەگێڕێتە سەر رێکەوتنێکی کۆمەلایەتی نێوان ئەکتەرە کۆمەلایەتییەکانو لەم بەهایەدا کورت دەکرێتەوە). (هەمان سەرچاوە:٦٤).

عەدالەتو دادپەروەرییەی، کە هەنووکە بەفراوانیو بەشێوەیەکی گشتی بانگەشەی بۆ دەکرێت، بۆتە چەمکێکی هاوبەش لەنێوان عیلمانییەکانو ئیسلامییە سیاسییەکانیشدا، تەنیا لەو شوێنانەی گوتاری ئیسلامی سیاسی بەکارهێنانی ئەم چەمکانە لەقازانجی پتەوکردنی زەمینەی دانانی پێیەکانیان دەزانن، وای شیدەکەنەوە، کە گوتاری ئیسلامی خاوەنی راستەقینەی ئەم چەمکانەیە، لەکاتێکدا، ئەم چەمکانە چەمکی کۆمەلایەتی - رۆژئاوایی بزاڤی نوێبوونەوەن لە ئەوروپادا. بۆیەشە یەکسانیو دادپەروەریی لای (تۆکڤیل) ئاڕاستەو دەرەنجامێکی جیا لەو ئەنجامەی دەبێت، کە گوتاری سەردەمی نوێخوازی بانگەشەی بۆ دەکات. ئەو پێی وایە هەستی هەنگاونان بەرەو گەردوونی یەکسانی هەڵومەرجەکان ببنە هەڕەشە بۆ سەر ئازادی تاکەکان، نەک بەهێزکردنی ئازادییەکانیان وەکو دەڵێت: (ئەم هەستە وا لەهەر هاولاتییەک دەکات کەرێگەی گۆشەگیری بگرێتە بەرو بۆ خۆیو بەتەنیا لەگەڵ خێزانو هاوڕێکانیدا بژیو خۆی بەدوور بگرێت لەو شتانەی لەدەوروبەری روودەدەن. لێرەوەیە تاک کۆمەڵگەیەکی بچووک بۆ خۆی دروست دەکاتو پشت دەکاتە

کۆمەڵگەی گەورەو بەرژەوەندیو گردەوەکانی). (هەمان سەرچاوە:٧٤). تادەگاتە ئەوەی ئەم زانایە لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا پێ وابێت، کە زۆرینە واتای خۆسەپاندنە، تەنیا پێی وایە لەکۆمەڵگەی ئەمەریکیدا بەهۆی دیموکراسی (ئیمان هێنان بەرای گشتی دەبێت بەئاینێک، کە پێغەمبەرەکەی ئەو شتەیە، کە نێوی دەنێین زۆرینە). (هەمان سەرچاوە:٧٢).

ئەم شیکردنەوەیە ئەوە دەردەخات، کە مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکەکان لەنێو گوتاری ئیسلامی سیاسیدا، هێندە رۆدەچێتە نێو زەوینەی سیاسی، هێندە بایەخ بەبنەما کۆمەڵایەتییەکان نادات. لەکاتێکدا ئیسلامی سیاسی بیرو هزری رۆژئاوا بەسەرچاوەی کارەساتو نەمانی مرۆڤایەتی دەزانێت، لەهەمان کاتدا زاراوە سیاسییە باوەکانی وەکو (دادپەروەرییو عەدالەتو ئازادی سیاسیو ئازادی تاکو مافی مرۆڤ) بەئاسایی دەکەنە بنەما بۆ دەرکەوتنی مۆدێرنبوونی گوتارەکانیان، لەکاتێکدا ئەم چەمکانە چەنکی رۆژئاواییین، تەنیا هەندێک دەیانەوێت گوتاری نەتەوەیی ئاینی بکەنە بنەمایەکی نوێ بۆ گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

لەهەمان کاتیشدا (ماکس ڤێبەر) پێی وایە فاکتی ئاینی پەیوەستە بەرەهەندە لکاوەکان بەخودی مرۆڤەکانەوە، ئەم رەهەندەش لەرووبەڕوبوونەوەی بەردەوام دایە، لەگەڵ ناعەقڵانیەتی جیهانداو لەچەندین فۆرمی ئێکستریمدا دەردەکەوێتو ئەوەی چوارچێوەی ئەم فۆرمانە دیاری دەکات قۆناغە جیاوازەکانی شارستانەیەتو کۆمەڵگەیە. (هەمان سەرچاوە:٩٨)٠ ئەمەش بەئاسانی بەرێوەنەجوو، چونکە بۆچوونەکانی (ڤێبەر) لەچەند بوارێکی فەلسەفیو سیاسیو ئەکادیمیو میتۆلۆجیو لایکۆ- ئاینی تووشی گرفت هات، لەباری سیاسییەوە پێکهاتەی ئاینی رۆژئاوا بەئاسانی قبوڵی فکرەکانی ئەویان نەکرد. ئەوان وەکو مەترسییەک تەماشایان دەکرد، مەترسی سڕینەوەی سنورەکانی نێوان ئایدیالیستمو ماتریالیسمو ئاینو مۆدێنرێنتیو عەقڵانیەتو ناعەقڵانیەت بوو). (هەمان سەرچاوە:١٠٣). لای ڤێبەر لێکدانەوەی هۆکار،

هەروەها دوور کەوتنە لەتاکڕەهەندی لەلێکدانەوەی مێژوو، سۆسیۆلۆجیا کارێکی پێویستە. بۆیەشە کاتێک شیکاری گوتاری ئیسلامی سیاسی دەکرێت، نابێت هۆکارەکان لەبیر بکرێن، هەروەها ناشبێت تاکڕەهەندانە سەیری دەرکەوتنو گۆڕان، یان شێوازە مۆدیرنەکانی ئەم گوتارە بکرێت، کە ئیسلامی سیاسی بەرێوەی دەبات. بۆیەشە گرینگە لە ڤێبەرەوە فێری ئەوەبین، کە ئەوە هەرچەندە (گرنگی دەدات بەفاکتەری ئابووری، بەڵام بەپێچەوانەی مارکسیسمەوە، بەتاکە هۆکاری لێکدانەوەی داهاتووی کۆمەڵگەی نازانێت. ڤێبەر پێی وایە بۆ راڤەکردنی رەوتی مێژوو، دەبێت تێبگەین لەو مانایانەی مرۆڤەکان بەکردەکانیان دەبەخشن). (هەمان سەرچاوە:١٠٧).

بەمە دەردەکەوێت (تێگەیشتن، فرە رەهەندی، مانای کردەکانی مرۆڤ) سێ بنەمای گرینگ دەبن، بۆ تێگەیشتن لەنێوەڕۆکو ئامانجو ئاڕاستەکانی گوتاری سیاسی ئیسلامی. بێگومان ئەمە باسێکی گشتییە، دەکرێت بۆ شیکردنەوەی گوتاری سیاسی عیلمانیو زانستیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەییو ... تد بەکاربهێنرێت. واتە ئێمە باسی زانست بەواتا فراوانەکەی دەکەین، نەک تایبەتکردنی بەتەنیا رەهەندێکو لایەنێک.

کاتێک بمانەوێت بایەخی ئاین لەنێو گوتاردا دەست نیشان بکەین، یان نێوەڕۆکو بایەخو ناسنامەی کەسەکان لەرێگەی گوتارەوە بناسینەوە، دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەو بۆچوونەی (ڤێبەر)، کە کاری لەسەر کردووەو پێی وایە ئاینەکان بەردەوام رووناکیان خستوەتە سەر قیامەت وەکو دونیایەکی تر، بەڵام لەگەڵ ئەم واقیعەشدا بەشێکی زۆری ئەو سلوکو رەفتارو پراکتیکانەی، کە تاکەکان لەژێر کاریگەری ئایینەکاندا بەرهەمی دەهێنن ئاڕاستەی زەوی دەکرێتو لەجیهانی ئێستاماندا دەسوڕێتەوەو لەپێناوی بەدەستهێنانی بەختیاری دونیایی دایە. (هەمانس ەرچاوە:١٠٩).

کەواتە ئەوە تێدەگەین، کە گوتاری ئاینی، یان ئیسلامی سیاسی نابێت بخرێتە دەرەوەی (سەبەب/ هۆکار)، نابێت (تاکڕەهەندانە) لەدەرەوەی

دۆخی کۆمەڵایەتیو گۆڕانکارییەکان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هەروەها ئەگەر لەفەرەنسا ئاین دەربازبوون بێت لەکۆنەپەرستی، لەئەمەریکادا ئاینو سیاسەت هاوشانی یەکتر کاردەکەنو لێکجیا ناکرێنەوە. ئەم بۆچوونە لەکاتی بەراوردکردن لەنێوان گوتاری سیاسی (ئیخوانو جیهادییەکان)، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانو کۆمەڵی ئیسلامیو بزوتنەوەی ئیسلامیو سەلەفییەکانو مەلای کلاسیکی حوجرەکاندا، چەندە جیاوازیو چەندە هاوبەشیمان بۆ ساخ دەکەنەوە؟. گرینگ خودی قەپێلکو شێوە باوەکەی گوتارەکە نییە، بەڵکو (مەبەستو ئامانجو شێوازی گەیاندنو بەکارهێنانی زمانو ئاستەکانی زمانو رەوانبێژیو چۆنەتی ئەداکردنی) نێو گوتارەکە گرینگە.

ئەگەر لەو روانگەیە، کە بڕوای وایە (ئیسلام واتا سیاسەتو ئامانجی مرۆڤە) وەکو قەرزاوی بڕوای وایە، شیکاری ئاینو گوتاری ئاینی بەشێوەیەکی هاوڕێک لەگەڵ سیاسەت دێت، پێچەوانەیان زۆر کەمە، لەچاو پێچەوانەییەکان، بێگومان ئەمەش لەڕوانگەی سۆسیۆلۆجیا کارێکی گونجاو دەبێت، نەک رۆحی ئاینی. وەکو یەکێک لەسەرکردە ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستان باسی دەکات، هەنووکە لە کوردستانو عێراق وەکو سەرجەم وڵاتانی دیکەی موسڵمانشینی جیهانی ئیسلامیی، بەگشتیی دوو تەوژمی فیکرییو سیاسی هەن، کە بریتین لە : تەوژمی ئیسلامییو تەوژمی عەلمانی. هەروەها بەمجۆرە پێناسەی هەردوو تەوژمیش کراوە:

**یەکەم**/ تەوژمی ئیسلامیی ئەو کۆمەڵە خەڵکەن، کە دەیانەوێت ژیانو گوزەرانی تاکو خێزانو کۆمەڵایەتیو سیاسییو ئابووریو ... تد خۆیانو کۆمەڵگەکان لەبەر رۆشنایی قورئانو سوننەتداو لەسەر بناغەی شەریعەت رێکبخەنو بگوزەرێنن.

**دووەم**/ تەوژمی عەلمانی ئەو کۆمەڵە خەڵکەن، کە دەیانەوێت ئاینو شەریعەتی خوا لەرێکخستنی ژیانو گوزەرانی تاکو کۆمەڵایەتییو سیاسییو ئابوورییو ... تد خۆیانو کۆمەڵگەکانیاندا، پرسی پێ نەکرێتو حیسابی بۆ نەکرێت.

مەگەر لەچەند مەسەلەیەکی شەخسیو رووحیدا. (عەلی باپیر:٢٠١٥،٢٥).

بەپێی ئەو گوتارە ئیسلامییەی لە کوردستاندا کار دەکات، لەڕێگەی قسەکانییەوە کردەیەکی فکریو سیاسی دابڕێژێت، ناتوانێت لەئیلتزام بە(قورئانو سوننەتو شەریعەت) دەربازی بێت، لەکاتێکدا ئەو باسی دۆزی (کەسێتیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسی) دەکات. ئەم گوتارە بۆ ئیسلامی سیاسی زۆر راستگۆیانەیە، بزاڤە ئیسلامییەکان کار بۆ بەدیهێنانی گوتارێکی وادەکەن، کە لەژێر شەریعەتی ئایندا، ئاینی ئیسلام بەجەختکردنەوە، نەک ئاینێکی دیکە، بگوزەرێنن. کەواتە لێرەدا (کۆمەڵێک خەڵک) هەیە، نەک نەتەوە، هەروەها لەسیستەمی عەلمانیشدا بایەخ بە(نەتەوە) نەدراوە، بەڵکو (کۆمەڵە خەڵکێک) رۆڵ دەگێڕێت. واتە ئەگەر وای دابنێین، کە ئیسلامی کۆنو هاوچەرخ، یاخود ئیسلامی وابەستە بەدەقی باڵاو هاوچەرخ هەیە، وەکو (ئارگۆن) ئاماژەی بۆ دەکاتو دەڵێت: ئەمڕۆ ئیسلامی هاوچەرخ ئەوە دەزانێت، کە ئەو بەها ئەخلاقیو فیقهیو یاساییانەی سیستەمی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەوڵەتی تەقلیدیی ئیسلامی پشتی پێدەبەست، بۆ ئەمڕۆ بەسەرچووەو لەهەموو لایەکدا رەت دەکرێتەوە، چونکە ئەمانە شتگەلێکن کۆن بوونو لەگەڵ ئەم چەرخەدا ناگونجێن. (محمد ئارگۆن:٢٠٠٥،٦١).

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە جیاوازیو رکابەریش لەسەر چۆنیەتی بەکردەکردنی فکری ئیسلامی لەم سەردەمەدا دروست دەبێت، ئەم جیاوازیەش ئاساییە سونەو شیعەی لێدروست بێت، ئیخوانو سەلەفی لێپەیدا بێت، هەروەها رێبازە فکرییەکانی ئاین بێنە ئاراوە، بۆ؟ چونکە (سەبارەت بەئیسلامی هاوچەرخ دەبینین چوونە نێو کاری سیاسی لەشتەکانی دیکە گرنگترە). (هەمان سەرچاوە:٢٠٠٥،٦١). لێرەدا بەپێی شیکاری پراگماتیکی دەردەکەوێت، کە کردەقسە لەگوتاری ئیسلامی سیاسیدا، کردەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی سەردەمانەیە، بەزاراوەو شێوەیەکی کۆن. واتە ئەم گوتارەی ئەمڕۆ لەچوارچێوەی ئایندا پێشکەش دەکرێت، گوتارێکە خاوەنی ناکۆکیو دژەبەیەک

بوونیشـە. ئـەم دۆخـە لەنێو گوتـارە جیاوازەکانو هـەروەهـا ڕەنگە لەنێو خودی یـەک گوتاریشـدا بـەدی بکرێت.

لەهەمان کاتدا ئەم گوتارە ئیسلامییە وەکو فکرو شیکردنەوە لەچوارچێوەی دەقدا هەڵسوکەت دەکات، نەک لەکردەوەو واقیعدا، دەنا دەیان وڵاتی ئیسلامی هـەن، بەجۆرێک سـەرکوتکردنو زولـمو پێشـێلکاری تێدا ڕوودەدات، لەکۆمەڵگە عیلمانییەکاندا وێنـەی نەبووە. ناتوانرێت هەنگاوی سـەرکەوتوانە بنیرێت بۆ شیکاری پراگماتیکیانـە گوتـار، لـەدەرەوەی دەرووربـەری کۆمەڵایەتـی. بۆیەشـە دەڵێم شـیکاری پراگماتیکی، چونکە ئیسـلامییەکان بۆ ئـەوەی گوتارێکـی ئاینـی دانەبڕاو لەسـەردەمەکە دروسـت بکـەن، بایـەخ بـەزاراوە سیاسـیو ئابووریو کۆمەڵایەتییـەکان دەدەن ، هـەروەهـا (عەلـی باپیـر)، بۆ نیشـاندانی ڕاستگۆییو سـەرڕاسـتی گوتـاری ئیسـلامی سیاسـی، دەڵێت: (هـەرچـی ئیسـلامە، بەڵـێ دەیەوێت ببێتـە سـایەو سـێبەری مرۆڤایەتـیو، هەمـوو خەڵکـی سـەرزەوی لەدوایین نوسـخەی هیدایەتـی خـودا، بەرنامە ڕاسـتو دروسـتو لەگـەڵ فیترەتدا گونجـاوو دەسـتکاریی نەکراوەکـەی بەهرەمەنـد بـن، بـەڵا، نـەک بەزەبروزەنـگو سـەپاندن، بـەڵام جیهانگەرایی دەیەوێت بـەزۆری زۆرداریو بەزەبری ئاگرو ئاسـنو ترسـاندنو تەمـاع وەبەرنانـی دونیا خەڵـک بخاتـە ژێر ڕکێفـی خۆیـەوە). (عەلـی باپـر،٢٢،٢٠١٥).

کەواتـە بەپێـی ئـەم بۆچوونـە، کـە (باپیر) لەنێو گوتارەکەیدا دەیەوێت وەکو هێزو دەسـەڵاتو بنەمایەکـی پتـەو بانگەشـەی بـۆ بکات، لای (محەمـەد ئارگۆن) شـێوەیەکی دیکە وەردەگرێت، کە دەڵێت: ئیسـلام قەوارەیەکی ئەبەدیو ئەزەلی نییە، کـە هیـچ شـتێک کاری تێنـەکاتو خـۆی کاربکات. ئەمـە تێڕوانینیکی زۆر ئایدیالیسـتیانەیەو نامێژووییە، ئەوا وا دەزانن ئەم ئیسـلامە نموونەییە لەتێکسـتە دامەزرێنەرەکانـەوە (قورئـانو فەرمـوودە) لەدایـک دەبێتو کاردەکاتـە سـەر هەمـوو ئـەو کۆمەڵگەیانـەی ئیسـلامیان تێدا بڵاودەبێتـەوەو بەهەمـان ڕەنگـی خـۆی ڕەنگیـان دەکاتو پاشـان ئـەم ئیسـلامە نموونەییـە هەمـوو سـەردەمەکان

دەبڕیت بێئەوەی هیچ دەستکاریو گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێت. (محمد ئارگۆن:٢٠٠٥،٦٤). واتە لەنێوان مۆدێرنو پابەستبوون بەدەقی بالا، کێشەو تێڕوانینێکی فرە ڕەهەند دێتە ئاراوە، کە بێگومان ئەمجۆرە گوتارە لەکۆمەڵگەی کوردیشدا بەشێوەیەکی چالاکو فرە بەدی دەکرێت. لەمەش قوڵتر پێی وایە ئیسلامی کلاسیکی بەرهەمی پرۆسەی مێژوویی مرۆڤن، ئیسلامی کلاسیکیو هاوچەرخ بەرهەمی پرۆسەی مێژوویی ئەو بکەرە کۆمەڵایەتییانەیە، کە زۆر جار جیاوازن لەیەکدی). (هەمان سەرچاوە:٢٠٠٥،٦٤).

دەگەڕێمە سەر قسەکانی عەلی باپیر، کە دەیەوێت لەجوگرافیاییەکی بێ نێونیشان، هەروەها بەگوتارێکی هاوبەش لەنێوان کلاسیکیو هاوچەرخ بنەما فکرییو سیاسییەکانی بۆ ئاینو ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا دابڕێژێت، پێی وایە (نەرمیو ئازادانە بڕیاردانو خۆشبەختی لای ئیسلام) هەیە، بەڵام (کوشتنو فریودانو هەڵخەڵەتاندن) لای عیلمانییەکان باوە. بۆیە پێشگریمانەی ئەوە دەکرێت، ئەم گوتارە ئاینییەی، کە لەسەر بنەمای (قورئانو سوننەت) بەرێوەدەچێت، بێ ئەملاوئەولا، دەبێت گوتاری عەلمانییەکان فت بکاتو رەتی بکاتەوە، چونکە هیچ عەقڵێکی زانستی، یان کەسێکی ژیرو وریا لەم سەردەمەدا ناخۆشی ناکاتە بنەما بۆ ژیانو بیرکردنەوەی کۆمەڵگە. هەروەها هیچ جۆرە ئازادییەک بۆ بڕیارو بیرکردنەوە ناهێڵێتەوە، چونکە ئەگەر کەسێک ئازادانە خراپەو دۆخی خراپو فریودرانو حوکمی ئاگرو ئاسنی هەڵبژارد، کەسێکی ئازاد نییە. واتە پێشگریمانەی (کۆیلەبوون لەنێو سیستەمی عەلمانی، توندوتیژیو لەدەستدانی ئیرادەی کەسە فریودراوەکانو تۆقاندنو نەبوونی ئیمانو بڕوا) دەکرێت، هەروەها لەگوتاری ئاینیدا، کە ئەو ئیسلامی کردۆتە ڕێبەری ئاراستەو مەبەستە راستەوخۆکانی پێشگریمانەی (پاراستنی مرۆڤایەتی، راستیو دروستی). دەگرێتەوە. ئەمە ئەگەر پێچەوانەی بکەینەوە، (نامرۆڤایەتیو درۆو ناڕاستی) لەسیستەمی عەلمانیەتدا باڵادەستەو لەگوتاری ئیسلامی سیاسیشدا (ئیمانو ئارامیو ئاشتەواییو ئازادییو متمانەو بڕوابەخۆبوونو فریونەدانو راستگۆیی) باڵادەستە. خودی ئەم

گوتارە وەبەرهێنی جۆرێک لەشێواندنو فرویدانە، چونکە لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا رۆژانە وێنە خراپو فریودەرەکانو پێشێلی سەروەریی مرۆڤو کۆیلەکردنو کوشتنو سەرکوتکردن بەرێوەدەچێت، بەسەدان هەزار مرۆڤ بەرەو بەهەشتەکەی عەلمانی لەئەوروپا کۆچی نایاسایی دەکەن، لەدەست توندتیژی کۆمەڵگەی ئیسلامی رادەکەن. لەدەست سەرکوتی کۆمەلایەتیو ئابووریو سیاسی کۆمەڵگەی وڵاتە ئیسلامییەکان کۆچ دەکەن.

دەکرێت گریمانەی ئەوەش بکرێت، کە ئاینو ئیلتیزام بەئاین لەکۆمەڵگەی کوردستان جیایە لەکۆمەڵگەیەکی عەرەبی داخراوی وەکو سعودییەو یەمەنو هەندێک شوێنی دیکە، ئەمەش پەیوەستە بەدۆخی کۆمەلایەتی کۆمەڵگەی کوردستان، هەروەها فکری ئیسلامی کوردی خەریکە بەرەو شێوازو گۆڕانو نوێبوونەوە دەچێت، دیسان ئەم پێناسەیە نابێتە هەقیقەتی کۆمەڵگە. ئەم گوتارەش بێگومان ناکۆک دەبێت لەگەڵ رادیکالیزمی ئاینی لەهەندێک شوێنو هەروەها لەنێو خودی هەندێک لەگروپە ئیسلامییە کوردییەکانیشدا. تەنیا لەمجۆرە لێکدانەوەیەدا، کە کەسێکی ئیسلامی سیاسی بۆ کۆمەڵگەی دەکات، سزادانێکی ناڕاستەوخۆی تێدایە، سزادانێکی فکریو رۆحی بۆ ئەو کەسانەی (خراپەو فریوخواردن) هەڵدەبژێرن بەرانبەر (وابەستەبوون بەدەقی بالاو راستیو دروستی). سزادانێکی رۆحی، دەروونییە. وەکو (فۆکۆ) باسی دەکات، مەسەلەی دابەشکردنی دەسەلات، کە بە(سزا یان کۆنترۆلکردن) نێوی دەبات. لەکۆمەڵگەی کۆندا دەسەلات راستەوخۆ لەسەر سزادانی جەستە کاری دەکردو شانۆ بۆ سزاکان دروست دەکرا، بەلام لەکۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا دەسەلات لەباتی سزا هەوڵدەدات دونیای رۆحی مرۆڤەکان لەنێوەوە رەنگرێژ بکاتو لەنێوەوەڕا کۆنترۆل یان دیسپلینیان بکات. (مەریوان وریا قانع:٩٩،٢٠٠٠).

واتە بەپێی شیکاری پراگماتیکی دەردەکەێت دەسەلاتی گوتاری ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، گوتارێکە ناڕاستەوخۆ هەم (سزادان) وەکو گەڕانەوە بۆ (قورئانو سوننەت) جێبەجێ دەکات، هەم کۆنترۆلکردنو دیسپلینی رۆحی لای تاک پیادە دەکات، لەرێگەی نیشاندانی کەموکورتی لەکارو ئەنجامە

سیاسییەکانی عەلمانییەکان، ئەمەش بێگومان نەدەتوانێت (راستی) بسەلمێنێت، نەدەشتوانێت (چاکە) وەکو چەمکێکی سەرەکی ئاینی لەنێو دونیای (راستیو دروستی) بکاتە کردەوە.

گوتارەکان هەر بەتەنیا سیاسی نین، وەکو چۆن هەر بەتەنیا رۆحیو ئاینییەکی دابڕاو لەدۆخی کۆمەڵایەتیش نین، گوتارەکان ئاینی نینو عیلمانیش نین. ئەمجۆرە گوتارە سیاسییە ئاینییە، هێندەی بەلای زاراوە عیلمانییەکاندا دەشکێتەوە، هێندە پابەستی چەمکە ئاینییە توندو بەستەلەکەکان نین. گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، لەهەندێک باردا لەژێر هەژموونی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەییەکاندا، زۆر راشکاوانە باسی مۆدێرنیەتیو عەقڵانیەتو نوێبوونەوە دەکات، کە گوتاری عەلمانی بەو پێوەرو رێژەیە خۆیان بەم چەمکانە نابەستنەوە. تەنیا وشەی (دادپەروەریی کۆمەڵایەتی)و (یەکسانی لەماف)و (مافی مرۆڤ)و (ئازادی رادەربڕینو سیاسی تاکەکان)و (رێزگرتنی یاسا، نەک شەریعەت)و (مافی هەڵبژاردنو پەرلەمان... تد) هێندە زەق بۆتەوە، خەریکە چەمکەکانی (ئیمانو پابەستەبوون بەشەریعەتی ئیسلامو قیامەت) لەبەرانبەریاندا کاڵدەبنەوەو بەرەو بەرترسک بوونەوە لەبەکارهێنان دەچن. کەواتە ئەگەر لەڕوانگەی ئەم جۆرە گوتارە سیاسییە ئاینیو حزبییە پێناسەی ئاین بکرێت، ئاین چەمکو تێڕامانو لێکدانەوەیەکی نوێی سەردەمانە لەخۆ دەگرێت. بەمەش گوێگر/ وەرگری کوردی موسلمان دابەش دەبێت، بۆسەر ئاڕاستە فکرییە سیاسییەکانو ئاینیش، تەنیا لە کوردستاندا بەهۆی ئەمجۆرە فرەییە سیاسییە لەئاینیدا، گوتاری ئاینی جوداو جیاوازیش لەنێوان گروپە ئیسلامییەکان دەرکەوتووە. ئەمەش هەندێکجار گەیشتۆتە ململانێو پێکدادانی توندی سیاسیو فکریش لەنێوان خاوەن گوتارە جیاکانی رەوتی ئیسلامی، نەک پێکدادانو رکابەری لەنێوان گوتاری ئاینیو ئیسلامی سیاسیو عیلمانییو دیموکراتەکان.

بۆیەشە هاوسەنگ کردنی ئاینو ئیسلامی سیاسی، هەروەها گوتار لەرێگەی دەسەڵاتی سزادانو کۆنترۆلکردن، وەکو گرفتێکی بەردەم پڕۆسەی

بەرهەمهێنانی گوتارێکی مەرعریفیو مۆدێرنی ئیسلامی سیاسی دەردەکەوێت. ئەم هاوسەنگییەی، کە لەژێر هەڕەشەیە، نەک تەنیا لەنێوان گوتاری ئیسلامیو عەلمانی بەدی دەکرێت، بەڵکو لەنێو خودی گوتاری ئیسلامییەکانیشدا بەرجەستە بووە. تەنیا ئاساییە ئەگەر لەنێو خودی یەک گوتاریشدا بەدی بکرێت، کە لەلایەک دەیەوێت دەسەڵاتی رەهای ئاینیو وابەستە بوون بەدەقی باڵا بجوێتەوە، لەلایەکی دیکەشدا دادەبەزێت بۆ هاوبەشی لەهەندێک بواردا لەگەڵ عەلمانی وەکو (عەلی باپیر) دەڵێت: من پێم وایە، کە ئەو دوو تەوژمە، هەرچەندە بەگشتیی دژو پێچەوانەی یەکن، بەڵام وێڕای خاڵە جیاوازەکانی نێوانیان، چەندان خاڵی هاوبەشیان لەنێواندا هەن، کە دەکرێت ئەو خاڵە هاوبەشانە بکرێتە پردی بەیەک گەیشتنو بناغەی تەباییو هاوکارییو دەستبار بۆ یەکدی گرتن لەزۆر بواردا). (عەلی باپیر:٢٠١٥،٢٥).


لەئەنجامی ئەم ململانێو ناکۆییە توندو راشکاوانەی لە ئەوروپا لەنێوان ئاینو سیاسەت، لەنێوان دەسەڵاتی مەسیحیو کەنیسەو دەوڵەتو دیموکراسیەت هەیە، ململانێکان بە شێوازی سەردەمیانە بەردەوامە، عەقڵ شوێنی ئاینی گرتەوە، بەڵام هێشتا ناکۆکییو گوتاری ناتەباییەکانیان کۆتایی نەهاتووە، چونکە تاکو ئێستاش ململانێی نێوان عەقڵو ئاین درێژەی هەیە. (بەڵام رکابەریو کێبڕکێی نێوان گوتاری شۆڕشگێڕانەی فەرەنسیو گوتاری پێغەمبەرانەی مەسیحی، یان ئینجیلی تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە). (محمد ئارگۆن:٢٠٠٥،٧٢).

## ٤-١٠ گوتاری چاکەو خراپە

بۆ دەبێت عیلمانییەکان گوتاری بزاڤی ئیسلامی بەمەترسی بزانن بۆ سەر کۆمەڵگە؟ هەروەها بۆ ئیسلامییەکان دەبێت گوتاری رەخنەگرانەی عیلمانییەکان بەهەڕەشەو کوفر دابنێن، هەروەها بۆچی دەبێت خۆیان وەکو بەدیلێکی سیستەمی عیلمانی نیشان بدەن؟ لەکاتێکدا ملکەچی بۆ دەقی باڵا

وەکو گوتارێکی کارا لەتەک نیشاندانی مەبەستی چاکەو نەهێشتنی خراپە، بکەنە ئامانجی بنەڕەتی خۆیان؟. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو راستییەی، کە گوتاری ئسیلامی سیاسی لەتەک ئەو ئاڕاستە توندەی لەبەرانبەر دەست نەکەوتنی هەر وەلامێکی سەردەمیانە، هەڕەشە دەکات، کە رەنگە هەندێک ئەمە بۆ بەهێزی بزاڤە ئیسلامییەکان بگێڕنەوە، کە لەڕاستیدا جۆرێکە لەکاردانەوەو بەشێکی سەرەکی کاردانەوەش لەسەر بێ هێزییو بێ توانایی‌و لەرووی دەروونیشەوە لە نیگەرانییەوە، دروست بووە. لەهەمان کاتیشدا لەژێر کاریگەرییو هەژمونی گوتاری رۆژئاوایی خەریکە تێکەڵی‌و گرفتی بۆ دروست دەبێت، گوتاری کلاسیکی‌و مۆدێرنی ئیسلامی لەم سەردەمەدا لەگرفتێکی راستەقینەدا دەژیت، ئەو گرفتەش پەیوەستە بەوابەستەبوون بەسەرەتاکانی شوراو ئاڕاستەو بنەماکانی لەدەسەلاتدا، لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی. ئەوەی دووەمیان پەیوەستە بەفکری رۆژئاوایی بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی دەسەلاتو گۆڕانی کۆمەلایەتی‌و سیستەمی ژیانی تاکو مافەکانی. بەشێک لەئیسلامییەکان، بەتوندی هێرش دەکەنە سەر شارشتانی رۆژئاوایی‌و بەگومان‌و تێکدەری ئیسلام تاوانباری دەکەن. تەنیا ئەمەریکا، کە یەکێکە لەبانگەشەکەرانی لیبرالی دیموکراسی‌و ئازادی تاکەکەسی‌و ئازادی سیاسی، ئەم بانگەشەیە وەکو پرەنسیپی ئەخلاقی سیاسی بەسەرتاسەری دونیا بلاوەپێکردووە. ئەم مەترسیەش وەکو هەڕەشەیەکی جدی لەگوتاری ئیسلامی سیاسی ئاماژەی پێدەکرێت. بۆیەشە پێشگریمانەی ئەوە دەکرێت، کە گرفتی شوراو دیموکراسی لەگوتاری ئیسلامی سیاسیدا، گرفتێکی راستەقینە بێت، بەتایبەتیش ئەو گروپە ئسیلامییە میانڕەوانەی کار بۆ جیاکردنەوەی فکرو سیستەمی بەرێوەبردن دەکەن. تەنیا وەکو (یوسف قەرزاوی) دەڵێت: ئیسلامی سیاسیی دەربڕینێکە، کە عیلمانییەکان بۆ ناشیرین کردن‌و تانەدان بەکاری دەهێنن، ئەمەش دەربڕینێکی هاوردەکراوە بۆ کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، بەمەبەستی دابەشکردنی ئیسلام‌و هەڵوەشانەوەیی‌و کردنی بەچەند بەشێکی جیاواز. لەکاتێکدا بانگخوازی راستگۆیانە، کە نابنگەواز بۆ ئیسلامێکی

گشتگیر دەکات بەو پێیەی هەم عەقدەیە، هەم شەریعیەتە، هەم عیبادەتو هەم موعامەلاتەو هەم بانگەوازو هەم دەوڵەتە. (کۆمەڵێک نووسەر:بێ ساڵ، ٥٨-٥٩). لەکاتێکدا هەر (یوسف قەرزاوی) دەڵێت: ئیسلام یانی سیاسەت، کە ئەم هاوکێشەیە، لاسەنگ دەبێت، کە ئیسلامی سیاسی بەهاوردە بزانرێت، کەچی هەر خۆشی بەچەندین شێوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەوەی نەبێت بەڕاشکاوی بیخەینە روو ئەوەیە ئیسلامی راستەقینە (وەک چۆن خوا دیاریکردووە) سیاسی نەبێت، نابێتو ئەگەر ئیسلامی لەسیاسەت جیاکراوەیە ئەوا کراوەتە دینێکی تر، کە دەکرێت بوزی یان نەسرانی یان شتێکی تر بێت. (کۆمەڵێک نووسەر،بێ ساڵ،٦٠، ئیسلامو سیکۆلاریزم، لەبڵاوکراوەکانی هەژار موکریانی، هەلەبجە). کەواتە پێشگریمانەی ئەوە دەکرێت، کە ئیسلام یەکسان بێت بەدەوڵەت لەڕوانگەی ئەوەی، کە ئیسلام واتە (عەقیدەو شەریعەتو عیبادەتو موعامەلاتو بانگەخوازیو دەوڵەتە). لەهەمان کاتدا (راشد غەنوشی) لەڕوانگەیەکی دیکە مەسەلەکە شی دەکاتەوەو دەڵێت: (دەوڵەت قەوارەیەکی مرۆییەو دەکرێت بەپێی پێکانو تێکەوتن (صواب وخطاء) رەفتارەکانی قبوڵبکرێت یان رەد بکرێتەوە، هەروەها بیروباوەڕ پەیوەندی بەدڵەوە هەیە نەک دەوڵەت). (کۆمەڵێک نووسەر، بێ ساڵ،٤٥-٤٩ ئیسلامو سیکۆلاریزم، لەبڵاوکراوەکانی هەژار موکریانی، هەلەبجە).




هێلکاری ژمارە (١٢) ڕۆڵی کۆمەڵگەو دەوروبەر لەنێو گوتاردا

بۆیەشە ئەم بۆچوونە هەموو ئەو بۆچوونو شیکردنەوانە یەکلایی دەکاتەوە، کە دەڵێت ئیسلام تەنیا عیبادەتو خواپەرستییە، ئیسلام بەکەلکی دەوڵەتداری نایەت. لەکاتێکدا (قەرزاوی) دەڵێت هەتا (ئەو بەشانەی دەکەونە نێو عیبادەتیشەوە دوور نین لەسیاسەتو عەقیدەی تەوحیدش لەسەر ئەوە وەستاوە). (کۆمەلێک نووسەر: بێ ساڵ،٦١). واتە بەپێی لێکدانەوەی پراگماتیکی دەردەکەوێت، کە ئیسلام سیاسەتە، سیاسەتیش واتە بیروڕای سەرەوەی/ سەرخانی کۆمەڵگەیە، ڕاستە قورئان دەقێکی باڵاو دەستکاری نەکراوە، بەڵام بەم شێوەیە بێت، دادەبەزێنرێتە نێو فەرهەنگو باری کۆمەڵایەتیو

دەبێتە شتێکی جوڵاو، بڕیاردەر لەهەموو سەردەمەکان بەپێی سەردەمەکەو کەسە بڕیار بەدەستەکان دەقەکان لەسیاق‌و مەبەست‌و ئامانجی دیارکراودا بەکاردەهێنن، واتە ئیسلامی گشتگیر دەستبەرداری ئیسلامی لاوەکی، یان نێوچەیی، یان نەتەوەیی، یان کیشوەریی دەبێت، تەنیا کەسەکان لەئەنجامی شیکردنەوەی دەقەکان‌و گونجاندیان لەگەڵ کات‌و شوێن‌و ڕووداوەکان حوکم دەدەن. واتە گوتارێک لەنێو خودی گوتاری ئیسلامی سیاسی هەیە، دەیەوێت ئیسلام وەکو هێز، وەکو تاکە دەسەڵاتی کۆتایی شەرعی ڕۆبنێتەوە. گوتارێک لەنێو خودی گوتاری ئیسلامی سیاسی دەرکەوتووە، کە عەقڵ‌و عەقیدەو شەریعەت‌و دەوڵەت دەکاتە بەرهەمی سیاسی بوونی ئیسلام، کە بەرهەمێکی سەرەتایی‌و یەکلاکەرەوەیە، هەروەها گوتارێکی دیکە لەنێو خودی گوتاری ئیسلامی سیاسیدا دەردەکەوێت، کە عەقیدەو عەقڵ‌و بیرکردنەوە لێکجودا دەکاتەوە، دەقی باڵاو مێژوویی لەیاساو حوکمە سەردەمییەکان جیادەکاتەوە. بەمجۆرە، کە ئێمە (لەمیحرابی نوێژداین‌و قورئان بەملکەچییەوە دەخوێنینەوەو لەهەمان کاتیشدا لەشەڕی سیاسەتیشداین، ئەمەیە سروشتی ئیسلام، کە تێیدا دین لەدنیا جیا نابێتەوە). (هەمان سەرچاوە: ٧٣). واتە ئیسلام، کە بەدوای ئەوەدایە ئەوروپای عیلمانی بۆ هەندێک لەبوارە کۆمەڵایەتییەکان‌و کاروباری دەوڵەتدا شەریعەتی ئیسلامی ڕێگەپێبدەن، هەم دەچێتە دۆخی (کاردانەوەو نەهێشتنی خراپەکاری ڕۆژئاوایی، کە بەدژی ئیسلام دادەنرێت)، هەمیش (دەبێتە بەشێک لەسیستەم‌و یاسای عیلمانی). کەواتە گوتارێکی توند، پڕ لەململانێ لەنێو خودی گوتاری ئیسلامی دەرکەوتووە، کە ڕەوشەکە بەخێرایی لەبەریەک هەڵدەوەشێنێتەوە.

لەهەمان کاتدا بەپێی لێکدانەوەیەکی دیکە (عەلمانیەکان پێیانوایە شەریعەت لەگەڵ کۆمەڵگەی هاوچەرخ‌و ئازاد ناگونجێت، لەوشەوە ڕەوتە ئیسلامییەکان بەتایبەتی سەلەفییەکان تێڕوانینیان وایە کۆمەڵگەی ئازاد لەگەڵ ڕێنماییەکانی شەریعەتدا ناگونجێت. عەلمانیەکان ئیسلام وەکو دیاردەیەکی مێژوویی دەدانێن، کە لەڕوانگەی ئیسلامەوە بەهیچ شێوەیەک جێگای قبوڵ نییە، هەروەک

سەلەفییەکان مێژووی سیاسیو فیقهی ئیسلام وەکو بەشێک لەئیسلام دادەنێنو داوای دووبارەکردنەوەو جێبەجێ کردنی دەکەن، کە بەهیچ شێوەیەک مومکین نییە.) (هادی عەلی: گۆڤاری خاڵ، ژمارە ٧ تشرینی یەکەمی ٢٠١٦).

ئەم سیاسەتە، یاخود گرفتە سیاسییە پەیوەستە بەفکرو شیکاری فکری، هەندێک لەتوێژەرانی عەرەب ئەم مەسەلەیە گشتگیرتر شی دەکەنەوەو پێیان وایە، کە مەسەلەی رووبەرووبوونەوەی سیاسەتی رقلێبوونەوەو دیموکراتی ئەمەریکی پەیوەستە بەدەوڵەتە عەرەبیو ئیسلامییەکان، ئەمەش خۆی لەدەستێوەردانی سەربازی دەبینێتەوە، کە پەیوەستە بەگرفتی گوتاری ئیسلامی سیاسی (د. علي عباس مراد: http://www.madarik.net/mag5and6/14.htm)

ئەگەر بمانەوێت دیموکراسیەت وەکو دەسەڵاتی سیاسی لەچوارچێوەی شیکارێکی پراگماتیکی بەرجەستە بکەین، بەهەڵە ناچین، ئەگەر بڵێین (دەسەڵاتی گروپێکی مرۆڤو ئیدارەی کاروبارەکانیان دەگرێتەوە، بەدیهێنانی بڕیارە گشتییەکان، کە پەیوەستە بەپارێزگار بوونیانو درێژەپێدانی رەوشتیانو دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیانو بەدیهێنانی ئامانجەکانیانو وەبەرهێنانی تواناکانیان لەخۆدەگرێت، سەرباری رێکخستنی پەیوەندییە دەرەکیو نێوەکییەکانی. دەسەڵاتیش بەواتای توانای ئیرادە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی لەئیرادەو ئیرادەکانی دیکەدا دێت. ئاڕاستەکردنی جا ئەمە نزیکبوونەوە بێت لەشەرعیەتو پێ رازیبوونی یاخود نا. (د. علی عباس مراد: http://www.madarik.net/mag5and6/14).

ئێمە دەزانین بوونی مرۆڤەکان بوونێکی کۆمەڵایەتییە، سیاسەتیش وەکو ئاستێکی فکرکردنەوە، شێوازێکی لەپێناو داڕشتنی بیرۆکەی رێکخستنی ژیانو باری کۆمەڵایەتیو ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە، وەکو پێکهێنەرێکی سەرخانی کۆمەڵگە بەرجەستە دەبێت. واتە سیاسەت وەکو لقێکی لەفکردنەوە، وەکو بەشێک لەزانستی رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیو پەیوەندیکردن لەنێوان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەنێوەوەو کۆمەڵگە جیاکان لەدەرەوە بەکاردێت. دەکرێت

لەڕووی زمانەوانییەوە سیاسەت بکرێتە هێمایەکی زمان بۆ پەیوەندیکردن، بکرێتە هێماپێکراوێکیش بۆ بەرجەستەکردنی فکرێک لەکۆمەڵگەدا. کەواتە سیاسەتو دیموکراسی بەشێکن لەکردەی مرۆڤەکان، بەشێکن لەئەنجامی کردەی بیکردنەوەی مرۆڤەکانە. واتە مرۆڤ خۆیان حوکمی خۆیان دەکەن، یاساکان دادەرێژن، بیرکردنەوەکان ئەنجامی گەشەکردنی کۆمەڵگەیە.

## ٤-١١ شوراو ئیسلامی سیاسی

بەڵام لەئیسلامدا، کە پشت بەدەسەڵاتی شورا دەبەستێت، دەسەڵاتێکە بۆ ئەمرکردن، دەبێت بڕوایان بەوە هەبێت، کە حوکمدارو حوکمپێکراو شتێکە لەلایەن خوادی پەروەردگارەوە بەدیهێنراوە، لەدەسەڵاتی شورادا بۆ بڕیارو حکوم دەبێت، وەکو دەقێکی باڵا بگەڕێنەوە بۆ (القرآن الکریم والسنە النبویە المشرفە). (د.علی عباس مراد: http://www.madarik.net/mag5and6/14.). بۆیەشە گرفتی بنەڕەتی لەمجۆرە توێژینەوەیەدا ئەوە دەبێت چۆن هاوسەنگی لەنێوان دەقێکی باڵا، کە پشت بەدەسەڵاتو حوکمی شورا دەبەستێت لەگەڵ دیاردەی کۆمەڵایەتیو سیاسی، کە پشت بەسیستەمی دیموکراسی حوکمی گەڵ بۆ گەڵ دەبەستێت، دروست دەکات. سەربارى ئەوەش ئەگەر سەیری مێژووی ململانێی ئەوروپا بکرێت، دەسەڵاتی کلێسا بەشێوەیەک زاڵ بوو، کە ئیدی پێگەی دەوڵەت هەمیشە لەژێر پرسیارو گومان بوو. ئەم ناکۆکییە بەجۆرێک گەشەی کرد، کە ئیدی بانگەشەی جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت بوو، بەڵام لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئەم چەمکە تاکو ئێستەش لەناکۆکیو ململانێیەکی سەخت دایە، لەکاتێکدا ئیسلامی سیاسی مۆدێرن بەشێوەیەکی فرە بانگەشەی دەسەڵاتی دیموکراسی دەکەن، رەوتە ئیسلامییە توندئاژۆکانیش پێداگری لەسەر بنەماکانی شوراو حوکمی قورئانو دەقی باڵا دەکەن. ئەم دیاردەو جیاوازی و گریمانانەی لەمبارەوە هەیە، کردەی راپەڕاندنی زمانو کردە قسەیی لەرێگەی شیکردنەوەی پراگماتیکی ئاسانکارییەکی زۆرمان بۆ تێگەیشتنو بەڕوونی دەرخستنی دۆخەکان دەکات. دەوڵەت ئامرازێکە بەدەست چینو

توێژێکی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ سەرکوتکردن، خزمەتکردن، پەرەپێدانی کۆمەڵگە، ئەم ئاڕاستەیە گەیشتۆتە ئاستێک لەکۆمەڵگەی ئیسلامیو عەرەبیدا، کە دین وەکو چەکێکی بەهێز لای دەوڵەتدارەکان بەکاربهێنرێت، تەنیا لەدەستوری عەلمانیدا جەخت لەسەر بەکارهێنانی بنەماو مەبادئی ئیسلامی بکرێتەوە، یان وەکو دەوڵەتێکی ئاینی لەنموونەی سعودییەو ئێران دیاربکەوێت، یان وڵاتێکی وەکو تورکیا هاوسەنگی لەنێوان عەلمانیەتو دەوڵەتی ئاینی دروست بکەن، هەروەها فەشەلی ئیخوان موسلمین لە میسر، فەشەلی ئەو گوتارە ئیسلامییە دەگرێتەوە، کە دەیەوێت شوراو دیموکراسی تێکەڵ بکات. حوکمی گوتاری شورای تالیبان لە ئەفغانستانو چاولێکردنەوەکانی گروپە ئیسلامییە کوردییەکان لە کوردستانی باشور، لەنێوچەکانی سولێمانیو راگەیاندنی حوکمی ئیسلام، رێک گرفتی ئەو جۆرە گوتارەمان بۆ دەردەخات.




هێلکاری ژمارە (١٣) گوتاری ئیمانو گوتاری ئیسلامی سیاسی

کاتێک گۆرانیو تەلەڤزیۆنو رادیۆ قەدەغە دەکرێت، فکری رۆژئاوایی بەکفر دادەنرێت، جلوبەرگ دەبێتە نموونەی پێوانەیی لەپابەندبوونی راستەقینەو لادانی بەکردەوەش لەخواپەرستی. رێکخستنی پەیوەندی لەنێوان زەویو

ئاسمان لەنێوان مرۆڤو خوداوەند، لەنێوان دەوڵەتو ئایندا، کارێکی ئاڵۆزە، وەکو چۆن لەهەمان کاتدا کارێکی ئاسانیشە. کردەی پەیوەندیکردن لەنێوان مرۆڤەکانو خودا، پەیوەندییەکی خودییە، پەیوەندیی نێوان دەوڵەتو ئاین پەیوەندییەکی گشتگیرە، کە دەکرێتە دەسەڵاتو بنەما بۆ حکومو شورا، بۆیە مرۆڤ، کە دەیەوێت بەسەر ئایندا زاڵ بێت، بۆ ئەوەیەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنێت، ئەو کاتە ئاڵۆزیی‌و گرفت دێتەکایەوە، کە ئەمەش لەم سەردەمەدا لەنێو گوتاری ئیسلامی سیاسی بەڕوونی بەدیارکەتووە. ئیسلامی دوێنێ، ئیسلامی عیبادەتو خواپەرستی بوو، ئیسلامی ئێستا ئیسلامی سیاسەتو دەسەڵاتو دەوڵەتدارییە. کەواتە ئەم رەوتە ئیسلامییە، گوتارەکەی لەپێناو بەکارهێنانی ئاینە بۆ گەیشتنە لوتکەی دەسەڵاتو چەسپاندنی حوکمەکەی. لەم رێگەیەشدا گرفتی سەرەکی دەردەکەوێت، کە بریتییە لەپابەست بوون بە(شوراو دیموکراسی)، لەچۆنیەتی بەدیهێنانی دەسەڵاتدا. بۆچوونێکی ئاشکرا هەیە، کە پێی وایە لەئیسلامدا بنەماکانی حوکمکردن دیار نەکراون، ئاین بۆ دەسەڵاتداریو حکومداری دەوڵەتداری نییە، کە سیستەمی حوکم لەئیسلامو سروشتی بڕیارەکانو سیفەتو ئەرکەکانو مافەکانیان دیارنەکراوە، هەندێکی دیکە پێیان وایە ئیسلام ئاینی دەوڵەتە، دین لەباری کۆمەڵایەتیو سیاسیش جیاناکرێتەوە، لەمەش پشتیان بەعەقیدەی ئاینیی‌و ئەزموونی بەکردەوەی مێژوویی بەستوە.(هەمان سەرچاوە: http://www.madarik.net/). بۆیە گوتاری ئسیلامی سیاسی لەنێوان سێ ئاڕاستەی جوادا شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، هەیە پێی وایە ئاینی ئیسلام تەنیا بۆ خودی کەسەکەیەو بۆ خواپەرستی بەکاردێت، هەشە پێی وایە گەڕانەوەیە بۆ هەمان دەسەڵاتو حوکمی سەردەمی خەلیفەکانی راشدیو هەشە نەخێر دەیەوێت نیشانی بدات، کە ئیسلام لەسەردەمی نوێدا دەبێت شتێک بکاتو نموونەیەک پێشکەش بکات، کە لەسەردەمەکانی دیکەدا نەبێت. ئەم سێ ئاڕاستەیە لەنێو گوتاری ئیسلامی سیاسیدا لەئاڕاستەی دووەمو سێیەمدا بەڕوونی بەرجەستە بووە. میانڕەوەکان لەنێوان شوراو دیموکراسی لەگرفتێکی راستەقینەدا دەژین،

توندڕەوەکانیش بەئاشکرا دەیانەوێت بنەماکانی قورئان لەحوکمدا پەیڕەوبکەن. ئەمجۆرە گوتارانە، هەم بۆ سەردەمەکە گرفتن، هەم بۆ خودی پرۆسە ئاینییە سیاسییەکەش، لەکاتێکدا لەنێوان میانڕەویی‌و گەڕانەوە بۆ دەقی بالای ئاینی (قورئان) بەکردەوە لەناکۆکی‌و گرفتی دیارو قوولَ لەهەندێک بواریشدا دەژین. واتە گوتاری ئیسلامی سیاسی لەنێوان توندڕەویی‌و میناڕەویدا لەگرفتدا دەژیت، هەروەها لەنێوان شوراو دیموکراسیشدا جۆرە گرفتێکی دیکە هەیە. لەکاتێکدا تەنیا دووجار وشەی شورا لە قورئان بەکارهێنراوە، لەئایەتی ٣٨ لەسورەتی ئال عمران، کە لەلێرەدا لەشێوەی وەسفدایە، بۆ کۆمەڵگەی ئیمانداران خوای گەورە دەفەرموێت (والذين استجابوا لربهم وأقاموا الصلاة وأمرهم شورى بينهم). هەروەها لەئایەتی ١٥٩ سورەتی ئال عمران بەشێوەی ئەمر، کە ئاڕاستەی پێغەمبەری خودا کراوەو دەفەرموێت (فاعف عنهم واستغفر لهم وشاورهم في الأمر فإذا عزمت فتوكل على الله)، بەلام لەفەرمودەکاندا زۆر بەلگەو نموونەو قسەو کردەو راپۆرت هەیە، کە پێغەمبەری خودا لەگەڵ هاوەڵەکانی دەدوێت‌و ڕێنوێنیان دەکات لەمەسەلەکانی دونیاو ئایندا، لەو کاتانەی سروشی خوادیی بۆ دێت‌و لەنموونەی جەنگی بەدرو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکان‌و چۆنیەتی هەڵکەندنی حەفر لەجەنگی خەندەق‌و هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ سەرکردەکانی غەتفان، چۆنیەتی ئیدارەکردنی کۆمەڵگەی ئیسلامی‌و ئەو دەوڵەتەی دروستبوو بوو، پشتی بەشورا دەبەست نەک لەکاری دونیایی، بەڵکو لەکاروباری ئاینیشدا. (هەمان سەرچاوە: http://www.madarik.net.)

شورا چی دەگرێتەوە؟ گەڕانەوە بۆ حکومی شوراو پیادەکردنی دەسەلات لەچی بەرجەستە دەبێت، دیارە لەمبارەوە چەند رایەک هەیە، کە بریتین لەوانەی بەرەهایی بیردەکەنەوە پێیان وایە دەقی ئاینی بۆ هەموو سەردەم‌و زەمانێک دەگونجێت، ئەوانەی دەیانەوێت ئاین لەگەڵ سەردەمەکەدا بگونجێنن، بواری شیکاریی لەبەردەم لێکدانەوەی دەقەکان فراوان دەکەن، پەیوەستی دەکەن بەباری کۆمەلایەتی‌و سیاسی سەردەمەکە. واتە رەهایی لەدەق دەستێننەوە،

عەقڵو مەنتیق پیادەدەکەن. بۆیەشە ناکۆکیو جیاوازی لەدیارکردنی رۆڵی شورا لای ئیسلامییە سیاسیەکان دەگۆڕێت، وەکو هەندێک ئاماژەی پێدەکەن، شورا پەیوەستە بەدوو مەسەلەی سەرەکی:

**یەکەمیان**/ پێویستی (وجوب)، یان پێویست نەبوونە(عدم وجوب)ە لەداواکاریی شورا.

**دووەم**/ پەیوەست (الزامیە)و پەیوست نەبوونە (عدم الزامیە) لەوەرگرتنی ئەنجامی رایەکان لە شورا دوای داواکردنی.

ئەگەر گریمانەی گوتارێکی سزادەرمان کرد، هەمیشەش دەبێت پێشگریمانەی تاوان بکەین، واتە ئەگەر خراپە نەبێت چاکە بەدی نایەت، کەواتە بۆ دەبێت چاکە بکرێتە بەرهەمی خراپە، تەنیا هیچ مەرج نییە خراپە خودی خراپەکاریی بێت، یاخود خراپەکاریی خودی خراپی بێت. رەنگە هەندێک خراپی، چاکە بێت. (ئیسلام ئەرکێکی لەسەر هەموو موسلمانێک دانێوە، کە نێوی فەرمان بەچاکەو نەهیکردنە لەخراپە) (کۆمەلێک نووسەر، بێ ساڵ، ٧٢، ئیسلامو سیکۆلاریزم، لەبڵاوکراوەکانی هەژار موکریانی، هەلەبجە). بەپێی بۆچوونەکانی (ئۆستن) بێت لەتیۆری کردە قسەییدا، کە پشت بە بەدیهێنانی کار لەرێگەی قسەکردنو گۆکردنی وشەوە بەدی دێت، راستیو ناڕاستی پێوەر نین بۆ هێزو دەسەڵاتی گوتار، ئەمە لای (فۆکۆ)ش جەختی لەسەر دەکرێتەوە، هەروەها راستیو درۆش پێوانە نییە، بۆ بەدیهاتنی گوتار، بەڵکو گونجاوو نەگونجان پێوەرن. (قەرزاوی)، کە پێی وایە کەسایەتی موسڵمان کەسایەتییەکی سیاسییە، لەبارەی خراپە ئەم شتانەی کردۆتە بنەما بۆ بۆچوونەکانی سوکایەتی کردن بەکەرامەتو شکۆی گەل خراپەو چە خەراپەیەکیش ساختەکاری لەهەڵبژاردندا خراپەیەو چ خراپەیەکو بەشداری نەکردنیش لەهەڵبژاردنەکاندا خراپەیە، چونکە شاردنەوەی شایەتییەو سپاردنی کاروبار بەکەسێک، کە شیاوی نەبێت خراپەو چ خراپەیەک ئاینیو ماڵی گشتیو قۆرخکردنی ئەو کالایەی کە خەڵکی پێویستی پێیەتی لەدەست کەسانێک، یان گروپێکداو دەستگیرکردنی خەڵکی

بەبێ ئەوەی دادگایی دادپەروەرو فرمانی دەرکردبێتو ئازاردانی گیراوەکان لەگرتوخانەو زیندانەکاندا بەرتیل وەرگرتنو گەیاندنیو ماستاوچیەتیو مەرایی کردن بۆ دەسەڵاتدارو سوتاندنی بخورو داعود لەبەردەستیانداو پشتگری دوژمنانی خواو دوژمنانی ئومەت. (کۆمەڵێک نووسەر،بێ ساڵ،٦٦، ئیسلامو سیکۆلاریزم، لەبڵاوکراوەکانی هەژار موکریانی، هەلەبجە). لێرەدا گریمانە کردن لەبارەی خراپە راستەوخۆ دەمانبەستێتەوە بەچەمکو تێگەیشتن لەدەسەڵاتو دەوڵەتدا، لەڕاستیشدا، کە کەسایەتی ئیسلام کەسایەتییەکی سیاسی بێت، دەبێت پێشگریمانەی هاتنە ئارای گوتارێکی سیاسی رووتو زەقیش بکەین، کە لێکترازان، یان دوورکەوتنەوەی بەدەقە باڵاکانو لێکدانەوەی بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکەی لێبکەوێتەوە. پێشگریمانەی گوتارێکی (دابەشبووی سیاسی، کاردانەوە، رقلێبوونەوە، سەپاندنو ملکەچپێکردن) بکرێت. بۆیەشە بۆ دەرخستنی ئەم پێشگریمانەیە، کە ئاینیش وەکو سیستەمی عیلمانی دەبێتە خاوەنی گوتارێکی دەرچوو لەشەریعەتو مەنتیق، وەکو چۆن (راشد غەنوشی) دەڵێت (ئەوەی جێی مەترسییە ئەوەیە، کە عەلمانیەت وەکو چۆن سەرەتا بۆ ئەوە دروست بوو دەوڵەت لەدەست هەژموونی پیاوانی ئاینی رزگاربکات، خۆی بگۆڕێت بۆ دینێک بۆ لەنێوبردنی دینەکانی ترو بۆ دوورکەوتنەوە لەتێکەڵکردنو شێواندن هەندێک لەبیریارەکان پێشنیاری ئەوەیان کردووە، کە ئیدی وازبهێنین لەبەکارهێنانی ئەم زاراوە شێوێندراوو تێەکەڵکراونە بەزاراوەی عەقڵانییەت. هەروەک چۆن ئەوەش جێی مەترسییە، کە دین بریتییە لەهیدایەتو رێنوێنیو هۆکاری رێکخستن بکرێتە هۆکارێک بۆ شەڕو دووبەرەکیو پارچە پارچەبوون (کۆمەڵێک نووسەر،بێ ساڵ،٥٥، ئیسلامو سیکۆلاریزم، لەبڵاوکراوەکانی هەژار موکریانی، هەلەبجە).

سەبارەت بەداواکردنیش لەشورا، دابەشی سەر دوو بۆچوون بوون، کە پەیوەستە بە(الندب) هانابۆبردن، واتە ئەگەر کارێک بکەیت پاداشتی لەسەر وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر نەیکەیت سزات نادرێت، نموونەی (ریش تایشنو هێشتنەوە). ئەوی دیکەشیان (الوجوب)ە پێویستی، ئەمجۆرە دەریدەخات،

کە کارەکە پاداشتی هەیەو نەکردنیشی سزای بەدواوەیە. لەڕاستیدا وەکو شارەزایانی ئەم بوارە ئاماژەیان پێکردووە، سێ سەرچاوە هەیە، کە دەبێت بۆی بگەڕێنەوە:

**یەکەم**/ سەرچاوەیەکی بنچینەییە، پێویستییەکی داواکاری شورایە، کە پشت بەدەقی دوو ئایەتی پیرۆز دەبەستێت (وشوراهم في الأمر)و (أمرهم شورى بينهم).

**دووەم**/ ئەویش سەرچاوەیەکی بنچینەییە لەپێویستی داواکردنی شورا، پشت بەفەرموودەکانی پێغەمبەر لەزۆربەی کاروبارە ئاینیو دونیاییەکاندا دەبەستێت.

**سێیەم**/ لاوەکییە، بۆ پێویستی داواکردنی شورا، ئەمەش پشت بەقسەی هاوەڵەکانو ئەوانەی بەدوای کەوتوون دەبەستێت، کە پشت بەحوکمی خوداو فەرموودەکانی پێغەمبەر دەبەستن، لەپێناو داواکردنی هەبوونی شورا لەکاروباری ژیانی گشتیو تایبەتی خۆیاندا. (هەمان سەرچاوە: http://www. madarik.net)

تەنیا هەندێک پێیان وایە، کە دەبێت جیاوازی تەواو لەنێوان حوکمی شوراو دیموکراسی بکرێت (الخالدي، محمود: سلسلة دراسات عدد٩. ص٨.)، هەروەها هەندێکی دیکە پێیان وایە شورا پەیوەستە بەچەمکی ئیسلامەوەو دیموکراسیش پەیوەستە بەرۆژئاواوە، چونکەی پێیان وایە ئەمە لەلایەن بیروڕای ئیسلامییەوە نەهاتووە. (هەمان سەرچاوە:عدد ٩ص٨.). هەروەها هەشیانە پێی وایە حوکمی ئیسلام (سیستەمی حومکی شەرعیو سیستەمی حوکمی یاسایە) واتە (شەرع/ یاسا). واتە بەو پێیە دەوڵەتی ئیسلامی لەژێر کاریگەریو وابەستیی بەیاساو شەرعی خودایی بەڕێوەدەچێت. (خدوري، مجيد.١٩٧٣،٣٠) لەلایەکی دیکەشدا بۆچوونێکی تر هەیە، کە پێی وایە لەئیسلامدا شێوەیەکی هاوبەش لەنێوان ئیسلامو دیموکراسی هەیەو لەهەمان کاتیشدا جیاوازیش هەیە، بێ ئەوەی ئەوە ڕەتبکاتەوە، کە بڵێت ئیسلام ئەوەیە، کە گرینگترین پێکهاتەکی نێوەڕۆکی دیموکراسیو باشترین سیفەتە جیاکراوەکانیی دەگرێتەوە. (فضل الله مهدي

الشوری:١٩٨٤)..لە بارێکی دیکەدا بەپێ شیکردنەوەکانی لەمبارەوە ئەنجام دراون، دەتوانین سێ جۆر مامەڵە لەگەڵ شەریعەتدا بەرجەستە بکرێن، وەکو:

**یەکەم**/ مامەڵەی فیقیهانە، کە گەڕانەوەیە بۆ بەڵگە زانستییەکانی قورئانو سوننەت، کە دۆخی قورئانو سوننەت لەدەرەوەی ئەوانە حیسابی بۆ شتانێکی تریش کردووە، هەتا زانایانی سونە لەسەردەمەکانی لەوەو پێشیشدا حیسابیان بۆ ئەمە کردووە.

**دووەم**/ مامەڵەیەکی عورفی یاسایانە، کە دەیەوێت بیگونجێنێت لەگەڵ عورفی سەردەمدا، بەبێ ئەوی حیساب بۆ ڕێسا ئەخلاقیو عەقڵییەکان بکەیت، ئەمە زۆربەی یاساکان (یاساکانی کۆمەڵگە دینییەکان بەم شێوەیەن).

**سێیەم**/ ئەمەیان مامەڵەیەکی ریفۆرمخوازی دینیانەی راستەقینەیە، کە بریتییە لەمامەڵەیەکی ئەخلاقی عەقلانی لەگەڵ شەریعەتو لەگەڵ وەحیدا، چونکە پێشگریمانەی ئەوە کراوە لەگەڵ ئەو هزرە نین، کە عەقڵ بابەتێکی زەمینیەو وەحی بوونی نییە، نەخێر پێشگریمانەی ئەوە کراوە، کە وەحی بوونی هەیە. (تەحسین حەمە غەریب: ٢٠١٣، ٨٦).

وەکو (هادی عەلی)، کە ئیسلامییەکی میانڕەوی کوردییە دەڵێت: لەدوای خەلیفەکانی راشیدین بنەماکانی شوراو رەزامەندی ئوممەت کاری پێ نەکراوەو هەوڵیش نەدراوە کارپێکردنیان بخرێتە چوارچێوەی دامەزراوەییەوە. لەلایەکی دیکەوە هەموو دەسەڵاتە ئاینیو مەدەنییەکان لەکۆتاییدا لەدەستی شەخسی خەلیفەدا کۆدەبوویەوە، هەندێک جاریش خەلیفەو دەوروبەرەکەی کاریانکردووە بۆ ئەوەی شێوەیەک لەپیرۆزی ئاینی بدەن بەبڕیارو هەڵسوکەوتەکانیان. (هادی عەلی، گۆڤاری خاڵ ٧ تشرینی یەکەمی ٢٠١٦).

پرسیاری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، ئەگەر گریمانەی بوونی دەوڵەتێکی کوردیمان لەژێر دەسەڵاتو شەرعو یاسای ئیسلامی سیاسی بکەین، یاخود ئەو دەوڵەتە بوونی هەبووایە، لەگەڵ بارودۆخو سەردەمێکی وەکو ئێستا، کە

کورد نەک هەر هیچ ئازادیو پەرلەمانو حکوومەتێکی نەبوو، بەلکو بستە خاکێکی رزگارکراوی لەژێر دەسەڵاتدا نەبوو، بزاڤە ئیسلامییەکان چۆن گوتاری خۆیان دادەڕشت؟ واتە ئەوان، کە لەچوارچێوەی دەوڵەتو کیانێکدا، کە سیستەمێکی ئاینیو شەریعەتدار، یان دیموکراسی دادەرێژن؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ سەردەمێکدا دەکەن، کە کورد دەیەوێت وەکو نەتەوەو خاک زیندوو بێتەوە، رزگاری بێتو ئازاد بژیت؟.

## ٤-١٢ سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسیو نەتەوەی کورد

لەنێو وڵاتێکدا، کە میللەت بیەوێت سیستەمێک دابمەزرێنێت، ئەم سیستەمەش ئیسلامییە سیاسییەکان بانگەشەی بۆ بکەن، گریمانەی ئەو گرفتە سەختە دەکەین، کە لەنێوان شوراو دیموکراسی، لەنێوان شەرعیەتو دەستوری مەدەنی دێتە کایەوە، گریمانەکان بەگشتی بەمجۆرە دەبێت:

١. هۆکاری نێوەخۆیی: بیرۆکەی حوکمی خودایيو پرۆژەی سیاسی، پەیوەستە پێیەوەو بەهەموو جۆرێک گوزارشتی لێدەکات، ئەمەش لەگەڵ گەشەکردنو دەرکەوتنی ئاڕاستەی سیاسی توندڕەویی ئیسلامیو توندوتیژ دەگونجێت.
٢. هۆکاری دەرەکی: بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی رقلێبوونەوەی دیموکراسی ئەمەریکی، لەگەڵ ئەو شتانەی وەکو دەستێورەدانی سەربازی راستەوخۆ بەرێوەدەچن، لەژمارەیەک وڵاتی ئیسلامییدا. (علی عباس مراد: http://www.madarik.net).

ئەی چۆنو بەچ شێوەیەک گریمانە بۆ گوتاری ئیسلامی سیاسی بکرێت، کە هێشتا لەناکۆکیو وابەستەییو پاشکۆبوونێکی توندە لەگەڵ سەرچاوە فکرییەکانیان لەنێوەندە جیهانییەکانی جیهادییو ئیخوانییەکان، لەگەڵ نێوەندی توندڕەوییو میانڕەویدا؟ واتە گریمانەی ئەوە ئاساییە، کە بڵێین لەو چوارچێوە گشتییەدا، کە بزاڤو رەوتو ئاڕاستەی ئیسلامی سیاسی لەوڵاتە عەرەبییەکانو وڵاتە ئیسلامییەکانی لێدروست بووە، ئیخوانێکی کوردستانو

ئیخوانێکی تورکو لوبنانو مەغریبو جەزائیر خۆیان بەوابەستەی سەرچاوەی ئیخوانبوون لە میسر بزانن، خۆیان بەیەک سەرچاوەو ئیرشادو بڕیاریشەوە ببەستنەوە، هەروەها ئەگەر ئیسلامییەکانی دیکە لەدژی رقلێبوونەوەی دیموکراسی ئەمەریکی دەستیان بەبانگەوازو رابوونی کاری ئیسلامی کردبێت، ئیسلامی کوردی، کە سەرەتا هەموویانو بەهەموو ئاراستەکانەوە لەدژی شیوعیەتو کوفری شیوعییەکان هاتوونەتە ئاراوەو دواتریش وەکو بەشێکی لەفکری جیهادیی خۆی پێناسە دەکاتەوە، کەواتە لەپێناو شەریعەتو چەسپاندنی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک نەهاتوون، بەلکو گوتاری بەئیسلامکردنەوەی کۆمەڵگە، دژایەتیو پێشگرتنی کوفری شیوعییەکانو خۆبەبەشێک لەفکری گلۆبالیزیمی ئیسلامی جیهادی بنەمای سەرەکی کارەکانیان بووە. بێگومان ئەو بزاڤە ئیسلامییەی کوردستانیش، سەرەتا بەدەستپێک دەرکەوتوون لەدەرەوەی نەتەوەو کوردستانی بوونەوە هاتۆتە ئاراوە.

(نازم عەبدوللا)ی بەرپرس لەبزاڤە ئیسلامییەکانی کوردستانو ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لەدیدارێکی لە ١٥-١٠-٢٠٠٩ لەبارەی ئەم بۆچوونانە بەڕاشکاوی دەڵێت: وەستانی جموجۆڵی ئیخوان لەعێراقدا بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی، کە واجیهەی کاری ئیسلامی بووە، وەڵامێک بووە بۆ فیکرو بزاڤی مارکسیو نەتەوەپەرستی، ناکرێت ناحەزو دوژمنان هەموویان لەچڵەپۆپەی کارو چالاکی جەماوەر هەڵسوڕێنن بەبیرو بۆچوونێکی خوازراوی ناحەز بە گەلو وڵات سەرسامیان بکەن، لەهەمان کاتدا بەبڕیارێک هەموو چالاکییەکی فیکریی، سیاسیو رێکخستنی ئیسلامیی بوەستێنرێت. (ئیدریس سیوەیلی٢٠٠٩، ١٠٧). سەبارەت بەوابەستەبوون بەمەرکەزی ئیخوانەوە، یان خۆ بەبەشێک زانین لەبزاڤێکی نێو نەتەوەیەک، (سەلاحەددین بەهائەدین) لەبارەی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ باڵی بزوتنەوەی ئیسلامیو گروپەکانی دیکەی وەکو نەهزەی ئیسلامی دەڵێت: مامۆستا (سدیق)و چەند هاوکارێکی وا حاڵی ببوون، یان وایان حەز لێبوو کەوابکەن، کە پاش گەڕانەوەیان بۆ کوردستان ئەوان شەرعیو رەسمیو ئێمەش میوانو پابەند، بێگومان ئەو بیرۆکەیە

لەچەند لایەکەوە هەڵەیە وەکو ١- بنەما کۆنەکە، کە گوایە شەرعیەت لە ١٩٨٦ لای ئەوان بووە نادروستە، چونکە ئەساسەن ئەو ڕێکخستنە، کە لەو ساڵانەیدا لەنێوخۆی عێراقدا بوو مۆڵەتی سەرکردایەتی عێراقی لەسەر نەبووەو ناتوانێت ئیلتیزام لەسەر کەس دروست بکات. ٢- ئەوەی لەو دیوە پابەند دەبێت بەسەرکرایەتی سەرانسەری عێراقەوە، مەبەست لەحالەتی سروشتییە کە تاساڵی ٢٠٠٣ یش ئەو ڕاگرتنی کاری ڕێکخستنە بەردەوام بووە. (هەمان سەرچاوە: ١٠٣). (سەدیق عەبولعەزیز)یش لەبارەی پابەستبوون بەئیخوانی مەرکەزی دەڵێت ساڵی ١٩٧٨ هەندێک پەیوەندیم پێ کردو چوومە بەغداد بۆ ئەوەی ئەم کارە دەستپێبکەینەوە، بەڵام ئەوان وتیان نابێتو کارکردن حەرامەو فەرمانی ڕێکخستنی نێودەوڵەتییەو بانگەواز لەعێراق ڕاگیراوە. ڕێکخستن کۆتایی هاتووەو کەس بۆی نییە دروستی بکاتەوە. (هەمان سەرچاوە:٣٨).

هەر لەبارەی حوکمی خوداو دەسەڵاتی ئیسلامیو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، یان کارکردن لەپێناو بەدیهێنانی دەسەڵاتی ئیسلامی (سەدیق عەبدولعەزیز) لەچوارچێوەی گوتاری ئیسلامی سیاسیو ئامادەکردنی کۆمەڵگە بۆ بەدیهێنانی حوکمی خوا، کە کارێکی واجبە دەڵێت: ئەوە نەفەتوا بوو نەهیچ، چونکە بانگەواز بۆلای خوا واجبە، بەرپاکردنی حوکمی خوا واجبە، حوکمی خواش بەرپا نابێت مەگەر کۆمەڵگەی بۆ ئامادە بکەیت، ئەمەش بەرێکخستنو بانگەواز نەبێت ناکرێت. (هەمان سەرچاوە:٣٩).

تەنیا بۆ سەلماندنی ئەگەرەکان (سوبحی داودی)، کە یەکێکە لەکەسایەتییە دیارە کوردەکانی نێو ئیخوان لەدیدارێکی لەرۆژی ١٩-١٢-٢٠٠٤دا دەڵێت: ململانێی ئیخوان لەگەڵ بەعس کاریکردە سەر پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی تریش، لەبەر ئەوە چۆن ڕوانینمان بەرانبەر بەعسی وابوو، کە ئەمانە کوفرن، زۆر کەس هەبوو دەیوت بزووتنەوەی کوردی تەمەڕودەو کوفرە نابێت پشتگیری بکرێت. هەروەها لەدەوروبەری ساڵی ١٩٦٢- ١٩٦٣ ئیخوان بڵاوکراوەیەکی دەرکرد هیرشێکی بەهێزی تیابوو بەتایبەتی لەسەر (مەلا

مستەفا)، تۆمەتباری دەکرد بەهەندێ شت، کە لەڕاستیدا وانەبوو. گوایە خەڵک سەدەربڕێت ولەشاخ فڕێیان دەداتە خوارەوە، بەڵام ئەو بڵاوکراوەیەمان لە کەرکووک بڵاونەکردەوە. (هەمان سەرچاوە: ٢٩). واتە ئەوان بەدوای بەدیهێنانی گوتاری سەپاندنی شەرعیەتو یاسای ئیسلامی بەواتا بناژۆیەکە بوون. بەوابەستە بەمەرکەز، کە بەغداو ئیخوانی جیهانی لەمیسر بووە. تا دەگاتە ئەوەی لەساڵی ١٩٧١ لەژێر فەرمانی ئیخوانەکانی بەغدا، کاروچالاکی خۆشیان رابگرن.

بەپێی شیکاری پراگماتیکی پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە گوتاری درێژەدان بە(رێکخستن) بێ ئیلتزام کردن بەئیخوانی مەرکەزیو (بانگەواز) دەست پێبکات، بەڵام لەئەنجامدا پێداگری لەسەر یەک بنەمای دەسەڵاتو حوکم دەکەن، ئەویش حوکمی خوادیە، کە واجبە. واتە گریمانەی گرفتو ناکۆکیو رکابەرییەکی نوێی نێوان گروپە ئیسلامییەکان لەبارەی گوتاری سیاسییەوە دەکرێت. واتە ئەو گرفتە بەردەوامی هەیە، کە رەنگە ئەمڕۆ بەجۆرێکی دیکە دەربکەوێت، لەنێوان توندڕەوییو میانڕەوییی، لەنێوان چەکداریو حزبایەتیو بانگەوازخوازی. تەنیا پەنابردنە بەر هاندانی خەڵک بۆ گرتنی شەقامو کاری پەرلەمانی. ئەمە جۆرێکی دیکەو نوێی گەمەی سیاسیی ئیسلامییەکانە بەهەموو ئاراستەکانیانەوە بۆ بەدیهێنانی حوکمی خوادیی لەشورا، یان لەسیستەمی دیموکراسی. کە (محەمەد فەرج) ئەمە بەچوونە نێو گەمەی دیموکراسی واتە هەڵبژاردن نێو دەبات، تەنیا یەکگرتووی ئیسلامی هێندە بەدوای دۆزینەوەی گوتارێکی نوێیە، لەکۆنگرەی ٢٨-٢٩-ئایاری ٢٠١٦دا، بانگەشەی رکابەری دیموکراسیو ئازادیان بۆ کاندیدەکانی ئەمینداری گشتی دەکرد، لەبیریان چووە، کەئەوان ئیخوانن، لەسەر بنەمای بانگەوازخوازی کاردەکەن. بۆیە شیکردنەوەی ئەم کێشەیە، کە پەیوەستە بەگوتاری شوراو دیموکراسی، ئاڵۆزە، وەکو چۆن ئاڵۆزییەکی زۆر لەنێوان چەمکو تێگەیشتن بۆ شورای گێڕانەوەی بەها بۆ رۆحی ئیسلامبوونو خۆبەدەستەودانی دیموکراسی رۆژئاواییە.

لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەبارەی دەسەڵاتەوە(فەرەج) ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئسیلامی، کە لایەنێکی میانڕەوی نێو گوتاری ئیسلامی سیاسییە دەڵێت: (دەمانەوێت کوردستان بچێتە پێشەنگی کۆمەڵگەی پێشکەوتووو شارستانییەکان بەتایبەتیش لەبواری عەدالەتدا، کە بنەمایەکی گرینگی دەوڵەتدارییە مەبەستێکی گەورەی پەیامە ئاسمانییەکانە. ئێمە پارتێکی سیاسینو هەولدەدین بگەینە دەسەڵات، مەبەستیش لەگەیشتنە دەسەڵات کارکردنە بۆ بەسیستەماتیکردنی وڵاتو بەدەزگایکردنی ئیدراەو خزمەتکردنی گشتیو سەنتەرکردنی مرۆڤو فراوانکردنی پانتایی عەدالەت، دەمانەوێت سەروەری بۆ گەل بێتو دەسەڵاتدار بۆ ماوەیەکی دیارکراو کاروباری وڵات هەڵسوڕێنێتو لەدوای تەواوبوونی وادەکەشی دەسەڵات تەسلیم بەو کەسە بکاتەوە، کە هاووڵاتیان هەڵیدەبژێرن لەوڵاتە پێشکەوتووو دیموکراسیەکانیشدا ژیانی سیاسی بەم شێوەیە دەگەوزەرێت). (محمد فەرەج:،١٧٥٢٠١٥).

هەروەها لەبارەی دەسەڵاتو نوێنەرایەتیو پۆستیش لەنێو دەسەڵاتدا وابەستەی ناکات بەدین، قەوارەی کەسایەتی موسلمان بەسیاسی دەزانێت، دین یەکسان دەکات بەدەوڵەت، سەرچاوەی دەسەڵاتیش شەریعەتو سونەتە، لای یەکگرتووی ئسیلامی تێڕوانینەکە لەبارێکی دیکەدایە. (شەرعیەت لای ئێمە ئەوەیە، کە خەڵک رازی بن لەسەر پرسی دیارکردن، لەحزبیشدا بەو پرۆسەیە دەڵێن شەرعییەتم، کە خەڵک متمانەی پێدا بێ نەک ئاین). (هەمان سەرچاوە: ١٧٧).

لەهەمان کاتدا کەسایەتییەکی دیکەی ئیسلامی میناڕەو دەڵێت: رەوتە ئیسلامییەکانیش پێویستە لەو بوارەدا رۆڵی کاریگەریان هەبێتو گۆڕانکاری لەفیکرو بیروبۆچوونەکانیان لەم بوارەدا ئەنجام بدەنو بەشێوەیەکی پراکتیکی دامەزراوەیی لایەنی بانگەوازو ئەمر بەچاکەو نەهی لەخراپەو بانگەشەکردن بۆ پابەندبوون بەدروشمو رێنماییە ئیسلامییەکانەوە نەکەنە بەشێک لەبەرنامەی حیزبیو ملمانێی سیاسی. (هادی عەلی، گۆڤاری خاڵ ژمارە ٧، تشرین یەکەمی ٢٠١٦).

تەنیا ئەو ئیسلامییە مینارەوە کوردییە لەنێوان دەوڵەتی دینیو عەلمانی پشت بەبوونی دەوڵەتی مەدەنی دەبەستێت، لەو روانگەیەی، کە لەسەر بنەمای بەشداربوونێکی ئیجابی لەنێوان ئاینو دەوڵەتدا دادەمەزرێت، بەشێوەیەک، کە سیستەمی سیاسی شەرعیەت لەدەستوورەوە وەردەگرێتو دەستووریش لەکۆدەنگی میللەتەوە. (هەمان سەرچاوە:١٠) بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی دەردەکەوێت، کە دەوڵەتی مەدەنی کراوەیە، دەستوری تێدایە، هەروەها میللەت پێویستی بەکۆدەنگی هەیە، شەریعەت سەرچاوەی دەستور دەبێت. واتە دەوڵەتێکی دینی تاکرەوی نییە، تا پاشا، یان سەرۆکی دەوڵەت وەکو نوێنەری خودا لەسەر زەوی مامەڵە بکات. بەڵام ئەوان دیسان شەریعەتی ئیسلام دەکەنەوە سەرچاوەی دەستورو حوکمەکەیان. چونکە پێیان وایە ئەمجۆرە دەوڵەتی مەدەنییە رێگاچارەیەکی مام نێوەندییە لەنێوان دەوڵەتی دینیو عەلمانیدا، پێویستە رەوتە ئیسلامییەکان پشتیوانی لەم مۆدێلە بکەن. (هەمان سەرچاوە: ١٥).

لەم روانگەیە شیکاری گوتاری مینارەوانەی برایانی ئیسلامی لەکوردستان بکرێت، دەردەکەوێت گۆرانێکی زۆر لەچەند بوارێکدا بەسەر گوتاری ئەم گروپە هاتووە، کە دەکرێت لەم خاڵانە کورتی بکەینەوە:

**یەکەم**/ لەم قۆناغە هەندێکیان نەتەوەییانە بیردەکەنەوە، بەتامی ئایینداری.

**دووەم**/ خۆیان بەبەشێک لەئیخوان موسلمین دەزانن، بەڵام لەچوارچێوەی کوردستان، واتە لەتایبەت بۆ گشت دەچن، کە پێشتر لەگشت بۆ تایبەت کاریان دەکرد.

**سێیەم**/ گوتارێکی عیلمانی روونیان هەیە، لەدەوڵەتداریدا، دەیانەوێت دیموکراسی، هەڵبژاردن، ئاڵوگۆری ئاشتەوایانەی دەسەڵات، پێشکەوتن هەبێت. ئەمانە بنەمای سیستەمی عەلمانین، رەنگە بڵێین عەلمانییەکی لاوەکی، کە بڕوای بەدەقی باڵاو پیرۆزییەکان هەیە، نەک عیلمانییەکی گشتگیر، کە هەموو بوونێکی دینی رەتدەکاتەوە.

**چوارەم**/ دەوڵەتی مەدەنی لەڕوانگەیەکی ئاینی بینادەکەن. لەکاتێکدا دەوڵەتی مەدەنی واتا هاووڵاتی بوون، نەک گەڕانەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەکی ئاینی. ئەم گوتارە کوردییە بۆ ئاین هەنگاوێکە بۆ دەربازبوون لەتوندڕەویی‌و بیری سەلەفیانەو خۆپاراستن لەڕووبەڕووبوونەوەی عیلمانییەکان.

ئەم گۆڕانە لەگوتاری ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا، پەیوەستە بەپێکهاتەی فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی کوردستان‌و مینارەوی لەبیکردنەوەدا، دیسان پەیوەستە بەپێکهاتەی کۆمەڵگە، هەروەها پەیوەستە بەگۆڕانە جیهانییەکان، پەیوەستە بەگۆڕانەکانی نێوەخۆی کورستان، لەهەمان کاتیشدا پەیوەستە بەشێوازو دابڕان‌و کاردانەوەو فەشەل لەچۆنییەتی مامەڵکردن لەگەڵ (قەیرانی پەیوەندی‌و رێکخستن‌و بنەما گشتییەکانی بیروڕای ئیخوان موسلمین لەجیهاندا).

لای کۆمەڵی ئیسلامیش مەسەلەی شورا خاڵێکی بنەڕەتی‌و سەرەکییە، چونکە پێیان وایە بەپشت بەستن بەقورئان‌و سوننەت لەدەوڵەتی ئیسلامیدا دەبێت شورا بینابکرێت، بەپێی پڕۆەیەکی سیاسی ئیسلامی دەڵێن: (لەسیستەمی سیاسیی ئیسلامیدا ئەنجوومەنی شورا بەپایەکی سەرەکی‌و بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت)، ئەمەش وابەستەکراوە بەوەی، کە (لەبیروبۆچوونی ئیسلامدا شورا کردن‌و راپرسی‌و راگۆڕینەوەو گوێگرتن لەرای خەڵکی‌و سوود وەرگرتن لەڕاکان پێویستییەکی ژیانەو ئەرکێکی شەرعییەو پشگوێ خستن‌و وەلاوەنانی تاوانێکی گەورەیە لەقایمەت‌و زیانێکی کوشندەیە بۆ ژیانی رۆژانەی موسڵمانان). (ئارام قادر:٢٠٠١، ٣٧). ئەمە بۆچوونەکانی پێشووتری ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دەسڕێتەوە، چونکە ئەم گوتارە سزادانێکی توندی تێدایە، کە کوشندەییەکی خراپیش لەکاتی بەدی نەهێنانی ئەمجۆرە شورایە لەچوارچێوەی حوکمی ئیسلامییەکاندا دەسەپێنێت.

(عەلی باپیر)یش لەدوای چاپکردنی کتێبە بەراییەکانی دەربارەی دیموکراسی‌و رەتکردنەوە، هەنووکە لەژێر کاریگەریی گۆڕانەکان، رەوتی

بیرکردنەوەی بەرەو ئاڕاستەیەکی نەرمتر لەجاران، کراوەتر لەپێشان‌و ناسەقامگیرتر لەرابردوو دەردەبڕێت، پێی وایە، کە هیچ لەمپەرێک لەبەردەم حیزب‌و قەوارەیەکی سیاسیی ئیسلامیدا نییە، میکانیزمەکانی دیموکراسی بەکاربهێنێت، پێشی وایە دیموکراسی وەکو کۆمەڵێک میکانیزمی حوکمڕانی‌و بەڕێوەبردن لەگەڵ ئیسلام پێچەوانە نییە‌و بەڵکو پێی وایە دەقەکانی (قورئان) و (سوننەتی) زۆربەی میکانیزمەکانی دیموکراسیان لەخۆگرتووە. (ڕۆژنامەی چاودێر، ژمارە ٢٤٨/ ١٨-٥-٢٠١٥، لاپەڕە٤). لەبارەی نموونە هێنانەوەش بۆ بوونی دیموکراسی‌و هەڵبژاردن لەئیسلامدا ئاماژە بەئایەتی (وآمرهم شوری بینهم- الشوری ٣٨) دەکات، لەهەمان کاتدا هەندێک پێیان وایە ئەم بۆچوونەو لێکدانەوەیە لەشوێنی خۆی نییە، چونکە ئەمە (راوێژ) پێکردن دەگرێتەوە، نەک هەڵبژاردن‌و دیموکراسی. (هەمان سەرچاوە: ژمارە ٢٤٨/ ١٨-٥-٢٠١٥، ل٤).

ئەمە لای یەکگرتووی ئیسلامی لەگوتاری چاکەدا بەجۆرێک دەردەکەوێت، کە کوردی موسلمان چاوی لەچاکەخوازییە، بەپێی سەرمەشقییەکانی پێغەمبەر، کە دەڵێت: (کوردێکی موسڵمان دڵنیایە لەوەی، کە نەتەوەکەی خۆی لەپێش هەموو نەتەوەکانی ترەوە شایستەی خزمەت‌و چاکەخوازی خێرخوازییەو سەرمەشقیش لەوکارەیدا سەرجەم پێغەمبەرانە). (ئەبوبەکر عەلی:٢٠٠٨، ٣٠١). واتە جارێکی دیکە ڕۆژنامەی چاودێر، ژمارە ٢٤٨/ ١٨-٥-٢٠١٥، لاپەڕە٤، سەروەر پێنجوینی، بەندوباوی ئەدەبیاتی ئیسلامیی کوردی، دەربارەی عەلمانیەت‌و ئیسلام لەنێوان مۆدرینتی‌و وابەستەبوون بەسەرمەشقیی‌و چاکەخوازیی ناتوانێت یەکگرتووی ئیسلامی لەگوتارێکی ئاینی سیاسی بکاتە خاوەنی گوتارێکی کۆمەڵایەتی ئاینی، کە باسی چاکەخوازی دەکات. هەرچەندە بەپێی زانستە نوێکانی شیکردنەوەی زمانەوانی گوتار ناتوانرێت چاکەو خراپە، باشی‌و خراپی، ڕاستی‌و درۆ بکرێتە بنەما بۆ شیکردنەوە، بەڵکو گونجان‌و نەگونجان پێوەرن.

لەلایەکی دیکەدا دابەشبوونی گوتاری ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا،

دەرفەتێکی دیکەی دروست کردووە، کە یەکگرتووی ئیسلامی بەدوای زمانو شێوازو عەقڵانیەتییەکی جودا لەگروپەکانی دیکەدا بگەڕێت.

با لەڕوانگەیەکی روونتری شیکردنەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسیدا، شیکاری ئەمجۆرە بۆچوونە بکرێت، کە هەتا ئێستاش جێگەی تێڕوانینی جودا جودایە، دەوڵەتی ئیسلامی بەپێی بۆچوونی سەرەکی بزاڤی ئیسلامی لەم دوو خاڵە کورت دەکرێتەوە:

**یەکەم**/ داننان بەمەرجەعیەتی ئیسلامی وەک سەرچاوەی باڵای یاسادانان.

**دووەم**/ پابەند بوون بەشورا. (هادی عەلی:٢٠١٣،٧٢).

هەروەها بەپێی شیکارێکی دیکەی گوتاری ئیسلامی، مەرکەزیەت لەئیسلامدا نییە، دیارە مەبەستی مەرکەزیەتی رۆحیو وەحی نییە، مەرکەزیەتی قورئانو سوننەت نییە، بەڵام مەبەستی گواستنەوەی دەسەڵاتە لەدەقێکی باڵاو گونجاندنی لەگەڵ سەردەمی هاوچەرخدا، کە ئەویش دیموکراسیو مەرکەزیەتی بڕیارو دەسەڵاتی گەلە. (هادی عەلی) دەڵێت: (گوتاری قورئانی رووی لەکەسێک، یان گروپێک، یان دەزگایەکی دیاری کراو نەکردووەو ئاماژەیە بۆ ئەو راستیەی، کە لەئیسلامدا مەرکەزیەت بۆ دەوڵەتو سسیتمی سیاسی نییە، بەڵکو مەرکەزیەتو مەرجەعیەت بۆ گەلو نەتەوەیە، یان (ئوممەت) بەمەفهموی ئیسلامی). (هەمان سەرچاوە:٧٢). کەواتە بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی دەتوانرێت گریمانەی ئەوە بکرێت کە (گەلو نەتەوە، یا ئوممەت) لەعەقڵی نوێی سیاسی ئیسلامییەکاندا، شوێنی یەکەمی بڕیار و مەرجەعیەت و مەرکەزیەت دەگرێتەوە، کە لای سەلەفییەکان ئەم مەرجەعیەتە قورئانو سونەتە.

ئەم بۆچوونە، دەمانگەیەنێتە ئەوەی، کە گوتاری قورئان سەرتاپاگیرە، ئاڕاستەی هیچ کەسێکو گروپێکی ئەنتیکی، یان نەوەییو رەگەزی دیارکراو نەکراوە، لەکاتێکدا ئیسلامێکی عەرەب، ئەگەر ئیسلامێکی نەتەوەیەکی دیکە

ببینێتو نێوەکەی عەرەبی نەبێت، دوور نییە گومان لەسەر ئیسلامی بوونی دروست بکات، وەکو چۆن هەندێک کوردی ئیسلامی، بانگەشەی گۆڕینی نێوی کوردی منداڵەکانیان بۆ نێوی عەرەبی ئیسلامی دەکەن، یان دەیانەوێت جلک و سیواکو هەندێک نەریتی نەتەوەیی عەرەبی ئیسلامی بەسەر خۆیاندا بسەپێن، چونکە نێوەکەیان بەگوتاری ئیمانداریو لاوازی لەئیمان دەبەستنەوە. یاخود عەرەبە ئیسلامییەکان زمانی عەرەبی قورئان بەپیرۆزیی نەتەوەکەیان دەبەستنەوە، کەئەمە جۆرێک لەرەگەزپەرستیو شۆڤینی نەتەوەیی دەردەخات. تەنیا گوتاری بەعەرەبکردنیش دێخنە نێو چوارچێوەی ئیمانداریی ئیسلامییەوە، رەنگە دەسەڵاتو دەرفەتی ئەوەشیان هەبێت ئایەتو بڕگەی قورئانی بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەدروستی بەکاربهێنن، لەسیاقی قورئانیو سونەتدا، نەک لەسیاقی کۆمەڵایەتی ئاینیدا.

ئەگەر گوتاری ئەم توێژینەوە بکەینە سەرچاوەی ئەم توێژینەوەمان کە (عەرەفات کەرەم مستەفا) بەنێوی (مێژووی بەعەرەبکردنی ئاین) کروویەتی، بەشێک لەم ئاڕاستەیەمان بۆ رون دەبێتەوە، کە تاکو ئێستاش جێگەی مشتومڕی نێوان توێژەرانە. لێرەدا کە باسی ئەوە دەکەین مەرجەعی یاسادانانی دەوڵەت ئیسلام بێت، بۆچوونەکەی (مالکی کوڕی ئەنەس) گرینگە ئاماژە پێبکەین، کە گوتیەتی: (هەر کەسێک بەزمانی غەیرە عەرەبی لەنێو مزگەوتی ئێمەدا قسەبکات لێی دەردەکرێت). (عەرەفات کەرەم مستەفا:٢٠١٢،٥٧). ئەمە کاتێک دەبێتە بنەما بۆ یاسادانان، هەم ئاینداری ئیسلامی بەزمانی دیکە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوەو هەم بەکارهێنانی زمانەکانی دیکەش لەیاسا قەدەغە دەکرێن. کەواتە پرسیارێکی سەرەکی لێرەدا خۆی دەردەخات، ئایا گوتاری سەلەف، لەبیر نەکەین، کە وابەستەی سەلەفییەکانە، چ جۆرە ئاڕاستەیەکی بەدیهێناوە لەبارەی زمانو بوونی نەتەوەکانی دیکە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا (سەلەف) هیچ جۆرە دەمارگرژییەکیان بەرانبەر بەنەتەوەکانی دیکە، بەتایبەتیش نەتەوەی فارسو زمانی فارسی هەڵگرتووە؟ تەنانەت هەندێکیان ئەحکامی فیقیهشیان لەسەر بنیات نێوە. وەکو (شافعی) کە رێگا نەدات پیاوێکی غەیرە

عەرەب کچێکی عەرەب مارە بکات، لەبەر نەبوونی هاوکوفی لەنێوانیاندا، کە عەرەببوون مەرجەعە لەهاوکوفیدا. وەکو (عەرەفات کەرەم مستەفا) ئاماژەی پێکردووە کۆمەڵێک هۆکار هەن بۆ ئەوەی ئەمجۆرە یاسایە لای (سەلەف) دروست بێت کە، ئەویش پەیوەستە بە:

**یەکەم**/ بوونی هەندێک حەدیس‌و ئاسەوار، کە زمانی عەرەبی بەباشتر لەزمانەکانی تر دەزانن.

**دووەم**/ بوونی بڕوای ئەهلی سوننەت بەوەی، کە عەرەب باشترین رەگەزە، وادەخوازێت، کە زمانەکەشیان باشتیرن زمان بێت.

**سێیەم**/ وەستان بەرانبەر شارستانیەتی فارسی.

**چوارەم**/ گەورەکردنی زمانی عەرەبی‌و بەباشتر دانانی لەزمانەکانی دیکەو دانانی بەزمانی قورئان.

**پێنجەم**/ دەرکەوتنی بزوتنەوەی شعوبیەت، کە بانگەوازی بۆ یەکسانی رەهای نێوان موسلمانان دەکرد، جا عەرەب بێت، یان غەیرە عەرەب.

ئەمە نموونەیەکە بۆ ئەو مشتومڕەی تاکو ئێستاش لەنێوان گوتاری ئیسلامی بەئاڕاستەو فکرو قوتابخانە جیاکانییەوە دیارە، ئەم جیاوازییە لەگوتاری ئیسلامی کلاسیکی‌و مۆدێرن، ئیسلامی ئیمانداری‌و سیاسی بەڕوونی بەدیار دەکەوێت. بۆیەشە، کە ئەم بۆچوونە دەکرێتە بنەما بۆ حوکمداری، بێگومان ژمارەیەک پرسیارو لێکدانەوەو شیکاریش لەگەڵ خۆی دەهێنێت. واتە گوتاری ئیسلامی سیاسی، لەنێوان گوتاری ئاین‌و کۆمەڵایەتی ئایندا لەناکۆکی‌و رکابەرییەکی راستەقینە دایە.

ئەگەر تۆوێکی سەرەتایی لەئیسلامدا دەربارەی دیموکراسی هەبێت ئەوە (شورا)یە، کە هەموو ئاڕاستە ئیسلامییەکان لەسەردەمی نوێدا، بۆ خۆتێکەڵکردن‌و کەمکردنەوەی پاڵەپستۆی مۆدێرنەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، دیموکراسی وەکو بنەما بۆ شورا دەگێڕنەوە، بەڵام لێرەدا


فەرقێکی گەورە لەنێوان مانای نوێی دیموکراسیەتو شورا هەیە. شورا تەنیا لەچوارچێوەی توێژە بڵندو دەسەڵاتدارەکانی پیاوە گەورەکانی موسلماندا قەتیس کراوە، بەڵام دیموکراسیەت سەرجەمی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگە دەگرێتەوە بەبێ جیاوازیی ئایینو رەگەزو نەژادو هۆزو عەشیرەت، پاشان شورا دیلی فەزای ئەقڵیی مۆدێرنەیە. (محمد ئارگۆن:٢٠٠٥، ٤٧). وابزانین ئێستا باشتر لەچەمەکە سەرەکییەکانی ئەو گوتارە ئیسلامییە سیاسیە دەگەین، کە هێشتا گوتارێکی پڕ لەڕکابەریيو ناکۆییە لەنێوەخۆیدا.

## ٤-١٣ گوتاری ئەقڵیو گوتاری کردەیی ئیسلامی سیاسی

بێگومان نابێت لەبیری بکەین، کە شیکردنەوەی پراگماتیکی گوتار، شیکردنەوەیەکی کردەییە، پەیوەستە بەئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکان، کە پەیوەستیان بەکردەی قسەو کردەی گوتنەوە هەیە. واتە ئەو تیۆرەی، کە گوتنو کردەی گوتن دەکاتە بنەما بۆ شیکردنەوەی گوتار لەڕوانگەی پراگماتیکەوە، ئەوە دەردەخات، کە کردەی گوتار بایەخێکی زۆری دەبێت، بۆ دەرخستنی گوتار، کاریگەریيو دەرخستنی هێزی گوتاریش لەهەمان کاتدا نیشان دەدات.

کێشەی گوتاری ئیسلامی لەوڵاتە عەرەبییەکان، کێشەی سیستەمە لەگەڵ دەوڵەتدا، سیستەمی بەڕێوەبردنو حوکمە لەم وڵاتانە، کێشەی رووبەڕووبوونەی رقلێبوونەی دیموکراسی ئەمەریکيو رۆژئاواییە، ئەم پرۆسەیە لە ئەفغانستان گەیشتە ئاستێک، کە حوکمی رەهای ئاینی، بەپشتبەست بەپێویستی واتە پاداشتو سزا لەیەک کاتدا، هەروەها پابەستبوون بەدەقی باڵاو دەقی قورئانو حوکمی خودایی، لەوێدا دۆخەکە گەیشتە ئاستێک، کە بەهیچ شێوەیەک عەقڵو ئەخلاقی وەکو فەرهەنگێکی کۆمەڵایەتی لەسەردەمێکی نوێدا رەچاو نەکرد، لە تورکیا مەسەلەکە لەئاستێکی دیکەدا بەڕێوەدەچێت، دوای ئەوەی ئەتاتورک لەنێو پاشماوەی دەسەڵاتی خەلیفەکانی عوسمانی، هەڵگەڕانەوەیەکی

بنەڕەتی پێکهێنا، گەڕان بوو بەدوای فەرهەنگێکی نوێ، زمانێکی نوێ، ئاینێکی نوێ، کە ئیدی تاکو هاتنە سەرکاری گروپە ئیسلامیەکان، ئاین لەدەسەلات نەبوو. هەنووکەش کار دەکەن هاوسەنگی لەنێوان ئاین‌و ئەخلاق‌و عەقڵ پیادەبکەن. ئەمە لە میسری دوای هاتنە سەرکاری ئیخوان رووی نەدا، چونکە ئیخوان نەک ئەم فەرهەنگە باوەی میسریان رەچاو نەکرد، بەڵکو دەیانویست لەشەریعەتدا حوکمی خوادیی جێبەجێ بکەن. لەکاتێکدا ئیخوان گرفتێکی گەورەی لەتێڕوانین‌و شیکردنەوەی دەسەلات هەیە. هێشتا بەشێکی زۆری ئیخوان نایانەوێت بانگەوازخوازی‌و هوشیارکردنەوە تێکەڵی دەسەلات‌و حوکمڕانی بکەن.




هێلکاری ژمارە (١٤) گوتاری سیاسی ئیسلامی

بێگومان لەکاتی شیکردنەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسی، یان ئەو شیکردنەوە مۆدیرانەی بۆ رۆڵی ئاین لەلایەن توێژەرانی وەکو (ئەبو نەسرو محەمەد شحروری‌و زەکەریاو ئاراگۆن‌و ئۆزۆن‌و نیهۆم) لەبارەی جیاوازی‌و دژبەرییەکانی نێوان دەق‌و عەقڵ، ئیسلامی کلاسیکی‌و سەردەم‌و هاوچەرخ دەکەن، جێگەی رەزامەندی هەموو موسڵمانێک، یان زانایەکی ئاینی نییە، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئەوروپا ژیاون‌و خوێندویانە، دەبینرێت تێڕوانێکی نوێ‌و هاوچەرخیان بۆ ئاین‌و کۆمەڵگەو گوتاری ئیسلامی سیاسی هاوچەرخ هەیە. کەسێکی وەکو (سادق نیهۆم)، کە بەرەگەز لیبییەو لە ئەوروپا ژیاوە زۆر بەتوندی رەخنەی لەفکری بزاڤە ئیسلامییەکان‌و گوتارە توندڕەوە داخراوەکەیان دەگرت، پێی وابوو ئیسلامی خستۆتە حالەتی دیلییەوە. ئەو لەباسەکانیدا لایەنێکی گرینگی دەخستەڕوو، کەپێی وابوو رۆشنبیرە عەرەبە موسڵمانەکان‌و هەموو لایەنە سیاسییەکان مزگەوتیان بۆ لایەنە ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوەکان بەجێهشتووە و ئەوانیش مزگەوتیان داگیریان کردووە، (نیهۆم) داوا لەموسڵمانان دەکات مزگەوت لەژێر دەستی توندڕەوەکان دەربهێنن. (زیاد حافظ: ٢٠١٢،العدد،٤٠٢ السنە ٣٥ مجلە المستقبل العربی).

گوتاری ئیسلامی سیاسی کوردی، هەرچەندە لەتوندیی تاکو میناڕەویی‌و سەلەفی‌و ریفۆرمخوازیشی تێدایە، هەریکەشیان لەپێگەو هێزو روانگەیەکی جوداوە شیکاری رۆڵی خۆیان دەکەن، بەڵام گوتاریان دابەشی سەر چەند بنەمایەکی جودا کردووە. ریفۆرمخوازەکان، کە هەندنێکیان نزیک لەمیناڕەوەکان دەردەکەون، بڕوایان بەعەقڵ‌و مەنقیق‌و ئەخلاق لەکاری سیاسی‌و ئیدارەو بەڕێوەبردن هەیە، هەندێکیشیان مەیلی توندیان بەرەو گەڕانەوە بۆ عورفی یاسایی‌و هەشیانە بۆ حوکمی خودایی هەیە. بێگومان هەموو ئەم جۆرە گوتارانە سروشتین، چونکە پەیوەستن بەباری فەرهەنگی‌و ئابوری‌و سیاسی کۆمەڵگەی کوردستانەوە. بەڵام ئەوەی گرینگە گوتاری ئیسلامی سیاسی کوردی، هیچ بوارو دەوڵەت‌و چوارچێوەیەکی دەوڵەتی کوردی نییە، شەریعەت‌و حوکمی خوایی خۆی تێدا پیادەبکات. واتە جیاوازییەکی دیارو یەکلاکەرەوە لەنێوان

گوتاری ئیسلامییەکی سیاسی کوردی لەگەڵ ئیسلامییەکی سیاسی عەرەبی، یان تورکی، یان فارس هەیە.

پێوەری ئەخلاقی بۆ ئاین، پێوەرێکی دابڕاو لەفەرهەنگ، لەکارتێکردن‌و کاردانەوە، هەندێک لەشیکارانی ئاین، پێیان وایە سەربەخۆیی ئەخلاق‌و سەربەخۆیی عەقڵ پێوەرێکی گرینگە بۆ سەلماندنی کاریگەری بەکردەوەی ئاین، ئەگەر ئەخلاق رۆڵەی ئاینییەکان بێت، بەڵام دەبێت دان بەودا بنێین سەربەخۆیی ئەخلاق یەکێکە لە پرەنسیپەکانی سەردەمی نوێ، واتە ئەخلاق سەربەخۆیی خۆی هەیە. (تەحسین حەمە غەریب،٢٠١٣، ٤٣). هەروەها پێوانەیەکی دیکە گرینگە ئاماژەی پێبکرێت، کە ئەویش هەر پەیوەستە بەسەربەخۆیی ئەخلاق، با نموونەی ستەمکار بهێنینەوە هیچ مرۆڤێکی ئایندار نییە باوەڕی وابێت ستەمکاری شتێکی باشە، بەڵکو هەموو ئاینەکان دژی ئەم بابەتەن، ئەمەس مانای وایە ستەم وەکو بابەتێکی نائەخلاقی بوونی سەربەخۆی خۆی هەیە، بەڵام کاتێک دەچێتە نێو بواری کردارییەوە «عمل» ەوە ئەوان تەنها ئەو ستەمە بەستەم دەزانن، کە لەدەقە ئاینییەکاندا بەستەم دانرێت، ئیدی ستەم پێوەرێکی دەرەکی نییە، لێرەوەیە ستەم وەکو بابەتێکی ئاینی سەربەخۆ دەگوزارێتەوە بۆ ئەوەی، کە تۆ چەند لەگەڵ من دایت، ئەوەندە ستەمکار نیت، مادام لەگەڵ من نەبیت، ئیدی ستەمکاریت. (هەمان سەرچاوە، ٤٥).

بۆیەشە بۆ دیارکردنی ئاڕاستەی گوتاری سیاسی ئیسلامییەکان بە پێویستی دەزانین هەڵوێستیان لەبارەی عیلمانییەکان و دابەشکردنیان بۆ چەند جۆرێک، قسەکانی راشد غەنوشی باسبکەین کە ئەو پێی وایە عیلمانییەکان، کە پەیوەستە بەعەقڵ‌و مەنتیق بۆ سەر سێ جۆر دابەش دەبن :

**یەکەم**/ دەکرێت جیاکردنەوەی دیدی عەلمانیەتی لاوەکی‌و گشتگیر بێت. کە لاوەکییەکە جۆرێک لەباوەڕداری پێ قبوڵە.

**دووەم**/ عەلمانیەت لێکۆڵینەوەیەکی ئازادە بەشوێن راستیدا دەگەڕێت، هیچ

کۆتێک بۆ عەقڵو ئەزموونو بەدوداچوونەکان دانانێت، جگە لەو بەندو بارە میتۆدیانەی، کە عەقڵ خۆی بەسەر خۆیدا دادی دەسەپێنێت. ئەمەش بریتییە لەئازادی تەواوی عەقڵ، هیچ سەرچاوەیەک دژایەتی سەرچاوە ئیسلامییەکان ناکات.

**سێیەم**/ بەو پێیەی عەلمانیەتی لاوەکی دەتوانێت پەناگەیەک بۆ خۆی لەو جیهانبینییە ئیسلامیەدا بدزۆێتەوە، کە دانی بەجۆرێک لەجیاکاریدا نێوە لەنێو سیاسەتدا، بەو پێیەی کە مەسەلەیەکی دونیاییەو تێیدا ئەوەی لەبەرچاو دەگیرێت بریتییە لەبەدەستهێنانی بەرژەوەندیو دوورکەوتنەوە لەمەفسەدەو لادانەکان، کە تێیدا عەقڵ توانای پەی بردنی بەشتەکان هەیە، لەنێوان بواری ئاینیدا بەتایبەت مەسەلە پەرستشییەکان، کە تێیدا لەمەسەلە سەرەکیو لاوەکییەکانیشدا هیچ ڕێگایەکمان نییە جگە لەوەحی بۆ پێڕەوکردن لێی.

بەپێی شیکردنەوەکان، دەردەکەوێت عەقڵ لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا لەقەیرانێکی راستەقینە دایە ، هەروەها بەپێی بۆچووەنکانی (غەنوش)، ئیسلامو عیلمانیەت هاوبەشیو کاربەیەکەوەکردنو سازانیان تێدایە. لەمبارەوە دەڵێت نامانەوێت (دین چارەنووسی ببەسترێتەوە بەئاڵوگۆڕە سیاسییەکان هەروەها سیاسەتی ئاین بەکارنەهێنرێت، چونکە بەسروشتی خۆی سیاسەت ئاڵۆرە. بەڵام تایبەتمەندییەکانی ئاین ئەوەیە، کە نەگۆڕە. (شرق الاوسط: ١٣٧٠٠ – ١-٦-٢٠١٦ ل ١٠).

هەروەها لەبارەی وازهێنان لەکاری شمولی گشتگیر (غەنوشی) راشکاوانە پێچەوانەی ئەو لایەن ئیسلامیانەی، کە پێداگری لەسەر شمولی بوون دەکەن دەڵێت: (دەچینە قۆناغی تایبەتمەندی سیاسیو حزبی، سەردەمی بزاڤی شمولیو شیوعیو نەتەوەییو ئیسلامی کۆتایی هات). (هەمان سەرچاوە: ١٣٧٠٠ – ١-٦-٢٠١٦ لاپەڕە ١٠). ئەمە گەڕانە بەدوای عەقڵو مەنتیقێکی نوێدا، ئەو عەقڵەی، کە پشت بەگۆڕانکاریی دەبەستێت نەک نەگۆڕەکان. واتە گوتارێکی ئیسلامی سیاسی تایبەتمەندی پشت بەستوو بەگۆڕاوەکان پیادە

دەکات. ئـەم بۆچوونـەش، کـە پشـت بەوەحـی، ئینجا ئـازادی عەقڵ لەشـیکردنەوە دەبەسـتێت. بەتایبەتیـش لـە خاڵـی یەکـەمو دووەمـدا دژایەتـی لەگـەڵ ئیسـلام نادۆزرێتـەوە، یاخـود دەقێکـی ئیسـلامی نادۆزرێتـەوە، کـە ئـەم رەوشـە گشـتییە، کـە پەیوەسـتە بەعەلمانیەتـی لاوەکـیو دەسـەڵاتی عەقڵ رەتبکاتـەوە. لەکاتێکدا، لەئاقـاری ئەقڵدا چاکـەو خراپـە بەتێڕوانینو عەقیدە ئیسـلامییەکەی، کە (یوسـف قـەرزاوی) بـۆ لەقاڵبدانـی دەوڵـەت بـەکاری دەهێنێت، واتە لەجیاتـی چاکەو خراپە (وەحـی، ئـازادی عەقڵو شـیکردنەوە) رۆڵ دەگێڕن. لەکاتێکدا کەسـێکی کـوردی میانڕەوی سـەر بەرێبازی ئیخوان موسـلیمن، بەئاسـایی بانگەشە بۆ (ئەردۆغان) دەکات، کە لەڕووی فکری ئیسلامییەوە سەر بەیەک ئاڕاستەو ریشەوەن. (عەلی قەرەداغـی) لەگوتارێکـی نوێدا، ئاشـکراو لەهەمـان کاتدا ئـاو لەئاشـی ئیخواند دەکاتـەوەو لە(هەسـتیارترین دۆخـی کـوردی باکـوردا، بانەگشـە بـۆ ئەردۆغـان دەکات). (رۆژنامـەی چاودێر، ژمـارە ٢٤٨/ ١٨-٥-٢٠١٥، ل٣). بۆیەشـە دەبینین گوتارێکـی دیکـەی رەخنەگریی لەلایەن عیلمانییەکانـەوە دێتە ئاراوەو پێیان وایە، کـە بـەم گوتـارەی (بەرپرسـیاریەتی کوردبوونو موسـلمانبوونی وەک سـەرۆکی رێکخـراوی یەکێتیـی جیهانیـی زانایانـی موسـڵمان دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە)، یان (لەگوتارێکـی زۆر لاوازو نازانسـتیدا پاکانـە بـۆ دەوڵەتـی عوسـمانی دەکات)، یـان (دەچێتـە سـەنەگری ئەرۆغانـەوە)، یـان (خـۆ نایـەت پێچەوانـەی سـتراتیژی ئیخوانەکان، لەبەرخاتری کورد وتار بنوسـێت). (هەمان سـەرچاوە: ژمارە ٢٤٨/ ١٨-٥-٢٠١٥، ل٤). هـەر کاتێک گوتارێکی تازە هەبێت، ئاساییە وەبەرهێنانەوەی گوتارەکـەش، یـان بەپێچەوانـەوە، پێچەوانـەوەو دژی گوتارەکـەش بێتـە ئاراوە. کاریگـەری گوتـار لەمـە دایـە، گوتـار کاتێـک بەوشـە شـت بەدیدەهێنێت، کـە وەبەرهێنـەوەی خـودی گوتارەکـەش دەبێت. نێرەر دەتوانێت وەرگر بجولێنێت، کاریگـەری لەسـەر دروسـت بکات، لەگوتاردا هـەر بەتەنیا گرینگ لەبوونی بابەتی ئەرێنـیو نەرێنـی نییـە، راسـتیو ناڕاسـتی نییـە، بەڵکـو بەدیهێنانـی کردەیەکـە، کە قسـەکردنو ئاخاوتنو بەکارهێنانـی وشـە، بەرهەمـی دەهێنێت.

کەواتـە جارێکـی دیکـە گوتـاری ئیسـلامی سیاسـی، کـە عەلمانیەت بەفەلسـەفەی

مردنی مرۆڤ نێوببات (کۆمەڵێک نووسەر: بێ ساڵ، ٣٧)، یاخود پێی وابێت عەلمانیەتی گشتگیر هەر بەتەنیا ونبوونی دینو ئەخلاقو راستیو خودا نییە، بەڵکو ونبوونی مرۆڤیشە. بەو پێیە بێت، پراگماتیک گریمانەی ئەوە دەکات بۆ دۆزینەوەی مرۆڤ، بۆ دۆزینەوەی (دینو ئەخلاقو خودا) دەبێت ئیسلامییەکی سیاسی سەرهەڵبدات. ئەو ئیسلامییە سیاسییەش، کە نێونهێنانی بەمجۆرە بەتانەلێدان دەزانرێت، ئەرکی بوژانەوەی مرۆڤە، بەڵام بەملکەچبوون بۆ ئاینێک، کە دەیەوێت عەقڵ تەسلیمی شەریعەتو دەقی باڵا بکات. واتە گوتارێکی سیاسی ئیسلامی لە کوردستاندا دەرکەوتووە، کە دەیەوێت (شەریعەتی ئیسلام بکرێتە سەرچاوەی یاسا)، هەروەها دەیەوێت ئاین، بێ رەچاوکردنی جیاوازیی فەرهەنگی، بێ رەچاوکردنی (عەلمانیەتی لاوەکیو ئازادی عەقڵ)، کە یەکەمیان بڕوای بەدەقی باڵاو پیرۆزییەکانەو دووەمیش هیچ دژایەتییەکی لەنێو ئیسلامدا نییە، بسەپێنێت. کەواتە گوتاری عەقڵ، گوتاری عەقڵانیەت لای ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا لەقەیرانە. بێگومان ئەمە راستە کوردێکی ئیخوان ئەنجامی داوە، بەڵام دەکرێت لەچوارچێوەی گوتارێکی ئیسلامی بەرفرەتر شیکاری بۆ بکرێت، کە ئیخوانە، یان جیهانی ئیسلامیی عەرەبییە. ئەمەش هیچی لەبەرزکردنەوەی (قورئان) لای ئەردۆغان، یان (نەوشیروان مستەفا) نییە، کە دەیانەوێت گوتارێکی ئیسلامی عیلمانی لای (ئەرۆغان)و عیلمانی ئیسلامیش لای (نەوشیروان) بەرێوەببرێت. گوتاری ئیسلامی سیاسی، لەتەک دابەشبوونی بۆسەر چەند تەوەرو گروپو رێبازێکەوە، لەلایەن گروپە کۆمەڵایەتییە سیاسی- ئابووری- فەرهەنگییەکانیشەوە، کە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسیان نییە، بەکاردێت. ئەم بەکارهێنانەش، بەکارهێنانێکی ئاڵۆزی پڕ لەکاردانەوەیە. بۆیە گوتار لەکێڵگەیەکی پڕ لەبزاڤو زیندوودا گەشە دەکات، کاریگەری دروست دەکاتو خودی خۆشی بەرهەم دەهێنێتەوە.


ئیسلامی سیاسی کوردستان لەبارەی کەمی دەقی قورئانیو سونەت لەبارەی حوکم، ئینجا رۆڵی عەقڵو هۆشو ئەزموون لای (عەلی باپیر)، کە یەکێکە لە کارەکتەرەکە دیارەکانی نێو ئیسلامییەکانی کوردستان لەم سەردەمەو

ڕەنگە زۆرترین قسەی لەمبارەوەش هەبێت، دەڵێت (کەمیی دەقەکانی قورئان‌و سوننەت لەبواری حوکم‌و سیاسەتدا حیکمەت‌و ڕەحمەتی خوای کاربەجێی تێدا دەدرەوشێتەوە تاکو ئینسان لەبەردەم گۆڕانکارییە خێراکانی ئەو بوارەی ژیان‌و گوزەراندا دەست بەستراو نەبێت‌و مەیدانێکی فراوانی لەبەردەمدا هەبێت، کە ئەسپی عەقڵ‌و هۆش‌و ئەزموونی خۆی تێدا تاوبدات). (ئارام قادر:٢٠٠١،٥). واتە بەپێی شیکردنەوەی زمانەوانی ئەم پەرەگرافە دەتوانین بڵێین، حوکم‌و سیاسەت بۆ ئیجتهاداتی مرۆڤ خۆی بەجێهێلراوە، مرۆڤ سەرپشک دەکرێت، ئیسلام بڕوای بە(گۆڕان) وەکو چەمکێکی کۆمەڵایەتی هەیە، کە ئەمەش ڕادەستکردنی دەسەڵاتی دەقی باڵای ئاینی دەداتە دەست دەسەڵاتی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، لەهەمان کاتدا (عەقڵ‌و هۆش‌و ئەزموون) سێ بنەماو کۆڵەگەی گرینگ دەبن بۆ حوکم لەئیسلامدا. ئایا بەڕاستی ئەم پێودانگە، لەگەڵ هاوکێشەو شیکردنەوەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسی لەوڵاتانی عەرەبی، یان تورکی‌و فارسی دێتەوە. هەروەها (ژیان‌و گوزەران) لای (عەلی باپیر) دەبنە پێودانگ بۆ عەقڵ لای مرۆڤی موسلمان نەک (چاکەو نەهیکردنی خراپە). ژیان‌و گوزەرانیش لایەنی ئابوری‌و خۆشگوزەرانی‌و دەروونی‌و هەڵسوکەت‌و نەریت‌و ڕەوشتی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە بێگومان ئەگەر ئەمانەش بکەونە بەر کاریگەرییە خێراکانی گۆڕنکاری لەژیان‌و کۆمەڵگە، هیچ کاتێک ناچنە باری (خراپەو چاکە)، چونکە ئەوەی بۆ مرۆڤێک لەفلان شارو دەڤەر، ئەوەی بۆ فلانە هۆزو خانەوادە دەشێت‌و گونجاوە، ڕەنگە بۆ یەکێکی دیکە نەگونجاو بێت. واتە مەبەستمان ئەوە بڵێین، ئەمجۆرە گوتارە چەندە دەچێتە چوارچێوەی عەقڵانیەت، یاخود وەکو (یوسف قەرزاوی) دەڵێت کەسایەتی ئیسلامی کەسایەتییەکی سیاسییە، هەتا یەکتاپەرستیشی بەسیاسی دانێوە لەنەهێشتن‌و نەمانی فرە پەرستگاری. کەچی لێرەدا عەقڵی فرەیی دەکاتە پێوەر بۆ (هۆش‌و ئەزموون) لای مرۆڤ، کەئەویش پەیوستە بەحیکمەتی خودای کاربەجێ. بەڵام دەبین (محەمەد ئارگۆن) پێی وایە هەموو گوتارێکی مرۆیی لەنێوەخۆیدا (ئیرادەی هێز) هەڵدەگرێت. هەروەها پێی وایە گۆڕانەکانی واتا

وەکو گۆڕانی ئەو حەقیقەتانەن، کە لەژێر پاڵەپەستۆی دیاردەی گەردوونیی گلۆبالیزمدا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. (محمد ئارگۆن:٢٠٠٥،٥٢).

ئایا ئیسلامی کوردی دەیەوێت گوتارێکی هەبیت لەسیاقی عەرەبیدا بێتو بیگوازێتەوە سیاقی کوردی، یاخود دەیەوێت گوتارێکی هەبێت لەسیاقی مۆدێرنەی ئەورووپیادا بێتو بیگوازێتەوە بۆ سیاقی کوردی. یاخود گوتارێک بەدیدەهێنن، کە سیاقی کوردییە، بەڵام بەعەقڵانیەتی مۆدێرنی نوێی ئیسلامی؟.

لەهەمان کاتدا ڕەوتێکی دیکە ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا لەچوارچێوەی گوتاری خۆیدا وەکو پرۆژەیەکی ئیسلامی (دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی) بانگەشە دەکات، کە لەدوو خاڵی سەرەکیو بنەڕەتیدا لەبارەی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە دەڵێت: (یەکەم/ ئەرکی سەرشانی دەوڵەتی ئیسلامییە، کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بپارێزێت بەباشیو یاساکانی ئیسلامو بنەماکانی جێبەجێ بکاتو قورئانو سوننەت بکاتە بەرنامە لەژیانی ڕۆژانەیداو لەهەموو بوارەکاندا پیادەی بکات. دووەم/ ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتدارانە، کە ئیسلامو ئەحکامەکانی بۆ خەڵکی روون بکەنەوەو بانگەشە بۆ ئیسلام بکەن، بەرێگەیەکی جوانو هێمنانە). (ئارام قادر:٢٠٠١،٨).





گوتاری ژمارە (١٥) گوتاری ئیسلامی سیاسی

واتە دەوڵەتێکی ئیسلامی بینادەکەن، ئەو دەوڵەتە دیار نییە لەسەر چ جوگرافیایەک رۆدەنرێت، یاساو بنەماکانی بپارێزێتو قورئانو سوننەتیش سەرچاوەی دەوڵەتەکە دەبن. لەکاتێکدا کورد هێشتا خاوەنی هیچ دەوڵەتێک نییە. ئەی پێشگریمانەی ئەو ناکرێت، کە ئەم ئاڕاستەیە لەگەڵ بیناکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستانی نییە، هەروەها بڕوای بەهیچ بنەمایەکی دیموکراسیو هەڵبژاردن نییە. کاری بانگەشەیە بۆ ئیسلام، واتە دەوڵەت دەبێتە مینبەرێک بۆ بانگەشە بۆ ئاین، نەک بەرێوەبردنو رێکخستنی کاوباری ژیانی خەڵک. ئەمە دەوڵەتێکی داخراوی ئیسلامی دەبێت، دەرفەتی (عەقڵ، بیروڕا) لەئارادا نابێت، دەسەڵات لەدەستی ئیسلامییەکاندا دەبێت. واتە ئەمجۆرە گوتارە سیاسییەی ئەم رەوتە ئیسلامییە، کە ئەگەر فەرمیش نەبێت، بەڵام رەنگدانەوەی بۆچوونەکانی کۆمەڵی ئیسلامییە، دەبێتە گوتارێکی داخراو، گوتارێکە عەقڵو کرانەوە رەتدەکاتەوە. پشت بەو مەبدەئە دەبەستێت کە بڕوای وایە عیلمانیەت لەگۆڕانانی مرۆڤە. هیچ دەرفەتێکیش لەنێوان دینو دونیا ناهێڵێتەوە. ئەمە ئەم گوتارە بەرجەستە دەکات، کە پێی وایە ئیسلام بەرپرسیاریەتی سیاسی دەخاتە ئەستۆی هەر موسلمانێکەوە تا لەوڵاتیکدا بژی، کە ئیمامێکی موسلمان بەڕێوەی دەباتو حوکم بەکتێبی خوا بکاتو خەڵکی لەسەر ئەوە بەیعەتی پێبدەن، ئەگەر نا ئەو کەسە چۆتە پاڵ نەفامەکانەوە. (کۆمەڵێک نووسەر: بێ ساڵ، ٧١). گوتاری ئیسلامی سیاسی لەمجۆرە لەکوردستاندا وابەستەیە بەتێڕوانینو دابەشبوونی خودی گوتارەکە بەسەر تێڕوانینو دونیا بینیدا، ئەگەر خودی ئەم گوتارە شیکارێکی زمانەوانی پراگماتیکی بۆ بکرێت، دەردەکەوێت، هەڵگری مەبەستێکی داخراوە، بەئامانجی بەدیهێنانی دەوڵەتێک، کە تاپۆ دەکرێت لەسەر ئیسلام، بەپشت بەستن بەقورئانو سوننەت، دوور لەئەرکو مافو دەرفەتی کۆمەڵگە، یاخود دونیا. لەکاتێکدا کەسێکی وەکو (قەرزاوی) پێی وایە ئەم دەوڵەتە دەبێت ئیمامێک بەرێوەی بباتو موبایەعەی تێدابکرێت، کە ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی سەردەم دەبێت، هاوڕێک نایەتەوە لەگەڵ (عەقڵو هۆشو ئەزموونی) خودی مرۆڤەوە. لێرەدا مرۆڤ پابەستی قورئانو سوننەت دەکرێت، پابەستی

ئیمایکی موبایەعەکراو دەبێت، کەچی لەگوتاری یەکگرتووی ئیسلامیدا، خەڵک سەرپشکە، هەڵبژاردن‌و پێویستییەکانی خەڵک بنەمایە. لەهی دووەمدا گوتارێکی عیلمانی بەزەقی بەرجەستە دەبێت، لای یەکەمیشیان گوتارێکی ئیسلامی وابەستە بەمێژوو، دەقی باڵای نەگۆڕو دەستلێنەدراو بەرجەستە دەبێت، کە بێگومان نابێت ئەوەمان لەبیربچێت حەقیقەتیش وەکو بوونێکی بەرجەستە لەکۆمەڵگەدا هاوسەنگی گەلێک لەئاراستەکانە، چونکە نەهێز بێ حەیقیقەت دەتوانێت خۆی بسلەمێنێت، نەکردەش بێ حەیقیقەت دەبێتە شتێکی بەرجەستە، ئینجا ئەم قسەکردنە لەچوارچێوەی گوتاردا هەرچەندە پشت بەعەقڵ‌و هۆش‌و هێزیش ببەستێت، بەڵام ناتوانێت لەچوارچێوەی حەیقیقەتدا دەرچێت، بۆیە هەیە پێی وایە حەقیقیەت بریتییە لەهەستکردن بەگونجانی تەواوی نێوان گوتن‌و کردار، یان نێوان دەستەواژەی گوتارو شتی دەرەکی هەستپێکراو، کە ئەو دەستەواژەیە ئاماژەی بۆ دەکات. (محمد ئارگۆن:٤٢،٢٠٠٥).

پێشگریمانەی ئەوە دەکەین، کە عەقڵ دیارنەبێت، توندتیژی دێتە جێگەی، ئەگەر ئاشتەوایی نەبێت، ململانێی خوێنێوی دەردەکەون، کە ئەزموون نەکرا، کۆپی‌و چاولێکەری‌و دوورکەوتنەوە لەواقیع‌و بابەتی بوون سەرهەڵدەدات. بۆیەشە، کە سەیری ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دەکرێت، کە لەئەزموون‌و قوتابخانەی ئیخوانە هاتوون، لەنێوان (ناکۆکی لەسەر خۆبەستنەوەو نەهێشتنی کارەساتەکانی دژ بەنەتەوەو گیرۆدەبوون بەبڕیاری برایانی موسلمان)، ئەم رەوتە، گرژبوونی بیرۆکەکانی هێناوە، هێندە بەلای توندی دایە، رەچاوی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ناکات، هێندە وابەستەی دەقە، رەچاوی عەقڵانیبوون ناکات. وەکو (عەبدولرەحمان مونیف) دەڵێت: ئەگەر لەقۆناغێکی دیاریکراودا پەنابردن بۆ پیسەلماندن‌و لۆژیک رەوابێت، ئەوا لەپێناو گێڕانەوەی یاخیبووان بۆسەر رێگەی راست، لەکاتێکدا ئەگەر نەتوانرا بڕوایان پێبهینرێت، یان بڕوایان نەهێنا، ئەوسا مافی باوەڕدارانە بەڵکو ئەرکی سەرشانیانە پەنا بۆ هەموو شێوازێک بەرن لەوانەش توندتیژی، بۆ گەیشتن بەئامانجی دیارکراو. (عەبدولڕەحان مونیف:٢٠٠٦، ٢٠).

پراگماتیک، شیکارێکی دروستی ئەو بارە دەکات، کە باس لە ناکۆکی و گرفتی گوتاری سیاسی ئیسلامی لەنێوان عەقڵو پڕۆسەیەکی دۆگمایی گوتار دەکات. پراگماتیک بڕوای بەدەوربەر هەیە، رۆڵی دەوروبەر کارایە لەبەدیهێنانی مەبەست لەرێگەی بەکارهێنانی زمان. هەروەها گوتار لە \ئەنجامی گۆکردنو دەوروبەر بەرهەم دێت. کاتێک لەگوتارێکدا دەوروبەر نابێتە بڕیار دەرو پێکهێنەرەوەی گوتارەکە، ئیدی باڵادەستی دەق ئەو رۆڵە دەگێڕێت. ئەمەش دەبێتە کێشەیەک لەبەردەم گۆڕانکاری، دەبێتە گرفتێکو کێشەیەکی کرۆکی بۆ (دەسەڵاتی عەقڵو هۆشو ئەزموون). لەشیکاری پراگماتیکدا رستەو دەق بەشێوەیەکی دابڕاو لەدەوربەر کاریگەریان نابێت، هەر دەقێکی لەمجۆرەش، کە دەبێتە وەبەرهێنی گوتاری سیاسی ئیسلامی، دابڕاو نییە لەدەوروبەری فکریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو فەرهەنگی ئیسلامی سیاسی لەنێو کۆمەڵگەدا.




هێلکاری ژمارە (١٦) گوتاری ئاینی

کاتێک دەڵێن (عەقڵو هۆشو ئەزموون) ، ڕێکوپەوان دەبێت گریمانەی ئەوە بکەین ئەم سێ بنەمایە بوونیان نییە، کە بوونیشیان نەبێت بۆ گێڕانەوە یاخیبووەکان دەبێت مەکینەی گوتارێکی توندوتیژ بەکاربهێنرێت، گوتارێک دەست پێبکات، کە پێسەلماندنو لۆژیک لەقەیراندا دەبن، چونکە ئەمانە بنەمایەکی دیاری عەلمانین، نەک ئیسلامی سیاسی دابڕاو لەشیکردنەوە مۆدێرنەکان.

## ٤-١٤ گوتاری چاکسازی

یەکێک لەبابەتە گەرمو زەقە دیارەکانی گوتاری ئەم سەردەمی بزاڤە ئیسلامییەکانی کوردستان لەدوو ئاست دەردەکەوێت، ئەم دوو ئاستەش لەهەندێک بواردا هاوتانو بەیەکەوە هەڵدەکەن، لەهەندێک بواریشدا ناکۆکن، یان دەبنە ڕکابەری یەکتر. ئەمەش جیاوازی ڕا، جیاوازی شیکردنەوەو لێکدانەوەی لەنێو بزاڤە ئیسلامییەکان دروست کردووە. بێگومان ئەم دوو ئاڕاستەیە پەیوەستە بەڕێبازی کارکردنی گروپە ئیسلامییەکان، واتە پەیوەستە بەسەرچاوەی فکری گوتاری ئەم لایەنانەی، کە دەیانەوێت سیاسەتو ئاین، چاکسازیو کۆمەڵگە بەیەک پێوەر، یاخود بەپێوەری جودای ئاینی، یان کۆمەڵایەتی چارەسەر بکەن. ئەمەش بێگومان گریمانەی دەرکەوتنی ناکۆکی لەبیرکردنەوە، ناکۆکی لەسەرچاوە، ناکۆکی لەشێوازو جۆری بەرنامە ڕێژی ئەمجۆرە گوتارانە دیاردەخات. مەبەستمان ئەوەیە بڵێین گروپە سەلەفییەکان، گروپە نێوەندییەکان، کە هێشتا تێکەڵن لەسەلەفیو میناڕەویی، گروپە میناڕەوەکان. هەروەها هەریەک لەخودی ئەم گروپانەش پشت بەسەرچاوەی ئاینیو کۆمەڵایەتییە ئاینییەکانو ڕێبازو قوتابخانە ئاینییە جوداکان دەبەستن، بۆ پتەوکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی- ئاینی خۆیان، بۆیە سروشتییە ئەم جیاوازیو ناکۆکیانە دەرببکەون.

(غەنوش)، کە یەکێکە لەڕێبەرە دیارەکانی بزاڤی ڕابوونی ئیسلامی، لەکۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی شمولی دەردەکەوێت، لەکۆمەڵگەیەی مۆدێرنی

پێشکەوتووی بەریتانی گەشەدەکاتو فکرەکانی دروست دەکات، لە تونسی دوای دەسەڵاتی شمولیو تاکڕەویی فکرە ئیسلامییەکەی لەنێوان دەسەڵاتو عەقیدە، لەنێوان چاکسازیو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی پیادە دەکات. ئەمەش وایکردووە گوتارێکی نوێی ئیسلامی سیاسی لەچوارجێوەی چاکسازی بەدیبهێنێت، ئەم گوتارە تایبەتمەندی پێدراوە، واتە (غەنوش) لەدوو ئاستادا کار بۆ تایبەتمەندی گوتاری چاکسازی ئیسلامی سیاسی لە تونس بەتایبەتیو ئیسلامی سیاسی بەگشتی دەکات:

**یەکەم**/ گوتاری ئیسلامی سیاسی تایبەتمەندی بۆ دروست دەکرێت.

**دووەم**/ گۆڕانکارییەکان ئەوە فەرزدەکەن، کە سیاسەتی چاکسازی لەدەوڵەتو ئایندا و چاکسازی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو فەرهەنگی دەبێت لەکۆمەڵگە بێت. واتە چاکسازی دەوڵەت، تایبەتمەندی خودی گوتاری ئیسلامی سیاسی بەدیاردەخات. (غەنوش) دەڵێت: (ئێمە لەگەڵ جیاکردنەوەی نێوان ئەرکی چاکسازین لەدەوڵەتدا، کە چاودێری ئاین دەکات، کۆمەڵگەی مەدەنیی سەربەخۆ، بەرپرسە لەچاکسازی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو کاری خێرخوازی، هەروەها حزبی سیاسی بەرپرسە لەچاکسازی سیاسی. پێشم وایە ئەمجۆرە جیاکردنەوەیە سودبەخشە بۆ دینو رابوونی ئاینی لەلایەکو چاکسازی سیاسی لەلایەکی دیکەوە). (رۆژنامەی شرق الاوسط:/ ١-٦-٢٠١٦ لاپەڕە). هەروەها نابێت مەسەلەی (ئاینداریو ئیمان لەگەڵ بەحزبی بوون) تێکەڵ بکرێت. ئەمە رای ئەم رابەرە ئاینییە. بێگومان ئەمجۆرە جیاکردنەوەیە لەتەک پێدانی تایبەمەندی لەبەکردە جێبەێکردنی دابونەریتو ئیلتیزاماتی ئاینیو حزبیو سیاسی، دەبێتە دەرکەوتنی گوتارێکی نوێ، لەسەردەمێکی گۆڕاوی نوێدا. واتە (غەنوش)ی بەپشتبەستن بەچەند هۆکارێکی گرینگ ئەم هەنگاوە دەنێت، کە ئەمانەن:

- گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، بڕوابوونو پشتبەستن بەبنەماکانی گۆڕان لەئایندا، نەک نەگۆڕەکان. ئەمەش پتر دەچێتە چوارچێوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی،

کارتێکردنو نوێبوونەوەو رەچاوکردنی سیستەمی نوێی ژیانو ئیدراەو دەسەڵات.

- تایبەتمەندی دان بەئاینداریو خواپەرستیو نوێژکردن لەلایەکو حزبایەتیو دەوڵەتداریو سیاسەت لەلایەکی دیکەوە. بۆیەشە دەڵێت: (ئێمە ئەمڕۆ لەقۆناغی تەیابەتمەندی بوون داین).
- دەوڵەت بەرپرسیار دەبێت لەچاکسازی سیاسی، ئاین بەرپرس دەبێت لەچاکسازی کۆمەڵایەتی. واتە دەیەوێت هاوسەنگی، یان دەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵایەتی دابەش بکات لەسەر دوو بەرەی دژ بەیەکی دۆست، ئەویش (دەوڵەت لەگەڵ حزبە ئیسلامییەکانە).
- هەروەها ئەو بڕوای وایە سیاسەت لەگۆڕانکاریو ئاڵوگۆڕی بەردەوام دایە، بەڵام ئاین جێگیرەو ناگۆڕێت. (هەمان سەرچاوە: ١٣٧٠٠ - ١-٦-٢٠١٦ لاپەڕە ١٠»).

(هادی عەلی) لەبارەی رۆڵی یەکگرتووی ئیسلامی لەچاکسازی بۆ ئاڕاستەیەکی دیکە، بارودۆخە فیکرییەکە سنوردار دەکات، کە پێچەوانەی بۆچوونەکانی (غەنوش)ی ئەرکی حزبو دەوڵەت لەبواری چاکسازی تێکەڵ دەکاتو دەڵێت: (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەم هەلومەرجەدا پێویستە کاربکات بۆ ئەوەی جارێکیتر رۆڵی پێشەنگیو رێبەرایەتی خۆی بگرێتەوە دەست، ئەوەش بەپێشکەشکردنی هزرو ئیجتهادی نوێو بەهێزکردنی گوتاری سیاسیو ئیعلامی خۆیو جەختکردنەوە لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی راستەقینەو لێپێچینەوە لەگەندەڵەکان، وێڕای خۆنوێکردنەوەو داهێنانی فۆرمێکی نوێ لەکاری ئیسلامیو سیاسی). (رۆژنامەی یەکگرتوو: ژمارە ١٠٢٣ رۆژی ٣-٢-٢٠١٥،ل ٦).

هەروەها (محەمەد ئەحمەد) دەڵێت: (ئەگەر چاکسازیمان پێنەکرێت ئەوا واز لەحکوومەت دەهێنین). (رۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە ١٠٢١ / ١٩-١-٢٠١٥، ل٣).

دەبێت واتای چاکسازی لای مامۆستاو خوێندەوارێکی وەکو (عومەر چنگیانی)، کە یەکێکە لەکەسایەتییە دیارەکانی تەوژمی سەلەفی لەکوردستاندا، چی بگرێتەوە؟ ئەو دەڵێت: بڕوابوونم بەعەقڵی تاکو تێگەیشتنی قووڵتر لەدەقەکان، برەوی کردووە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرەو پێش چوونو نەگەڕانەوە بۆ دواوەی سەردەم، کە گەلانی سەرزەوی، بۆی دەچنو پاڵ بەعەقڵی لاساییەوە دەنێنو وەکو هەندێک لەخاوەن قەڵەمە نوێخوازەکانمان دەڵێن (لەدەست دۆش دامان بەدیار ئاوی نوشتەخواردنەوە)، دەربازدەبن. (محەمەد شەریف: ٢٠٠٨،١). هەروەها لەمەش قوڵتر لەبارەی چاکسازی لەئایندا ئەو باسەکە لەبوارو ئاستێکی دیکەدا دەبینێت. پیرۆزییو پارێزراوی لەهەڵەکردن، لەمیانەی ئەو سیفەتە گەورانەن، کە هەر تایبەتن بەخوای گەورە. سەردەم سەردەمی خوێندەوارییەو خەڵکی لەبوارەکانی نووسینو خوێندندا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەچن، ناکرێت ئێمە هەر لەدۆخێکدا بمێنینەوەو هەمووشتێک لەچەند بابەتێکی سۆز ئامێزدا کۆتایی پێ بێنین. (هەمان سەرچاوە: ٥). واتا چاکسازیو گۆڕانکاری، کە ئیسلامی ئەکادیمی باسی دەکەن نوێکردنەوە لەفیقهدا پەیوەندی بەو بابەتانەوە هەیە، کە لەژیانی گشتیدا ڕوودەدات، نەوەک ئەو بابەتانەی، کە پەیوەندیان بەو دامەزراوە عەقیدەییو شەرعیانەوە هەیە، کە هەموولایەک، لێیان تێگەیشتوونەو بواری ڕاگۆڕینەوەیشیان هەر تێدا نییە. (هەمان سەرچاوە:١٤).

کاتێک ئیسلامی سیاسی باسی چاکسازیو نوێبوونەوەو گۆڕانکاری دەکەن، باسی فەلەسەفەییو فکریی ئاینی نییە، بەلکو وەکو هەر بزوتنەوەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری عەلمانی باسەکەیان پەیوەستە بەگۆڕانکاریو نوێبوونەی کۆمەڵایەتیو ئیداریو شێوازی حوکمو چاکسازی سیستەمی سیاسیی لەوڵاتدا، لەکاتێکدا ئێستا زانایانی بواری ئاینی باسو گفتوگۆکانیان لەسەر نوێبوونەوەو چاکسازییە لەنێو ئاینو دامودەزگا ئاینییەکان، نەک شتی دیکە.

(چنگیانی) ڕەوشەنتر لەوانی دیکە دەڵێت: (پەیوەستکردنی وشەی ئاین بەکەسانێکی خاوەن نێوو شکۆو بەرجەستەکردنی ئایین تیایاندا، بۆ بەقەڵغانکردنی ئایین، یان بۆ فەڕو بەرەکەت دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی عەبباسی یەکەم. لەنێو نێوچەکانی فارسو نێوچەکانی ژێر دەستی عوسمانیەکان، نازنێوی دیکە هاتنە پێش وەکو پاشای ئیسلامو شێخی ئیسلامو موفتی ئیسلام... تد. تاکو دەگاتە ئەوەی بەنێوی خوداوە گوتاریان دەدا لەبریتی ئەو دەئاخافتن، بەم شێوەیە کاروانی بەرجەستەکردنی، ئیسلام هەنگاوێکی نەرێنی دیکەی نا...). (هەمان سەرچاوە:٦-٧).

واتە کاتێک باسی چاکسازی دەکرێت، بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی ئیسلامی سیاسی دەیەوێت، لەپێناو پاساوهێنانەوە لەخۆدزینەوە لەئەرکە گەورەکە، باسی چاکسازی بازاڕو دامودەزگای حکوومەتو ئیدارەو گەندەڵی بکات، نەک چاکسازی لەبیرکردنەوەی ئاینو دامودەزگاو شێوازی کارکردنی ئاینیو گونجاونی لەگەڵ سەردەمەکەدا. بەمەش جیاوازییەکانی فکری چاکسازی لەنێوان حزبێکی عەلمانیو ئیسلامی سنوریان لەنێواندا نامێنێت.

### ٤-١٥ گوتاری زاراوەسازی، یان گوتاری بەرهەمهێنانی نوێبوونەوەی هاوچەرخ

بۆ ئەوەی لەم بەشەدا ساناتر لەمەبەستەکانی توێژەیەوەکەمان نزیک بینەوە، باشە ئاماژە بەهەندێک زاراوە بدەین، کە هەندێکیان زاراوەی هەمەلایەنو گشتگیری ئاینین، ڕەنگە لەزۆربەی ئاینەکاندا هاوبەش بن، تەنیا هەندێکیان بگوزارێتەوە بۆ سەردەمو فکری دیکەی عەلمانیش. یاخود بەپێچەوانە لەسەردەمی هاوچەرخدا هەندێک زاراوەی عیلمانی دەکرێتە بەشێک لەگوتاری سیاسی ئیسلامی.

ئەگەر وشە وەکو فیشەک کار بکات (محمد ئارگۆن:٢٠٠٥،٤٠)، هەروەها وشەو ئاخاوتنو قسەکردن کردەی وەبەرهێنانی کردەیەک بێت، زاراوە باوەکانیش بەقوڵایی مێژوو، لەقوڵایی پێکهاتەی کۆمەڵایەی کاریگەری

دروست دەكەن. واتا زاراوەكان، لەتەک ئەوەی دەبنە پێناسەو ناسنامەش بۆ دەركەوتنو ناسینەوەی گوتارو جۆرو شێوازەكانیشیان. لەهەمان كاتدا بەكارهێنانی هەندێک زاراوەی تایبەت بەفكرو رێبازو رێچكە، یان چینو توێژێكی كۆمەڵایەتیش دەبێتەوە ناسنامە بۆ ناسینەوەی قسەكەرەكە. بۆیە ناتوانرێت لەدەرەوەی مێژوو، یان لەدەرەوەی سیاقدا شیكارێكی سەركوتوو بكرێت، هەمیشەش پەیوەندییەكی دیالكتیكی لەنێوان مانا/و هێز، نموونە/و واقیع، پرەنسیپ/و پراكتیک هەیە. (هەمان سەرچاوە: ٣٧). بۆیەشە توندتیژی لەدەروەی بەكارهێنانی هێز، جا ئەمە هێزی وشەو قسەكردن بێت، یان هێزی جەستەییو مادی، هیچ واتایەكی بۆ واتا راستەقینەكەی خۆی نامێنێت. بۆیە ئیرادەی هێزیش لای جیهادو «جەنگی پیرۆز» نێوەندە ئاینییەكان پشتگیری دەكرێتو پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە، «جەنگی دادپەروەرانەش» لای عیلمانییەكان پشتگیری لێدەكرێت، ئەو كەسەی بەمانا ئاینییەكەی باسی جیهاد دەكات، باسی لاهوتو گرەوەكانی ماناش دەكات، بەمجۆرە لەجیهادا هەردوو لایەنی «ئیرادەی هێز»و «گرەوەكانی واتا» دەچنە نێو هاوجوگمەییەكی تۆكمەوە. (هەمان سەرچاوە:٣٨). تەنیا پیرۆزكردن لەگوتاری كوردیدا بەئیسلامیو عەلمانیشەوە مشتومڕو ناكۆكییەكی زۆری لەسەرە، ئایا پیرۆزیی بەچی دەدرێت؟ هەروەها چ شتێک، فكرەیەک، كەسێک دەگاتە ئاستی پیرۆز بوون؟ لەكاتێكدا وەكو پێشتر ئاماژەمان پێكرد زاراوەی پیرۆزیی رەهەندێكی جیهادی ئاینی هەیە. ئەمەش وایكردووە كەسێكی وەكو (عەلی باپیر) سرودی نیشتیمانی بەپیرۆز نەزانێتو لەبەری هەڵنەستێتەوە، هەروەها هەندێک لایەنی عیلمانی بۆچوونەی سیاسییەكانی هەندێک لایەنی ئیسلامی سیاسی بەپیرۆز نەزانن، لەنموونەی بەكارهێنانی دروشمی نێوی خوداو پێغەمبەرو كەوتنی لەسەر زەوی لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا، یان ئیسلامییەكان خەباتی نیشتیمانی، خەباتو پێگەی كۆمەڵایەتی كەسانێک بەپیرۆز نەزانن، كە لەپێناو نیشتیماندا خەباتیان كردووەو بوونەتە رەمزێكی دیارو گرینگی مێژوویيو كۆمەڵایەتی كۆمەڵگە.

لەلایکەی دیکەوە دەبێت ئاماژە بەهەندێک بواری دیکەی زاراوەرێژی، یان بەکارهێنانی زاراوە بکرێت، کەلەم سەردەمەدا بایەخی لەنێو گوتاری ئیسلامی سیاسی، یان پەیوەند بەئیسلامی سیاسی پەیدا کردووە، وەکو (دین‌و عەقڵ)، (ئیسلام‌و عەلمانیەت)، (کەلەپورو ئیسلام)، (خودو ئەوانی دیکە)، (عەقڵ‌و نەقڵ). هەروەها (چاکسازی)، کە وەکو بەشێک لەچاکسازی ئاینی‌و ئەخلاقی سەیر دەکرێت. (توندوتیژی)، (تیرۆرو تیرۆری ئیسلامی)، (جیهاد)، (ئیسلامی سیاسی)، (دیموکراتیەت‌و شورا). سەرباری (دەمارگرژی)و(فاشیزمی ئیسلامی)، مەسەلەی (نەتەوەو ئومەت).

یەکەم/ داکۆکی لەخاک‌و نیشتیمان جیهادە

لەمبارە (محەمەد فەرەج) ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی لەدیدارێکی رۆژنامەنووسی دەڵێت: (هەر کەسێک داکۆکی لەخاک‌و نیشتیمانی بکات، بەپێی دەقی پیرۆزی قورئان جیهادە. پێشمەرگە لەپێناو خاکی خۆی شەڕ دەکات، بۆیە ئەمەش جیهادو شەهیدبوونە) (رۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە ١٠٢٤ رۆژی ٩-٢-٢٠١٥ ل ٢). لەهەمان کاتدا لەوەڵامی بۆچی ئیسلامییەکانی کوردستان بەشداری لەم جیهادە ناکەن، کە رێگەپێدراوە، دەڵێت: (پێشمەرگە دەبێت بەیاسایی بکرێت، یەکگرتووی ئیسلامیش داوای کردووە هەر وەختێک پێویست بێت، دەچێتە بەرەکانی جەنگ. بەڵام باوەڕمان بەوە نییە هەر حزبێک هێزێک پێکبهێنێت‌و بڕوات شەڕ بکات، بەڵکو دەبێت هێزێکی نیشتیمانی بێت‌و خاوەن شکۆ بێت‌و هەموو لایەک بەهی خۆی بزانێت). (هەمان سەرچاوە: ژمارە ١٠٢٤ رۆژی ٩-٢-٢٠١٥ ل٢).

بیروڕای ئازاد/ یەکگرتوو ئازادنە بیردەکاتەوەو رەفتار دەکات‌و ئازادی قەدەغە لەئەندامانی خۆی ناکات. (رۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە ١٠٢٤ رۆژی ٩-٢-٢٠١٥ ل٤).

کوتلەو کوتلەکاری/ لەنێو یەکگرتوودا کوتلەو کوتلەکاری نییە، بەڵام بیروبۆچوونی جیاواز هەیە.

نوێبوونەوە/ یەکگرتوو بەردەوام لەنوێبوونەوەیە، یەکگرتوو بەردەوام لەنوێبوونەوەیە، جوڵانەوەیەکی رۆشنبیریی لەنێو یەکگرتوو هەیە، یەکگرتوو یەک هەڵوێستە، نێوەندی بڕیاری هەیە. (هەمان سەرچاوە: ژمارە ١٠٢٤، لاپەرە ٤).

یەکگرتوو مۆدێلێکی زۆر نموونەییە، لەنموونەی دڵسۆزیو خەمخۆریو لێهاتووییەوە. حزبێکی ئەوەندە باشو چاکە لەبەر ئەوە دژایەتی دەکەن. (هەمان سەرچاوە: ژمارە ١٠٢٤، لاپەرە ٤).

فرەییو میانڕەویی/ (هادی عەلی) دەڵێت: (یەکگرتوو توانی میانڕەوێتی ئیسلامیو فرەیی فکریو سیاسیو پێکەوەژیانی ئاشتییانەو رێزگرتن لەئازادییە گشتییەکان لەم هەرێمەدا جێگیرو ئاسایی بکات). (رۆژنامەی یەکگرتوو: ژمارە ١٠٢٣ رۆژی ٣-٢-٢٠١٥،لاپەرە ٦ د. هادی عەلی، یەکگرتوو لەنێوان دوێنێو ئەمڕۆدا!).

ریفۆرمی دەقەکان/ پێویستە سەردەمیانە ریفۆرمی دەقە ئایینییەکان بکرێتەوە. (رۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە ١٠٢٥/ ١٦-٢-٢٠١٥، ل٧).

خێزان/ لەئیسلام بایەخی زۆری پێدراوە (عەلی باپیر:٢٠١٥، ٢٧٤).

تیرەو نەتەوە/ لەڕوانگەی ئیسلام هەبوونی تیرەو گەلەکان شتێکی ئاساییو خواڕسکی هەڵقوڵاویی ئیرادەی کاربەجێیانەی خوای پەروەردگارە، حیکمەتەکشی جۆروجۆربوونی مرۆڤایەتییو هاوکاریکردنی یەکدیو دەستبار پێکەوە گرتنیەتی. (هەمان سەرچاوە: ٢٧٦).

رێکخراوی پیشەییو مەدەنییو رێکخراوی حزبی سیاسی/ ئەمانە لەدێر زەمانەوە لەنێو کۆمەڵگەکانی بەشەردا بەجۆرێک لەجۆرەکان هەبووەو ئەم مەسەلەی شتێک نییە تازە سەری هەڵدابێت، بەتایبەتی لەمێژووی سێزدە سەدەی دەوڵەتو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، ئەم دیاردەیە زۆر گەشەی کردووەو زەق بۆتەوە. هەروەها هەم عەقڵو هەم وەحیش فەرمان بەمرۆڤ دەکەن،

کە قانزانجەکان (المنافع) دابین بکاتو زیانەکان (المضار)یش وەدوور بخات، بەپشتبەستن بەهەندێک بنچێنە (عەلی باپیر) دەڵێت: وەکو بنچینەیەکی شەرعی (قاعده الشرعیه) گوتویانە (اینما وجدت المصلحه فثم شرع الله)، بەرژەوەندی لەکوێ بێ، شەرعی خواش لەوێیە!. (هەمان سەرچاوە: ٢٧٨).

کۆمەڵگە/ کە ئیسلام بایەخێکی زۆری پێداوەو (عەلی باپیر) لەم روانگەیەوە چەند زاراوەیەکی دیکەی بۆ بایەخدان بەباری کۆمەڵگە دارشتوە، یان پشت پێبەستوە وەکو:

١. التضمان الاجتماعی/ بەیەکەوەبوونی کۆمەڵایەتی.

دۆساتەیەتی (الموالاه)و پشتی یەکدی گرتنو دەستبارپێکەوە یەکدی گرتنو پێکەوە گرێدەری ئیماندارانە.

٢. بۆ پاراستنو ساغ راگرتنی کۆمەڵگەش، ئیسلام دەستدرێژی کردنە سەر هەر کام لە: دینو ژینو وەچەو ئابرو عەقڵو سامانو ئاسایشی خەڵکی بەتاوانێکی گەورە دانێوە.

٣. لەرووی گەشەپێدانو بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەوە، ئیسلام لەسەر موسڵمانانی پێویست کردووە، کە هەمیشە بەعەقڵو چاوو گوێی کراوە لەگەڵ دەوروبەریاندا رەفتار بکەن، سستی نەکەن لەوەرگرتنو قۆستنەوەی هەر زانیارییو بیرۆکەیەکی بەسودا.

٤. لەرووی پێکەوە جۆشدانی ریزەکانی کۆمەڵگە: بەتەنگ یەکدی بوونی کۆمەڵایەتییەوە (التضامن الاجتماعی).

مرۆڤایەتی/ ئیسلام تەماسای مرۆڤایەتی دەکات، کە زادەو بەرهەمی خێزانێکەو هەموویان خاوەنی یەک ریشەو بنەچەکەنو هیچ کەسو کۆمەڵو تیرەو گەلێک پلەو ئیمتیازی بەسەر یەکێکی دیکەدا نییە.

ململانێو کێشمەکێش/ ململانێو کێبرکێ/ بەپێی بۆچوونەکانی (هادی عەلی) ئەم چەمکە لەئیسلامدا یەکێکە لەسوننەتەکانی خودا، کە پەیوستە بەپێشکەوتنی

کۆمەڵگە. ئەو دەڵێت لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا لەحاڵەتی ئاشتیدا، یان لەحاڵەتی جەنگدا، یاسایەکی بەردەوامو سوونەتێکی خواییە لەژیانو بوونەوەردا، رەوتی ژیانو پێشکەوتنی بەستراوە بەچۆنیەتی ئیدارەدانی کێشەو ململانێکانەوە. نموونەی سورەتی البقرە: ٢٥١ی هێناوەتەوە.(هادی عەلی:٢٠١٣، ٤١). هەروەها دەڵێت ململانێو کێبڕکێ یاسایەکی نەگۆڕە لەژیانو بوونەوەرداو جەوهەرو نهێنی مانەوەی مرۆڤە لەم سەرزەوییەدا. (هەمان سەرچاوە:٤٢).

کەواتە گوتاری ئیسلامی سیاسی لەسەر بنەمای (پێشکەوتن) دەرەنجامی (ململانێو رکابەری) دروست بووە. ئەمە فکرێکی رۆژئاوایی عیلمانی مادییە. گرینگ ئێمە باسی لەگۆڕانو گرفتەکانی بەردەم گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێم دەکەین، بۆیەشە شیکردنەوەی پراگماتیکی ئەمجۆرە گوتارانە، چاکتر دەتوانن ئاراستەو گرفتو ئەنجامەکانی ئەمجۆرە گوتارانە دەربخەن.

تێگەیشتن لەسروشتو پێکهاتەی کۆمەڵگە/ ئەمە زاراوەیەکی دیکەیە، کە (هادی عەلی) بەڕوونی باسی دەکاتو دەڵێت: ئەرکێکی سەرەکیو بنەڕەتی رێبەرانی هەر بزاڤێکی سیاسیو کۆمەڵایەتییە، پێش هەرموو شتێک خوێندنەوەو تێگەیشتنی وردو دروستیان هەبێت لەبارەی سروشتو پێکهاتەی کۆمەڵگەو سیستمی سیاسیی وڵاتەکەیان، بۆ ئەوەی بزانن بەچ شێوەو شێوازێک رێبازی کارو حەرەکەتی بزاڤەکانیان دیاری دەکەنو چ جۆرە ستراتیژو تاکتیکێک دەگرنەبەر. (هەمان سەرچاوە: ٤٣). واتا بزاڤە سیاسییە ئیسلامییەکان پێش گەڕانەوە بۆ دەقە باڵا نەگۆڕەکان، لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بکەن، ئینجا بڕیار بدەنو بجووڵێن. کەواتە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان تێڕوانینی عەلمانییەک بۆ دەوروبەرو کۆمەڵگەو ئیسلامییەکی سیاسی مینارەوی ئیخوانی نابینرێت. بێگومان ئەم گوتارە ئەگەری ململانێو رکابەری لەگەڵ گوتاری ئیسلامی کلاسیکیو توندڕەو سەلەفییەکان دەبێت، کە گریمانەی پێشکەوتن لەمجۆرە ململانێیە ناکرێت، تەنیا دابڕانو لاوازبوونو خۆخواردنەوەی ئاڕاستە ئیسلامییە سیاسییەکان نەبێت.

پەروەردەو فێرکردنو ئیصلاح/ لەمبارەوەش بزاڤی ئیسلامی وەکو بنەمایەکی کاری سیاسیان جەخت لەسەر ئەم زاراوانە دەکەنەوە بۆ چاککردنی کۆمەڵگە، بێگومان مەبەستیان سەپاندنی فکری ئیسلامییە لەم چەمکانەدا، کە دەڵێن (پەروەدەو فێکردن بەگشت رەهەندەکانیانەوە، بریتییە لەجەوهەرو نێوەڕۆکی مەنهەجیەتی ئیصلاحی لەڕوانگەی ئیسلامەوە... نهێنی نێوەندێتیی پەروەردەو فێرکردن لەکاری ئیصلاحیدا ئەوەیە، کە بەدەوری مرۆڤدا دەخولێنەوە... کەواتە چاکسازیی نەوەکان پەیوەستە بەچاکسازیی پەروەردەو فێرکردنەوە، کە بریتییە لەبیناکردنەوەی مرۆڤ بەگشت رەهەند دەروونیو فیکرییەکانییەوە). (هەمان سەرچاوە:٤٤). واتە ئەم ئاڕاستەیە جەخت لەسەر چاکسازی مرۆڤ دەکاتەوە، بەڵام ئیسلامی سیاسی لەئەنجامی هەژموونی گۆڕانە خێراکانی کۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامیو دەرەکەوتنی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لەئێرانو سودانو تورکیا، ئەم چاکسازییە مرۆییە، تێکەڵی چاکسازییەکی دیکەی سیاسی دەکەن.

چاکسازی ریشەیی/ وەکو (هادی عەلی) دەڵێت: (هەر ئەو مەنهەجیەتە درێژ خایەنەش بوو، کە زەمینەی خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی بزاڤێکی سیاسی پاشخان ئیسلامی لەسایەی سیستەمی دیموکراسیو فرەلایەنیی وڵاتەکەدا، کە ئێستا باشترین نموونەی کاری سیاسی ئیسلامی لەهەموو جیهاندا دەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی لەبوارەکانی چاکسازیی سیاسیو بنەبڕکردنی گەندەڵیو گەشەپێدانی ئابووریدا). لە بارێکی دیکەدا دەڵێت: ئەولەویەت بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ریشەییە لەسیستەمی هەرێمدا ئەرکی سەرەکیی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش بەپلەی یەکەم روودەکاتە ئەم بوارە گرنگە. (هەمان سەرچاوە: ٤٤ –٥١).

نوێبوونەوەو گۆڕانکاری/ (هادی عەلی) دەڵێت: (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دووچاری جۆرێک لە راوەستان هات، چونکە نوێبوونەوەو گۆڕانکاریی پێویستی لەروئیاو ستراتیجیەتی خۆیدا ئەنجام نەدا، بەو هۆیەوە

نەیتوانی ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو بەهێز بۆ ئەکتیڤکردنی پرۆسەی سیاسیو دیموکراسی لەهەرێمداو کار بکات لەسەر چاکسازی راستەقینە لەسیستەمی سیاسیدا. (هەمان سەرچاوە:٥٠). کەواتە ئەم گوتارە مۆدێرنە لەشێوەدا عەلمانییە، جەخت لەسەر چاکسازی لایەنە مادییەکانی کۆمەڵگە دەکاتەوە، کە بریتییە لەسیستەمی سیاسی، نەک مرۆڤەکانو بیاکردنەوەیان بەمەنهەجی ئیسلامی. هەروەها گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە بەهۆی دواکەوتنی گوتاری یەکگرتووی ئیسلامی، کە گوتارێکی ئیسلامییە، ئۆپۆزسیۆنیش وەکو لایەنێکی ماددی نێو بزاڤی سیاسی کوردستان، دوا دەکەوێت، هەروەها زاراوەی (نوێبوونەوەو گۆڕانکاری) زاراوەی رۆژئاواییـن، ماددینو پەیوەستن بەفکری نوێبوونەوەو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیو گەشەکردنەوە، دیار ئەمجۆرە گوتارە زیان بەبزاڤی ئیسلامی ناگەیەنێت، ئەگەر لەچوارچێوەی عەقڵێکی مۆدێرنی کۆمەڵایەتیخوازی ئیسلامی پیادەبکرێت، بەپێچەوانە ئەمە نیشانی دەدات، کە گوتاری ئیسلامی سیاسی گوتارێکی نوێخوازەو پشت نەنوێبوونەوەی هاوچەرخ دەبەستێت، لەگەڵ چەمکو ئامانجو مەبەستەکانی سەردەمەکەدا دەگونجێت. نابێت، ئەوەش لەبیر بکەین، کە ئەم گوتارە پێشگریمانەی ئەوەمان بۆ دەکات، کە یەکگرتووی ئیسلامی بەهۆی بەهێزی فکری دژ بە(نوێبوونەوە) لەنێوەخۆیدا نەیتوانیوە سنورە جدییەکان ببەزێنێت، بۆیەشە کاریگەری سلبی لەسەر ئۆپۆزسیۆنی بوونیان دروست کردووەو وایکردووە ئەم رۆڵە سستەی یەکگرتوو لەنوێبوونەوەی نێوەخۆیدا، دەرفەت بەهێزێکی وەکو (بزووتنەوەی گۆڕان) بدات، سەرهەڵبدات. (هەمان سەرچاوە:٥٠).

ئازادیو دادپەروەرییو یەکسانی/ ئەم دروشمانە زۆر لەدروشمەکانی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی دەچن، کەدژی فیودالو دەسەڵاتی کەنیساو بۆ رزگارکردنو سەربەخۆکردنی مرۆڤ هەڵیانگرتبوو. بۆیەشە مۆدێرنەی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا راشکاوانە ئەم دروشمانە دەکەنە بنەمای سەرەکی کارەکانیانو هەروەها کاری (راستو دروستی) سەرکەوتنی دەسەڵاتو حووکمی ئیسلامی لەوڵاتەکاندا، بۆیەشە هاتووە (سەرکەوتنی


ئەزموونی جێگیکردنی سیستەمێکی حوکمڕانی، کە ئازادیو دادپەروەریو یەکسانی بۆ هەمووان لەسەر بنەمای هاوولاتیبوون دەستەبەر بکات). (هەمان سەرچاوە:٥٣).

ئاشتی کۆمەڵایەتی/ ئەم زاراوەیە بۆ بزاڤی عەلمانیش نوێیە، کەچی گوتاری ئسیلامی سیاسی راشکاوانە لەژێر کاریگەری هەژموونی گوتاری کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ ئەم دروشمەیان کردۆتە بنەما بۆ کاری تەکتیکیان. وەکو چۆن لەهەمان کاتیشدا (پێکەوژیان)و (دەوڵەتی مەدەنی)و (دیموکراتی) بەمەرجەعی ئیسلامی دەکەنە دروشمی سەرکەوتنەکانیان. (هەمان سەرچاوە:٥٢). لێرەدا ئەگەر لەڕوانگەیەکی پراگماتیکی سەیری دروشمی (کۆمەڵگەی مەدنی بەمەرجەعیەتی ئیسلامی) بکەین، واتە حووکمێک دێتە ئاراوە، کە پەیوەستە بە(قورئانو سوننەت)، ئەو کاتە (پێکەوەژیانو مافی ئاینو ئانزاکانی دیکە) دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئەدی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی لەهەموو ئایدۆلۆجیاو ئاینو فکرێکی چەقبەستووی دواکەوتوو دانەبڕیوە؟ ئەی واتای کۆمەڵگەی مەدەنی نەک هەر دەسەلاتی ئاینی، بەڵکو دەسەلاتی موتلەقی حزبە عیلمانییەکانیش رەت ناکاتەوە؟. بۆیە گریمانەیەکی خراپ لە(راست نەبوونو دروست نەبوونی) ئەمجۆرە گوتارە دەکرێت، کە زاراوەکانیان بەشێوەیەکی بەزۆر بەدوای یەکدا هێنراوی سەپێنراو، لەئەنجامی هەژموونی گۆڕنکارییە سیاسییەکاندا بەکارهێنابێت، نەک لەئیمانو گەڕانەوە بۆ مەرجەعیەتی ئیسلامی راستەقینەو دروست، کە ئەم وشەو زاراوانە شیدەکەینەوە هەست بەبوونی گوتارێکی ئیسلامی تایبەتمەندو دروست ناکرێت، بەڵکو ئەمە گوتاری هەر هێزو گروپێکی سیاسیو کۆمەڵایەتییە، هێزێک، کە ئاین سەرچاوەی نییە، بەڵکو گۆڕانکاریی کۆمەڵگە سەرچاوەکەیەتیو بڕیارو هەنگاوەکانییەتی. ئەمە گوتارێکە سەرچاوەکەی کۆمەڵگەیە، نەک عەقیدەو شەریعەتی باڵای ئاینی. بۆیە ناتوانرێت (راستیو دروستی) بکرێتە پێوانە بۆ سەرکەوتنو هێزی گوتار. بەڵکو گونجانو نەگونجانە دەبێتە پێوەر بۆ هێزو دروستی هەر گوتارێک.

گۆڕانو چاکسازیو نوێبوونەوە/ بەپێی گوتاری شیکاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمدا لەئەنجامی روودانی گۆڕانکارییە خێراکانی جیهانی ئیسلامی عەرەبی، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە چەمکەکانی (گۆڕانو چاکسازیو نوێبوونەوە)ش چەمکی قورئانیو ئیسلامیی رەسەنەنو تەواوکاری یەکترن، پرۆسەی گۆڕان پێشەکییە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی راستەقینە، چاکسازیش دەبێتە نوێبوونەوە، بەو شێوەیە گەشەکردنو پێشکەوتنی ژیان بەردەوام دەبێت). (هەمان سەرچاوە:٦٣). ئەمە روونە ئەگەر لەڕوانگەی کردە قسەیی شیکاری ئەم گوتارە بکرێت، دەردەکەوێت، کە(نوێبوونەوە دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ گۆڕانکارکاری). واتە شۆڕش بکرێت، راپەڕین بکرێت بۆ ئەوەی بگەنە قۆناغی نێوەندییو سەرەکیی، کە (چاکسازییە). کەواتە پێشگریمانەی پەنا بردنە بەر شۆڕشو راپەڕین ئەرکێکی شەرعیو ئیسلامییە، کە لەقورئاندا پشتڕاستکراوەتەوە. بێگومان بەپێی شیکاری سۆسیۆلۆجی ئەمجۆرە گوتارە رەوایی دەداتە شۆڕشو راپەڕین، مەرج نییە شێوەی راپەڕاندنی ئەرکەکانی ئەم ئاڕاستەیە بەهێمنیو ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بەرێوەبچێت. کاتێک هێزێکی ئیسلامی توندڕەو دەسەڵات دەگرێتە دەست، دەبێت ئازادی تاکو ئازادی ئاینەکانی دیکەو کۆمەڵگەی مەدەنی بەچی بگات؟. هەروەها چاکسازی چۆن بێ نوێبوونەوە ئەنجام دەدرێت؟ ئەی هەر خودی یەکگرتووی ئیسلامی پێچەوانەی ئەم هەنگاوە بەهۆی سەرنەکەوتنی پرۆسەی (نوێبوونەوە) نەبوو، نەیتوانی چاکسازی لەدروشمو ئامانجەکانی خۆی بکاتو گۆڕانکارییەکانی دایەدەست (بزوتنەوەی گۆڕان)و شەقام بەهۆی دواکەوتنی نوێبوونەوەکانی زەمینەی ئۆپۆزسیۆن بوون درایە دەستی بزووتنەوەی گۆڕان. واتە لێرەدا لەم گوتارە هاودژییەکی روونو ئاشکرا دروست دەبێت. رەنگە یەکێک بڵێت ئەمەش وەکو مەسەلەی (هێلکەو مریشکە)کەیە، نەخێر، ئەمە مەسەلەی بەرجەستەی کۆمەڵایەتییەو دەبێت روون بین لەوەی لەکوێو چۆنو کەیو بۆ گۆڕانکارییەکان روودەدەن؟.

## ٤-١٦ بنەماکانی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخو ناکۆکییەکانی

هەر کاتێک بمانەوێت کەسو گروپەکان بناسینەوە، باشترین ڕێگە ئەوە لەگوتارەکانیان بکۆڵینەوە. یاخود بۆ ئەوەی لاسەنگی شیکاری زانستی لەدەست نەدرێت، باشترە لەوتاری قسەکانیان، لەهێزی دەربڕینو شێوازی ئاخاوتنیان بکۆڵینەوە، بێ ئەوانەش لە(مەبەستو پەیامەکانیان) سیاسی، یان ئاینی بێت ناگەین. کەواتە (زمانی سوور درۆ ناکات- ئەمە پەندێکی کوردییە)، هەروەها (زمان بەڵای سەرە)، (قسە لەزارێک دەکەوێتە شارێک)، کەواتە قسەکردنە دەتوانێت نێوەڕۆکی مەبەستو کەسایەتی قسەکەرو پێگەو دەوروبەرو چۆنیەتی گەیاندنو بڵاوکردنەوەی پەیامەکان لای قسەکەرەوە نیشان بدات، هەروەها هیچ گوتارێک ناتوانێت بێ پەیام بێت، گوتاری ئیسلامی سیاسیش، کەهەندێک بەکارهێنانی وشەکە بۆ ئیسلامییەکان بەسوکایەتی دەزانن، چونکە ئیسلام سیاسی نییە، کەچی هەشیانە وەکو (یوسف قەرزاوی) ئیسلام یەکسان دەکات بەسیاسەت. کەواتە زمان ئاڕاستەو نێوەڕۆکو مەبەست لای قسەکەرەکان نیشان دەکات. ڕاستە گوتار دەکرێت لەڕێگەی ڕەمزو جووڵەی جەستەو دەربڕینی نازمانیش مەبەستەکان بگەیەنێت، بەڵام بەگشتی (گوتارو زمانو دەوروبەر) سێ بنەمای گرینگو تەواوکەری یەکترن.




هێلکاری ژمارە (١٧) پەیوەندی نێوان گوتارو زمانو دەوروبەر

دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی بڵێین، کە گوتاری ئیسلامی سیاسی هاوچەرخ لەدوو بوارو تەوەردا کار دەکات، یەکەمیان بانگخوازیی راستکردنەوەو چاککردنەوەیە لەبارەی عەقیدەو رەوشتی گشتی لای موسڵمانان، چونکە بڕوا هەیە، کەتووشی لادانو کاری گومڕاییو خورافاتو شەعوەزە لەنێوەندە جەماوەرییەکان بووە، کە لەم بوارەشدا کۆمەڵێک بوار دەرکەوتووە لەوانە دۆزی نوێکردنەوەی زانستی کەلام، بیناکردنەوەی عەقیدە لەسەر بنەمای عەقڵانیەت، کە پشت بەفکری مرۆیی لەزانستەکانو راستییەکان دەبەستێت. دووەمیش هەوڵە گونجاوەکانە لەنێوان بەهای ئیسلامو بنەماکانیو رێبازەکانیو واقیعی نوێ، کە وایلێهاتووە موسڵمانان بەشێوەیەکی تەواو ملکەچی شارستانیەتی رۆژئاواییو سیستەمو بەهاکانیان بوون، ئەمەش خۆی لەکۆششی دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان (رەسەنایەتییو هاوچەرخ بوون) دەنوێنێت. ئەمەش لەچوارچێوەی بەریەکەوتنی شارستانییەتەکان دەردەکەوێتو گوتاری ئیسلامی خۆی بۆ

رووبەروبوونەوەی فکری رۆژئاوایی لەڕوانگەی فکریی ئامادەکردووە، لەوانەش فکری مارکسیو عیلمانییەکان. ئەم گوتارەش کار دەکات بۆ گێڕانەوەی بنەماو سەرەتاکانی ناسنامەی ئیسلامی، لەڕوانگەی رەخنە لەخۆگرتنو لەدیماهیشدا بەجێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامیو خستنەرووی مەسەلەی حوکمی ئیسلامی کۆتایی پێدێت. دیارە ئەمەش پێویستی بەنوێبوونەوەی فکری فەقیهیو کردەی ئیجتهاد هەیە، لەپێناو پێشخستنی فەقیهی ئیسلامیو گونجاندنی لەگەڵ فکری یاسایی هاوچەرخ. (الخطاب الإسلامي.. ومتطلبات المرحلة الراهنة http:// .(www.alihyaa.ma/Article.as

### ٤-١٧ گرفتەکانی ئەم گوتارە چین؟

توێژەرانی گوتاری ئیسلامی سیاسی بەشێوەکی گشتی گرفتەکانو کێشەکانی بەردەمی گوتاری هاوچەرخی ئاینیان لەچەند خاڵێکدا کورت کردۆتەوە، لەوانە:

- شێوازی چۆنیەتی دواندنی تاک لەلایەن گوتاری ئاینییەوە، گوتارێکی ئینشائی کلاسیکیی بەستەلەکە، تەنیا جەخت لەسە لایەنێک دەکاتو لایەنەکانی دیکە فەرامۆش دەکات. بۆ نموونە هەندێک کەس تەنیا جەخت لەسەر دیاردەی دەق دەکاتەوەو بێ هەوڵدان بۆ بیرکردنەوەو تێڕامان پێناسەکردنی مەبەستەکانو ئامانجە راستەقینەکان، بەکورتی رێگەیەکی پەیوەندیکردنی لەنێوان تاکەکان بەشێوەیەکی سەرکوتوو نییە.
- گوتاری ئاینی دەتوانێت بەرجەستەی ناکۆکیو پێکدادانەکانی لەنێوان تاکەکانی نێوان هەمان ئاینیش بێت، بەڵام ئەمەی نەکردووە. وەکو چۆن دەتوانێت ناکۆکیو مەسەلەکانی نێوان تاکەکانی یەک ئاینو ئاینە جیاوازەکانیش بێت.
- قەیرانی فکرو ترس لەهەمبەر هەندێک دۆزو نوێبوونەوە لەئاینو فکر هەیە، ئەمەش گەلێک دیاردەو ململانێو تەوژمی جیاوازی سیاسیو فکری


تایفیو رۆشنبیری لەوانە توندتیژیو پەڕگیریو دەمارگیریو توندتیژیو ڕەتکردنەوەو ... تد دەگرێتەوە، هەروەها ڕەتکردنەوەی فرەیی لەئاینو ڕەگەزیو رۆشنبیریی.

- بایەخەندان بەتەکنەلۆجیای سەردەم لەچۆنیەتی گەیاندنی نامەکان، ئەمەش وادەکات گوتاری ئاینی دوور بێت لەپێویستییەکانی سەردەمەکە.
- بایەخ نەدان بەبیرکردنەوەو داهێنان، ئەمەش کۆسپە لەبەرەم گوتاری ئاینیو چۆنیەتی قسەکردن لەگەڵ کەسانی دیکەو بڵاوکردنەوەی بەهای ئاینی لەوانە پێکەوەژیانی هاوبەشو لێبوردەیی لەنێوان ئاینییەکانو ڕێزگرتنو قبوڵکردنی ئەوانی دیکەو گفتوگۆکردن لەگەڵیان.
- پێویستیو ئەگەرەکانی ئێستای کۆمەڵگەو جیهانی هاوچەرخ، وا لەگوتاری ئاینی دەکات شێوەیەکی تازە لەنوێبوونەوە وەکو ئاوێنەی هەقیقەت پێکبهێنێت، کە ڕەنگدانەوەی گەشەکردنو پێشهاتەکانو گۆڕانکارییە نوێکان بێت، بەشداری لەپەرەپێدانی مرۆیی تاکو کۆمەڵگە بکات، ئایا گوتاری ئاینی ئەمەی کردووە؟.(**من بين قضايا العصر الضرورية المشروعة والمعقدة والمتداخلة http://archive.aawsat.com**)

## ٤-١٨ گوتاری ئیسلامی سیاسی و نوێبوونەوە

گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا لەکوێی ئەم (نوێبوونەوەو خۆگونجاندنەیە)، چەندە فەقیهیی ئیسلامی پێشدەخات، تاکو لەگەڵ یاسا هاوچەرخەکانی ئەم سەردەمە بگونجێت. لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا. ئەگەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لەپەنجاکانو شەستەکانی سەدەی رابردوو لە کوردستانی باشوور بنۆڕین، بۆمان دەردەکەوێت، کە فکرەکە لەبنەڕەتدا دژی هەژمونی (فکری شیوعیو عیلمانییەکان لەعێراقو کوردستان) دەستی پێکردووە، ئەمەش گومان هەڵگیر نییە، کە وابەستەیە بە(فکری ئیخوان مسلمین)ە جیهانییەکە.

لەدوای راپەڕین ناکۆکی لایەنەکان لەڕووی رێکخستنو شێوازی دارشتنی گوتارو مەبەستەکانو چۆنیەتی ئاراستەکردنو هەڵبژاردنی (گوێگرو وەرگر) دووچاری (فرەیی‌و دابەشبوونو لێکترازانو هەتا دەگاتە هێرشو تۆمەتبارکردنی یەکتریش) دەچێت. واتە گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا هێشتا کێشەیەکەی زەقی لەنێوان (رەسەنایەتی‌و هاوچەرخ) بوون هەیە. ناکۆکییەکی سەخت لەنێوان تەوژمە ئاینی‌و سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان لەبارەی چەمکی (نوێبوونەوە وەکو سیاسەت)و (مەرجەعیەت/ وەکو ئیمانو عەقیدەو بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام) هەیە.




هێلکاری ژمارە (١٨) ناکۆکی‌و پەیوەندی گوتاری کلاسیکی‌و هاوچەرخ

ئەم جیاوازییەش لەگوتاری ئیسلامیدا بەروونی بەدی دەکرێت. رەسەنایەتیش لە نێوان دوو ئاراستەی جودا کە ناکۆکییە لەمەڕ (رەسەنایەتی وابەستە بوون بە نەما نەگۆرەکانی ئاینی ئیسلام)و (رەچاوکردنی رەسانەیەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی‌و بەکوردی کردنی گوتاری ئاینی). واتە رەسەنایەتی لایەنە سەلەفی‌و توندڕەوەکان پەیوەستە بەگەڕانەوە بۆ مەرجەعیەتو

جەنگی فکری دژی شارستانەیەتو باڵادەستیو فکری رۆژئاواییو رێگەگرتن لەمەترسییەکانیان دژی موسڵمانان. هەروەها رەسەنایەتی لایەنەکەی دیکەی گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستان پەیوەستە بەپێداچوونەوەو دارشتنەوەی فەقیهی ئیسلامیو گونجاندنی لەگەڵ یاساو سیاقی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، لەم رێگەیەشەوە بانگەشە بۆ بەئیسلامکردنی چەمکو زاراوە رۆژئاواییەکان دەکەن، واتە هەندێک گوتار هێندە تیژرۆیە، جیاوازییەکی یەکلاکەرەوەی لەگەڵ گوتاری عەلمانییو نەتەوەییەکان نامێنێت.

تەنیا هەندێک توێژەی کۆمەڵایەتی پێیان وایە لەدەستدانی رەسەنایەتی کۆمەڵایەتی لای بزاڤە ئیسلامییەکان، گەلێک لەو هێزانەی لەنێو گوتارەکانیان بەتاڵ کردۆتەوە بەهۆی ئەوەی (پاشکۆیەتیی عەقیدەیی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستانو بەجێهیشتنی سەنگەری کوردستانییەتو چوونە نێو سەنگەری بەرگریکردن لەئایدیۆلۆجیای پانعەرەبیزمو پانتورکیزمی ئیسلامییەوە، ئەو هەڵەی لەدەست دان، کە بتوانن گەشە بەئەزموونی کاری خۆیان لەکۆمەڵگەی کوردییدا بدەن). (رێبوار سیوەلی، رۆژنامەی باس ژمارە ٢٨٩ رۆژی ٧-٦-٢٠١٦، ل ٢٦). جارێکی دیکە ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا بەهۆی داگیرکردنی کۆمەڵگەی کوردستانیو خاکەکەی لەلایەن داگیرکەرانەوە، دەبێت لەدوو ئاستی جودا مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی (رەسەنایەتی ئاینی)و (رەسەنایەتی نەتەوەییو کۆمەڵگە) بکات. ئەمەش بەگرفێکی گەورەی بەردەم گوتاری ئیسلامی سیاسی دادەنرێت.

بۆیە دەکرێت بڵێین گوتاری هاوچەرخو نوێبوونەوەی ئەم گوتارە ئیسلامییە سیاسییە لە هەرێمی کوردستاندا وەکو (رێبوار سیوەلی) ئاماژەی پێدەکات لەبەر چەند هۆکارێک رووبەرووی گرفتو کێشە ببێتەوە، کە دەکرێت لەم خاڵانە کورت بکرێتەوە:

**یەکەم**/ دژایەتی دینداریی نەریتی لەکۆمەڵگەی کوردستاندا. هەروەها بۆ راستکردنەوەی هەدنێک بۆچونی بانگەوازخوازەکان، کە نێرەری ناڕاستەوخۆی

فکری ئاینی حزبە سیاسییە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستانن، ئەوەتا لەسەر سوکایەتی بەپێشمەرگە کەمپینێک دژی (د. عەبدولواحید) پێکدەهێنرێت. تەنیا لەمبارەوە گلەیی لە پەرلەمان دەکرێت، کە هاوکاری لیژنەی بەدواداچوونو لێکۆڵینەوە ناکات، چونکە سەرۆکی پەرلەمانو سکرتیری پەرلەمانیش ئیسلامین، یەکێکیان هەنووکە گۆڕانە بەباکگراوندێکی یەکگرتوویی، ئەوی دیکەشیانە کۆمەڵی ئیسلامییە. (رۆژنامەی چادوێر، ژمارە ٥٠٩، رۆژی ٣٠-٣-٢٠١٥ ل ١).

**دووەم**/ بەسیاسی کردنی دینداریو بەئاین کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو لێدان لەسیمبوولە دینییەکانو گرنگیدان بەکەرنەڤاڵو مەرسیمی ئاینیو تەشریفاتی.

**سێیەم**/ دژایەتی ناڕاستەوخۆی ئاینەکانی دیکە لە کوردستان. تەنیا لەمانشێتی رۆژنامەیەکدا لەمبارەوە لەلاپەڕە یەکدا بەپیتی درشت نووسراوە (دادگایی بانگوازەکەی کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر سوکایەتی بەئێزدییەکان یەکلانەکراوەتەوە/ دۆسیەکە لەهەولێرەوە گوازراوەتەوە سلێمانیو» داواکاری گشتیش کەمتەرخەمە»). (رۆژنامەی چاودێر، ژمارە٥٠٠، رۆژی ١٩-١-٢٠١٥، ل ١).

**چوارەم**/ جەختکردنەوەی زۆر بۆ پیشاندانی نمایشییانەی دین نەک بەرجەستەکردنی مەعنەوییانەو فکرییانەی.

**پێنجەم**/ فراوانکردنی پانتاییەکانی دوو روویی، بەجێهێنانی فەریزەکانی ئاین بەبێ پەروەردەکردنی رۆحیی مرۆڤ. (رۆژنامەی باس ژمارە ٢٨٩ رۆژی ٧-٦-٢٠١٦ لاپەڕە ٢).

گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ پێی وایە رابردوو پیرۆز نییە، ئەمە پشت بەعەقڵو مەنتیقو گۆڕانکاریو رەخنەگرین لەمێژوو دروست بووە، چونکە پێیان وایە مرۆڤ بەدەر نییە لەهەڵە، ئیسلام، کە پشت بەگێڕانەوەی

چیرۆکێکی زۆر دەبەستێت، ئەمە بەمەبەستی پەندوەرگرتنو ئاگادار بوونە لەهۆکارەکانی شکستو سەرکەوتنەکان، یان تێگەیستن لەچۆنیەتی کارکردنو مامەڵەکردن لەگەڵ یاساو ڕێساکانی پەروەردگار لەجوڵەی ژیانی کۆمەڵگەو نەتەوەکاندا، ئەوەش بەو مانایە نییە، کە رابردوو بەپیرۆز سەیر بکرێتو بەهەموو شێوەیەک هەولی دووبارەکردنەوەی بدرێت، چونکە قورئانی پیرۆز بەهەموو شێوەیەک تەقلیدو شوێنەکەوتنی کوێرانەی بابو باپیرانو پێشێنیان رەتدەکەنەوە. ئەم گوتارە نوێیە هاوچەرخەی ئیسلامییەکان لە کوردستاندا خۆی لەکۆڕو سیمنارو کتێبو حزبەکانو کەناڵە ئاسمانییە نێوەخۆییو چاپکراوەکانو گەشتو دیاردە ئاینییەکانیانو نێوەندە خێرخوازییەکانو خولەکانی راهێنانو وەرزشو هونەری ئیسلامیو بۆنە ئاینییەکان دەگرێتەوە، سەرباری بەکارهێنانی (پەرلەمانو حکوومەت) وەکو دوو مینبەری دیکەی کارا بۆ گەشەپێدانی گوتارەکانیان. کە پێشتر ئیخوان (رێکخستنو بەشداری لە حکوومەت) بەلادان لە ئاین دەزانیو لەساڵی ١٩٧٠دا بڕیاری رێکخستنیان نەهێشت، ئەمڕۆ نەک ئەوە ناکەن، بەڵکو (گوتاری دیموکراسیو ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵگەی مەدەنیو ئازادی تاکەکەسیو ئازادی ئاینییەکانو رەوایی بۆ دەسەڵاتی گەلو پێکەوەژیانو ئاشتیو یەکسانیو دادپەروەریی ... تد) وەکو بنەما بۆ کاری ئیسلامی سیاسی پێناسە دەکەن. سەرباری گوتاری (نوێبوونەوەو چاکسازیو گۆڕان). لەهەکام کاتیشدا گوتارێکی دیکەی ئیسلامی سیاسی هەیە، کە مۆدێرنبوونی گوتاری ئاینی بە بەشێک لەملکەچبوون بۆ حکوومەتو دەسەڵاتی عیلمانی دادەنێت، واتە ناکۆکیو رکابەرییەکی سەخت لەم نێوەدا لەنێو گوتاری ئیسلامییەکان بەهۆی ئاڕاستەی جودای فکرو کارکردنو رێکخستنەکانیانەوە هەیە.

لە کوردستاندا دوو جۆر گوتاری ئاینی ئیسلام هەیە، یەکێکیان نزیکە لەئاینداریو رۆحانیو هەتا سۆفیەگەرایشی تێدایە، ئاین تێکەڵی دەوڵەتداری ناکات، رەنگە ئەمە یەکێتی زانایانی ئیسلامیو وەزارەتی ئەوقاف نوێنەرایەتی بکەن، ئەمەش لەمینبەرە فەرمییەکان، هاوشانی دەسەڵاتی هەرێم کاردەکات،

بایەخ بەئیلتزامو دوورکەوتنە لەتوندتیژییو بەکارنەهێنانی ئاین لەبۆنەو ململانێی سیاسیو بایەخ بەگیانی نەتەوەییو نیشتیمانی دەدات. ئەم ئاڕاستەیە خاوەنی مێژوویێکی درێژە لەچۆنیەتی راگرتنی هاوسەنگیو نەرمی نواندنو دووخستنەوەی ئاین لەسیاسەت لە هەرێم کوردستاندا. تەنیا لەناکۆکییەکی توندیشە لەگەڵ ئیسلامییە حزبییەکان، کە خاوەنی گوتاری (مۆدێرنو کلاسیکی توندڕەون) لەنێو مزگەوتەکاندا.

نوێبوونەوەی گوتاری ئیسلامی لایەنێک لەلایەنە دیارەکانی ئەم ئاینە پێکدەهێنێت، ئەمەش خۆی لەدەستپێکردنی (حديث النبوی المروی) دەنوێنێت، لەنوێبوونەوەی ئاین، لەسەر بنەمای ئەم نوێبوونەوەیەدا، بزاڤەکانی چاکسازی ئاینیو کۆمەڵایەتی لەم سەردەمەدا دەستیان پێکردوو. ئەم نوێبوونەوەش بەگشتی لەسەر دوو پێگەو روانگەوە دەستی پێکردووە: یەکەم لەڕوانگەی پێویستی نوێبوونەوەی ژیانی موسڵمانانو خودی کەسەکەوە دەبێت، بۆ بوژانەوەی ئیمان لەویژدانو چالاکردنی عەقیدەکەی، بەهێزکردنی دۆخی رەوشتیی لەکارەکانیدا، بەو پێوانەیە کارەکە بەرێوەدەچێت، کە ئیسلام حەقیقەتێکی گیانییە بەپلەی یەکەم. ئەمە رێبازی پەروردەو هوشیارکردنەوەی هەڵبژاردووە. لەدووەم پێگەو روانگەشدا لەپێویستی نوێبوونەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی لەمەسەلەکان دەڕوانێت، ئەمەش کار بۆ گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵگە بەئامرازی سیاسی دەکات. ئەمەش داوا دەکات کۆمەڵگە بگەڕێتەوە بۆ رێبازی ئیسلامیو جێبەجێ کردنی شەریعەت. (الخطاب الإسلامي.. ومتطلبات المرحلة الراهنة http://www.alihyaa.ma/).

ئەم بۆچوونو روانگە سەرەکیانەی، کە لەم سەردەمەدا بۆ نوێبوونەوەو پێداچوونەوە بەفکری ئیسلام لەئارادان، لە هەرێمی کوردستانیشدا بەلای کەمەوە لەنێوان دوو ئاڕاستەو رێبازو گروپدا خۆی دەنوێنێت. کۆمەڵی ئیسلامیو بزوتنەوەی ئیسلامیو گروپێکی یەکگرتووی ئیسلامیو سەلەفییەکانو هەندێک لەزانایانی ئاینی لە گەڵ پێگەو روانگەی دووەم دان، دەیانەوێت ئیسلام ببێتە

سەرچاوەی حوکم لە هەرێمی کوردستاندا، دەیانوێت کۆمەڵگە بگۆڕن‌و ئامادەی بکەن بۆ جێبەجێ کردنی گوتارەکەیان.

هەندێکی دیکە، کە لەگەڵ هاوچەرخ کردنی ئاینی ئیسلام و بزاڤی سیاسی ئسیلامی‌و حزبەکان‌و میناڕەویی‌و ئاینداری بۆ خواپەرستین‌و حوکمیش بۆ سیاسییەکانە، وەکو بەشێکی نێو یەکگرتووی ئیسلامی‌و یەکێتی زانایانی بەشێوەیەکی گشتی‌و پیاوانی ئاینی کلاسیکی دەردەکەون. هەرچەندە ئەم ئاراستەیە هێشتا ناکۆکی‌و نەتەبایی‌و جیاوازیی زۆریان لەنێوان دایە، لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی گوتارێکی هاوسەنگ‌و یەک ئاڕاستەو یەک چەمک رێک نەکەوتوون، تەنیا حزبییەکان هەمیشە لەبەر بۆچوونە فکرییەکانیان بەلایەنگرو پاشکۆی حزبە دەسەڵاتدارەکان، یان نێوچەگەریی‌و بەشێک لەپرۆسەی دەسەڵات تۆمەتبار دەکرێن.

ئەم ئاڕاستەیە نایەوێت مینبەری مزگەوتنەکان بۆ سیاسەت بەکاربهێنرێت، لەلایەن گروپە حزبە ئیسلامییەکان بەپاشکۆی دەسەڵات تاوانبار دەکرێن، هەروەها گروپەکانی دیکە گوتارەکانیان لەمینبەرە فەرمییەکانی مزگەوتەکان ئاڕاستەدەکەن، مینبەریان کردۆتە شوێنی جەنگ‌و هاندان‌و گۆڕانکاری‌و چاکسازی ، بێ نوێبوونەوە. ئەمەش گرفتێکی زەقی ترسناکە رووبەرووی گوتاری نوێی هاوچەرخی ئیسلامی دەبێتە، کە گوتارێکی حزبی ئیسلامی هەیە، گۆڕان‌و چاکسازی، پیرۆزی‌و سەپاندن بێ (نوێبوونەوەو مۆدێرنە) ئاڕاستە دەکات. ئەمەش لەنێوان هاوچەرخ بوون‌و گەڕانەوە بۆ کۆن لەناکۆکییەکی توندا دەژیت. ئاڕاستەی سیاسی ئیسلامی، کە خۆی لە(یەکگرتوو، کۆمەڵ‌و بزوتنەوەو سەلەفییەکان) دەبینێتەوە پێیان وایە، کە یەکێتی زانایان‌و پیاوانی ئاینی ئیسلامی لەبەردەم قەیراندان، هەروەها گوتاری ئیسلامی لەبەر چەند هۆکارێک دووچاری شێوان‌و قەیران دەکەنەوە وەکو :

**یەکەم**/ رێگەگرتن لەدڵسۆزەکان لەچۆنیەتی دواندنی جەماوەر.

**دووەم**/ گوتاری ئاینیان لەپەیوەست بوون بەموچەخۆری چڕکردۆتەوە.

**سێیەم**/ گوتاری ئاینی تەنیا لەچوارچێوەی لایەنی شەرعیو تیۆری ئابلوقە داوە، لایەنی فکریو چەمکەکانی کارتێکردنی رەوشتیو نوێکردنەوەی توانای هاندان رەچاو ناکات.

**چوارەم**/ داماڵینی حوکمی شەرعیو راستگۆیی. (ركائز الخطاب الإسلامي المعاصر http://www.al-waie.org)

**پێنجەم**/ تاوانبارکردنیان بەپاشکۆو گوێڕیەڵی دەسەڵات لەهەرێمی کوردستاندا.

**شەشەم**/ گوتاری میناڕەوییو پێکەوەژیان، بەئاڕاستەیەکی دەستکردو بەکارهێنانی شەرعیەت لەپێناو دەسەڵات، تاوانبار دەکەن.


لەهەمان کاتیشدا گوتاری ئەم دەستەیە، کە گوتارێکی ئاینی نیشتمانییە، رەچاوی پێکهاتەی کۆمەڵگەو دەسەڵاتو بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتیمان دەکات. هێندەی گوتارێکی مرۆیی، ئەخلاقیو ئیلتزامە بەنیشتیمانو بەها راستەقینە رۆحییەکانی ئاینو دوورکەوتنەوە لەرێکخستنی حزبی ئیسلامیو ناکۆکییە فکرییە سیاسییەکانی نێو ئیسلام. بۆیە لەهێڵە گشتییەکان جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ گوتاری نیشتیمانی نییە. ئەم ئاڕاستەیە کار لەمزگەوتەکانو ئارامکرنەوەی دەروونی موسلمانانو دوورکەوتنەوەی ئاین لەسیاسەت دەکات. پەنا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن نابات بۆ بڵاوکردنەوەی گوتارەکەیان، وەکو ئیسلامی سیاسی کار دەکات لەرێگەی هەموو مینبەرە جوادکان سود وەربگرێتو گوتارەکانیان بڵاوبکەنەوە.

لایەنی یەکەم نێرەرە لە گوتاردا، لایەنی دووەمیش وەرگرە. یەکێتی زانایان و هاو گوتارەکانیان، لەگەڵ وەرگر مامەڵەیەکی موسلمانانە دەکەن، پێیان وانییە کۆمەڵگەو گوێگرەکانیان پێویستیان بەوەیە بەئیسلام بکرێنەوە، وەکو ئەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسی پیادە دەکات. ناساندنی گوێگرەکانیان (گومڕاو کوفر)، لە گوتاری ئەمانەدا نییە، کەچی گوتاری گروپی دووەم، کە دەیەوێت نیشانی بدات گوتارێکی ئیسلامی هاوچەرخە، یان سیاسییە، گەلێکجاران (دەسەڵات،

هاوولاتی، بەشێکی خەڵک لەچینو توێژەکانو رەگەزەکان بە (گومڕاو کوفر) تاوانبار دەکەن، ئەمەش دەبێتە پێکهێنانی دەروونێکی هەڵچوو، تورە، تەژی لەڕاڕایی بەرانبەر خودی خۆیانو ئاینیش. واتە گوتاری هاوچەرخی ئیسلامی لەدوو ئاستی جودا کاردەکات.

خاڵێکی تری نەخوازراو لەدیدو تێگەیشتنی موسڵمانان‌دا بۆ مێژوو ئەوەیە، کە حەرەکەتی مێژوو حەرەکەتێکی تەواوخوازو بەرەو پێشچوو نییە، بەرەو حەرەکەتێکی بەرەو خراپ بوونو لێژبوونەیەوە، چڵەپۆپەکەی بەسەردەمی یەکەمی هاتنی ئاینی ئیسلامو پێغەمبەرو خەلیفەکانی راشدین دەست پێدەکات، لەوە بەدواوە کەم کەم بەرەو خراپ بوونو دابەزین دەڕوات، تاکو دەگاتە سەردەمی هاتنی (مەهدی چاوەڕوانکراو)و (دەرکەوتنی دەجال)، دوای ئەو تێکچوونی ئەم دونیایە هاتنی قیامەتی بەدوادا دێت. (هادی عەلی:١٠،٢٠١٣). ئەمە بۆچوونێکی دروستە، کە لەنێو خودی گوتاری کلاسیکیو هاوچەرخی ئیسلامی لە کوردستاندا بەرجەستەیە.

بەڵام کاتێک باسی دیاردەی ئیسلامی دەکرێت ناکرێت لەو قۆناغە دەست پێبکرێت، کە ئیسلامی (راستو دروست) جیایە، کە ئیسلامی جیهادی، گەورەکردنو پیرۆزکردنو پاساو بۆ هێنانەوە کارێکی گونجاو نییە. جیاوازی لەنێوان هەردوو لادا هەیە، وەکو چۆن لایەنی جیهادیش لەدەقی ئایندا لەئیسلام بوونی هەیە. ئەگەر لەڕوانگەیەکی مێژوویی نەک ئایدۆلۆجیو پیرۆزگەرایی سەیر گۆڕانکارییەکان ماناو گۆڕانکارییەکانی هێزە سیاسیو ئابووریو تەکنیکیو ئێکنۆلۆژییەکان پێکەوە گرێ بدرێت. لێرەدا هەمیشە پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لەنێوان مانا/و هێز، نموونە/و واقیع، پرەنسیپ /و پراکتیک دەبێت. (ئاراگۆن: ٣٧،٢٠٠٥).





هێلکاری ژمارە (١٩) پەیوەندییەکانی گوتار

واتە لەگوتاری ئسیلامیدا ئەم سەردەمە، رکابەریی لەنێوان مۆدێرن بوونو کلاسیکدا، جۆرێک لەجەنگی گوتاریان، لەنێواندا هەیە. گەڕانەوەی گوتاری ئیسلامی بۆ (خورافاتو شتە کۆنەکانە)و پەنابردنە بەر (کەلوپەلو چەمکی هاوچەرخ)، جیاوازییەکی گەورە نیشان دەدات.

عەقڵو سۆزو گەڕانەوە بۆ لایەنی رۆحی. گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ دەیەوێت وەکو پرۆسەیەکی عەقڵیو نوێخواز مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکات، لەکاتێکدا (گوتاری هەینی بۆ جەماوەرێکی گشتییە نەک بۆ نوخبەیەکی

زاناو رۆشنبیر، زیاد لەوەش لای خۆی پێوەندییەکی قووڵی بەروحەوە هەیە، کە سەرچاوەی سۆزە، لەبەر ئەوە ئاساییەو بگرە پێویستە، کە بەرامەیەکی سۆزدارانە بەگوتارەکان بدرێت، تا خەڵکەکە لەگەڵ ئەو ئەرکە دووبارە بوەوەدا تاقەتیان نەچێتو قسەکان کاریگەر بن. (عومەر عەلی غەفوور:۲۰۱۰، ۳۰). لەلایەکی دیکەشەوە ئیخوانەکانی کوردستان پێیان وایە (گوتاری ئاینی کاریگەریی قووڵو بەهێزی هەیە لەسەر عەقڵیەتی فیکریو رۆشنبیریو ئاراستەکردنی رەفتارو هەڵسوکەوتی تاکەکانو دروستکردنی کولتوورو دابونەریتی گشتی کۆمەڵگەکان). (هادی عەلی:۲۰۱۵، ۲۸).




هێلکاری ژمارە (۲۰) پێکهاتەی گوتاری ئاینی

بۆیەشە گوتاری هاوچەرخ کار دەکات لەپێناو، یاخود بانگەشەکردن بۆ:

**یەکەم**/ کارکردن بۆ رۆشنبیرکردن و پەروەردە و فێکردنی تاک بە فکری ئیسلامی هاوچەرخ. واتە ئیصلاحی تاکو تاکی موسلمان لەرێگەی پەروەردەوە دەبێت.

**دووەم**/ سیاسەت لەرێگەی شیکردنەوەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دەکەنە بنەما بۆ دیارکردنی ئەرکی ئاین لەکۆمەڵگەدا، واتە لەرێگەی (قورئانو سوننەت) ئەرکی ئاین لەکۆمەڵگە دیارناکەن، بەڵکو لەرێگەی تێگەیشتن لەکۆمەڵگە دەیانەوێت شێوازو بەرنامەو تێڕوانینی ئیسلامی دابڕێژنەوە. لەکاتێدا ئاین واتا خواپەرستی بەپلەی یەکەمو گەیاندنی پەیامی پیرۆزی ئاین، نەک پەیامی سیاسی ئاینی.

**سێیەم**/ گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ وای نیشان دەدات، کە هیچ وابەستەییەکی لەکارەکانیاندا بۆ پلەو پایەو بەرژەوەندی دانانێت، لەکاتێکدا هەمیشە گوتارەکان یەکتر تاوانبار دەکەن. ئیخوانییەکان، سەلەفییەکان تاوانبار دەکەنو پێچەوانەش، زانایانی ئاینی لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە تۆمەتبار دەکرێنو حزبە ئیسلامییە سیاسییەکانیش لەهێرشکردنە سەریەکتر رەحم بەیەکتر ناکەن.

**چوارەم**/ زانایانی ئاینی بەدوای پێبەخشینی روناکی رۆحی بەموسڵمانان کار دەکەنو گوتارەکانیان ئاڕاستەی گوێگرو وەرگرەکان دەکەن، بەڵام ئیسلامی سیاسی گوتارەکانیان بەچەکی سیاسی هاوچەرخی وەکو (دیموکراسی چەکسازی ریشەیی، مافی مرۆڤ، یەکسانیو ئازادی .... تد) ئاڕاستە دەکەن. ئەمەش هێلێکی یەکلاکەرەوەیە لەنێوان ئەم دوو جۆر گوتارە، کە (خواپەرستی)و (سیاسەت پەرستی) لێکیان دەکاتەوە، بەواتا مۆدێرنەکەیە، هەروەها (خوارفیاتو دواکەوتنو نەزانین) نابێت شوێن بۆ (عەقڵانیەتو سەردەمبوونو نوێبوونەوە) چۆل بکات، بەپێی واتا کلاسیکییەکە.

**پێنجەم**/ بەرژەوەندی واتا پێوانەکردنی دەستکەوتو داهاتو گەیشتنە ئامانجەکان لەرێگەی تایبەتدا، ئەم بەرژەوەندییە رەنگە گشتی بێتو رەنگە

تایبەت، رەنگە بەرژەوەندییەکی دادپەروەرانەو رەوا بێت، رەنگە پێچەوانە، رەنگە بەرژەوەندییەکی دونیایی بێت، نەک ئاینی. ئەگەر ئیمانی تێدا رەچاو نەکرێت، تەنیا شتێک بێت لەسەردەمو کاتێکی کاتیو دیارکراودا. بۆیە بەرژەوەندی لەئیسلامی سیاسی نوێدا، کارێکی رەوایە. ئەگەر لەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی پیادەبکرێت. واتە پاساو هێنانەوە لەپێناو بەرژەوەندی لە(دەسەڵات/ سیاسەت)و وابەستەکردنی بەدەقە باڵا ئاینییەکان، رەوایی پێدەدرێت، وەکو چۆن عیلمانییەکانیش بەجۆرێکی دیکە بەشێوازێکی دیکەی گوتار، پاساو بۆ بەرژەوەندییەکانیان دەهێننەوە.

**شەشەم**/ دەسەڵاتی ئاینی سنورێکی فراوانتر، لەدەسەڵاتی دونیایی هەیە، ئەمجۆرە گوتارە هێشتا لەنێو گوتاری ئیسلامی سیاسی کوردستاندا، قالبێکی یەکلاکەرەوەی وەرنەگرتووە، یان لەنێوان دونیاییو حوکمی خوادیی، یان حوکمێک، کە هەڵگری رەگەزی ئاینی بەرز بێت، هێڵێکی یەکلاکەرەوەی بۆ نەکێشراوە. بۆیە دەبێت جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان گوتاری ئیسلامی، کە پەیوەستە بەوەحیو ئیجتهاداتی فکری ئیسلامی بۆ گونجان لەنێوان ئیسلامو گۆڕاوەکانی واقیعو پەرەسەندنی فکر مرۆیی بکرێت، کە هیچ فکرێک ناتوانێت شوێنی هەندێک بیروباوەڕو تەشریعی ئیسلامی بگرێتەوە. (الخطاب الإسلامي.. ومتطلبات المرحلة الراهنةhttp://www.alihyaa.ma).

**حەوتەم**/ گوتاری ئیخوان، کە یەکگرتوو بەوردی کاری لەسەر دەکات، دەیەوێت نیشانی بدات گوتاری دەستەبژێرێکی خوێندەواری خاوەن بڕوانامەی بەرزە وەکو (دکتۆر، ئەندازیار، مامۆستا... تد). بەڵام وەرگرو بەکارهێنەری گوتارەکانیان کەسانی (بێکار، هەژار، بێ هیوای بووی نێو کۆمەڵگەی شار، قوتابی، خانەوادەی بەکێشەی کۆمەڵایەتییە).

**هەشتەم**/ گوتاری پەروەردەییو فێرکردن پتر لای یەکگرتووی ئیسلامی دەردەکەوێت، هەروەها گوتاری جیهادیش لای کۆمەڵی ئیسلامیو بزوتنەوەی ئیسلامیو پەڕگیرییو توندوتیژیش لای ئەنساری ئیسلامو هەندێک گروپی

دیکەی چەکداری جیهادی ئیسلامی بەئاشکرا رەنگی داوەتەوە، لەکاتێکدا هێشتا ئەم گوتارانە لەبنەماو وابەستەبوونی بەسەرچاوەی باڵای عەقیدەو ئیمان هاوبەشەییەکی راستەوخۆیان هەیەو لەناکۆکیشدایان لەشێوازی کارکردنو بانگەشەو جهاد ناکۆکییەکی شاراوەو ناڕاستەوخۆیان لەخۆگرتووە.

لایەنێکی دیکە، یان ئاڕاستەیەکی دیکە لەنێو گوتاری ئیسلامی سیاسی بایەخ دانو هەروەها شەرعیەت دانە بەژیانی (حزبایەتی) وەکو بەشێک لەئەرکو کاری رێگەپێدراوی کاری ئیسلامی، لەکاتێکدا لەکۆن ئەمجۆرە گوتارە جێگەی پرسیارو رەتکردنەوەو ئینجا بەکوفر زانینیش بوو، بەڵام ئیسلامی سیاسی، یاخود لەرێگەی نوێگەریی لەنێو ئیسلامو کۆمەڵگەی عەرەبی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە ئەویش کاریگەر بوو بەرۆشنگەری رۆژئاوایی، ئەم ئاڕاستەییە دەردەکەوێت، سەرەتا لەشێوەی بانگخوازییو پەرەوەردەو فێرکردن، دواتریش دەگوازرێتەوە بۆ (حزبایەتی- رێکخستن). لەمەش پتر تێدەپەڕێت، هەنووکە لەڕووی سیاسیو کۆمەڵایەتی پاڵپشتی لەفرەیی رەگەزیی، نەتەوەیی، ئاینیو حزبیش دەکرێت. بێگومان ئەمجۆرە ئاڕاستەیە خۆگونجانێکی سەرکەوتووە، بریتییە لەپێشکەوتنی گوتاری ئیسلامی سیاسی، چ لەهەرێمی کوردستانداو چ لەدونیاشدا. بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مێژووی درستبوونی حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان لەهەرێمی کوردستاندا لەپێش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١و بەشدریان لەخەباتی چەکداری، ئەوە راستییەکمان بۆ دەردەکەوێت، کە فکری ئیخوانی، کە سەلاحەدین بەهائەدین نوێنەرایەتی کردووە، هەمیسە پێداگریی لەسەر (رێکخستن)و پێکهێنانی گروپی حزبی لەدەرەوەی فەتوای مەرکەزی ئیخوان رەتکردۆتەوە. کەچی ئەمڕۆ بەشێوەیەکی ئاسایی، پاڵپشتی لەفرەیی (حزبی، بیرورا، ئازادی سیاسی، مافی مرۆڤو هەڵبژاردنی دیموکراسیو رکابەری لەنێوان سەرکردەو حزبە ئیسلامییەکانیش) دەکەن.

واتە دەبین لەم سەردەمدا گوتاری ئیسلامی سیاسی بەهەموو ئاڕاستەکان، کار بۆ گونجانو هاوچەرخ بوونو پاڵپشتی لەناکۆکیو ململانێی سیاسی حزبەکانیان دەکات. وەکو گوتمان ئەمەش گریمانەی خاوبوونەوەی دەمار

گرژەکانو داننان بەجیاوازی لەبیرکردنەوەو سەرچاوەی فکریو شێوازی کاری ئیسلامی سیاسی دەکات. بۆیەشە پێشگریمانەی بەرەو پێشەوەچوونی کاری ئیسلامی لەئارادایە، ئەگەر بتوانن درێژە بەڕێگەی (فرەیی بوون لەبیرکردنەوە، قبوڵکردنی جیاوازیو وازهێنان لەدەمارگرژییو توندڕەوییو سەپاندنی تاکە فکری) بدەن. بۆیەشە ئاساییە بڵێین چەند ئاڕاستەیەکی ئاشکرا لەگوتاری ئیسلامی سیاسی لەم بوارەدا هەنووکە دەیەوێت شێوەو چوارچێوەیەک بۆ خۆی دیاربکات، یان کار بۆ بەدیهێنانی ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیان وەکو (ڕێبازی بیرکردنەوە)و (شێوازی کاری ئیسلامی)و (نوێبوونەوە)و (بەشداری لەدەسەڵات) دیاربکەن، وەکو :

**یەکەم**/ (گۆڕانو چاکسازیو نوێبوونەوە) ئەمە گوتارێکە بەشێک لەکادرەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لەژێر کاریگەری ڕاپەڕینو خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبیو بەرزبوونەوەی کێرفی ئیخوان موسڵمین لەنێو رووداوە دراکماتیکییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەم گوتارە دەیەوێت ئۆپۆزسیۆن بن لەپێناو (گۆڕانخوازیی)و (ئینجا چاکسازیی لەکۆمەڵگەو دەسەڵات)و دواتریش (داڕشتنەوەی جۆرو سیستەمی دەسەڵاتەکە بەنوێبوونەوەی لەکۆمەڵگەدا) نێوی دەبەن. تەنیا لە پارێزگای سلێمانی نێوی لیستی چاکسازیان لەخۆ ناوە.

**دووەم**/ گوتارێکی دیکە دروست بووە، کە هێشتا نەبۆتە هێزو تەنیا لەچوارچێوەی ناکۆکییە نێوەخۆییە حزبییەکاندا دەرکەتووە، کە ئەویش جیاکردنەوەی عەقیدەو ئیمانە لەحوکمدارییو دەوڵەتدا. ئەمەش ڕەنگە لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی (ڕەشید غەنوش)ی تونسی سەرچاوە بگرێتو لەژێر نێوی پرۆسەی نوێبوونەوەی سۆسیۆلۆجی گوتاری ئیسلامی سیاسیدا دەردەکەوێت. هەروەها لەنێوەخۆی کوردستانیشدا پەیوەستە بەفکری بە(کوردی کردنی ئاین)، واتە ئاین لەبەرگێکی نەتەوەیی کوردی فۆرمۆلە بکرێت. ئەمەش جۆرێک لەگوتاری تایبەت دەگرێتەوە، کە پەنا بۆ چەمکی مەدەنی کۆمەڵگەی کوردی دەبات.

**سێیەم**/ گوتاری جیاکردنەوەی جیهادو تیرۆرو گروپە تیرۆرستییەکانە لەگوتاری ئیسلامی لەنێوان توندڕەوییو میانڕەوییدا، کە خاوەنی گوتاری (قورئانو سوننەتە). ئەمەش بەشێک لەسەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیو بۆچوونەکانی خودی رابەری کۆمەڵەکەو هەندێکی بزوتنەوەی ئیسلامی دەگرێتەوە، کە دەڵێن (داعش) وەکو رێکخراوێکی پەڕگیرو تیرۆریست بۆتە هەڕەشەو مەترسیی بۆ سەر خەڵکێکی زۆرو پانتاییەکی فراوانی هەردوو وڵاتی عێراقو سوریایان داگیر کردووە. لەم دوو وڵاتەدا دەسەڵاتیان هەیە خەڵکیان زۆر بێزارو ناڕەحەت کردووەو (هێزەکانی هەرێمی کوردستان بەرگریی لەخاکو خەڵکەکەیان دەکەنو هەڵیان نەکوتاوەتە سەر بنکەو بارەگاو ماڵی خەڵکی دیکە). (عەلی باپیر، ٢٠١٥،١٧٦).

**چوارەم**/ گوتاری سەلەفییەکان، کە ئاساییە ئەم فکرە لەدەرەوەی حزبەکانو لەرێگەی هەندێک کەناڵی راگەیاندنی تایبەتی وەکو تەلەڤزیۆنی لۆکالیو مینبەری مزگەوتەکانو هەروەها لەنێو حزبە ئیسلامییەکانیشدا هەبن. ئەمانە هەر لەگەڵ هەندێک لایەنی سیاسی لەنێو حزبە ئیسلامییەکان ناکۆکیو جیاوازییان هەیە. بۆیەشە خاوەنی گوتارێکن، کە پشت بە(قورئانو سوننەت) دەبەستێتو بڕوای بەنوێبوونەوەو شیکردنەوەی سەردەمیانەی دەقەکان نییە.

**پێنجەم**/ گوتاری زانایانی ئیسلامییە، کە گوتارێکی ئیمانیو خواپەرستییو نزیکە لەدەسەڵات لەهەرێمی کوردستاندا، دژی بەحزبیکردنی ئیسلامو ئاینە، دژی توندڕەویی جیهادیو سەلەفییە، لەگەڵ ئاڕاستە سیاسییەکەی نوێبوونەوەی کاری ئیسلامی سیاسیی نییە. واتە میانڕەوێکی ئاینی دوور لەسیاسەتە، کە دەکرێت بزاڤی رابوونی ئیسلامی سیاسی وەکو نمونەیەکی زیندووی ئەم بوارە وەربگرێت.

بەپێی زانیارییەکانی میترۆ، کە توێژینەوەیەکی لەمەڕ گوتاری مەلاو بانگخوازەکان کردووە، رایگەیاندووە تەنیا لەدوو ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٥دا ١١٢ گوتاری توندڕەویی ئیسلامی لەمیدیاو مزگەوتەکاندا پەخشکراون. واتە

گوتارێک بەتەوژمێکی خێراو توندوتیژ بڵاودەکرێتەوە. هاتووە، کە بەشێک لەمامۆستایانی ئاینی گوتاری توند لەسەر سیاسەتو تەنانەت فیلمی کارتۆنیش دەدەن، ئەمانەش پێچەوانەی یاساو مافەکانی مرۆڤ کاردەکەن، تەنانەت بەپێچەوانەی رەهەندە ئاینییەکانیشەوە، ئاشوبێکی گەورەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە کاریگەری راستەوخۆ لەسەر کۆمەڵ دادەنێت. (رۆژنامەی چاودێر، ژمارە ٥١٤، رۆژی ٤-٥-٢٠١٥، ل ٢).

**شەشەم**/ گوتاری توندڕەوییو هەڵگری فکری تیرۆریستییە، کە خۆی لەگروپی ئەنسارو هەندێک خەڵکی دیکە دەبینێتەوە، کە پاڵپشتیو هاوکاری ئەم ئاڕاستەیە لەڕووی ئاینیو فکری جیهادی دەکەن. نموونەی مەلا کرێکار، کە هەتا ئێستاش لەئەوروپا کێشەی دادگایی کردنی بەتۆمەتی هاوکاری تیرۆر لەدژ بەرێوەدەچێت.

**حەوتەم**/ گوتاری دەمارگیری ئیسلامییە، کە هەندێکجار لەلایەن هەندێک کەسەوە، یاخود لەرێگەی هەندێک مینبەری ئاینییەوە پیادە دەکرێت، ئەمجۆرە گوتارەش لەڕاستیدا هەڵگری دەمارگیریی، یاخود پاشکۆبوونێکی فکری باڵادەستییە، لەپرۆسەی سیاسی ئایندا. ئەمەش وانیشان دەدەرێت، کە هەر بەتەنیا پێشێلی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی ناکات، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ پێشێلکردنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیشو یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە پەیوەستە بەرێگەگرتن لەجیاوازکارییو رقلێبوونەوەو توندوتیژییو رەگەزپەرستیو تیرۆرو پێشێلکاری مافی دەربڕین، هەر لەم روانگەیەشەوە دەمارگیری ئاینی لەخۆیدا پێشێلکاری بنەمای مافو ئازادییەکانە. (رۆژانەی الزمان، ژمارە ٥٤٤١، رۆژی ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٦، ل ١٥).

**هەشتەم**/ فرەیی لەگوتاری ئیسلامی سیاسیدا، پێویستە ئەم فرەییە لەگوتاری ئیسلامیدا نەبێتە دیاردەی فەوزا لەگوتاری ئاینیدا، بۆیە هەندێک داوا دەکەن بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە لەفەوزا دووربکەوێتەوە، پێویستە گوتاری ئیسلامی سنوردار بکرێت لەلایەن «زانایانەوە»، کە تایبەتمەندن لەرۆشنبیری ئیسلامی

لەلایەنیی فیقیهیو ئسولو عەقیدەو زانستی قورئانو سوننەتدا. سەرباری زانستی زمان، کە قورئانی پێدابەزیوە. بۆیە بۆ ڕێگەگرتن لە»بەبازاڕ کردنی گوتاری ئیسلامی» لەلایەن کەسانی نەخوێندەوارو نەزان، یان ئەوانەی گاڵتەیان پێدەکرێت لەلایەن ناحەزانی ئیسلامەوە. (الخطاب الإسلامي.. ومتطلبات المرحلة الراهنة http://www.alihyaa.ma/).

سەرباری ئەوەش چاولکێەریو نەزانین لەشێوازی سەردەمو خۆتێوەگلاندن لەرکابەریو ناکۆکی مەزهەبی.

هەروەها نێوەڕۆکی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخی نوێ، پشت بەدوو پێکهێنەرو کارەکتەری سەرەکی (گوێگرو وەرگر) دەبەستێت، کە یەکێکیان گوتارەکەی ئاڕاستەی (ئوممەی ئیسلامییە)، کە ئەمەش گوتارەکە لەخەڵک بەگشتی جیادەکاتەوە، ڕەنگە کۆمەڵگەیەکی فرە ئاینو مەزهەبو ئاینزای وەکو کوردستان بەتەنیا ئیسلام نەبن، بۆیە، کە گوتارەکە تەنیا بۆ ئوممەتی ئیسلامییە، مافی گوێگرتنو وەرگرتنی نێوەڕۆکو مەبەستی نامەکە لەبەشێک خەڵک وەردەگرێتەوە.


هەروەها گوتارێکی دیکە ئاڕاستەی (نیشتیمان/کوردستانو هاوولاتیان/ بەهەموو رەگەزو ئاینو فکرێکەوە). بەڵام ئەمەی دووەمیان ئاڕاستەیەکی لاوازە، هەرچەندە کار دەکات، کە چوارچێوەیەکی نوێ بۆ گوتارو سنورو ڕێژەو جۆری وەرگرەکانی دیار بکات، بەڵام نەیتوانیوە سنووری زاڵی ئاینی ئیسلامو گوتاری بەئیسلامکردنی گوێگرو وەرگر ببەزێنێت. لەبیرمان نەچێت هەنووکە گوتارێکی ئیسلامی توند هەروەها میانڕەویش هەیە، کە ئاڕاستەی ڕۆژئاوایە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر رای گشتی وڵاتەکان دروست بکات. دەیەوێت پانتاییو ڕێژەی ئیسلامبوون لەنێو هاوولاتیانی ڕۆژئاوا زیادبکات. ئەمەش لەهەمان کاتدا ڕووبەڕووی گوتارێکی دژە. کە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بۆ تێکشکاندنی بەرنامەی گروپە تیرۆریستییەکانو توندڕەوە ئیسلامییەکانو لێدانی داعش لەم سەردەمەدا پیادە دەکەن، کە گوتارێکی سەربازی، فکری،


ڕۆشنبیریو ئاینیشـە. هەروەهـا لەئاسـتی هاوولاتیانیشـدا لەڕێگەی کۆچبەریو هـاوکاریو پێدانی پەناگەو مافی پەناهەندییو ڕۆشنبیری نوێی ئەوروپایی لەنێو ملیۆنەها خێزانی ئیسلامی، کە هەنووکە لە ئەوروپا دەژین، توانیویانە یـان فکری ئاینی بەشێک لـەو خەڵکە بگۆڕن، یـان ئیسلامییەکی میانڕەو پێکبهێنن. وەکو چۆن بوونەتە هۆی پێکهێنانەوەی کاردانەوەش بۆ درستبوونی ئیسلامیی توندڕەو لای ژمارەیەکی زۆری گەنجی عەرەبیو ئیسلامی، کە لە ئەوروپا ژیاونو گەورە بوون.

ناکرێت لەنێو فرەییدا وەکو هەندێک گوتاری ئیسلامی بڵاوی دەکاتەوە، ئیسلام وەکو تاکە عەقیدەی ئیمانی بسەپێنرێت، ڕاستە ئیسلام وەکو دوایین ئاین وەسفکراوە، ئەمەش پێشگریمانەی ئەوەمان لادروست دەکات، لەکۆمەڵگە جیاکاندا، ئەم ئاڕاستەیە دووچاری ڕەخنەیەکی توند دەبێتەوە، هەروەها ئەم چەشنە گوتارە لەکۆمەڵگەی هاوچەرخدا مافی ئاینو فکرو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاکان قۆرخ دەکات. بەمەش گوتارەکە ڕووبەڕووی یان ڕەخنەیەکی فکری – ڕۆشنبیری سیاسی دەکاتەوە، یان وەکو لەهەندێک کۆمەڵگە ڕوودەدات بەرەو توندوتیژیو دەمارگیری دەچێت، کە ئەمەش پێشێلکاری مافی هاوولاتی ، یان مرۆڤەکان وەکو ئیسلام دەڵێت، لێدەکەوێتەوە.

لەگوتاری هاوچەرخی ئیسلامی سیاسییدا بەزۆری جەخت لەسەر دەسەڵاتو گرفتەکانی دەسەڵات (خراپەکاریو گەندەڵییو چاکسازییو دادپەروەریی) دەکرێتەوە. (چاکەو خراپە) دەکرێتە پێوانە بۆ گوتاری ڕاستو دروستی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا، لەکاتێدا بۆچوونێکی فکرییو فەلسەفیی هەیە، کە (کریشنا مۆرتی) کاری لەسەردەکاتو پێی وایە (چاکە بەرانبەر خراپە نییە، هەرگیز چاکە لەڕێی خراپەوە دەرک نەکراوە. دەشێت خراپە گەشەی پێبدرێتو بەشێوەیەکی فراوان بەزەبرو زەنگو سەرکێش بێت، خراپە لەنێو جەرگەی جووڵەی زەمەندا لەدایک دەبێتو گەشە دەکاتو بەکارابییەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام چاکە سەر بەزەمەن نییە، بەهیچ جۆرێک

ناتوانین لەڕێی هزرەوە گەشە بەچاکە بدەینو بەهێزی بکەین. کاری چاکە قابیلی بینین نییە لەبەر ئەوە هۆی نییەو هۆداریشی نییە، لەبەر ئەوە خراپە ناتوانێت بگۆڕێت بۆ چاکە، لەهەر کوێیەک چاکە هەبوو، سیستەمیش لەو شوێنە هەیە). (کریشنا مۆرتی: ساڵی بەسەرەوە نییە،١٣، چاکەو خراپە، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان، DarinousH سلێمانی). کەواتە ناتوانرێت چاکە بکرێتە پێوانە خراپی، چونکە چاکە شتێکە بەرجەستە نییە کاتو شوێنو بوونێکی مادیی نییە، بەڵکو شتێکە لەگیاندا هەیە، هەروەها هیچ کاتیک چاکە نابێتە پێوانە بۆ خراپەکاریی. بۆیەشە بەیەکەوەبەستنی ئەم دوو چەمکە هەڵەیەکی باوە، کە گوتاری ئیسلامی زۆر پێداگری لەسەر دەکات. بەتایبەتی گوتاری (چاکو پاکو ئیمان) لای ئیسلامی سیاسیی یان، ئاینییەکان، گوتارێکە، کە لەپلەیەکی بەرز دایە، ناخرێتە نێو بازنەی ناکۆکیو ململانێی گروپە جیاکانی وەکو (خراپو بێ ئیمانیو گەندەلی)، کە لەڕاستیدا گوتاری ئیسلامی سیاسی هاوچەرخ دەیەوێت پێوانەی (گەندەلیو چاکسازیو دادپەروەریی) لەسەر بنەمای بوونی (چاکەو ئیمانو یەکسانیو رەوایی) لەدەسەڵاتو بنەمای ئیسلامدا بکات. کەواتە دەبێت گریمانەی ئەوە بکەین گوتاری خراپە، ئەو کاتە عەلمانییەکان دەگرێتەوە، دەبێت لەسەر بنەمای (ناعەدالەتیو ئیستغلالو بێ بڕوایی) بەرێوەدەچێت، کەئەمەش لێکدانەوەیەکی هەڵەیە. واتە گرفتێکی ئەم گوتارە هاوچەرخە، هێندەی لەشێوەی کاردانەوە، یاخود چاولێکەری لەداڕشتنی زاراوەی رۆژئاواییو بەرجەستەکردنی لەگوتارەکانی خۆیاندا دەردەکەوێت، لەشێوەی ئەو گوتارە ئاینییە دەرناکەوێت، کە کۆمەڵگەی لەسەر لەکۆندا راهێنراوە.




هێلکاری ژمارە (٢١) گوتاری خراپە و کاریگەرییەکانی

یاخود لەڕوانگەیەکی دیکەی شیکاری گوتاری ئاینی سەیری چاکەو خراپە بکەین، دەتوانرێت (مەسەلەی حەڵاڵو حەرام) لەم بوارە بخەینە بەر تیشکی شیکردەنەوە ئەگەر لەڕوانگەی ئەوە سەیری ئەم بەراوردە بکرێت (ئەسلی هەموو شتێک حەڵاڵە / الاصل فی الاشیاء الاباحە) مەگەر شتێک خوا حەرامی کردبێت. لەبەر ئەوە حەڵاڵکردنو حەرامکردن دوو تەوەرەی پەیوەستن بەهەموو ژیانی مرۆڤەوە لەکۆمەڵگەدا. خودا حەرامەکانی دیارکردووەو دەرگای ئیجتهادی لەسەر داخستووەو کەمو زیاد ناکرێن. مرۆڤ توانای سنوردارکردنی حەڵاڵیشی هەیە. بەڵام نەک حەرامکردنی حەڵاڵ. وەکو فرەژنیو دیاردەی تەڵاق، بەشێوەیەک مرۆڤ بۆی هەیە سنورداری بکات بۆ ریکخستنی کۆمەڵگە نەک حەرامی بکات. (محمد شهرور:٢٠١٦، ١٥٠). واتە دەکرێت چاکەو خراپە نەکرێنە پێوانە بۆ گوتاری ئیسلامی، بەڵکو گونجانو نەگونجان دەبێتە پێوانەیەکی سەرکەوتوو بۆ بەدیهێنانی گوتارێکی کاراو کاریگەر.

لەگەڵ ئەوەشدا لەگوتاری ئیسلامی سیاسیدا، گەلێکجاران گوتارەکان خاوەنی (چاکەبوون) دەکەنە پێوانە بۆ لەبەریەک هەڵوەشانەوەی سیستەمی خراپەکارانەی عەلمانی لەرێگەی (هەڵوەشانەوەو لێدانو گۆڕانو بەدیهێنانەوەی دەسەڵاتی شەریعی). بێگومان ناتوانرێت هەموو سیستەمی عەلمانی بەخراپو گومڕاوو فریودەر سەیربکرێت، وەکو چۆن ناتوانرێت هەموو گوتارێکی ئیسلامی سیاسیش بەگوتارێکی (رزگارکەرو بونیات نەرەوەو چاکەخوازو ئیمانداری خاوەن عەقیدەی راستی ئیسلام) دابنرێت.

## ٤-١٩ ستراتیجیەتی گوتاری ئیسلامی سیاسی

کاتێک بمانەوێت شیکاری ستراتیجیەتی گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بکەین، ناتوانرێت بێ گەڕانەوە بۆ بەرنامەی فکریو سیاسی ئەو رەوتە ئیسلامیانەی لەمزگەوتن، یان سەلەفین ، یان وەکو گروپی حزبی سیاسی دەرکەوتن، هیچ کارێک بکەین. بەشێکی زۆری زانایانی ئیسلامیو

ئاینی لەهەرێم لەگەڵ دەسەڵات دەیانەوێت شەریعەتی ئاینیو هەروەها شەریعەت دان بەدەسەڵات لەپێناو ئارامیو لێکگەیشتنو ئارامی لە کوردستان پیادە بکەن، مینارەویی ئاینی لای زانایانی ئیسلامی، رەنگی لەپێکەوەژیان، مەسەلە شەرعییە گشتییەکانو ئیمانداریو خواپەرستی داوەتەوە.

سەلەفییەکان دەیانەوێت لەلایەک (قورئانو سونەت) بکەنە بنەمای بیکردنەوەی کاری ئیسلامیو لەلایەکی دیکەشدا لەگەڵ گروپی ئیخوانیو هاوچەرخ بوون لەناکۆکییەکی ئاشکراو فکریو ئیجتهادی توندن.

ئیخوانییەکان، کە یەکگرتووی ئیسلامی دەیەوێت وەکو ناسنامەو فکر، پێڕەوی بنەماو رێبازی ئەم ئاڕاستەیە بکات، لەبواری پەروەردە بانگەوازخوازیو فێکردندا کار دەکەن، هەروەها لەنێوەخۆیاندا ئاڕاستەیەکی دەستەبژێر هەن، بانگەشەی چاکسازیو نوێبوونەوەو هاوچەرخبوون دەکەن.

بزوتنەوەی ئیسلامی، کە بەدایکی رابوونی ئیسلامی (بانگخوازیو جیهادیش) دادەنرێت، دوای دەرکەوتنی کۆمەڵی ئیسلامی وەکو ئەلتەرناتیڤێکی ئەو، پێشکەوتنی یەکگرتوو وەکو حزبو رێکخستن، ئەو رۆڵەی نەماوە، کە لەسەرەتای دەرکەوتنی ئاشکرای رێکخراوبوونی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی باشوردا هەیبوو.

کۆمەڵی ئیسلامی گروپێکە لەنێوان فکرو ئیجتهادا دەژیت، لەنێوان توندڕەوییو چاکسازی فکریدا دەخولێتەوە، لەکردەوەدا لایەنە توندڕەوەکەی بزوتنەوەی ئیسلامییە دژی عیلمانیەت، هەروەها ئەمڕۆ وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی توندی پێداگر لەسەر دژایەتی دەسەڵاتی کوردی عیلمانی پێداگری دەکات. ئاین وەکو گوتار بەکاردەهێنێت، لەکاتێکدا گوتارەکە سیاسییەکە، تاکو دەگاتە ئاستی بەئایدیۆلۆجیا بوون بەکاردەهێنرێت.

ئەم پێشکەیە بۆ ئەوەیە بزانین شیکاری گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەرێمدا، چۆن رەوشی ستراتیجیی گوتارمان بۆ دیاردەکات، کە وەکو ناسنامەو پەیامی ئاینی رۆڵ دەبینێت.

ستراتیجیەتی راستەقینەی گوتاری ئاینی بریتییە لە(هەواڵو گێڕانەوەی رووداوەکانو ئامۆژگاریو رێنوێنی موسڵمانان بۆ دوارۆژێکی پڕ لەبەختەوەری، کە ئەویش رۆژی زیندوو بوونەوەیە). واتە ستراتیجیەتی گوتاری ئاینی لەئیسلامدا، بەقوربانی کردنی ژیانی ئێستایە بۆ ژیانی دوای بوژانەوە. رۆژی کۆتایی مەسەلەی سەرەکیو نێوەندی بیرکردنەوەو کارکردنی تاکی موسڵمانە، هەروەها رەتکردنەوەی خراپەو کارکردنو فەرمانە بەچاکە. سەرباری رەتکردنەوەی گوناهو خراپەکاریو حەرامو شتی رێگە پێنەدراو.

هەروەها لایەنێکی دیکەی ستراتیجی گوتاری ئاینی ئیسلامی چۆنیەتی گۆڕینی قسەیە بۆ کردارو هەروەها زانیارییەکان بۆ بەکاربردنو چۆنیەتی بەکارهێنانی لایەنە پیرۆزو بنەما چەسپیوەکانی ئاینیە بۆ بەدیهێنانی دڵنیاییو ئارامی گیانی لای تاکی موسلمانو کۆمەڵگەی ئیسلامی.

گوتاری کلاسیکی ئاینی لە کوردستاندا، بایەخی زۆری بەبواری زمانەوانی رەوانبێژی، زانستی کەلامو شیکردنەوەی ئایەتو فەرموودەکان لەچوارچێوەی (زمانو رووداوە مێژووییەکان) دەدات، بەڵام لەگوتاری سەردەمی ئاینی لەکوردستاندا، پەیامو مەبەستو پاساوەکانی نێو گوتارەکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هەنگاوی بەرچاوی بۆ بەهاوچەرخبوون ناوە، بۆیەشە وەکو ستراتیجیەتی کاری ئیسلامیو رابوونی ئیسلامی، بایەخ بەبواری سیاسەتو گونجاون لەگەڵ رووداوەکانو بەکارهێنانی زمانێکی گونجاو لەگەڵ خواستەکانی خەڵک، نەک بەتەنیا موسڵمانان دەدات، هەیانە رشکاوانە بایەخ بە (هاووڵاتیان)، نەک (برایانی موسلمانان، ئیمانداران، برایانی ئاینیو موسڵمانان) دەدات، نابێت لەچوارچێوەی ئەم ستراتیجییە، ئەوە باس نەکەین، کەبەشێکی ئەم گوتارە هێندەی خۆگونجاندنە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیو عەلمانی، هێندە ئیلتیزام کردن بەدەقی باڵای ئاینی ئیسلامی نییە، ئەمەش گرفتێکی جێگەی مشتومڕە لەنێوان خودی بزاڤە ئیسلامییەکان.

ستراتیجیەتی گوتاری ئیسلامی سیاسی دوای بەهاری عەرەبی، کە دەبنە دەسەڵات، جیایە لەو گوتارەی کە لەدەرەوەی دەسەڵاتو لەبێ هێزییو لەدەرەوەی حوکمدا بوون. یەکەمیان لەمیسر بووە قوربانی بەخێرا سەپاندنی (هێزو باڵادەستیو خۆسەپاندن)، لە تونس ئاڕاستەیەکی دیکە وەردەگرت، کە ئەویش چاکسازیو نوێبوونەوەیە لەعەقیدەو شێوازی حوکمە. ئەم دوو ستراتیجە یەکەمیان لەپابەست بوونە بەزەمینەی رۆژهەڵاتیو دوور لەعەقڵانیەتی رۆژئاواییو بڕوایەکی یەکلاکەرەوەی بەریفۆرمی ئاینی نییە، دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاریو ئەزموونی ئێرانیو بەدوای هاوپەیمانی دەسەڵاتی ئیسلامی دەگەڕێت، جیایە لەو ستراتیجیەی لە ئەوروپا گەشەی کردووە، سودمەندە لەریفۆرمی ئاینی لە ئەوروپا، تونس خۆشی لەکەلچەرو دەوروبەرێکی ئەوروپایی گەشەی کردووە، دەبێتە خاوەنی رێچکەی نوێبوونەوەو چاکسازیو مانەوە لەبەشداریو لەدەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ئاینی، نەک حوکمڕانی رەهای ئاینی. رەنگە ئەمە لە کوردستانیشدا جۆرێک لە نموونەی هەبێت.

بۆیە گوتاری ئیسلامی بەدوور کەوتنەوە لەئامانجی سەرەکی شۆڕشی بەهاری عەرەبی، کە دیموکراسی نوێیە، خۆی دووچاری گرفتێکی ستراتیجی دەکات. چونکە گوتاری ئیسلامی لەو هەلومەرجە پێویستی بەگەشەپێدانو چالاکردنی هەبوو. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە چەندە رۆشنگەریی داهێنەرانەی نیازەکانو ئامانجەکان، دوای ئەوەی پەرەدەستێن بۆ ئامرازەکانو کەرەسەتەکان دەگۆڕێن؟. (زهیر الخويلدي، http://arabtimes.com/).

لایەنێکی دیکەی گوتاری ستراتیجی ئیسلامی لەم قۆناغە هەستیارەدا بایەخدانە بەژیانی کۆتایی لەجیاتی بایەخدان بەژیانی ئێستاو پێویستییەکانی سەردەمەکە، هەروەها مەسەلەی مافەکانو کەرامەتی مرۆڤیان خستۆتە ژێر ئەحکامی ئاینیو تائیفیی و هۆزایەتییەوە، بۆیەش مرۆڤ نابێتە خاوەنی ئەو مافانە تەنیا لەچوارچێوەی ئینتمایی بۆ ئاینو تائیفیەت نەبێت. هەروەها گوتاری

ئەم سەردەمە بایەخ بەپێویستییەکانی گەنجان دەدات، ئەوانەی کرانەوەیان بەرانبەر رۆشنبیری رۆژئاوایی هەیە، لەگەڵ پابەستبوونیان بەبەهای ئایینیی. سەرباری ئەوەش هەندێک پشت بەهەڵچوون لەبیرکردنەوەو کاردانەوە دەبەستن، عەقڵ رەتدەکەنەوە. (شریف درویش للبان، http:// www.acrseg.org).

هەروەها دەرکەوتنو گەشانەوەی هەندێک چەمکی دیکەی وەکو فرەیی plurality و جووڵان mobilization و پەیوەندیکردن communication وەکو بازنەیەکی بەرچاوی گەشەکردنی ئەم ئەزموونە دەردەکەوێت. دیار ئەمجۆرە واتاو چەمکانە تەنیا لەفکرێکی کراوەو ساخ دێتە دی. بەرانبەرەکەی رەتناکاتەوە، لەسەر بنەمای لێبوردەییو ریزگرتنی بەرانبەر. بۆیەشە کاتێک باسی ئەزموونی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا دەکرێت، فەتحوللا گولەن یەکێکە لەوانەی بەتێڕوانینو سینگێکی فراوانە لەم بوارە بەتایبەتیش لەمەسەلەی (جووڵان) هەڵسوکەوت دەکات، چونکە پێی وایە جوولان لەسەر بنەمای نیازی ستراتیجی سیاسی رۆنراوە، کە لەیەکەم هەنگاو لەسەر بنەمای گۆڕیی حەقیقەتی دەرەکی کاردەکات، سەربای دیارکردنی ئامانجە مادییو روونەکانی. سەرباری جەختکردنەوە لەسەر گۆڕانکارییەکان، کە پشت بەپەیوەندییە سیاسییو ئابوورییەکان دەبەستێت، لایەنی دووەم جوولانی ستراتیجی لەسەر بنەمای رۆشبیرییە، کە پشت بەگواستنەوە نێوەخۆییەکان دەبەستێت، وەکو ئامرازی (مەبەست) بۆ گۆڕانی سیستەمی بەها، بەئامانجی پارێزگاری، یان دانانو بوژانەوەی رۆشنبیری، کە ئەمانەش بەشێوەیەکی گشتی پشت بە(فکرو بیروڕاکانو بەهاو ناسنامەکان) دەبەستێت. (هشام الرس http://www.hi-ramagazine.com/).

# بەشی پێنجەم

## ١-٥ گوتاری ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، هۆکاری دەرکەوتنی حزبی سیاسی ئیسلامی لە کوردستاندا

حزب بەپێی پێناسە باوەکەی کۆبوونەوەی ژمارەیەک خەڵکە لەدەروری بەرژەوندیو بۆچوونی هاوبەشدا، ئیسلامییەکانیش لەم چوارچێوەیەدا کاری ڕێکخستنیان کردووە، تەنیا لە کوردستانی باشوردا بەهۆی وابەستەبوونی سەرەتای بڵاوبوونەوەی فکری ئیسلامی سیاسی بەئیخوانو فکری ئیخوانیزم، دەبینرێت، کە دەرکەوتنی ئەمجۆرە ڕێکخستنە ڕووبەڕووی ژمارەیەک کێشەو هەتا وەکو هەندێک پێیان وایە دەبێتە هۆکاریش بۆ دەرنگ دروستبوونی حزبی سیاسی ئیسلامیو دابەشبوونیشیان دوای دەستپێکردنی ڕێکخستنی سیاسی حزبی. گریمانەی چەند شتێک دەکرێت، کە بوونەتە هۆکار بۆ دەرکەوتنی ئەمجۆرە ڕێکخستنە، لەوانە:

- وەڵامدانەوەیەک بۆ فکری کۆمۆنیستیو نەتەوەیی لە کوردستاندا.
- وابەستە بوون بەفکری جیهانی ئیخوان، واتە لەبەجیهانیبوونەوە بەرەو خۆماڵی بوون هاتوون.
- دروستبوونیان لە ئێرانو هەروەها لەسەردەمی جەنگی عێراقو ئێراندا.
- دابەشبوونیان بەسەر چەند گروپو حزبی سیاسی جودا، دەرکەوتنی

سەرەتای ناکۆکیو بەرژەوەندیو دونیابینی جودای ئەم بزاڤە سیاسییە، کە ئیسلامییەکان لە کوردستاندا پەیڕەویان کردووە، ئەم دونیا بینیەش هێشتا نەبۆتە دونیا بینییەکی خۆماڵی - نەتەوەیی/ ئێستا بەڕوونی هەندێک لەکادیرە ڕۆشنبیرییە فکرییەکانی نێو بزاڤی ئیسلامی سیاسی، بانەگشە بۆ نوێبوونەوەو بایەخدان بەپێگەی نەتەوە لەنێو ئاین دەدەن.

- دابەشبوونی ئیسلامییەکان بەسەر فکری توندوتیژیو میانڕەوی لە کوردستانی باشوردا.

بەڵێ ئەم گریمانەو پرسیارانەی، کە بوونەتە سیمایەکی بەرچاوی گوتاری ئیسلامی سیاسی لەم سەردەمدا، بەڕوونی لەنێو گوتاری لایەنە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستانیشدا دەرکەوتووە. ڕاستە لەبنەمادا، یاخود لەوابەستەبوون بەبنەما سەرەکییە نەگۆڕەکانی ئاین هاوبەشن، بەڵام لەشێوازی ڕاپەڕاندنو بەکردە کردنی بەرنامەکانیان جیاوازن، یان شێوازی جودا لەبەدیهێنانی ئامانجەکانیان پەیڕەو دەکەن، کە لەهەندێک بواردا دەگاتە ئاستی دژبوونی یەکتر، پێچەوانەو دونیابینی جیاوازیش.

کەسایەتییەکی وەکو (سوبحی داودی) سەر بەئیخوان دەربارەی دەرکەوتنی ئیخوانو ناکۆکییەکانیان لەسەرەتای دەرکەوتنی ڕێکخستنە ئیسلامییەکان دەڵێت: لەسەرەتادا شیوعیو بەعسیو نەتەوەیی هەبوون، ئێمە لەگەڵ گشتیاندا دوژمن بووین... دیارە لەوەشدا زۆرتر هەڵە لەئێمەوە بوو، ئێمە لەنێو چوارچێوەیەکدا دەژیاین، دەمانگوت ئەوە ئیمانەو هەرکەسێک لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیە بووایە دەمانگوت کوفرە. (ئیدریس سیوەیلی:٢٠٠٩،١٤). لەبارەی سەرەتای دەرکەوتنی ئیخوانو هاوپەیمانی پەنجاکان داودی دەڵێت: تاکو شۆڕشی ١٩٥٨ ململانێی ئێمەو بەعس زۆر توندبوو، شیوعییەت هاتو گۆڕەپانەکەی کۆنترۆڵ کرد، لە ١٩٥٩ دوو بەرە لەعێراق هەبوو، بەرەیەک لەشیوعیو پارتی نیشتیمانی دیموکراتو پارتی دیموکراتی کوردستانیشی تێدا بوو، بەرەکەی دیکە نەتەوەییەکانی عەرەبو بەعسییەکانو ئیخوانو موتەدەینییەکانی شیعە بوون. (هەمان سەرچاوە:٢٦).

(داودی) لەبارەی هەڵوێستی ئیخوان لەبارەی کورد باسی بەیانێک دەکات، کە لە ساڵی ١٩٦٢- ١٩٦٣ دەرچووە، ئەو کات ئیخوان بڵاوکراوەیەکی دەرکرد هێرشێکی بەهێزی تیابوو بەتایبەتی لەسەر (مەلا مستەفا)، تۆمەتباری دەکرد بەهەندێ شت، کە لەڕاستیدا وانەبوو، گوایە خەڵک سەردەبڕێتو لەشاخ فڕێیان دەداتە خوار، بەڵام ئەو بڵاوکراوەیەمان لە کەرکووک بڵاونەکردەوە، ڕۆیشتم بۆ بەغد لەوێ پێم گوتن ئەم بڵاوکراوەیە جائز نییە، دیارە، کە بڵاویان کردەوە هەرایەکی گەورەی نایەوە، ئێستاش بزوتنەوەی کوردی ئەوە بۆ ئێمە وەکو عەیبەیەک باس دەکات. (هەمان سەرچاوە:٢٩).

لەبارەی کوردیشەوە (داودی) ڕاشکاوانە دەڵێت: چۆن توانیمان بەرانبەر بەعس وابوو، کە ئەمانە کوفرن، زۆر کەس هەبوو دەیگوت بزوتنەوەی کوردی تەمەڕوودەو کوفرە نابێت پشتیگری بکەین، لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم هیچ کاتێک ئیخوان نەیتوانی کەناڵێک لەگەڵ بزوتنەوەی کوردی دروست بکات. نەک نەیتوانی بەلکو هەوڵیشی بۆنەدا. (هەمان سەرچاوە:٢٩).

(عەلی عەبولعەزیز) دەربارەی هەڵوێستیان لەشیوعییەکان دەڵێت: شیوعییەکان وەکو بڵێی لەقۆناغی موراهیقیدا بوون، هەندێکیان بەئاشکرا کوفریان دەکرد، کتێبی (الله فی قفص الاتهام)یان بڵاودەکردەوەو دەیان گوت پێغەمبەران هەموو درۆزنن‌و ئەمانەیان دەگوت، لەسەر ئەو بناغەیە ئەو فتوایە دەکرا موفتی ڕاستەقینە مامۆستا (مەلا ساڵح) بوو، ئەو فتوایەش بەئیمزای مامۆستا (مەلا ساڵح)و (مەلا عوسمان)و (مامۆستا شێخ ڕەسول)و (مامۆستا شێخ جەمیلی موفتی)و (مامۆستا مەلا عومەر) کە برا گەورەی ئێمە بوو دەرچوو، لەفتواکەدا هاتبوو، کە ئەو شیوعیانەی ئەو قسانە دەکەن ئەوە کوفرە. (هەمان سەرچاوە:١٦٥).

سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم، سەرەتای گەشەکردنی جموجۆڵی ڕابوونی ئیسلامیی‌و پێهەڵاچوونی ئاستی تێگەیشتنی زیاترو ئاڕاستەکردنی مەسەلەکان بەشێوەیەکی زانستییانەو بابەتیانەی ئیسلامییەکان بوو لە

کوردستاندا، لەهەمان کاتدا سەرەتای جموجوڵی زیاتری بانگەشەی بیری مارکسیزم بوو، کە لەهەوڵی پەڵکێشکردنی خەڵکی هەژارو نەدارو نەزان بوون بەنێوی گەیاندنیان بە بەهەشتی ئازادیی‌و یەکسانیی‌و پساندنی ئەو کۆت‌و زنجیرەی بەخەیاڵی بەتاکی خۆیان دین خستوویەتییە دەست‌و پێ‌و گەردنی جەڵکەوەو بەهەموو شێوەیەک دژایەتی دینیان دەکرد. (حەسەن ئەبوبەکر:٢٠١١،٢٢).

لەبارەی کوردیشەوە دەڵێت: ئێمە هەمیشە کارمان دەکرد، کە کەس کورد بەکوفرو ئیلحاد تۆمەتبار نەکات، هەروەها دینەکەش لەنێو کوردا راگیر کەین ناسنامەی ئیسلامیی کورد نەفەوتێنین. (ئیدریس سیوەیلی:٢٠٠٩،١٦٥). هەروەها (هیوا میرزا) لەبارەی هۆکارەکانی دەرکەوتنی کاری ئیسلامی لە کوردستاندا لەکۆتایی حەفتاکان‌و سەرەتای هەشتاکاندا دەڵێت : چەند شتێک کاریگەری لەسەر رابوون زۆر بوو، لەوانە هێرشی چەپ‌و مارکسییەکان، هەروەها شۆڕشی ئیسلامیی ئێران‌و جیهادی ئەفغان. هەمان سەرچاوە:٢٥٧).

بۆچی گوتاری ئیسلامی لەژێر هەژمونی گوتاری سیاسییە، باشترین وەڵام ئەو بۆچوونەیە، کە (کارک ئیرنیست) بیرمەند لەبارەی گوتاری ئاینی گوتەیەتی (بەزۆری گوتاری ئاینی، گوتارێکی سیاسییە، بەتایبەتیش لەچوارچێوەی ژیانی گشتیدا، دیارە مەبەستیش لەمە بڕواپێهێنانی خەڵکی دیکەو دامەزراندنی دەسەڵاتە، سەرباری گواستنەوەی زانیاری. (مشكلات الخطاب الديني https:// ar.wikipedia.org).

واتە لەم بۆچوونانە دەردەکەوێت، کە فکری ئیسلامی سیاسی، وابەستەی سیاقی ژیانی رۆژانەیە بەهەموو رەهەندەکانییەوەو لەم روانگەیەشەوە ئیخوانی عێراقی دەرکەوتووە، ئیخوانی کوردیش، کە بەبرایانی موسلمان نێودەبرێن، وابەستەبوونە بەبنەما سەرەکییە فکرییەکانی ئیخوان موسلمینی عەرەبی عێراقی‌و لەژێر کاریگەری ژیانی رۆژانەی ئەو سەردەمدا هەڵسوکەوتیان کردووە. ئەوان دژی کۆمۆنیستەکان رشت بوونە، دژی

بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بوون، هەرچەندە کوردەکانی نێو ئەم بزاڤە ئیسلامییە دوای پتر لەنیو سەدە دەیانەوێت نیشانی بدەن، کە ئەوان لەگەڵ ئەو بۆچوونانە هەڵیان نەکردووە، بەڵام ئەو کات بەتەنیا دیڕێکیش ئەو هەڵوێستەیان تۆمار نەکردووە، بەڵام دوای راپەڕین بارودۆخەکە دەگۆڕێتو ئیخوانی کوردستان جیا دەبنەوەو حزبی خۆیان بەنێوی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان رادەگەیەنن، هەرچەندە بەفەرمی خۆیان بەخودانی ئیجازەی فەرمی ئیخوانی جیهانی دەناسێنن، بەڵام ئەوانیش هێشتا دوای ئەو هەموو ناکۆکیو جیاوازییو گۆڕانکاریانەی روویانداوە، نەیانتوانیوە خۆیان بەیەکجاری لەسەرچاوە فکرییەکەیان، کە ئیخوانی جیهانییە جیابکەنەوە.

ئەی ئیخوان چییە؟

ئیخوان؛ کە سەرچاوە دیانەمۆی دەرکەوتنی فکری ئیسلامی سیاسییە لە کوردستانی باشووردا، ئێمە پێناسەی ئیخوان ناکەینەوە، کە لەمیسر چۆنو بەچ ئامانجێک هاتە ئاراوە، تەنیا ئاماژە بەهەندێک بۆچوون لای بەشێک لەبەرپرسە سیاسییەکانی نێو بزاڤی ئیسلامی کوردی دەکەینو دەمانەوێت بزانی لای ئەوان چی دەگەیەنێت؟

(سەدیق عەبدولعەزیز): کاروانی ئیخوان بەراشکاوی دەڵێم بەتەنها بریتییە لەبانگەوازی رووت، بەداخەوە نەک ئیخوان زۆربەی کۆمەڵو رێکخراوە ئیسلامییەکان زمانی سەردەمیان پێ نییە، ناسنامەیان دیار نییە، هیواو ئاواتی خۆیان بەتێکەڵاوی لەگەڵ ئەو گەلەدا نیشان نادەن، دیارە لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامدا، واتە هێزێک نین پڕۆژەیەکی سیاسییو سەربازیو کارگێڕیان پێبێتو جێگەی متمانەی خەڵکانی تر بن، شتی ئیقناعیان پێ نییە، هەموو شتەکانیان بریتییە لە(الموعظە الحسنە).(ئیدریس سیوەیلی:٤٦،٢٠٠٩).

(باوە موراد): ئیخوان راستە لەکاری سیاسیدا قەتعەن موەفەق نییە، ئەگەر نەڵێم فاشلن، ئەو رای خۆمەو خۆشم بەری ناکەم... بەڵام لەکاری بانگەوازیو

رۆشنبیریو ئاراستەکردنی جەماوەردا بەراستی رێکخستنێکن هیچ لایەنێکی تریان ناگاتێ، توانایان زۆر زۆرە. (هەمان سەرچاوە:١٥٤).

هەروەها ئەزموونی زۆر ولات ئەوەی نیشان داوە، کە تەوژمی ئیسلامیی بەگشتییو لەوانەش ئیخوان کێشەی سەرکردایەتیی سیاسیان هەیە، ئەو مامۆستا بەرێزانەیش، کە سەرکردایەتی مێژوویی ئیخوانیان بەدەست بوو، وەک (مامۆستا مەلا عوسمان)و (مامۆستا عەومەر ریشاوی) لەبەر زۆر هۆ نەیاندەتوانی وەک پێویست سەرکردایەتی دامەزراندنو دروستکردنی کارێکی لەوجۆرە بکەن. (هەمان سەرچاوە:١٥٩).

(حەسەن بابەکر): برایانی موسڵمان لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە کوردستاندا هەوڵی ئەوەیان دەدا، کە سەربەرێک بۆ خۆیان دروست بکەنەوەو رێکخستنەکانیان دابمەزرێنەوەو گەشەی پێبدەن، کە زیاتر لەهەڵەبجەو دەوروبەری هەستی پێدەکرا. لەساڵی ١٩٨٠ گرفتو ناکۆکی بەزەقی کەوتە نێوانیانەوە، لەلایەکەوە (مامۆستا سەلاحەدین موحەمەد بەهائەدین)و ئەوانەی لەگەڵی دابوون رایانگەیاند، کە سەر بەمەکتەبی ئیرشادنو بەشێکن لە(اخوان) ی جیهانیو خۆیان بەنوێنەری(اخوان) دەزانی لە کوردستاندا، لەلایەکی دیکەشەوە (مامۆستا سەدیق عەبدولعەزیز)و چەند کەسێکی دیکە بەجیا بەنێوی (اخوان)ەوە لەکاردا بوون. (حەسەن ئەبوبەکر:٤٩،٢٠١١).

(حەسەن شەمێرانی): لەودیوو، دوو باڵ دروست بوو، هەڵبەتە هاتیشینەوە هەوڵ هەبوو بۆ ئەوی یەکبگرین، بەڵام ئەوان رێکنەکەوتن، ئینجا (مامۆستا سەدیق) بەو بیرۆکەیەوە گەرایەوە، ئینجا گوتمان دوو ئیخوان نابێتو (مامۆستا سەدیق)یش گوتی ئەگەر مەسەلە رەسمیەتە ئەوە رەسمیەت پەیدادەکەمو هەوڵدەدەم، هەولیدا نەگەیشتە ئەنجامێکی رەسمی، ئینجا گوتیان با دوو ئیخوان هەبێت، ئێوە خەتی یەکو ئێمەش خەتی دوو، گوتمان دوو رێکخستن لەیەک شوێندا نابێت، دەبێت یەک بێت، دوواجار نامەیەک لەوێوە هات، نامەیەک (دکتۆر عەلی) هێنای کەوا دەبێت ببین بەیەکو (ئەبو پەیمان)

بەرپرسە، کە ئەمە هات ئەوان گوتیان مادام وایە ئێمە لەئیخوان دەدەرچین، کۆبوونەوەی خۆیان کردو کۆنفرانسیان بەستو خۆیان نێونا راپەڕینو جیابوونەوە. (ئیدریس سیوەیلی:٢٠٠٩،٢٥٣).

دەربارەی بزاڤە ئیسلامییەکانی دیکە:

(ئەحمەد کاکە مەحموود): لەدواییدا کۆمەڵێ خەڵک ئاڵان بەبزووتنەوە بەڕاستی بەگوێی مامۆستاکانیان نەدەکرد، بەگوێی سەرکردایەتیان نەدەکرد، پێیان وابوو هاوکاری لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان کوفرە، نابێت لەگەڵ ئەمانە هاوکار بین، نابێت لەوەزرەتیاندا بین، نابێت لەگەڵ (مام جەلال)دا دابنیشین ، جارێک (عەلی باپیر) بەزمێکی نابۆوە لەگەڵ (مام جەلال)دا لەو دیو، (مامۆستا عوسمان) نامەیەکی نووسیبوو بۆ (مام جەلال) نووسیبووی برای بەرێز جەنابی (مام جەلال) (وفقک اللە)، لەسەر ئەم (وفقک اللە) لێیان کرد بەهەرا، گوتیان تۆ چۆن بەو کابرایە عەلمانییە دەڵێیت (وقفک اللە). (هەمان سەرچاوە:٢٠٣).

ئەگەر بەڕاستی بتەوێت ببێت، دەبێت هەموو شتێکی خۆی جیاواز بێت، دەبێت پەرلەمانی خۆی جیابێت، دەبێت وەزارەتی خۆی جیابێت، ئەنجوومەنی جیا بێت، نابێت لەژێر فشاری هیج کەسێکدا بمێنێتەوە، دروست نییە شتی خۆت تێکەڵی هیچ کەسێک بکەیت. (هەمان سەرچاوە:١٩٦).

(عەلی باپیر): دەربارەی دەرکەوتنی زەمینەی دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی نووسیوەیەتی: موسڵمانان، کە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵ، بەهاندەری خواڕازی کردنو بوژاندنەوەی ئیسلامو رزگاکردنی خەڵکی چەوساوەو بێ شوانو، لەژێر تەئسیری کوفرو ستەمو چەوساندنەوە خراپەکاری رژێمی بەعسی کافرداو، لەکاردانەوە (رد فعل) شەپۆلی دژی ئایینیو دژی ئەخلاقی خۆبەدەمڕاست زانو خۆبەشۆڕشگێرو خەمخۆرانی نێو کوردستاندا، کۆبوونەوەو وەخۆکەوتن بۆ دروستکردنی کۆمەڵو بزووتنەوەیەکی ئیسلامی، کە سەرەتا نێوی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی

بوو... دواتریش بەهۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆرو موسلمانان بەشداری کردنیان لەو پرۆژە جیهادیەدا، قەبارەیەکی گەورەتر بوو جوغزی فراوانتر بوو، پاش چەند دانیشتنو کۆبوونەوەیەکی بەپەلەو سەرپێیی هەندێک گۆڕانکاری رواڵەتیو سادە بەسەر پڕۆژەی نێوبراودا هاتنو سەرەنجام نێوەکەشی گۆڕا بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا. (ئیدریس سیوەیلی:٢٠٠٩، ١٧٥).

(عەبدولستار مەجید): گوتمان ئەگەر ئەو سەرکردانەی سەرکرایەتی ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەکەن، کە کاری جیهادیان راگەیاندووەو چوونەتە دەرەوە، ئەگەر بەرنامەیان پێبێتو سەربەخۆیی خۆیان هەبێتو بتوانن سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی جیهادی بکەن، ئەوا ئێمەش ئەو کۆمەڵە گەنجە لە هەولێرو دەوروبەری تەنانەت لەسلێمانیو دهۆکو موسل هەبووین پەیوەندییان پێوە دەکەین بۆ ئەوەی ئەو بزووتنەوە جیهادییە بەهێز بکرێت. (هەمان سەرچاوە: ٢٧٤).

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٨٩ هەردوو باڵی (سەلاحەدین بەهائەدین)و (مامۆستا سەدیق) لە ئێران یەکیان گرتەوەو ئەو کات زۆربەی ئەندامەکان لەباڵی (سەلاحەدین بەهائەدین) دەرچوون، ئەمەش وەزعەکەی سارد کردەوە، تاکو لە ١٩٩٢/١١/١١ (مامۆستا سەدیق) بزووتنەوەیەکی ئیسلامیان بەنێوی (بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی) راگەیاند. (حەسەن بابەکر:٢٠١١،٥١).

فرە میحوەری دەرگای بۆ چەندین شێوازی بیرکردنەوەو هاتنە نێوەوەی بیری نوێ والاکرد، لەو قۆناغەدا بیری جیهادیو چەکداری لەنێو رەوتی ئیسلامیی بەتەواوی چەکەرەی کرد. (ئیدریس سیوەیلی:٢٠٠٩،٩١، رەوتی ئیسلامی لەباشووری ئیسلامی لەباشوری کوردستاند ١٩٤٦-١٩٩١، چاپی دووەم،).

لەسەرەتای راگەیاندنییەوە بزووتنەوەی ئیسلامی بانگەشەی خەباتی چەکداریو جیهادی کردووە، هەر ئەوکاتیش (سەلاحەدین بەهائەدین)

سەردانی ئیماراتی عەرەبی دەکاتو نامەیەکی (د.نەعمان عەبدولرەزاق سامەرائی) دەهێنێت بۆ رابەری گشتی بزوتنەوە، نێوبراو لەنامەکەدا داوای لە(شێخ عوسمان عەبدولعەزیز) کردووە دەستبەرداری کاری چەکداری بن. (ئیدریس سیوەیلی: ٢٠٠٩،٢٠٣).

واتە ئێستا هەندێک لەهۆکارو شێوازو جیاوازیىو پاشکۆیەتیو ململانێ لەپێناو دروستکردنی کیانێکی حزبی خۆماڵیو ناکۆکی لەنێوان جیهادو میانڕەویی بەڕوونی دەرکەوێت. باڵی ئیخوان، کە ئێستا یەکگرتوو هەڵگری نامە فەرمییەکەیەتی، درێژە پێدەری هەمان فکرو ئامانجە. ئەوانی دیکەش لەسەر هەمان شێوازو فکری جیهادی خۆیان بەردەوامن، بەڵام لەکۆتایدا خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسی ئیسلامین لە کوردستاندا.

### ٥-٢ چەمکەکان:

بۆ ئەم توێژینەوە ژمارەیەک چەمکی کردە قسەیی هەڵدەبژێرین، کە پەیوەندی بەنێوەڕۆکی گوتاری هەر یەکێک لەم دوو کارەکتەرە ئیسلامییە لە هەرێمی کوردستان هەیە. بۆیە ئەم چەمکانەشمان هەڵبژارد، تاکو لەلایەک لایەنە هاوبەشەکانیان دیار بکەینو بەراوردێکی بابەتی هەردوو گوتارەکە دوور لەلێکدانەوەی سیاسی بکەین، لەتەک دیارکردنی رێژەی بایەخی هەر یەکێکیان بۆ ئەم چەمکانەی، کە پانتاییەکی فراوانی لەنێو گوتاری ئیسلامی سیاسی لەکوردستان داگیر کردووە. ئینجا جیاوازییەکانیان دیاربخەین.

هەڵبژاردنی چەمکەکان پەیوەندی رەچاوکردنی میانڕەوییو توندڕەویی، یان هاوچەرخبوونو پابەستبوون بەدەقی باڵاو کلاسیکبوونەوە هەیە.

لەهەمووشیان گرینگتر بایەخدانی ئێمە بەدیارکردنی خۆماڵیی بوونو پاشکۆبوونە لەنێو گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا. سەرباری ئەوەش هەڵبژاردنی هەریەکە لە(محەمەد فەرەج) لەیەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەکو میانڕەوێکی ئیخوان، لەهەمان کاتیشدا (عەلی

باپر) لەکۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، کە پێداگری لەئیسلامییەکی توند، یان پێچەوانەی عەلمانییەکانو پابەستبوون بە (قورئانو سوننەت) دەکات.

لایەنێکی دیکە، کە گرینگە ئاماژەی پێبکەین، ئەویش کاتێک باسی بۆ نموونە (متمانە)، یان هەر چەمکێکی دیکە دەکەین، رەنگەی لەنێو گوتنەکەدا مەبەستی (بێ متمانەیی، یان نەبوونی متمانە، یان خراپبوونی پەیوەندی نێوان لایەنەکان بێت)، کە هەندێکجار راستەوخۆ واتا سەرەکییەکە دەردەکەوێتو هەندێکجاریش ناڕاستەوخۆ. واتە مەرج نییە ئێمە تەنیا لایەنی ئەرێنی چەمکەکانمان وەرگرتبێت، نەخێر ئێمە نێوەڕۆکو ئامانجو مەبەستی گوتنەکانمان لەنێو گوتارەکە وەرگرتووە، تاکو پێوەرو ئاستو هێزو توانای گوتنەکە لەنێو چەمەکەکان دیاربکرێن.

ئێمە تەنیا لەڕوانگەی شیکردنەوەی پراگماتیکی مامەڵەمان لەگەڵ دەقەکانو چەمکەکانو خاوەنی گوتارەکان کردووە، کە ئەمەش پەیوەستە بەرێبازی توێژینەوەکەو گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی ئەو پرسو ئەگەرو گرفتانەی لەنێو خودی گوتارەکەدا بەرجەستە دەبن.

ئاین/ ناوهێنانی (خوا، پێغەمبەرو قورئانو سونەتو ئایەتو فەرموودە) دەگرێتەوە:

محەمەد فەرج گوتانەکان لە کتێبی (وێستگەو هەڵوێست:٢٠١٥) وەرگیراوە// (قورئاینیش لەم بارەوە ئاماژە دەکات.. ل ١١٥). (بەویستی خوا، ل ١١٦). (ئەوە فەرمودەیە ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە بۆ براکەشت پێت خۆش بێت، ل ١٢١). (مرۆڤ ئەگەر ئەگەر دەستی لێبەربدەی حەز دەکات هەر خۆی بێت، هەندێک جار ئەگەر دەستی لێ بەر بدەی دەڵێت خواش نییە!، ل ٤٥). (پشت بەخودا بەنیازین ئەو یارمەتیانە زیاتر بکەین،ل ٥٦).(. بەڕاستی دوای فەزڵی خودا توانای خۆیان،ل٦٢).

نزیکەی بیست جار ناوی ئیسلامو بەرەی ئیسلامیو کاری ئیسلامیو ژنی ئیسلامی هێناوە.

عەلی باپیر/// (هەموو ئەو مافو ئازادییانەی، کە شەریعەتی ئیسلامو ڕێکخراوە نێوەدەوڵەتییەکان ڕەوایان بینیوە، ڕۆژنامەی ئەلسەباح). (وەحدانیەتیش تەنیا بۆ خوا باشە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (مام جەلال خوا شیفای بدات، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤).. سورەتی (الحجرات) و سورەتی دیکەی بە نموونە هێناوەتەوە. (خوای گەورە نموونەی بەئاو دەهێنێتەوە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (بەئیمان چارەسەر دەبێت، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (چەند بابەتێکی هونەری لەبەر ڕۆشنایی قورئانو سوننەتدا، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (ڕەحمەتی خوای لێبێت، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (تەنیا قورئانو سوننەت بەڵگەن، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤).

پتر لە(پانزدە)جار ناوی ئیسلامو ئیسلامیو کاری ئیسلامی بەکارهێناوە.

شیکاری چەمکی ئاینی لای باپیرو فەرەج

دەکرێت لەشیکردنەوەی پراگماتیکی کردە قسەیی چەمکی ئاین لای ئەم دوو کارەکتەرە ئیسلامییە سیاسییە، ئەم خاڵانەی خوارەوە بەدی بکرێن:

**یەکەم**/ (عەلی باپیر) پێداگرییەکی زۆر لەسەر مەسەلەی پابەندبوون بەبنەماکانی قورئانو سونەتو هەروەها وابەستەبوون بەشەریعەت دەکات، کە ئەمەش چەند گریمانەیەک، یان چەند کردە قسەی بەکردەوەی بەدیهێنانی گوتارمان بۆ دەردەخات:

١. گومان لەدەسەڵاتو پێگەی دەسەڵاتداری ئیسلامی سیاسی دەکرێت، کە وەکو پێویست نەیتوانیوە بنەماکانی دەسەڵات بەدیهێنێت.
٢. دەسەڵاتی ئیسلامی بەهێزەو دەبێت وەکو دەسەڵاتێک ڕەها سەیر بکرێتو پابەست بن پێیەوە.
٣. گوتارێکی نیمچە توندی پابەستە بەدەقی باڵاو دەسەڵاتی ڕەها پەیڕەو دەکات، ناتوانێت نوێخوازی لەفکری ئاینی پیادە بکات، ئەو کرانەوەی

فکری بۆ لێدانی عەلمانییەکان بەکاردەهێنێت، نەک دارشتنەوەی قەناعەتی ئیسلامی هاوچەرخ.

٤. هێزی ئاین، بۆ نیشاندانی هێزی سیاسی خۆی بەکاردەهێنێت.

٥. ئەو ئیسلام وەکو سەرچاوەی بێ هاوتا لەژیانی رۆژانەی کۆمەڵگە دادەنێت، بۆیەشە (ئیمان دەکاتە سەرچاوەی چارەسەریی کێشەکان).

واتە لەمجۆرە گوتارەدا کۆمەڵگە وابەستەی دەقە نەگۆڕەکانو دقە پیرۆزەکان دەکرێت، ئەمەش وادەکات مرۆڤ بواری گفتوگۆی لەبەردەم کەمتر بێتەوە. بۆیەشە لەمجۆرە گوتارەدا بەکارهێنانی ئایەتو فەرموودەو ناوی خوا، نموونەی حوکمە، نموونەی بڕیارە لەچوارچێوەی ئامۆژگاریو وریاکردنەوە دەردەچێت. تەنیا (باپیر) لەنموونەکانیدا دەیەوێت کردەی بەدیهێنانی دەوڵەت، لەچوارچێوەی دەقی ئاینیدا بەرجەستە بکات، واتە ئەو ناتوانێت لەسنوری ئاینو وابەستە بەو پەیامو مەبەستو ئامانجە ئاینییەی هەیەتی دەربچێت.

ئەمجۆرە گوتارە پێشرگیمانەی ئەوەمان لادروست دەکات، کە زەمینەی فرەیی و پێکەوە بوونی جیاوازییەکان (ئاینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری)، یان (ئابوری و دابەونەریت)بن، دەرفەتی پێکەوەژیانو گونجانیان لەبەردەمدا زۆر بەرتەسک دەکرێتەوە. وتای ئەم تێگەیشتنەش ئەوەی کەهاوسەنگی تێکدەچێت.

**دووەم**/ (محەمەد فەرج) بەپێی شیکردنەوەکانی ئێمە لەجیاتی شەریعەت، شەرعیەت بەکاردەهێنێت، هەروەها هیچ دەقێکی باڵا واتە ئایەتو فەرموودەی بەبەڵگە لەنێو گوتارەکەیدا بەکارنەهێناوە. (فەرج) بەرەو کرانەوەی ئاینی هەنگاو گوتارەکەی تاو دەدات، راستە لەکۆتایدا ئاین وەکو سەرچاوەی فکری ئەو کاری پێدەکرێت، بەڵام ئاینی لەپانتایی فرەییو هێزی لەیەکترگەیشتنو کردەی کرانەوە بەکارهێنراوە، مرۆڤ وابەستە ناکرێت بەدەقێکی دیارکراو، بەپێچەوانە چەمکی ئازادیو دیموکراسیو ئاشتی، کە چەمکەکانی بوژانەوەی ئەوروپان لەگوتارەکەی (فەرەج)دا بەرجەستە کراون.

ئەم ئاڕاستەیە لەشیکردنەوەی گوتاری سیاسی ئیسلامیدا، لەچوارچێوەی شیکردنەوەی کردەی قسەییدا، چەند وێناکردنێکی جیاوازمان بۆ دەردەخات، وەکو:

١. ئاین وەکو چەمکێکی کراوەی هاوچەرخ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.
٢. دەسەڵاتی ئاینی، دەسەڵاتێکی رەها نییە، بەڵکو تێکەڵی چەمکی عەلمانیو هاوچەرخ دەکرێت.
٣. لەهێزێکی دەروونی راڕادا، چەمکی ئاینو چەمکە مۆدێرنەکانی سەردەمەکە تێکەڵ دەکات، تەنیا لەزۆر بواردا باسی دەسەڵات وەکو سیسەتەمێکی سەردەمیانەی دوور لەهەژمونی ئاین دەکات، لەکاتێکدا ناڕاستەوخۆو بەشێوەیەکی شاراوە ئیسلامگەرایی مینارەوی ئیخوانی وەکو بنەما بۆ بیرکردنەوەو کارکردنو سیاسەتی حزبەکەی دیاردەخات.
٤. هەژمونی کراوەنەوەی ئاینی، هەژمونی گۆڕانکارییە فکرییەکان بەناڕاسەتەوخۆیی بەسەر گوتاری ئاینیدا دیارە، هەرچەندە ئەو نوێبوونەوانەی دەبینرێت، نوێبوونەوەی زاراوەسازین، نەک کردەی وەبەرهێنانی فکری نوێ.

چاکسازی/ ئەم بوارە چاکسازی فکرییو کاری ئیسلامیو رێبازی بیرکردنەوەو هەڵوێستو هەروەها چاکسازی لەنێو کۆمەڵگەش وەکو پرۆسەیەکی سیاسیو ئابووری دەگرێتەوە:

محەمەد فەرج//// (باسی چاکسازی بکەم..ل١٠١). (تەنها چاکسازی بکەین، دەتوانی چاکسازی بکات،ل ١٠٦). (رێژەی خوێندەوار لەنێو یەکگرتووی ئیسلامی لەکوردستاندا ٪٩٥ زیاترە، رێژەی ژن و پیاو لەنێو رێکخستنەکانماندا خەریکە دەبێت بە پەنجا بەپەنجا، ئەمە شتێکی گەورەیەو دەتوانێت چاکسازی بکاتو بەشێک بێت لەفریادرەس. ل ١١٥). (داوا دەکەن لەلایەنکان باپێکەوە چاکسازی بکەین،ل٣٣). (دەبێت قەناعەت بۆ خۆتو جەماوەرەکەتو جەماوەری دەسەڵاتیش دروست بکەیت، کە ئەم چاکسازییە زەرورەتە،ل٣٤).

(ئەمەش نیەتی دەسەڵات دەردەخات، کە ئایا چاکسازی بکات، یان نا؟ ل٤٠). (ئەم بەرەیە سەرکەوتوو بوو لەوەدا گەورەترین لایەن لەعێراقدا پڕۆژەیەکی چاکسازی بخەنە روو، ئەوانیش ئیقراریان کرد... ل٤٩). (ئێمە دەتوانین ئەم چاکسازییە ببەینە قۆناغێکی بەهێزتر. ل ٣٦).

عەلی باپیر//// هیچ شتێکی باس نەکردووە.

بەپێی پشکنینی ئەو گوتارەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوەو شیکردنەوەی لەبارە ئەنجام دراوە، (عەلی باپیر) باسی چاکسازی نەکردووەو (محەمەد فەرەج)یش لەچەند شوێنێکدا چاکسازی وەکو چەمکێکی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسی بەکارهێناوە، واتە ئەم چەمکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی وەکو چەمکێکی نائاینی بۆ (ورژاندن، هاندان، ئامۆژگاری، چارەسەری قەیرانی ئیداریو سیاسی) بەکارهێنراوە.

لەکاتێکدا ئیسلامییەکان چەمکی چاکسازی لەبواری ئاینی وەکو فکرێکو ئیجتهاد بۆ پێداچوونەوە بەهەندێک بواری ئاینو گونجانی دەق لەگەڵ گۆڕنکاریی سەردەمەکەو کۆمەڵگە، دەسەڵاتی ئاینیو سیاسەتو دەوڵەتداری بەکاردەهێنن.

کەواتە کردەی چاکسازی لای ئەم کارەکتەرە ئیسلامییە، وەکو چەمکێک بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی دەسەڵات ریسوا بکرێت، دەسەڵات وریابکرێتەوە، ئامۆژگاری خەڵک و جەماوەر بکرێت، کە چاکسازی بەرنامەی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامییە وەکو ئۆپۆزسیۆن. هەروەها جۆرێک لەبەهێز خۆنیشاندانیشی تیدایە، چونکە، کە باسی چاکسازی سیاسی دەکرێت، واتا رەخنەگرتنو نارەزایەتی دەربرین دژی دەسەڵاتو حوکمڕانەکانی کوردستان. هەر بزاڤێک، کە باسی چاکسازییو گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەو دامودەزگاکان دەکات، مەبەستی دوو شتە:

**یەکەمیان**/ نیشانی دەدات کەخاوەنی ئیرادەو هێزو متمانەیەو دەتوانێت (هەڕەشە بکات، حوکم بدات).

**دووەم**/ وێناکردنێکی نەرێنیو خراپە بۆ دەسەڵات، لەم روانگەیەشەوە (ورياكردنەوەی دەسەڵات و جەماوەری تێدایە، هاندانە، هەڕەشەیە...).

گەندەڵی/ یەکێکە لەدیاردە باوەکانی ئەم سەردەم، گەندەڵی هەر بەتەنیا کێشەی هەرێمی کوردستان نییە، بەلکو وەکو کێشەیەکی جیهانی دەرکەوتووە. خاوەنی ئەم دوو گوتارەش بەشێوەیەکی بەرچاو، وەکو رەخنەو لاوازنیشاندانی پێگەو دەسەڵاتو پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم چەمکەیان بەکاردەهێناوە. بەتایبەتیش ، کە زمانی ئۆپۆزسیۆن باڵادەست دەبێت.

محەمەد فەرج//// (دژایەتی گەندەڵی بکەم، کە خۆم نەیکەم،ل١٠١). (کە هیچ جۆرە گەندەڵییەک نەهێلین،ل ١٠٦). (عێراق بەگشتی لەدواوە پێنجەم وڵاتە لەگەندەڵیدا،ل ٣٦). (لێرەش زۆرو لەبەرچاوە، واتە ئەوەندە بەرچاوە بەجۆرێک لەئاستی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتدا لیژنەی بۆ دروست کراوە. داواین لەکۆمپانیاکان کردووە کەبێن چارەسەری ئەم دیاردەیە بکەن لەم وڵاتەدا. دیارە دیاردەیەکی ترسناکە، ئەگەر چارەسەر نەکرێت ئەوا دەسەڵات دەخوات بەجۆرێک، کە هیچ متمانیەک لەنێوان خەڵکو دەسەڵاتدا ناهێلێت هەروەها حیکمەتێکیش بۆ مانەوەی حکومەت ناهێلێت، ل ٣٧). (بەداخەوە ئێستاش خەفەتی پێدەخۆین، کەس نازانێت ئەو پارەیە بۆ کوێ دەچێت! خۆ ئەو نەوتەی دەچێتە دەرەوە کەم نییە. ل ٣٧). (هەر ئەمەش وای کرد ئەو نەوتە دەربەکەوێتو بفرۆشرێت، بەڵام نەمانزانی دەفرۆشرێتو پارەکەشی دیار نابێت، ل ٣٧). (خەڵک دەڵێت من نازانم پارەی نەوت لەکوێیەو چی لێدەکرێت؟ مانای وایە ئەوەشی، کە ماوە لەنەوت دەربێت هەر کەس نازانێت چی لێدێت، ل ٤٨).(ئێمە بۆیە ئەم شەڕی گەندەڵییە دەکەین بۆ ئەوەی قوتی خەڵک زیانی لێنەکەوێتو ترس نەهێلێت لەناخی خەڵکدا، نەک خۆمان ببین بە بەشێک لەوە.ل ٥٣).

عەلی باپیر//// ئەو هەڵبژاردنانەی تاکو ئێستا کراون ساختەکاریو فڕوفێڵی زۆریان تێدا کراوە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (جگە لەتەزویرو نا

هوشیاریش هەیە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (کێشەو گەندەڵیو ناڕەزایی زۆری خەڵک هەیە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (قۆرخکاریو گەندەڵی، حساب بۆ خەڵک نەکردنو دەمارگیریی حیزبی، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی ٢٠١٣/٤).

ئەم چەمکە دیسان بەشێکی زۆری بەر یەکگرتووی ئیسلامی دەکەوێت، چونکە ئەم حزبە ئیسلامییە پتر بەلای سیستەمی حوکمڕانی دایە، وەکو حزبێکی مۆدێرنی ئیسلامی سیاسی هەڵسوکەت دەکات، بۆیەشە پێی ئاساییە چەمکی گەندەڵی وەکو بەشێک لەگوتاری (رەخنەو هاندانو ئامۆژگاریو وریاکردنەوەو وروژاندنو هەواڵدان) بەکاربهێنێت. گەندەڵی دروشمێکی ئاینی نییە، بەڵکو دروسمێکی سیاسی رۆژانەیە، لەپێناو داکۆکی لەخەڵک بەکاری دەهێنن. کەواتە ئەم گوتارە گوتارێکی ئاساییە، پەیوەندی بەئاینو بنەما ئاینییەکان نییە، هیچ پێوەرێکی ئاینی بۆ چارەسەری قەیرانی گەندەڵی پێشکەش ناکاتو باس ناکات. زمانی سایکۆلۆجی خاوەن گوتارەکە ئەوەیە، هەستو سۆزی خەڵک لەرێگەی بەکارهێنانی نەهێشتنی ترسو نەهێشتنی دەستەبەسەرداگرتنی قوتی خەڵک بورژوێنێت.

لەهەمان کاتدا (عەلی باپیر)یش بەپێوانەیەکی سیاسیو لەپێناو خستنەڕووی ناڕەزایەتی خەڵکو خراپەکاری لەتەزویری هەڵبژاردنو قۆرخکاری حزبایەتی لەمەسەلەکان دەڕوانێت. ئەویش هیچ پێوەرێکی ئیسلامی، یان ئاینی بۆ چارەسەری گەندەڵی نییە، بەڵکو ئەو قوڵتر باسی کردووە، کە تەزویرو حزبایەتی بوونەتە مەترسیو ئەم مەترسییەش بۆ خەڵک باش نییە. واتا هەردوو کارەکتەری ئیسلامی لەم بوارەدا خاوەنی گوتارێکی سیاسی دوور لەچەمکە ئاینییەکەن، ئەوان دەیانەوێت گەندەڵی وەکو کارتێکی سیاسی، بەمەبەستی هەڵبژاردنو وروژاندنی هەستو نەستی خەڵک لەڕووی دەروونییەوە بەکاربهێنن، بەمجۆرە:

١. هاندانو وریاکردنەوەی خەڵک بەکاربهێنن بەمەبەستی کۆکردنەوەی دەنگ،

بێگومان مەبەستیان ئەو خەڵکەیە، کە لایەنگرو نزیکی خۆیانن لەڕووی سیاسیو بیرکردنەوەی ئاینی، مەبەستمان ئەوەیە ئەو جەماوەری بەسەر فکرەی (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان)و (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) دابەشبوون.

٢. دەیانەێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ حوکمێک لەدژی دەسەلات بدەن، کە ئەوان بەرپرسو تاوانبارن لەگەندەڵیدا.

٣. ناڕاستەوخۆ باسی (پارتیو یەکێتی) دەکەنو تاوانباریان دەکەن. لەکاتێکدا ئیسلام دەبێت هەق بێژێکی راستەوخۆی سەر ڕاست بێت، نەک بەپەناو پێچ قسە بکات.

بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی دەردەکەوێت هەردوو کارەکتەری ئیسلامی، گوتارەکەیان سیاسییە، وروژاندنە، بەکارهێنانی دروشمی بەرژەوەندی خەڵکە لەپێناو باسکردنی دەسەلاتو کەموکورتییەکانی، زمانی ورژاندنو هاندان دژی ئاڕاستەیەک بەکاردەهێنن، هەروەها هیچ پێوەرێکی ئاینیان بۆ چارەسەرو باسکردنی گەندەڵی نییە.

ئەمەش نابێتە هێز بۆ خاوەن گوتارەکە، هەروەها نابێتە هێزیش بۆ ئەوەی نیشانی بدەن، کە خاوەنی گوتارێکی هاوچەرخی ئیسلامین، بەڵکو ئەمە دەرخەری بارێکی دەروونی رەخنەگرانەیە، لەپێناو فراوانکردنی پێگەی جەماوەری حزبەکانیان، هەروەها دەرخەری (ئیمان) نییە، بۆ چارەسەری کێشەیەکی مەترسیداری وەکو گەندەڵی.


لای (عەلی باپیر) ئەم چەند دەستەواژە بەیەکەوە بەستراون (قۆرخکاریو گەندەڵی، حساب بۆ خەڵک نەکردنو دەمارگیریی حیزبی)، کە هەر هەموویان دوورن لەچەمکی (ئیمان) وەکو ئاینو پابەستبوون بە دەقی بالای قورئانو بنەماکانی ئیسلام. چەمکو دەستەواژەکان، زاراوەی سەردەمیانەی سیاسین، بۆیەشە گوتاری ئیسلامی سیاسی، ئەگەر لەکۆمەڵگەو سەردمەکە دابڕانێکو پچڕانێک چ وەکو زمانو زاراوە، چ وەکو چەمکو فکرو ئاڕاستەی سیاسی

دروست نەکات، ئەوە گەشە ناکات، هەروەها لەهەمان کاتدا پابەستی دەقە باڵاکانیش نەب، کورد گوتەنی لەهەردوو دینان دەبن. ناتوان نەگوتاری ئیسلامی سیاسی لە خۆیان داببڕن، نەدەشتوانن ئیسلامییەکی ئاینی وابەستە بەدەقە باڵاکان بن.


(محەمەد فەرج)یش باسی نەوتو دزیو نەمانی پارە دەکات، باسی لاواز بوونی ئیمانو سزای ئاخیرەت لەبەرانبەر دزیو گەندەڵکاری ناکات بەلکو دەڵێت: (ئێمە بۆیە ئەم شەڕی گەندەڵییە دەکەین بۆ ئەوەی قوتی خەڵک زیانی لێنەکەوێتو ترس نەهێڵێت لەناخی خەڵکدا، نەک خۆمان ببین بە بەشێک لەوە). واتە مەسەلەکە بەشێوەیەکی ڕەها سیاسییە، نەک ئاینی، مەسەلەکە پەیوەستە بەهەڵسوکەوتی ڕۆژانەو ئیدارەو هاندانی خەڵک بۆ ئەوەی ترسیان نەبێتو ئازا بن، بۆ ترسیان نەبێت؟، ئایا بەنیازی ڕووبەڕووبوونەوەن، بەنیازی هاندانی خەڵکن، تاکو نەترسن، یان ترسەکەیان لەوەیە خەڵکێک دروست بکەن دژی گەندەڵکاران؟. لێرەدا گوتاری یەکگرتووی ئیسلامی بەمتمانەیەکی بەهێزتر لەوەی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان کارەکانی لەبەدیهێنانی مەبەستو نیازەکانی ڕادەپەڕێنێت. بەڵام کاتێک وشەی (ئیمان) وەکو کردەیەکی بێ گیان بەکاردەهێنرێت، نیشانەی لاوازی ئیمانیشمان لای ئەم کارەکتەرانە باشتر لە پێگە ئاینیەکە بۆ دەردەکەوێت، بۆیەشە دەردەکەوێت ئەوانە کەسانی سیاسین، نەک ئایندار ی ڕیبەری ئاینی، بۆیە گومان لەوە دەکرێت، ترس هەبێت خۆشیان وەکو ئەوانیان دیکەی دەسەڵات، لەهەمان کێشەی گەندەڵیو دزی بگلێن، لەکاتی وەرگرتنی دەسەڵاتدا. لەهەمان کاتدا ئەوان دەیانەوێت لەڕێگەی نەهێشتنی (ترس)، جارێکی دیکەو بەزمانو بارێکی دەروونی جیاوازەوە (ترس) بینابکەنەوە. واتای واتای (ترس) پێچەوانە دەبێتەوە، کەدەڵێن (ترس) نەبێت، واتە ئەی خەڵکینە وریا بنو (بترسن)، چونکە (ترس) هەیە.

هێزێکی کردە قسەیی تێدایە، کە ئەوان لایەنێکی ئیسلامی سیاسین، هێزەکە لەوەدایە ڕاشکاوانە وەکو سیاسیەکی ئاسایی باسی گەندەڵی دەکەن، هەروەها

ئامانجێکی ئاینیان لەباسکردنی گەندەڵی نییە، بەڵکو لەپێناو خەڵک قسەدەکەن‌و کردەی قسەکردن رادەپەڕێنن، تەنیا مەبەستێکیان لەبەکارهێنانی گوتارێکی ئیسلامی (ترساندنی) عەلمانییەکانە لەوەی کە گەندەڵکارن‌و دەبێت لەترسی گوتاری ئیسلامی ترسێکی لەناخی خەڵک‌و دەسەڵات دروست بکەن. واتا نە(ئیمان) وەکو سەرچاوەیەکی ئاینی دەبێتە کردەی راپەڕاندنی گوتارەکەیان، نەبنەما ئاینییەکەش وەکو پێویستی کردە قسەیی، یان وەکو سەرچاوەی گەڕانەوە بۆ (هۆکارو ئەنجام‌و چارەسەر) بەکاردەهێنرێت، بەپێچەوانە (مەبەست)، کە (وریاکردنەوەی خەڵک‌و هاندان‌و ورژاندنی سیاسی خەڵکە) پانتایی گوتارەکەی داگیرکردوون.





هێلکاری ژمارە (٢٢) پەیوەندی نێوان گوتارو هۆکارو چارەسەر




هێلکاری ژمارە (٢٣) پەیوەندی نێوان گوتاری مەکیاڤیلیو پاکانەو ئەنجامەکان

شیکردنەوەی پراگماتیکی ئاسانکارییەکی زۆر دەکات، بۆ ئەوەی راشکاوانەو خێراتر لەمەبەستو ئامانجی هەر گوتارێک بگەین، واتا وەکو مەکیاڤلی دەڵێت (ئامانج پاکانە بۆ وەسیلە دەکات)، لێرەشدا (مەبەست) پاکانە بۆ (ئامانجی) گوتارەکان دەکات، دیارە لەم گوتارانەی ئێمە بۆ شیکردنەوەکەمان هەڵمانبژاردوون، (ئۆپۆزسیۆن) بوون پاکانە بۆ (مەبەست) دەکات، کە رەخنەگرتنە لەدەسەڵاتی کوردی، بێگومان لێرەدا (مەبەست) پاکانە ناکات، بەڵکو (ئامانجەکەیە)، کە (ئۆپۆزسیۆن) بوونە پاکانە دەکات. کەواتە ئەمە لەڕووی پراگماتیکییەوە دوور دەکەوێتە لە(ئیمان)، وەکو سەرچاوەیەکی دەروونیو فکرییو هێزدارییو متمانەداری کەسەکان بەهەنگاوو بڕیارو حوکمیش لەکاتو شوێنی پێویستدا هەڵسوکەوت دەکات. کەدەکرێت من ئەوە ناوبنێم مەکیاڤلی نوێ، یان مەکیاڤلی ئایینداری.

گەندەڵیش وەکو ئامرازێک لەپێناو ریسواکردنو دەرخستنی نێوەڕۆکی دەسەلات بەکارهاتووە، هەروەها (خەڵک) ئامانج نییە، بەلکو ئامرازێکی کارایە، بۆ بەدیهێنانی دەرخستنی لایەنە خراپەکانی گەندەڵی، بۆیە گریمانەی ئەوە دەکەین کە خەڵک کرابێتە ئامرازێکی بێ بەها بۆ بەدیهێنانی مەبەستە سیاسییەکان، لەرێگەی بەکارهێنانی هەستو نەستیان، نەژادو تەمەنو پێگەی کۆمەلایەتیو ئاستی رۆشنبیریان.




هێلکاری ژمارە (٢٤) کەخەڵک دەکرێتە ئامراز

نوێبوونەوە/ مەسەلەی نوێبوونەوە لەنێو بزاڤە ئیسلامییەکاندا بۆتە یەکێک لەباسە گرینگەکانی ئەم سەردەمە، هەوەها وەکو بنەمایەکی سەرەکی لەتێڕوانینو فکرو بەرنامەی لایەنەکان دادەنرێت.

محەمەد فەرەج//// هیچی ناس نەکردووە.

عەلی باپیر//// هیچی باس نەکردووە.

هەردوو کارەکتەری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوام باسی نوێبوونەوە دەکەن، وەکو فکرو بزاڤی رابوونی ئیسلامی، هەروەها خۆگونجانی حزبەکانیان لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسیو کۆمەڵایەتیو هەتا عەقائدییەکانیش. کەچی لەم گوتارانەی لێرەدا وەکو نموونە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە بەکارمان هێناون باسی نوێبوونەوەی فکری ئاینیو فکری حزبی سیاسی خۆیان نەکردووە. ناتوانین بڵێین پەیوەندیان بەنوێبوونەوەو باسکردنی ئەم چەمکە نییە، بەڵام ئەم ئاڕاستەیەیان لا نوێیەو لەلایەنی دیکەشەوە رەنگە باسەکانی نێو گوتارەکە، کە لەشێوەی گفتوگۆ بەرجەسەت بوون، بەم ئاڕاستەیە دانەچووبن.

عەدالەتی کۆمەڵایەتی/ عەدالەت/ ئەم زاراوەیە یەکێکە لەزاراوە باوەکانی عەلمانییەکانو لەئەوروپاوە تەشەنەی کردووە، بزاڤە ئیسلامییەکان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ خواستەکانی سەردەمەکە بەکاریدەهێنن، ئەم بەکارهێنانەش وا لەگوتارەکانیان بەرجەستە دەبێت، کە ئەوان خاوەنی چەمکەکە بن. بەڵام لێرەدا لەم روانگەیەوە باسی ئەم چەمکەیان نەکردووەو بەکارهێنانی ئەم چەمکە کردەیەکی دوورتر لەمەبەستە سەرەکییەکە دەگەیەنێت .

محەمەد فەرج//// ئەم ناعەدالەتییەی، کە لەگەڵ کوردا کرا لەلایەن حکومەتی نێوەندییەوە.(ویستەگەو هەڵویست، ل٩٥).

عەلی باپیر//// (دەوڵەتێکی دامەزراوەیی هەموو پێکهاتەکانو دادگەریی تێدابێت، رۆژنامەی ئەلسەباح).

لەبەکارهێنانی چەمکی عەدالەتی کۆمەڵایەتیش هەردوو خاوەن گوتارەکە لە دوو روانگەی جوادوە باسی چەمکەیان کردووە، فەرەج داکۆکی لە کورد دەکات، کە ناعەدالەتی دژ بەکارهێنراوە، کەچی (باپیر) دەوڵەتێکی دەوێت ئەم چەمکەی تێدا بێت، کەواتە رەخنە دەگرێت.

هەست دەکرێت خاوەنی دوو هەڵویستو بۆچوونی جودان، یەکەمیان لەسەنگەرێکی نەتەوەیی قسە دەکات، ئەوی دیکەشیان لەسەر بنەمای دەوڵەت

دەدوێت، نەک نەتەوە. رەنگە ئەمە دوو جیاوازی گەورەی ئەم دوو لایەنە ئیسلامییە سیاسییە بێت، لەژیانی سیاسیاندا. یاخود دەکرێت بڵێین یەکێکیان توندو ئەوی دیکەیان میانڕەوتر مامەڵە لەگەڵ چەمکەکان دەکات، هەرچەندە هەردووکیان لەکۆتاییدا پێداگری لەسەر ناسنامەی ئیسلامی سیاسی خۆیان دەکەنەوە.

ناکرێت هیچ یەکێکیان هەڵگیر فکری ئیسلامی نەتەوەیی بن، چونکە ئەوان لەپانیسلامیزم سەرچاوە دەگرن. (فەرەج) پشت ئەستورە بەفکری ئیخوان موسلمین‌و (باپیر)یش کەسێکی سەلەفی چەکداری پشت ئەستور بەقورئان‌و سونەتە. کەواتە چەمکی نەتەوەیی بوون، ئەگەر لەژێر هەژموونی گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکەش جۆرێک لەکاریگەری بەدیهێنابێت، بەڵام لەکاکلدا ئیسلامبوون پلەی یەکەمەو وەکو شتەکانی دیکەش مەسەلیەکی فکریی‌و بیروباوەڕی سیاسی باوی نێو کۆمەڵگەن.

ئاشتی‌و ئاشتەوایی/ ئەم چەمکە ناکۆکی‌و ململانێ‌و گرژی‌و کێشەو ئەو سیاسەت‌و هەڵوێستانە دەگرێتەوە، کە باس لەئاڕاستەی ئاشتەوایی‌و ئاشتی یان پێچەوانەی ئەم ئاڕاستەیە دەکەن.

محەمەد فەرج//// (حکومەتێکێ ئاشتیخوازنەی وا دروست بکەین،ل ١٠٦). (بەمیکانیزمی توندڕەوی‌و توندوتیژی ناکرێت، ل ١٠٦). (بەڵی، زۆریش توانی لەسلێمانی دا بەر بگرێت بەخوێنڕێژی. ئەو لایەنانەی تر بەخۆشی بگەنە یەک، نەک بەگرژی‌و شەڕ، ل ١١٨). (فەلسەفەی دروست بوونی دەوڵەت بۆ ئەوەیە ئاسانکاری بکات بۆ پێکەوەژیان، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان خۆشنود بن‌و لەرەفاهییەتدا بژین‌و دوور بن لەگرژی‌و ئاڵۆزی دەسەڵات، ل ٣٣). (ئەو گۆڕانکارییانەی، کە بەئاشتی بکرێن، ئەوا ئسیتقراری زیاتر دێتە کایەوە. ل ٣٤). (مادام ئێمە ئازادی‌و دیموکراسی‌و یەکسانیمان هەڵبژاردووە، ئەوا میکانیزمی ئەم چەمکەش روونە، کە ئاشتیانەیە، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەرێگەی ئاشتییانەو سندوقەکانی دەنگدانەوە دەبێت، نەک بەپیاکژان. ل٣٥). (ئاڵوگۆڕی

ئاشتیانەی دەسەڵاتمان لەلا بەرێزە. ل٣٥). (پەیوەندییەکانمان لەحالەتێکی گرژو ناتەندروست دایە، دیارە ئەم گرژیەش مەترسی ئەوەی لێدەکرێت، کە پێکدادان دروست بکات. ل ٣٩). (دەبێت فێری پێکەوە ژیانو پێشکەوتنیان بکات. ل٤٠). (حزبەکان بەدۆخێکی ئارامو ئاسایشدا بڕۆن نەک بەدۆخی گرژیو ئاڵۆزیدا تێپەڕن. ل٤٢). (ئاشتی لەهەر جێگەیەکەوە بێت دەبێت بەرەو پیرییەوە بڕۆیت، ئەوەی لەبەرامبەرتە ئەوە شەڕەکەیە، ئەگەر گوتی بائاشتی بکەین ئەوا مەوەستە لەسەری، چونکە ئاشتی پرۆسەیەکی گەورەیە، ئەسلیش ئاشییەو شەڕ ئیستسنایە، دەبێت شەڕ چارەسەر بکرێت، چونکە حاڵەتێکی راست نییە، ئێمەش سروشتی حزبەکەمان وایە، حزبێکی ئاشتیخوازین. لەساڵی ١٩٩٢ چەکمان هەڵنەگرت، ئێمە بەو گیانەوە هاتینو لێشی پەشیمان نین بەردەوام دەبین، باوەڕیشمان وایە پانتاییمان هەر زیاد دەبێت. ل ٤٧).

عەلی باپیر//// (ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران بگاتە قۆناغی ئاشتییو ویستی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەبێت، رۆژنامەی ئەلسەباح). (ڕەنگدانەوەی ئەو سلبیاتو ناکۆکییو ئاژاوانەیە، ئەلسەباح). (ئەمجۆە ناکۆکیانە پێویست نین، رۆژنامەی ئەلسەباح).(پێشتر گرژییو ئاڵۆزیی باڵی کێشابوو بەسەردا، رۆژنامەی ئەلسەباح). (بەڵا ئێستا بەرەو هێوربوونەوە دەچێت، ئەلسەباح). (ئەو خوێنە زۆرەی چەندین ساڵە لەجەستەی تورکیا دێتو تووشی نەزیفی کردووە بیوەستێنن، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤).

(فەرەج) وەکو فەلسەفەیەکی سیاسیو فکری سەیری ئاشتی دەکات، ئەمەش پەیوەستە بەپێکهاتەی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، کە بزاڤێکی دوور لەچەکدارییە. هەروەها ئاشتیخوازی بزاڤەکەیان بەچەمکی ئازادیو دیموکراسیو یەکسانی دەبەستێتەوە، دیارە ئەم دروشمانەش پەیوەستن بەرۆژئاوای عەلمانی، رۆژئاوای بەخەبەر هاتووی دژ بەدەسەڵاتی کەنیسە.

سەرباری ئەوەش کاتێک باسی شەڕو ناکۆکییو گرژی دەکرێت، واتا ئاشتیو ئاشتەوایی نییە. (فەرەج) بۆچوونەکانی بەڕاستەوخۆیی، یان

ناڕاستەوخۆیی پەیوەستە بەبارودۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش وەکو گوتمان دەیەوێت وەکو ڕێبازێکی سیاسی دوور لەچەکداریو توندوتیژو بەشێوەی مەدەنی نیشان بدات، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی ئیسلامی، یان دەقێکی ئاینی بۆ ئاشتەوایی بوونی خۆیان وەکو ڕێبازو فکرو شێوازی کاری ئیسلامی سیاسیان بهێنێتەوە.

(عەلی باپیر) بەشێوەیەکی گشتی باسی ئاشتەوایی دەکات، یاخود بەناڕاستەوخۆیی لەڕێگەی باسکردنی گرژیو هێوربوونەوە نەزیفی تورکیا.... باسی ئەوە دەکات، کە ئاشتی لەئارادا نییە.

(باپیر) وەکو کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بیردەکاتەوە، مەسەلەی ئاشتیو بەئاشتەوایی کارکردن بایەخی زۆری پێنەداوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەوەیە، کە کۆمەڵی ئیسلامی بڕوایان بەهێزی چەکدار هەیە، بەڵام ئەویش هیچ بەڵگەیەکی ئاینی بۆ بەدیهێنانی ئاشتی نەهێناوەتەوە، قسەکانی لەمبارەوە گشتین، هەروەها (فەرەج) پتر جەخت لەسەر ئەو چەمکە دەکاتەوە.

دەکرێت لەم شیکردنەوەیەدا کەسایەتیو تێڕوانینی خاوەن گوتارەکانیش بناسرێنەوە، کەنێرەری گوتارەکەن، وەرگر لەم دۆخەدا باشترو ڕوونتر دەتوانێت لەئاستو فکرو کەسایەتیو تێڕوانینی نێرەری گوتارەکان بگات. کەسێک دوور لەهێزی چەکداریو کەسێک لەنێو هێزی چەکداری بەچ شێوەو مەبەستو ئامانجێک لەچەمکی ئاشتیو ئاشتەوایی دەڕوانن، هەروەها مەبەستیان لەبەکارهێنانی ئەم چەمکە چییەو بۆچی بەڕاستەوخۆییو ناڕاستەوخۆیی بەکاریان دەهێنن؟.

(فەرەج) دەیەوێت لەرێگەی ئاشتییەوە باسی فکری خۆی بکات، (باپیر) یش لەرێگەی بەبیرهێنانەوەی (گرژیو ئاڵۆزیو کێشەو هێوربوونەوەو نەزیفی خوێن لە تورکیا) دەیەوێت بەناڕاستەوخۆیی باسی نەبوونی ئاشتیو ئاشتەوایی لە وڵاتێکی دیکەدا بکات، بێ ئەوەی نێوی بهێنێت. ڕەنگە مەبەستی (باپیر) لەبەکارهێنانی ئەم دۆخە خراپەی تورکیا، بۆ خاوەنی مەسەلەکەش

نەبێت، بەلکو بۆ رازیکردنی دۆستێک، یان لایەنێکە کە لەدۆخی چوارەمدا دێت. واتە مەبەستی کورد نییە، بەڵکو ئەو لایەنانەن کە ئارەزوویان لەگەڵ ئەمجۆرە گوتارانە دەبوژێتەوە.

خەڵک/ بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە جۆرێک لەنزیکبوونەوەو بەکارهێنانی زمانو ئەو زاراونە دەگرێتەوە، کە پتر شێوەو شێوازی عەلمانیان پێوە دیارە، نەک تامو شێوەی ئیسلامی.

محەمەد فەرج//// (سیو سێ جار بەکاریهێناوە).

عەلی باپیر//// دوانزدە جار خەڵکی بەکارهێناوە.

وابزانم ئەم چەمکە بەرچاو روونیەکی تەواومان دەداتێ، کە شێوازی بەکارهێنانی ژمارەیەک زاراوەی گشتی لای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان زۆر نزیکە لەعەلمانییەکان، بەڵام لای (باپیر)و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان زۆر نزیکە لەدەوربەرە ئاینییەکە، بۆیە بەشێوەیەکی جیاوازو بەپێوەرو رێژەی جوداش بەکاریان هێناوە. گرینگ بڕوا ناکرێت بەکارهێنانی ئەمجۆرە زاراوە گشتیانە، کە پەیوەستە بەزمانی کۆمەڵایەتیو شتێکی ئاساییە بەکاربهێنرێن، بەڵام دیارە بەهۆی دروستکردنی چوارچێوە لەدەوری زمانی سیاسی ئیسلامی دەبینرێت مامەڵە کردن بەمجۆرە زاراوانە لای (باپیر) سنوردارترە، ئەمەش لەڕووی زمانو دەوروبەرەوە دۆخی کەسایەتیو چۆنیەتی بیرکردنەوەی نێرەرەکان دەردەخات.

رەنگە ئەمە پەیوەندی بەرۆشنبیری هەردوو تەوژمی ئیسلامییەکەوە ئیخوانو سەلەفی، یان ئیخوانو گوتاری ئاینیی هەبێت. هەروەها دەبێتە جۆرێک لەپێوەریش بۆ دیارکردنی رێژەی نوێبوونەوەو سەردەمی بوونی ئەم بزاڤو تەوژمە ئیسلامیانەش. لەڕاستیدا زمان نابێت بخرێتە قالبی تەوژمەکانەوە، هەرچەندە بەهۆی زاڵی فکرو ئایدیۆلۆجیای سیاسیو ئاینی دەبینرێت، گەلێک رەوتو بزاڤ بەبەکارهێنانی جۆری زاراوەکانیان دەناسرێنەوە، یان پێناسە دەکرێن.

گرینگ لەمجۆرە شیکردنەوە پراگتماتیکانە دەبێت هەمیشە ڕۆڵو کاریگەریی دەوروبەر لەبەرچاو بگرین، چونکە خاوەنی گوتار وابەستەیە بەدەوروبەری زمانو کۆمەڵایەتیو سیاسیو هەتا دەوروبەری وەرگری گوتارەکانیش کاریگەریان لەسەر بەدیهێنانی کردەی گوتارەکەوە هەیە. دەوروبەری (فەرەج) دەوربەرێکی نیمچە دەرەوەی مزگەوت، یان لەژێر هەژموونی مزگەوتەوەیە، کەچی گوتاری (باپیر) لەدەوروبەرێکی مزگەوتو ئاینی توند بەرجەستە دەبێت، وەرگرەکانیشیان هەمان شتە، وەرگرەکانی (فەرەج) شانازی بەپلەو ئاستی زانستی لەخوێندن دەکەنو ڕێژەی خوێندەوارو ئافرەتیان زۆرترە لەوانی دیکە، کەچی وەرگرەکانی(باپیر) گەنجی ئیمانداری پەروەردەی نێو مزگەوتەکانن، پلەو ئاستی خوێندەواریان لەوەی یەکگرتوو نزمترە، پەروەردەی خوێندنی ئاینین، لەکاتێکدا هەردوو خاوەن گوتارەکە دەیانەوێت نیشانی بدەن، کە ئەوان لەدەوروبەری (یەکگرتوو) و (کۆمەڵ) گوتار دروست دەکەن، نەک لەسەر مینبەری مزگەوت، کەئەمەش پاساوێکی بڕواپێهێنەر نییە.

گەل/ دیسان ئەم زاراوەیە جۆرێک لەگەڕان بەدوای بەکارهێنانی شێوە عەلمانییەکی لەخۆگرتووە، هەروەها تێڕوانینی سیاسی ئیسلامییەکی کوردیش بۆ چەمکی (گەلو نەتەوە) دیار دەکات. سەرباری ئەوەش دەرخەرێکی گرینگی دیکەی زمانی میناڕەوییو هاوچەرخبوونو نوێبوونەوەو گونجان دەگرێتەوە.

محەمەد فەرج//// (دەوڵەتانی گەلانی ڕۆژئاوایی پشتیوانی لەگەلێک بکەن، ئێستا هەموو گەلانی ڕۆژئاوا.... لەنێو گەلانی بیانیدا ..ل ٩٧). (سزای گەلێک بدات، لەکاتێکدا گەلەکەش هی خۆی بێت، ل ١٠١). (لەنێوان گەلو دەوڵەتدا،ل ١٠١). (ئەمە ئیرادەی گەلێکە، کێ دەتوانێت لەبەر ئیرادەی گەل قسە بکات؟.ل ١١١). (کێ لەهەموویان باشترە ئەوە گەل دیاری دەکات، ل ١١٣). (هیچ گەلو نەتەوەو وڵاتێک بەبێ نەخشە سەرناکەوێت، ل ١١٤). (ئێمە وەکو گەلی کوردستان ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵاتمان لەلا بەڕێزە. ل ٣٥). (هەر کارێکی ئێمە پەیوەندە بە بەرژەوەندی ئەم گەلو نیشتیمانەوە. ل ٦١).

عەلی باپیر//// (پەرلەمان تەمسیلی دەسەڵاتی یاسادانانو ئیرادەی گەل/ دیداری رۆژنامەی ئەلسەباح). (فەراهەمکردنی ئەمن بۆ رۆڵەکانی گەل، ئەلسەباح).

هەردوو خاوەن گوتاری ئیسلامی، لەتێڕوانینێکی سەردەمیانەی عەلمانی زاراوەی گەل بەکاردەهێنن، دیارە رێژەی بەکارهێنانی گەل لای (فەرەج) زۆر زیاترە لە(باپیر). لەبیری نەکەین هەردوو لا ئەم چەمکەیان، کە بنەمای رۆژئاوایی هەیە بەکارهێناوە، وەکو (پەرلەمانو ئەمنو دەسەڵاتی یاسادانانو ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتو بەرژەوەندی گەلو نیشتیمان، گەلو نەتەوەو ئیرادەی گەلو دەوڵەت).

بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی دەکرێت کردە قسەی ئەم چەمکانە لەچەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:


**یەکەم**/ چەمکەکە وەکو لایەنە عەلمانیو نەتەوەییو کۆمۆنیستو لیبرالەکانو دیموکراتەکان بەکارهێنراوە، بەهەمان شێوەو شێواز بەکارهێنراوە، گریمانەی ئەوە دەکرێت لەرێگەی ئەمجۆرە زاراوانە پێگەی لایەنە نائیسلامییەکان لاوازو بەرتەسک بکەنەوە.

**دووەم**/ دەیانەوێت نیشانی بدەن ئەوان حزبی ئیسلامی مۆدێرنن، بەپێی رێژە ئەم بانگەشەیە لای (فەرج) زۆر زەقترو فراوانترە لە (باپیر) دەردەکەوێت. بەڵام لە تێڕوانینو لەشێوازو مەبەستی بەکارهێنانی چەمکەکە، دەردەکەوێت ئەوان لەژێر کاریگەری چەمکە رۆژئاواییەکەنو لەمبارەوە جیاواز نین.

**سێیەم**/ ئەم کردە قسەیە هێز بەگوتارەکە دەدات، کە دەیانەوێت سود لەچەمکو زاراوە نوێیە باوەکانی سەردەمەکە وەرگرن، بەڵام لەهەمان کاتدا ناکۆکییەکی قوڵی ئیمانو گەڕانەوەو راکردن لەبەردەم بەکارهێنانی زاراوە ئیسلامییەکان نیشان دەدات.

**چوارەم**/ دەوروبەری بەکارهێنانی ئەم چەمکە، دەوربەرێکی عەلمانییە، واتا دەوروبەری ئیسلامی لاوازە. ئەمەش پەیوەستە بە(کاتی گوتنەکە)و (شوێنی

گێڕانەوەی ڕووداوەکان)، و(مەبەستی گوتنەکە)و (ئامانجی گوتارەکە)، بێگومان کاتو شوێن کاریگەریان لەسەر بەدیهێنانی شێوازی گوتارەکەو ئەداکردنیشی هەیە. تەنیا ئەمانە لەدەوروبەری کاتدا، پاساوێکی ئاشکران بۆ بەکارهێنانی ئەم هۆکارانە بۆ ئەوەی گوتارێکی گونجاوی هاوسەنگ لەگەڵ سەردەمەکە پێشکەش بکەن.




هێلکاری ژمارە (٢٥) گوتاری پاساو، پەیوەندییەکانی

نەتەوە/ ئەمەش زاراوەیەکی دیکە، کە دەبێتە دیارخەر بۆ تێڕوانینو چۆنیەتی بیکردنەوەی ئیسلامی سیاسی بۆ چارەسەرو دیارکردنی کێشەی نەتەوەیەک. لەهەمان کاتیشدا دیارخەری فکری خاوەن گوتارەکانیش دەبێت، لەچۆنیەتی بیرکردنەوەی لەمەڕ کێشەی نەتەوەییدا.

محەمەد فەرج//// (شەڕی نەتەوەیی ، ل ١٠٩). (نیشتیمانیو نەتەوەیی، ل١١٠). (هێزی نەتەوەیی، ل ١١٧)، (دەبێت لەبەغدا لەسەر مافە نیشتیمانیو

نەتەوەییەکانمان هاودەنگ بین. ل ٤١). (داوای دەوڵەتی کوردی دەکەیت؟. ل ٥٠). (ئەمە مافی ئێمەو داوای دەکەین‌و ناحەقی نییە، نەتەوەیەک بەلاوازترین سەرژمێری لەچل ملیۆن زیاترە، بەڵام تائێستا دەوڵەتی نییە، لەهەموو دنیا نەتەیەک بەم رێژەیە بێتو دەوڵەتی خۆی نەبێت کێ دەتوانێت نکۆڵی لەم مافە بکات؟.ل ٥٥).

عەلی باپیر//// (هەم فاکتەری نەتەوەیی‌و نیشتیمانی‌و گشتیی تێدایە، هەفتەنامەی بەیان رۆژی ٢٣ی ٤/ ٢٠١٣). (بەڕاشکاوی باسی دەوڵەتی کوردیم کردووەو گوتوومە، وەک چۆن نەتەوەکانی تر مافیان هەیە لەسەر خاکی خۆیان دەوڵەتیان هەبێتو .... با کوردستانیش هەبێت، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی ٤/ ٢٠١٣). (ئەو ئایەتە پیرۆزەم کردووەتە بناغەی سۆزی نەتەواویەتی... هەفتەنامەی بەیان ٢٠١٣/٤/٢٣). (ئێمە بەرگری دەکەین لەمافەکانی نەتەوەو نیشتمانی خۆمان.. هەفتەنامەی بەیان ٢٠١٣/٤/٢٣).

لێرەدا (فەرەج) شێوەی گوتنەکەی‌و مەبەستەکەی وەکو حزبێکی نەتەوەیی دەردەکەوێت، نەتەوە بەشێکی گوتارەکەی پێکدەهێنێت، بێ گەڕانەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەکی نەگۆڕو گۆڕاوی ئیسلامی، کەچی (باپیر) ئەم هەستەی بەگەڕانەوە بۆ ئایەتێکی قورئان نیشان دەدات. گوتارەکەی (باپیر) وەکو ئیسلامییەکی سیاسی راستگۆیانەتر دەربڕاوە، چونکە ئەو نەتەوەو پێکهاتەو مافی نەتەوە لەڕوانگەی قورئانەوە شی دەکاتەوەو لێکدەداتەوە. لەهەمان کاتێشدا (فەرەج) نایەوێت راشکاوانە تێڕوانییە ئایینییەکەی تێکەڵی بابەتێکی سەردەمانە بکاتو خۆی بەسەرچاوە باڵاکانی ئاینی ئیسلام نابەستێتەوە، بەڵام ئازایانە وەکو کەسێکی مەدەنی ئەدای گوتارەکەی لەبەرجەستەکردنی نەتەوەو مافەکانی نەتەوە دەکاتو خۆی لەچوارچێوەی ئاین دەرهێناوە.

ئەم ئەداکردنە پەیوەستە بەسەرچاوەی فکری هەردوو خاوەن گوتارو نێرەرەکانەوە، هەرچەندە لەسەرەتای دەرکەوتنی فکری ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی باشووردا دژی فکری نەتەوەیی‌و کۆمۆنیستی بوون، بەڵام ئێستا

ئەو رەوشە گۆڕاوە. بۆیەشە وابەستە بەدەوروبەری کۆمەڵایەتیو سیاسی، گۆڕانکارییەکە روونە، هەرچەندە باپیر لەمبارەوە کەمترو درەنگتر هەنگاو دەنێت، کە پێدەچێت ئەمە پەیوەست بێت بەرێکخستنی کۆمەڵی ئیسلامییەوە.

ئایدیۆلۆجی/ ئەمەش زاراوەیەکە پتر بۆ عەلمانییەکان گونجاوترە، بەڵام دەردەکەوێت، کە گۆڕانکارییەکان چەندە کاریگەری لەسەر زمانو شێوازی دەربڕینو بەکارهێنانی زاراوە باوەکانی سەردەم لای ئیسلامییەکانیش دروست کردووە.

محەمەد فەرج//// (ئایدیۆلۆژی ، ل١٠٩). (سەرەتا دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە نابێت بۆ دواوە بگەڕێینەوە. واتە پرۆسەی ئازادیو دیموکراسیو فرەییمان هەڵبژارد. لەو رووەشەوە هەرگیز کۆڵی لێ نادەین. ل ٣٢). (مادام ئێمە ئازادیو دیموکراسیو یەکسانیمان هەڵبژاردووە، ئەوا میکانیزمی ئەم چەمکەش روونە، کە ئاشتییانەیە. ل٣٥). (حزبێکی ئاشتیخوازین. ل٤٧). (یەکگرتوو تایبەتمەندی خۆی هەیە.ل٥٤). (ئێمە لەقوتابخانەیەکی میانڕەوی ئسیلامی پەروەردە بووین، کە قوتابخانەی ئیخوانەو ئێمە قەرزاری ئەو قوتابخانەیەین. ل٥٤). (بۆ ئیسلامییەکان دەعوە ئەرکێکی شەرعیو هەموو تاکێکی موسڵمانە. ل٥٧). (عەلمانییەکان، حزبێک لەسەر ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی، حزبێکی ئیسلامی ، لیبرالی چەپ، کەواتە هەموو لایەنێک فکرێکی هەیە بانگەشەی بۆ دەکات. ل ٥٧–٥٨).

عەلی باپیر//// (ئێمە وەک ئۆپۆزسیۆنو زیاتریش وەکو کۆمەڵی ئیسلامی...، هەفتەنامەی بەیان ٢٠١٣/٤/٢٣).

(فەرەج) بەمتمانەیەکی بەهێزو بەشێوەیەکی روون ئایدیۆلۆجیای سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی نیشان دەدات، واتا کردە قسەی راستەوخۆ لای (فەرەج) کاراو بەکارهێنراوە. کردەی راستیبێژی متمانەو هێز بەگوتارەکە دەدات، راشکاوانە قسەکردن لەڕەوایەتی دان بەبوونی فکریی خۆیان، جا ئەم فکرە هەر چییەک بێت، نیشاندەری هێزو متمانەیە، واتە هەروەها لەهەمان کاتدا جەخت

لەشەرعی بوونی دەعوەو پێناسەکردنی خۆیان وەکو حزبێکی ئاشتیخوازو قوتابخانەی ئیخوان دەکەنەوە.

کەچی (باپیر) تەنیا لەڕووی ئایدۆلۆجیاوە خۆیان وەکو حزبێکی ئۆپۆزسیۆن وەسف دەکات، باسی سەرچاوەی فکریو سیاسی خۆیان ناکات.

مەزهەبی/ ئەم زاراوەیە بۆتە کێشەیەکی سیاسی بەرچاوەی ئەم سەردەمە، کە کاریگەری راستەوخۆشی لەسەر گوتارو مەبەستو دەربڕینی هەڵوێستو لێکدانەوەی لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستانیش هەیە. کە راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەبێتە دەرکەوتنی هەڵوێستی فکریو سیاسی خاوەن گوتارەکانەکان.

محەمەد فەرج//// (کورد لەعەرەبو سوننە لەشیعەو شیعە لەسوننە دەترسێ ،ل ١٠٠). (شەڕی مەزهەبی ، ل١٠٩)، (سوننە، کە ئێستا هێزی هەیە، ل١٠٣) . (حەشدی شەعبی، ل١٠٣). (نەدەبوو لەبەر مەزهەب سعودیەو ئەو وڵاتانەی تر کاری وابکەن، ل١٠٩). (تەنها شەڕی مەزهەبی نەکراوە. ل١٠٩).

عەلی باپیر//// (پەرلەمان تەمسیلی دەسەڵاتی یاسادانانو ئیرادەی گەل دەکات بەهەموو پێکهاتەو تایفەکانیەوە، رۆژنامەی ئەلسەباح). (ئەوەی وایکرد نێوانی حکومەتو سوننەی عەرەب تێکبچێت، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤).

(سوننەو شیعەو تورکمانیش بگونجێت، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤).

لەدوو دەوروبەری جودا باسی کێشەی مەزهەب دەکرێت، (فەرەج) باسی ترسو شەڕ لەئەنجامی بوونی کێشەی تایفیو مەزهەب دەکات، قوڵترو روونتر پەنجە دێختە سەر گرفتی مەزهەبی، راشکاوانەو راستەوخۆش چەمکی مەزهەبی بەکارهێناوە. واتا راپەڕاندنی پراگماتیکیانەی ئەم چەمکە لای (فەرەج) بەدیهێنانی نیشاندانی ترسە، کە لەئەنجامی ناکۆکی مەزهەبی پەیدادەبێت، تاکو دەگاتە ئاستی شەڕ.

(باپیر)یش باسی تێکچوونی نێوان سونەو حکوومەت دەکات، باسی پێکهاتەکانو گونجان دەکات. ئەو لەڕوانگەیەکی دیکەوە لەکێشەی مەزهەبی

دەڕوانێت. قسەکانی ناڕاستەوخۆن، دەوروبەری قسەکانی (باپیر) ڕۆژنامەی ئەلسەباحی زەمانحالی حکوومەتی بەغدایە، بۆیە لەڕووی سیاسییەوە ڕەچاوی نەوروژاندنی کردووە، پێناچێت ویستبێتی حەقیقەتی کێشەی مەزهەبی بەوردی باس بکات، کە شیعە لەحکوومەتدا پشکی شێریان هەیە. بەپێچەوانە ئەو دەیەوێت کاریگەری سلبی ئەم کێشەیە لەرێگەی ناوهێنانی نەتەوەکانەوە کەم بکاتەوە.

فکرو بیر/ ئەمەش یەکێکە لەزاراوە نوێیەکان، یان دیاردە باوە تازەکانی نێو بزاڤە ئیسلامییەکان. ئیسلامییەکان لەژێر هەژموونی گوتاری باوی سەردەم، پەنا بۆ ئەمجۆرە زاراوانە دەبن، لەکاتێکدا ئەوان (تەفسیرو ئیجتهادو گەڕانەوە بۆ ئایەتو فەرموودەکان)یان هەیە. کاتێک دەڵێن فکرو بیرو بۆچوون واتە هەڵوێستو لێکدانەوەو بۆچوونی مرۆڤەکان دەربارەی دیاردە کۆمەڵایەتیو ئابورییو سیاسییەکان. ناتوانین ئەمە بەنەرێنی دابنێین، رەنگە ئەمە بەشێک بێت لەپرۆسەی نوێبوونەوەو هاوچەرخبوونی گوتاری ئیسلامییە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

محەمەد فەرج//// (هەمیشە بیر بکەینەوە، کە خۆمان چی دەکەین. ل٩٨). (ئەگەر ئازادی نەبێ ئەوا بیرکردنەوەش نابێت، کە بیرکردنەوەش نەبێت ئەوا نەخشە نابێت، ل١١٤). (ئێمە ناتوانین بیر لەو پێشهاتانە بکەینەوە، کە روومان تێدەکەن. ل٩٦).(مانای شەراکەت دەگەیەنێت، هاوکات باوەڕبوونیشە بەتەعەدودییەتو کەمکردنەوەی کێشەکان. ل٣١). (ئازادیمان هەڵبژاردووە دەبێت هەموومان باوەڕمان پێی هەبێت. ل٣٢). (باوەڕمان بەئازادی هەیە، ئەوا ئازادی بۆ خۆی واتای دەرکەوتنی جیاوازییەکانە. ل٣١). (ئازادیو دیموکراسیو فرەییمان هەڵبژارد. ل٣٢٠. (واتە ئەسڵ لەئۆپۆزسیۆنبووندا مواجەهەکردنو رووبەروبوونەوە نییە. ل٣٤). (ئێمە ئازادیو دیموکراسیو یەکسانیمان هەڵبژاردووە ئەوا میکانیزمی ئەم چەمکەش روونە، کە ئاشتییانەیە. ل٣٥). (ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتمان لەلابەڕێزە. ل٣٥). (راستە من


ئۆپۆزسیۆنم، بەڵام خۆم بەخاوەن دەزانم، هەروەک خۆشم بە بەرپرسیار دەزانم. ل٤٣). (بۆ ئیسلامییەکان دەعوە ئەرکێکی شەرعیو هەموو تاکێکی موسڵمانە. ل٥٧). (هەموو لایەنێک فکرێکی هەیە بانگەشەی بۆ بکات. ل٥٨). (توانیمان ژن لەماڵەوە بهێنینە دەرەوە بۆ نێوکاری ئیسلامی. ل٦٢).

عەلی باپیر//// (ئێمەش پێشنیازی خۆمان پێ گوتن، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (بیرو بۆچوونەکانی منو غەیری من ، ئەوەی، کە سوودی بۆ خەڵک هەیە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤).(کەمزانیاری دەمارگیری دروست دەکات، زانیاریی زۆر فکرو ئاسۆی ئینسان دەکاتەوە، سینگفراوانی دەکات، بیرکردنەوەی قووڵ دەکاتەوە، هەر کەسێک، کە شتەکامی منی پێ هەزم ناکرێت، من گلەیی لێ ناکەم، باکگراوندە فکرییەکەی ئەوەندە رێگەی دەدات، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (بەئیمان چارەسەر دەبێت، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (من قووڵ بیردەکەمەوە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (حالەتی فکر وایە بەئاسانی وەرناگیرێت، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (قەناعەتکردنی پێش بیرکردنەوە هەیە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤).

(عەلی باپیر) وەکو مەسەلەیەکی فکری چەند جارێک باسی عیلمانیەتی کردووە. هەروەها چەندین جاریش باسی ئۆپۆزسیۆنو دەرکەوتنی کردووە. هەروەها (محەمەد فەرج)یش ئاماژە بەعەلمانییەکانو کۆمۆنیستەکانو رەوتە چەپەکان ... تد دەکات. سەرباری باسکردنی (ئۆپۆزسیۆن) لای هەردووکیانو بەتایەتیش لای (فەرج) پتر جەختی لەسەرکراوەتەوە.

لەباسی فکردا (باپیر) قوڵترو جدی تر باسی فکرو پابەستبوون بەمەسەلە فکرییەکانی کردووە. ئەوا فکر وەکو بەشێک لەبیرکردنەوە کەسایەتی خۆی شی دەکاتەوەو وەسف دەکات، بەڵام (فەرەج) لەڕوانگەیەکی گشتگیری سیاسی وەسفی مەسەلەی فکری کردووە. ئەو پتر باسی یەکگرتووی ئیسلامی وەکو حزب دەکات، کەچی (باپیر) باسی خۆیو لێکدانەوەی خۆیو هەڵوێستی خۆی لەمەسەلە فیکرییەکان دەکات. کەواتە دەیەوێت رۆڵی (من/ نێرەر) کەسی یەکەمی

تاک، کەسی باڵاو خاوەن بڕیارو حوکم، یان بەپرسی یەکەم بەشێوەیەکی باڵا ڕۆڵ دەبینێت، کەچی مەرج نییە (مەن/ نێرەر) لای (فەرەج) هەمان پێکهاتەی دەروونیو کەسیو پێگەی بڕیارو حوکمو دەسەڵاتی لەناو حزبەکەی هەبێت. لێرەدا لەرێگەی شێوازی ئاخاوتنو پاساوەکانی نێو گوتارەکەو بەکارهێنانی وشەو رستەو گوتنەکان، دەکرێت پێکهاتەی کەسایەتیو دۆخی دەروونیو ئاڕاستەو چۆنیەتی بیرکردنەوەو نیەتی تاکڕەوییو ئارەزووی بەرپرسیارەتیو پێچەوانەکەشی شی دەکرێتەوە. بۆیە گریمانەی کردە قسەی (مەن)ی باڵا لای (باپیر) زۆر زیاترە لای (فەرەج).




هێلکاری ژمارە (٢٦) منی نێرەری باڵاو ئاسایی

دوو دەوروبەری جیاوازن، یەکێکیان دەنووسێتو مەسەلە فیکرییە گشتییەکان لەڕوانگەی ئیسلامیی وابەستە بەدەقی باڵاو چەسپیووی دەوروژێنێت، (فەرەج) وەکو کەسێکی سیاسی باسی هەندێک دیدگای سیاسی گشتگیر دوور لەگەڕانەوە بۆ دەقێکی دیاریکراوی ئاینی دەکات.

متمانە/ ئەم چەمکە دەربڕی قوڵی بڕوابوونو وابەستە بوون بەبنەما فکریو سیاسییو ئیمانییەکانە، هەروەها لەهەمان کاتدا بەهێزیو بێ هێزی


کەسەکانیش لەدۆخی (بیرکردنەوەو بڕیارو حوکمو ئامۆژگاریو هوشداریو رویاکردنەوەو هەنگاونانو یەکلایکردنەوە) دەگرێتەوە، ئینجا (کارکردن لەگەڵ لایەنەکانی دیکەو کاری هاوبەشو تێڕوانین بۆ ئایندەو ئاسۆ روونیو ناڕوونی) دەگرێتەوە.

محەمەد فەرج//// (بڵێی متمانە ئەوەندە قورس نەبوو. ل٩٩). (ئەمە متمانە دروست دەكات. ل٩٩). (رێزی ئەو متمانەیە بگرین، لەبەر ئەوە متمانە بەوە دەبێت. ل١٠٥)، (متمانە دروست بکەین. ل١١٩). (تاکو ئێستا هیچ ئاستی متمانەمان نەگەیشتۆتە ئەوەی بێن بەجددی کارەکە بەرێوەببەن. ل١٢١). (دەبێت متمانە دروست بکەین. ل١٢١). (کە بەداخەوە دەبوو ئێمە قۆناغی زۆرمان بڕیایە. ل٣١). (هاوکات حکومەت بخاتە سەر رۆڵێکی دروستو وای لێ بکات، کە بەئەرکەکانی خۆی هەستێت، وەگەر نا وازبهێنێت لەئۆپۆزسیۆن. ل٤٣). (ئەگەر چارەسەر نەکرێت ئەوا دەسەڵات دەخوات بەجۆرێک، کە هیچ متمانەیەک لەنێوان خەڵکو دەسەڵاتدا ناهێڵێ. ل٣٧). (ئەوا دڵنیام پەرلەمانی سێهەم دەتوانێت ئەم کارە بکات. ل٣٨). (دیارە ئێستا لایەنە سیاسییەکان ناتەبان، گرژییەکان لەسەر راگەیاندنو فەیسبوک زۆر گەرمە. ل٤٠). (بەڵام گرینگ ئەوەیە لەوێ ناتەبا نەبین، دەبینین ئێستا ناتەباین. ل٤١). (ئەگەر لێرە یەکدەنگ نەبێت ئەوا لەوێش ناتوانین یەکدەنگ بین، تا ئێستا وابووە، ئێستا دەبێت بیگۆڕین. ل٤٢). (دەبێت نەهێلین، بەڵام ئەگەر هاوپەیمانی کوردستان بیەوێت لە بەغدا یارییەکەت بکاتو لێرەش بەرهەمەکەی بخوات، ئەوا ئێمەش قەبوڵمان نییە. ل٤٢). (راستە من ئۆپۆزسیۆنم، بەڵام خۆم بەخاوەن دەزانم، هەوەک خۆشم بە بەرپرسیار دەزانم. ل٤٣). (ئێمە بەو گیانەوە هاتینو لێشی پەشیمان نین بەردەوام دەبین، باوەڕیشمان وایە پانتایمان هەر زیاد دەبێت. ل٤٧). (بزانین هەر کارێک خزمەت بەمە دەكات، چ لەناوەوە بێت، یان لەدەرەوەی هەرێم ئەوا ئێمە لەگەڵیداین. ل٥٠). (ئێمە بەسوپاسی خەڵک دەکەین، کە بەدڵسۆزییەوە رەخنەمان لێبگرێتو نەگاتە رادەی گاڵتەپێکردن. ل٥٣). (بەپێوەری خۆمان زۆربەی خوێندەوارو رۆشنبیرەکان لەنێو یەککگرتووی

ئیسلامین. ل٥٩). (بەڵام خوشکانی ئێمە بەڕاستی توانیان ئەوە بکەن. ل٦٢). لاوازی متمانە (پێم وانیە وابێت، ئەو زانیارییە هەڵەیە. ل٥٩). (لاوازی متمانە ئێمە دەتوانین بڵێین ئامانجەکانمان جارێکیتر دەهێنینەوە سەر بابەتەکە. ل٦١). بێ متمانییە (ئاگام لێ نییە. ل٦٠). (توانیمان ژن لەماڵەوە بهێننە دەرەوە. ل٦٢). (ئەمە جێگەی دڵخۆشییە، کە ئەوان سەقفی تموحیان زئاترە، هیودارم سارد نەبنەوەو ئێمەش بتوانین پشتگیریی تەواویان بکەین. ل٦٣). (نابێت سارد بینەوە. ل٦٢). (بەڵام بەداخەوە ریگری هەیە. ل٦٣). ئێستا ئێمە یەکەم حزبین لە کوردستان، کە دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی خوشک بن‌و نۆ ئەندامی سەرکردایەتی ئافرەت، کە لەنێوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شتی وا نەبووە. ل٦٣).

عەلی باپیر//// (پەیوەندی نێوان ئەنجوومەنی نوێنەران‌و حکوومەت پێشتر باشبوو، ئەلسەباح). (بەڵام ئێستا ئەم پەیوەندییە لاوازە، ئەلسەباح).(ئەو بۆشایەی، کە دروست بووە لەغیابی سەرۆک کۆمار، ئەلسەباح). (پێویستە ئەو بۆشاییە پڕبکەینەوە ئەگەر دروست بوو بەبۆی نەبوونی سەرکردەیەکەوە، ئەلسەباح). (کۆمەڵ بنکەی جەماوەریی خۆی زیاد دەکات، ئەلسەباح). (وتاری خۆی گشتگیر دەکات، ئەلسەباح). (ئێمە دەمانەوێت ئیش بکەین لەگەڵ هەموو لایەنەکانی تردا وەکو یەک تیم، ئەلسەباح). لەبارەی کێشەی نێوان بەغداو هەولێر دەڵێت: (بەدڵنیاییەوە هۆکاری بەرژەوەندی حزبی‌و شەخسی‌و ئەوانەشی تێکەڵ بووە، بەڵام بەبۆچوونی من ، هەڵەیە، کە بوترێت ئەو کێشانە لەنێوانی دوو کەسدایە، هەفتەنامەی بەیان ٢٠١٣/٤/٢٣). (مام جەلال گوتی هەر وادەکەم، چونکە مالیکی تا ئێستا سی گفتی بەمن داوەو هیچیان راست دەرنەچوون، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی ٢٠١٣/٤). (لەگەڵ تاریق هاشمی کێشەی هەیە، لەگەڵ موقتەدا سەرد کێشەی هەیە، هەروەها لەگەڵ رافیع عیساوی، ماوەیەک لەگەڵ سالح موتلەگ، کە ئێستا بایداوەتەوە، بەم شێوەیە، کە تەماشا دەکەیت مالیکی لەگەڵ هەموو شەریکە سیاسییەکانی کێشەی هەیە، هەفتەنامەی بەیان، ٢٣ی ٢٠١٣/٤). لێرەدا دوو جۆر متمانە دەردەکەوێت متمانە نەبوون

بەخۆو متمانە نەبوون بەتورکیا، کە دەڵێت: (تۆ وەرە کورد لەبەرگو پۆشاکی خۆی، لەزمانی خۆی بێبەشی بکەیت، کە مافێکی زۆر سادەو سەرەتایین، کە ئەو جیاوازییە هەبوو، دیارە پەکەکەش دەبێتو چیاش دەبێتو کوشتاریش دەبێت، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی ٢٠١٣/٤). متمانە بەخۆ بوون (دیارە ئێمە گوتمان کێشەمان نییە با سەرۆکی فراکسیۆن لەئێوە بێتو ئەوە ناکەینە هۆکاری دواخستنی کارەکەمان، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی ٤/ ٢٠١٣). کەواتە متمانەی یەکلاکەرەوەیان نییە، کە دەڵێت (ئێمە راپرسی نێو ئەندامانی لەسەر دەکەین. ئێمەش گوتمان بێگومان ئێمەش راپرسیی لەسەر دەکەین، بەڵام ئەوە لای سەرکردایەتیمان قبووڵمانە... هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی ٢٠١٣/٤). (ئێمەو یەککگرتوو حساباتمانو هەڵوێستەکانمان نزیکیی زیاتری تێدایە، هەروەها لەنێو خۆشماندا گرفتو کێشەی نێوەخۆیی وامان نییە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی ٢٠١٣/٤).




| | ئاین | چاکسازی | گەندەڵی | بوژنیوونەوە | عەدالەت | ئاشتی | خەڵک | گەل | نەتەوە | ئایدیۆلۆجیا | مەزهەب | فکرو بیر | متمانە | یەکهەڵوێستی | هێز | دەستووری اسا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فەرەج | 6 | 9 | 8 | 0 | 1 | 11 | 33 | 8 | 6 | 6 | 8 | 14 | 28 | 21 | 23 | 36 |
| باپیر | 7 | 0 | 4 | 0 | 1 | 4 | 12 | 2 | 4 | 1 | 3 | 7 | 14 | 17 | 10 | 21 |

چارتی ژمارە (١) چەمکی کردە قسەیی لەنێوان فەرەجو باپیردا

لەم چارتی ژمارە(١)دابەکارهێنانی چەمکی کردە قسەیی لەنێوان (فەرەج و باپیر)دا، دەردەکەوێت کە هەریەکێک لەم دوو نێرەرە، کە خۆیان بە خاوەنی رەسەن و سەرەکی گوتاری ئیسلامی پێناسە دەکەن، لەبارەی بەکارهێنانی چەمکی متمانەدا (فەرەج) چەمکەکەی (٢٨)جار بەکارهێناوەو (باپیر)یش (٧) جار. دیارە ئەمە ژمارەی بەکارهێنانی چەمکەکەیە. لەرێژەدا گۆڕانی بەسەردا دێت . یاساو دەستور (٣٦/ ٢١)جاربەکارهێنراوەو هێز(١٠/٢٣)و یەکهەڵوێستیو یەکڕیزی(١٧/٢١)ومتمانە (١٤/٢٨)و فکرو بیر(٧/١٤)و مەزهەب(٣/٨) وئایدیۆلۆجیا (١/٦)و نەتەوە(٤/٦)و گەل (٢/٨)و خەڵک (١٢/٣٣)وئاشتی(٤/١١)و عەدالەت (١/١)ونوێبوونەوە (سفر/سفر)و گەندەلی (٤/٨)و چاکسازی(٩/سفر)و ئاین (٧/٦). لەم چارتەدا جیاوازیو هەروەها بایەخی بەکارهێنانی هەر چەمکێک لای نێرەرەکان بەڕوونی بەدیاردەکەوێت. تەنیا تێڕوانینو بۆچوونیشیان دەربارەی هەر بابەتێک بەدیاردەکەوێت. لەئایندا (باپیر) ئەم چەمکەی بەکارهێناوە، کەچی لە مەسەلەی چاکسازی کۆمەڵگە، نەک دامودەزگا ئاینی و فکریی و حزبە ئیسلامییەکان (فەرەج) زۆرتری بەکارهێناوە کە نۆ جارەو (باپیر)یش هیچی بەکارنەهێناوە. ئەمە دونیابینیو بیرکردنەوەی سیاسی ئەم دوو نێرەرە جیادەکاتەوە، هەروەها بایەخی ئەم بابەتە بۆ ورژاندنو هاندانو وریاکردنەوەی گوێگرەکانیان هێلی گشتی سیاسەتەکانیان دەردەخات. ئەوانی دیکەش بەهەمان شێوە.


لەباسی متمانە، بێگومان رەگی ئەم باسە ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بێ متمانەییەوە هەیە، (فرەج) دەیەوێت نیشانی بدات، کە ئامۆژگاری لایەنەکانو خەڵک دەکات بۆ ئەوی متمانەیان لەنێواندا هەبێت، هەروەها لەقسەکردندا متمانەیەکی زۆری بەخۆییو یەکگرتوو هەیە، نیشانی دەدات دەسەڵات بێ متمانەیی دروست کردووە. لەهەمان کاتیشدا لەباسی خودی خۆیو یەکگرتوو جەخت لەسەر متمانەی بەهێزی خۆیان لە بەرانبەر رەخنەی خەڵک نیشان دەدات، هەروەها رەخنەی ئەندامەکانی یەکگرتووشی بەبڕوایەکی پتەو وەرگرتووە.سەرباری ئەوەی نیشانی دەدات کە یەکگرتوو متمانەیەکی بەهێزی

بۆ ئافرەت دروست کردووە، بۆ ئەوەی لەماڵ بێنە دەرەوەو لەیەکگرتوودا پلەو پایەی سیاسیو حزبی وەربگرن. واتە گوتارەکەی (فەرەج) دوو ئاڕاستەی جودای لەخۆگرتووە، ئاڕاستەی یەکەم/ رەخنەگرتنە لەدەسەڵاتو حکومەت کە متمانەیان لەنێوان خۆیانو لایەنەکانو خەڵک نەهێشتووە، ئاراستەی دووەمیش پێدانی هێزە بە خودی خۆیان کە خاوەنی متمانەیەکی بەهێزی خودین، دەیەوێت وێنایەکی ئەرێنی وەکو حزب بۆ خۆیان دروست بکات، لەهەمان کاتدا وێنایەکی سلبیش بۆ بەرانبەرەکەی دروست دەکات.

(باپیر)یش هەمان شت دەکات، بەڵام هێندەی (فەرەج) باسی متمانە بەخود بوونی خۆی نەکردووە. لەباسی متمانەدا ژمارەیەک کارەکتەری دیاری گۆڕەپانی سیاسی هێناوەتە نێو گوتارەکەی خۆی، کە برتین لە (مام جەلال)و (کاک مەسعود)و (نوری مالکی)و (کەسایەتییە سونییەکانی وەکو هاشمیو عساوی..)، ئینجاو تورکیاو کورد بەگشتی. واتا کاتێک باسی نەبوونی متمانە دەکاتو نموونەی ئەو کارەکتەرە سیاسیانە دەهێنێتەوە، بە ناڕاستەوخۆیی دەیەوێت بڵێت تۆڕی لەدەستدانی متمانە پەیوەندی بەو کارەکتەرانەوە هەیە، ئەوە ئێمە نین.. هەتا تاوانبارنەکردنی هەندێکیشیان، بەڵام دەردەکەوێت کە ئەم کەسانە هۆکارنو پەیوەندییان بەکێشەی لاوازبوونی متمانەوە هەیە. کاتێک دەڵێت (مام جەلال) بەرانبەر (مالکی) باش دەستباری نەگرتین، رێک رەخنەیە لەو کەسایەتییە. من پێم وایە ئەمە لاوازی گوتار دەگرێتەوە، کە نەتوانرێت بەشێوەیەکی بڕواپێهێنەرو درستکەری متمانە گوێرەکانی بدوێنێت، یان وەرگرەکانی بجولێنێت.

هێزەی متمانەکە، لەخراپیو لاوازی لایەنە سیاسییەو ناکۆکەکان دەرکەوتووە، نەک پشت بەستن بەمەسەلەی ئیمانو فکر، چونکە (فەرەج) راستگۆیانە ترسو نیگەرانی خۆی لەتووشبوون بەهەمان کێشە دەربڕیووە، ئەگەر لەهەمان پێگەو دۆخی دەسەڵات بن. لێرەدا هەست دەکرێت ئەو لایەنە ئیسلامییەی بەلای نوێبوونەوەو کرانەوەیە، پتر راشکاونە قسە دەکات، ئاماژە دەخاتە سەر کێشەکان. بۆیە دەکرێت بڵێین، بەگشتی نێرەرەکانی گوتاری

ئیسلامی دەیانەویت بێ متمانەیی بکەنە کێڵگەی بەرهەمهێنانەوەی متمانە. دیارە ئەمەش هێز نیشان نادات، بەلکو هێزی هەڵەی لایەنەکان نیشان دەدات، نەک هێزی نێرەرەکە، کە خاوەنی گوتارەکانە. بۆیە متمانە کە دەبێتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی هێز، بەڵام مەرج نییە، رەخنەگرتن لە بێ متمانەیی ببێتە هۆکار بۆ دروستکردنی هێز. ئەمەش رێک لەگەڵ واقیعی گوتاری ئیسلامی سیاسی دێتەوە.




هێلکاری ژمارە (٢٧) گوتاری متمانە

یەکهەڵوێستو یەکڕیز/ ئەم چەمکە وەکو چەمکێکی ئاینی باس نەکراوە، بەلکو چەمکێکی سیاسی سەردەمانەیە، پەیوەستە بەناکۆکی سیاسی نێوان لایەنەکانو پێکهاتەکان. تێڕوانینێکی هاوچەرخانە بۆ رووداوە سیاسییەکان، نەک بۆ ئەرکە ئاینییەکان. واتا دەکرێت بڵێین گوتارێکە لەگوتاری عەلمانیو نەتەوەییو دیموکراسییەکان دەچێت.

محەمەد فەرج//// (بەیەکدەنگی لێرەوە نەڕۆینە بەغدا.. هەر ئەو یەکدەنگ نەبوونەمان دەبێتە لاوازی سەرمێزی گفتوگۆ، ل١٠٤)، (ئەوا یەکهەڵوێستو یەکڕیز دەبین، ل١٠٥). (دەبێتە هۆی گرژیو ئاڵۆزییەکان. ل٣٢). (ئەگەر هەموومان لەدەوری بەرژەوندییە باڵاکاندا کۆ ببینەوە، ئەوا هەموومان کۆکو یەکهەڵوێست دەبین. ل٣٢). (بەڵام بەژەوەندییە تایبەتییەکانە بەرمان دەدەنە یەکتر. ل٣٢). (ئاسانکاری بکات بۆ پێکەوەژیان.... دوور بن لەگرژیو ئاڵۆزی دەسەڵات. ل٣٣). (ئۆپۆزسیۆن ویستویەتی پیاگژان نەبی .... ئۆپۆزسیۆنێکی ئاشتییانەو دوور لەپیاگژانو شەڕبین.... گۆرانکارییەکان بەئاشتی بکرێن. ل٤٣). (واتە پەیوەندییەکانمان لەحاڵەتێکی گرژو ناتەندروست دایە. ل٣٩). (بەهاوبەشیو ئاگاداری هەردوو لابێت. ل٣٩). (ئێستا لایەنە سیاسییەکان ناتەبان، گرژییەکان لەسەر راگەیاندنو فەیسبوک گەرمە. ل٤٠). (لەبەر ئەوە کەسمان پێکەوە تەبانینو ئاڵۆزی لەنێوانماندا هەیە. گرژی هەیە لەپەیوەندییەکانماندا، دەکرێت ئێمە لەپەیوەندی حزبیماندا یەکنەبین، بەڵام ناکرێت ئێمە لەپەیوەندیە سیاسییەکانمان هەر بەئاڵۆزیی بمێنینەوە. ل٤١). (ئێستا ناتەباین، بەقەناعەتی من ئەگەر خەتای ئۆپۆزسیۆنیش بێت ئەوا دەسەڵات پشکی شێری بەردەکەوێت. ل٤١). (ئەرکی دەسەڵات ئەوەیە زەمینەسازی بکات تاکو حزبەکان بەدۆخێکی ئارامو ئاسایشدا بڕۆن، نەک بەدۆخی گرژیو ئاڵۆزیدا تێپەڕن. ل٤٢). (ئەگەر لێرەدا یەکەدەنگ نەبین ناتوانین لەوێش یەکدەنگ بین. ل٤٢). (بەڵام هاودەنگ بووین لەگەڵ پارتیو یەکێتی. ل٤٢). (ئێمە لەبەغدا دەبێت هاودەنگ بین. ل٤٨). (ئەگەر بەیەکەوە بن ئەوا تەواو ئاساناتر دەبێت. ل٤٩). (لەبەر ئەوەی لایەنەکان لێکدابڕانو هەموو دۆسییەکان لەجێی خۆیاندا ماون. ل٤٩). (بەکەمینەو زۆرینە دەیدۆڕێنین، بەڵام بەیەکڕیزی دەیبەینەوە. ل٥٠). (بەداخەوە ئێمە ئێستا خۆمان ناتەباینو بەوانیش دەڵیین تەبا بن، ئێ باشە ئەگەر تەباییو یەکڕیزی باشە، ئەی بۆ خۆمان نایکەین؟ ئەگەر خۆمان تەبا نین چۆن بەوان بڵێین تەبا بن؟ ل٥٦). (لەپاراستنی یەکڕیزیو ئامانجەکانی خۆیانە، کە ئاگایان لێبێت. ل٥٦).

عەلی باپیر//// (رەنگدانەوەی سلبیاتو ناکۆکیو ئاژاوەیە، کە هەیە لەنێوان

سەرۆکی کوتلەکان، ئەلسەباح).(ئێستا ئەم پەیوەندییە لاواز بووە لەنێوان تەواوی دەسەڵاتەکانداو لەنێوان حکوومەتو جەماوەریشدا، ئەلسەباح). (هاوشانی پێکەوەیی هەیە لەنێوان کوتلە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لەمامەڵەکردن لەگەڵ نێوەندا، ئەلسەباح).(بەڵام لەنێوەخۆی کوردستاندا دوو حزب دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە ئەوانیش پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو هەندێ حزبی بچوکیش، کە پشتیوانیان دەکەنو لەبەرانبەریشدا چەند کوتلەیەکی ئۆپۆزسیۆن هەیە، کە خۆی دەبینێتەوە لەبزوتنەوەی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامیی بەدووری دەزانم هاپەیمانیی، یان بەرە دروست ببێت، ئەلسەباح). (ئەگەر سەرکەتوو بووین لەهەوڵەکانمان بۆ یەکخستنەوەی هەڵوێستەکانمان بەشێوەیەکی زیاتر، پاشان روو دەکەینەوە نێوەند، ئەلسەباح). (ئێمە دەمانەوێت ئیش بکەین لەگەڵ هەموو لایەنەکانی تردا وەکو یەک تیم بۆ خزمەتکردنی عێراق لەبەر ئەوەی بەشێکین لەم وڵاتەدا، ئەلسەباح). (مالیکی خۆ تەنیا کێشەی لەگەڵ کاک مەسعود نییە، لەگەڵ مام جەلایش کێشەی هەبوو، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (ئێستا مالیکی (وحدە لاشریک لە) لەگۆڕەپانەکە بەتەنیایەو وەحدانیەتیش تەنیا بۆ خوا چاکە. ئەو برادەرە کەسی قبوولّ نییە، هەفتەنامەی بەیان، ٢٣ی ٤/ ٢٠١٣). (مام جەلال خوا شیفای بدات باش دەستباری لەگەڵ نەگرتین، نازانم هۆکاری چی بوو؟ هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (من وای دەبینم بەوشێوەیە حکومەتی هەرێمو نێوەند پێکەوە نەگونجێن، ئیتر بەرەو لێکترازان دەچن، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (سەرەئەنجامی چارەنووسی کوردو عێراق وادەبینم لێک بترازێن، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (مەگەر مالکی بگۆڕیتو یەکێکی تر بێتە پێشەوە... هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (وەرن بەچاوی دراوسێیەتی تەماشای بکەنو مافی دراوسێیەتی بپارێزن، خاڵی هاوبەشی نێوان مرۆڤایەتیش، کە مرۆڤبوونە رەچاو بکەن، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (جیاوازی نێوان کوردو تورک مەهێڵن، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (هەم فراکسیۆنەکانمان لەپەرلەمان یەک بخەینو هەم لیستەکەش

پێکبێنین، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (تا خۆمان توندو تۆڵ نەکەین، ناتوانین رووبەرووی کێشەکانی حکومەتی نێوەند ببینەوە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (ناتەبایی‌و ناکۆکیی خۆشمان وەکو ئیسلامییەکان‌و ناچالاکی‌و تەمبەڵییشیمان هەیە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤).

لەباسی یەکهەڵویستی‌و یەکڕیزیشدا هەردوو کەسایەتی ئیسلامی لەڕوانگەی رووداوەکانی نێو دەوروبەر باسی کێشەکان دەکەن‌و مەبەست‌و نیازو ئاماجەکانیان لەمبارەوە دەردەخەن. بەڵام بەپێی گریمانەی ئەوەی، کە چۆن‌و لەبەرچی یەکدەنگ‌و یەکڕیز نین؟ ناڕاستەوخۆ گومان‌و رەخنە ئاڕاستەی دەسەڵات دەکرێت، هەروەها گیانی (وریاکردنەوەو ئاگادارکردنەوەو دەرخستنی هەقیقەتی کێشەکان‌و هەواڵی خراپی ناتەبایی سەرۆکی لیستەکان‌و هەواڵی هەڵوێستی (تاڵەبانی)و (مالکی)مان پێدەڵێن، هاندانی تێدایە، ئاگاداریی‌و زانیاری تێدایە). واتە دەتوانرێت ژمارەیەک بنەمای گرینگی کردە قسەیی لەنێو ئەم چەند رستەو گوتن‌و دەستەواژانە بدۆزینەوە، کە لەنێو گوتارەکانیاندا بەکارهێنراون. ئینجا مەسەلەی رەخنەگرتن لەخۆیان، هەروا ستایش و سوپاسگوزاری ناڕاستەوخۆ بەرانبەر ئەو رەخنەیەی لەدەسەڵاتداران دەگیرێت.


هێز/ هێز چەند لایەنێک دەگرێتەوە، هێزی مەعنەوی‌و رادەربڕین‌و بڕوابەخۆبوون‌و متمانەداری‌و پێگەی کەسێتی لەتێڕوانین‌و لێکدانەوەو هەڵوێستدا. هێز وەکو بوونێکی مادی، ئینجا هێزی سەربازیش.


محەمەد فەرج//// (سونە، کە ئێستا هێزی هەیە، ل ١٠١٣). (دەبینە سێ هێزی چەکدار). (ئەم هێزە دەردەکەوێت، کە کێ وەکو قارەمان سەرکەوت و.. ل١٠٣). (هیچ هێزو ئیمکانیەتێکیشمان وەرنەگرتووە، ل١٠٥). (چونکە دەستور هێزو مەعنەوییەتێک دەدات، ل١١١).(ئەمە ئیرادەی گەلێکە کێ دەتوانێت لەبەر ئیرادەی گەل قسە بکات؟. ل١١١).(ئێمە لەکۆمەڵەی نەرمە هێزین، نەرمەهێزیش هێزی لۆژیکی هەیە، نەک لۆژیکی هێز، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەنێو ئەم هێزی لۆژیکەدا بەهەندێک تایبەتمەندی ناسراوە، ل١١٣). (بەشێکی بەهێز،

بەڵام ڕێگەپێنەدراو ،ل١١٥). (دەبێت لێرەدا زۆر ئازا بین، بۆ ئەوەی لەویشیاندا دلێر بین، ل١١٦). (هێزی نەتەوەیی‌و لەچەپ... ل١١٧).(ئێمە باوەڕمان بەئازادی هەیە، ئەوا ئازادی بۆ خۆی واتا دەرکەوتنی جیاوازییەکانە. ل٣١). (بەرژەوەندییە باڵاکان هەمیشە کۆمان دەکەنەوەو بەرێزمان دەکەن. ل٣٢). (ئاستی هێزی ڕازیکردنی ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆن. ل٣٥). (ئۆپۆزسیۆن ئەوەندە بەهێز بێت خۆی بتوانێت ئیئتلاف دروست بکات. ل٣٦). (هەروەکو گوتم ئێمە لەبەرەی بەرژەوندییەکانی خەڵکین، ئەوە هێزیکەو هاتووە دەیەوێت بێتە سەر نیشتیمانەکەت تۆ. ل٤٢). (بەهەماهەنگی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە. ل٤٢). (ئەمەش تەحددایە لەهەرێم، من بەواجبی خۆمی دەزانم هەڵوێستم لەسەری هەبێت، ڕاستە من ئۆپۆزسیۆنم، بەڵام خۆم بەخاوەن دەزانم. ل٤٣). (ئێمە بەو گیانەوە هاتین‌و لێشی پەشیمان نین بەردەوام دەبین. ل٤٧). (ئێمە قسەی خۆمان بەو لایانەش گەیاندووە. ل٥٠). (ئێمە سوپاسی خەڵک دەکەین، کە بەدڵسۆزییەوە ڕەخنەمان لێبگرێت. ل٥٣). (ئێمە ئەو دۆستایەتییە بەبێ ڕێزیەوە سەیر ناکەین کاتێک ئەو دۆستایەتییە بەدۆستایەتییەکی پتەو بزانین. ل٥٥). (کاتێک دەبینین چاکە لاواز بووە دەبێت بەهێزی بەکەین‌و کاتێکیش خراپە بەهێز بووە دەبێت لاوازی بکەین. ل٥٨). (وابزانم، ئێستا قسە زۆر دەکرێت تەنانەت ڕەخنەش لە من زۆر دەگرن‌و دەڵێن: دەبێت ئەوە نەکەیت‌و نەڕۆیت بۆ ئەوێ‌و وابکەیت، زۆر بەشتێکی ئاسایی وەرمانگرتووەو هیچ گرفتێکیشی دروست نەکردووە. ل٥٩). (توانیمان ژن لەماڵەوە بهێنینە دەرەوە. ل٦٢). (ئێستا ئێمە یەکەم حزبین لە کوردستان، کە دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی خوشک بن‌و نۆ ئەندامی سەرکردایەتی ئافرەت، کە لەنێوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شتی و نەبووە. ل٦٣).

عەلی باپیر//// (ڕۆڵی پەرلەمان لەئێستادا زۆر لاوازە، ئەلسەباح). (بەڵام ئێستا دەبینین ئەم پەیوەندییە لاواز بووە، ئەلسەباح).(هەر وادەکەم، چونکە مالکی تا ئێستا سێ گفتی بە من داوەو هیچیان ڕاست دەرنەچوون، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (من دەپرسیم شەریکە سیاسییەکانی نووری

مالکی کێن؟ هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (هەرچەندە زروفی تەبدیلمان هاتبووە بەردەست، مام جەلال خوا شیفای بدات ، باش دەستباری لەگەڵ نەگرتین، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤).(ئێوە وەرن جیاواز لەرژێمەکانی پێشتر، کە عەلمانی بوون، قەیرانەکان چارەسەر بکەنو رووی تورکیا سپی بکەنەوە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (گوتومە دەبێت باسی خۆشمان بکەینو چارەسەری کێشەکانی کوردستان بکەین، تاکو خۆمان رێکو توندوتۆڵ نەکەین ناتوانین رووبەروی کێشەکانی حکومەتی نێوەندی ببینەوە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (ئێمەو یەکگرتوو دەنگێکی زۆرمان هێنا، تەندروستیکاران بەهەمان شێوە دەنگێکی زۆرمان هێنا، تەماشای پێشانگای کتێبی هەولێر دەکەیت تاکو کتێبێکی مەشەرەب عەلمانی دەفرۆشرێت دە کتێبی مەشرەب ئیسلامی دەفرۆشرێت، تەماشای خۆپیشاندانی ئیسلامییەکان دەکەیت، بەشدارییەکی زۆر هەیە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (بەڵام نامەوێت خۆمانی لێ ببورێمو بڵێم ئێمەش هۆکار نین، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (هەرکەسێک کەشتەکانی منی پێ هەزم ناکرێت، من گلەیی لێ ناکەم، باکگراوەندە فکرییەکەی ئەوەندە رێگەی دەدات، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤).





چارتی ژمارە (٢) بەکارهێنانی چەمکەکان لەنێوان فەرەجو باپیر

مەسەلەی هێز، ئەو هێزی کردە قسەییە نییە، کەئێمە دەمانەوێت لەشیکاری گوتاری ئیسلامی سیاسی پشتی پێببەستین، ئەو هێزەی ئەم دوو کارەکتەرە ئیسلامییە باسی دەکەن، (هێزی بەرجەستەی نێو کۆمەڵگەو پێکهاتەکانو هێزی مادیو سەربازییو حوکمڕانییو قبوڵکردنی دانپانانی راستییە...تد). واتە هێزێکی کاریگەری وشە بۆ راپەراندنی کارێکی گەورەی جیاواز لەکارە قسییەکانی خەڵکی دیکە نابینرێت. لەچارتی ژمارە (١) ئاڵۆزییو هەروەها هاوبەشیو ئینجا جیاوازیی زۆنی هەر یەکێک لەم نێرەرانە بەدیاردەکەوێت، لەگەڵ بوونی تۆڕێکی ئاڵۆزی خودی گوتارەکە، کە هەر چەمکو بوارێک چەندە گرینگو جێگەی بایەخە لەکاتی بەکارهێنانو بەرجەستە کردنی بوارەکان لەخزمەتی خودی گوتارەکەدا. لەچارتی ژمارە (١)داسادەییو شێوەی ئاسۆیی بەکارهێنانی چەمکەکانو بەرجەستە کردنی لەپرۆسە گشتیەکەی گوتار نیشان دەدات، بەڵام لەچارتی ژمارە (٢)دا پەیوەندییە جالجالۆکەییەکەی گوتار لەشێوەی تۆڕی پەیوەندیکردنو یەکتربڕینو جیاوازییو تێکەڵبوونی زۆنی چەمکەکان نیشان دەدات.

بێگومان نامانەوێت بڵێین، ئەمجۆرە گوتارە هێزی تێدانییەو قسەکان هیچ کاریگەریان نییە، بەپێچەوانەی بەهۆی دابەشبوونی (وەرگر/ گوێگر/ بەکارهێنەران) بەسەر دەوروبەری حزبیو ئاڕاستەی سیاسیو ئاینی جودا، ئەو هێزی کردە قسەییە، واتە هێزی وشەو بەکارهێنانی قسە لەمبارەوە بەدیهێنەری هێزی گوتارەکە نییە، بەقەد ئەوەی دەیانەوێت هێز بدەنە وەرگری گوتارەکانیان، نەک خودی گوتارەکانیان. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە نێرەر دەیەوێت هێزی قسەکانی بگوازێتەوە بۆ یەکەبەیەکەی وەرگرە تایبەتییەکانی ئەو کێڵگە فکریو حزبیەی تێیدا دەژین، نەک هێز دروستکردن لەرێگەی بەکارهێنانی قسەکردنەوە. کەواتە ئەمە پەیوەندی بە ئاستی نەخوێندەواری وەرگرەکانەوە هەیە، نەک ئاستی خوێندەواری وەرگرەکانەوە. لەم دۆخەدا گوتاری ملکەچێکردن بەرهەم دێت، کە هێز بەخش نییە، تەنیا هۆکارە بۆ جولاندنی هەستونەست.




هێلکاری ژمارە (٢٨) هێزی کردە قسەو هێزی کردەی ملکەچپێکردن

دەستورو یاساو هەڵبژاردن/ لێرەدا، کە باسی ئەم چەمکانە دەکەین بەتەواوی لەنێو گوتاری هاوچەرخی گشتیدا دەخولێینەوە. واتا دۆخی مەدەنی بوونو کۆمەڵگەی مەدەنی بەرجەستە دەبێت، نەک یاساو ڕێسایەکی ئاینی وابەستە بەدەقی باڵاو خەلیفەو ئەمیرو شورا. ئەمەش بەجۆرێک لەگوتاری نوێبوونەوەو گونجان لەگەڵ سەردەمو تێکەڵبوون لەگەڵ بنەما عەلمانییە هاوچەرخەکان دادەنرێت، نەک مەدەنی بوون، کەهەندێک بەناوەند لەنێوان دەوڵەتی (عیلمانیو ئاینی) دادەنێن. ئەمجۆرە گوتارە گوتارێکی عەلمانییە، هیچ واتای لاوازییو خراپ دانانرێت، بەڵکو گونجانێکی لەبارە بۆ هاوچەرخبوونی ئیسلامی سیاسی.

محەمەد فەرج//// (کێشەی دەستورمان هەیە. ل١١٠)، (دەبێت دەستور سازانی لەسەر بکرێت. ل١١٠). (سازان بکرێت لەسەر دەستور. ل١١١). (ئەم پرسە لەنێو دەستوردا بێتو دستوریش لەپەرلەماندا بێت. ل١١١). (لەڕووی یاساییو سیاسی، ل١١١).(بێگومان دوایی بەشە یاساییەکەی زاڵ بێت. ل١١٢). (گرینگ ئەوەیە دەستوور ڕێگای پێبدرێت. ل١١٢). (جێگای خۆتان لەدەستووری سووریادا بکەنەوە. ل١٢٣). (بۆیە دەبێت چاودێری دەسەڵات بینو ڕەخنە لەدوو شت بگرین: لەمومارەسەی نایاساییانەی، کە دەیکات. ل٣٤). (لەڕێگەی ئاشتیانەو سندوقەکانی دەنگدانەوە دەبێت. ل٣٥). (ئەو هێزە هاتنەکەی بەشەرعی بێت تەواو تۆ قسەت نییە، بەڵام هاتنەکەشی ناشەرعییە. ل٤٢). (لەمادەی ٢١ی دەسوری عێراق لەبرگەی ٥ هاتووە. ل٤٢). (دەبێت دەسەڵاتی عێراقی فیدراڵ بەئاگاداری ئەوان ئەو کارە بکات. ل٤٣). (چونکە سەرۆکایەتی هەرێم دەزگایەکی شەرعیو باڵای جێبەجێکردنە لە هەرێمی کوردستاندا سەڵاحیاتێکی یاساییو دەستوری هەیە. ل٤٣). (لە٢٠٠٣ەوە ئەو مافە دەستورییەی کە هەمانە لەجێگای خۆیەتی. ل٤٣). (ئێمە پابەندین بەدەستورەوە ل٤٤). (ئەمە عەیبەیەکی گەورەیە، هەتا ئەو دەستوورە دەردەچێت ئێمە پابەندین بەدەستووری عێراقەوە، واتە سیستەم لەعێراق سیستەمێکی کۆماری پەرلەمانییە. ل٤٤). (دەستور دەبێت دەستکاری بکرێت. ل٤٤). (لەواقیعدا دەستوور وەهایە، کە عێراق وڵاتێکی فیدراڵی یەکگرتووی پەرلەمانییەو سیستەم تێیدا کۆماری پەرلەمانییە. ل٤٤). (ئەمە ئەگەر لەدەستووری هەرێمیشدا بێت دەبێت هەروا بێتو نابێت بگۆڕێت. ل٤٤). (کۆمەڵێک یاسا هەیە ڕەهەندی نیشتیمانیان هەیە، یەکێکیان یاسای ئەنجوومەنی ئاسایشە. ل٤٤). (گەڕانەوەی ئەو یاسایانەی ڕەهەندی نیشتیمانیان هەیە، یەکێکیان ئەم یاسایە بوو. ل٤٥). (یاسا بۆ خزمەتی خەڵکە نەک بۆ خزمەتی کۆمەڵێک کەس. ل٤٥). (ئەمە دوو شتەو پێکەوەن، پێکهاتەکەیو سەرۆکەکەی لەنێو یاساکەدا هەن. ل٤٥). (دەعوامان لەسەر تۆمار کردوون لەهێزە فەرمییەکانی حکومەت. ل٤٦). (جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ بەهەردوو بەشەکەی. ل٤٧). (چونکە یاسای نییە. ل٤٨). (ئەو یاسایانەی،

کە ئێستا لەپەرلەماندان ئەوا هەموو بەڕێ دەکرێن. ل٤٩). (بەدیار داگاوە نەوەستاوین. ل٥٢). (ئێمە داوامان لەسەر تۆمار کردووە. ل٥٢). (لەکۆنگرەشدا خاڵی یەکەم لەستراتیجیەتی ئێمە پەرەپێدانی ئەو مافە دەستووریانەیە. ل٥٦). (مافی بنەڕەتی هەر هاووڵاتییەکە، کە یاسا دیاری دەکات. ل٦٠). (هەر کەسێک ئەو مەرجە یاسایانەی تێدا بێت دەتوانێت خۆی کاندید بکات. ل٦٠). (دیارە ئێمە گەمەی دیموکراسیمان هەڵبژاردووە یەکێک لەو گەمانەش هەڵبژاردنە. ل٦٠). (هەڵبژاردنیش دوو توخمی هەیە توخمی دەنگدانو توخمی کاندیدکردن. ل٦٠). (ئێمە لەیەکگرتوو ئەم مەسەلەیەمان یەکلاینەکردۆتەوە ئایا کاندیدمان هەبێت یاخود نا. ل٦١).

عەلی باپیر//// (پێویستە لە سەر پەرلەمان بەشێوەیەکی کردەیی مەرجەع بێت بۆ یاساکان، ئەلسەباح). (پەرلەمان تەمسیلی دەسەڵاتی یاسادانانو ئیرادەی گەل/ ئەلسەباح). (دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن دەتوانن هەموو پرسەکانو یاسا گرنگەکان یەکلایی بکەنەوە، رۆژنامەی ئەلسەباح). (ئەگەر بارودۆخەکە هەر وەکو ئێستا بمێنێتەوە نزیکەی ٪٩٠ لەدۆسیەو یاسا گرینگەکان رەوانەی خولی داهاتوو دەکرێت، ئەلسەباح). (پێشتر باشبوو دەمان بینی پرۆژە یاساکان لەحکوومەتەوە دەهات، ئەلسەباح). (داواش دەکەین کۆمەڵێک یاسا پەسەند بکرێت، ئەلسەباح). (کە ئەنجوومەنی نوێنەران ناتوانێت دەنگی لەسەربدات، ئەلسەباح). (لەگەڵ هیچ داواکاریەکیش دانین، کە پێچەوانەی دەستورو عەقڵو مەنتیقو بەرژەوەندی گشتی بێت، ئەلسەباح). (جێبەجێ کردنی مادی ١٤٠، ئەلسەباح). (یەکلایکردنەوەی یاسای نەوتو غازو چەندین کێشەی تریش، ئەلسەباح). (یان بەرە دروست ببێت بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکانو پەرلەمانی کوردستان، ئەلسەباح). (ئەگەر یاسای هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی راست پەیرەو بکرایە، ئەلسەباح). (یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامییش دەوڵەتێکی فیدراڵ بووە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (شێوەی هەڵبژاردن چەند جۆرێکی هەیە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (جارێ دیار نییە هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستان چ جۆرێک دەبێت، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤).

(کەسێکمان هەر دەبێت کاندیدی بکەین، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (قسە لەسەر یاسایەکە، کە تاکو چەند ڕێگەی کاندیدنکردنەوەی جەنابی کاک مەسعود دەدات، ئێستا سەرقاڵی ئەوەن ئاخۆ ڕێگە هەیە جارێکی دیکە کاک مەسعود کاندید بکرێتەوە، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (لەبەر ئەوەی ئەو هەڵبژاردنانەی تاکو ئێستا ئەنجام دراون ساختەکاریو فڕوفێلی زۆریان تێدا کراوە من ناتوانم بڵێم ئەو دەنگانەی، کە هەن، دەرخەری حەقیقەتی رای خەڵکە بەڕاستی، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (کەسانێک هەبوون بەشداری لەپەرلەمانو هەڵبژاردنیان پێ کوفرو شیرک بوو، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (لەوێدا گوتوومە کێشەی ئێمە بەوەندە چارەسەر نابێت، کە هەڵبژاردن بکەین، هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤). (دەمگوت ئەو کولتوورە سەقەتەی بەعس لەم وڵاتە چاندویەتی ئایا بەوەندەی پەرلەمانێک هەڵبژێرین، کۆتایی دێت؟. هەفتەنامەی بەیان ٢٣ی٢٠١٣/٤).

لەباسی یاسادا (فەرەج) (٣٦)جار باسی یاسایی وپەرلەمان و هەڵبژاردن و دەستووری بەکارهێناوە و (باپیر)یش (٢١)جار ئەم مەسەلەیەی لەگوتارەکەیدا ئاماژە پێکردووە. دیارە زۆر گرینگە گوتاری ئیسلامی سیاسی لەجیاتی باسکردنی شوراو شەریعەت، بایەخ بە دەستورو یاسا و پەرلەمان و هەڵبژاردن بدەن، ئەمە گۆڕانکارییەکی بەرچاوە لە کاری ئیسلامی سیاسیدا، هەروەها بۆ کۆمەڵگەی مەدەنیش گرینگە ئیسلامییەکان بایەخ بە مەسەلەی یاسا و ئەو بنەمایانە بکەن، کەدەبنە هۆکار بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی.

بەڵام دیسان کەباسی یاساو بەدیهێنانی کاروبارەکانی بەڕێوەبردنی وڵات لەڕێگەی (دەستور، پەرلەمان، هەڵبژاردن) دەکرێت، واتای ئەوە بەدەستەوە نادات، کە هێز و عەقڵیەتێکی یاسایی لەپشت ئەم گوتارانەیە.

ئەم گوتارە، گوتاری هێزی جێبەچی کردنو بەدیهێنانو سەپاندنی ئیرادەیەکی بەهێزی یاسایی نییە، بەلکو رەخنەیە، رەخنەکەش لەواقیعێکی بەهێزو دەسەڵاتی گوتارەکەوە نەهاتووە، بەلکو لەواقیعێکەوە هاتووە، کە

گوتاری دەسەڵات، گوتارێکە رەخنەلێگرتنی بۆتە کارێکی باو، تەنیا هەندێک لەرێگەی رەخنەگرتنەوە دەیانەوێت مەسەلەی یاساییەکان جوان بکەن‌و بیکەنە خاڵی بایەخ پێدان لای وەرگرو گوێگرەکانیان، واتا مەبەستی ئەمجۆرە گوتارە، رەخنەیە لەپێناو کەمکردنەوەی پێگەو بەهای دەسەڵات، نەک بەهێزکردنی بواری یاسایی. لەم گوتارانەدا باس لە کێشە یاساییەکان، نەک خودی یاسا.

ئامانجی ئەمجۆرە گوتارە، ئاگادارکردنەوەی وەرگرە تایبەتییەکانیانە لەبارەی کێشەی یاسایی، هوشداری دانە بەگوێگرە دەسەڵاتدارەکان، هاندانی گوێگرە بەئاراستەی وروژاندن‌و دواتریش ئاژاوە، چونکە لێرەدا بەراشکاوی باسی ئۆپۆزسیۆنیش، وەکو داکۆکی کارێک لەبوارە یاساییەکان‌و هەروا تێڕوانین دەربارەی هەڵەکان کراوە.

(باپیر) قوڵترو دوورتر لەیاسا باسی کێشەکان دەکات، کەپێی وایە مەسەلەکان بەتەنیا هەڵبژاردنی پەرلەمان کۆتایی نایەت و کەلتوری بەعس کۆتایی نایێت. واتە ئەو باسی چارەسەر ناکات، باسی هۆکارەکان‌و مانەوەی هۆکارەکان دەکات. ئەو رەخنە دەگرێت، نەک پێشکەشکردنی چارەسەری، ئەو ئاگادارکردنەوەی کردۆتە مەبەستی گوتارەکەی، نەک راپەراندنی کردەیەک، کە دەسەڵاتی گوتاری تێدا جێبەجێ ببێت. هەروەها دەڵێت: «لەگەڵ هیچ داواکاریەکیش دانین، کە پێچەوانەی دەستورو عەقڵ‌و مەنتیق‌و بەرژەوەندی گشتی بێت». گریمانەی ئەوە دەکەین کە (باپیر) لەنێو بازنەی (پابەستبوون بەدەستور) هەڵسوکەوت بکات، کەسێکە لەسەر بنەمای (عەقڵ)و (مەنتیق) هەڵسوکەوت دەکات‌و (بەرژەوەندی باڵا)شی کردۆتە پێوانە بۆ رێزگرتنی مافی هاووڵاتیان. واتە ئێمە گریمانەی نەبوونی (عەقڵ‌و مەنتیق) دەکەین، پێشێلی دەستورو یاساو سەپاندنی بەرژەوەندی حزبی‌و سیاسی‌و کەسی لەئارادیە.

(فەرەج) لەبەشێکی ئەو گوتنانەی دەربارەی یاساو دەستور کردوویەتی دەڵێت: «دەبێت چاودێری دەسەڵات بین‌و رەخنە لەمومارەسەی نایاساییانەی، کە دەیکات». گریمانەی ئەوە دەکەین، کەئەرکی ئەمجۆرە گوتارە تەنیا

چاودێرییە، لەدۆخی خراپەدا، چونکە باسی مومارەسەی نایاسایی دەسەڵات دەکات. هەروەها گریمانەی ئەوە دەکرێت، ئەمجۆرە گوتارە هیچ دسەڵاتێکی نەبێت، تەنیا ئەرکی رەخنەیە، چاودێرییە، ئینجا باسکردنیەتی.

لەم بوارەدا دەردەکەوێت کە هەردوو کارەکتەری ئیسلامی لەم روانگەیەوە گوتارەکانیان بۆ وەرگر پێشەکەش کردووە:

**یەکەم**/ گوتارێکە لەسەر بنەمای یاسا مەدەنییەکان رۆنراوە، هیچ ئاماژەیەکی بۆ دەقی باڵای ئاینیو شەریعەت نەکردووە.


**دووەم**/ گوتارەکەیان رەخنەیە، نەک راپەراندنی ئەرکێکی جێبەجێ کردن.

**سێیەم**/ گوتارەکانیان دەسەڵات نییە، چونکە لەبەشەکانی پێستر گوتمان خودی گوتار دەسەڵاتە، نەک ئامرازێک بێت بەدەست دەسەڵاتەوە. ئەوەی ئەم دوو کارەکتەرە لەبواری چەمکی یاسایی پێشەکشیان کردووە، رەخنەیە، هاندانە، دەرخستنت کەموکورتییەکانە.


**چوارەم**/ گوتارەکانیان نیشاندانی کەموکورتیو کارە نایاساییەکانە، نەک خودی ئەو هەنگاوانەی دەبێت لەرێگەی گوتارەوە بکرێنە کردەو بەدیبهێنرێن.

**پێنجەم**/ نێرەر هیچ بەرپرسیاریەتییەکی یاسایی بۆ خۆی دانەناوە، تەنیا کەباسی نەویستنی هیچ شتێک لەدەرەوەی (عەقڵو مەنتیق) دەکەن، لەبنەڕەتدا دەیەوێت بڵێت (عەقڵو مەنتیق) بوونی نییە، بۆیە ئێمە رەخنە دەگرین. کەواتە لەپلەی یەکەمدا مەبەستی بەدیهێنانی نییە، بەلکو مەبەستی ئاشکراکردنی نەبوونی عەقڵو مەنتقیە لە پرۆسەکەدا، ئینجا لە پلەی دووەمدا دەیەوێت نیشانی گوێگرو وەرگر بدات، کە نێرەر کەسێکی متمانەداری جیایە لەگەڵ ئەوانی دیکە. قسەکانیان خۆ بەسوپەرکردنی لەبەرانبەر کێشەکان تێدایە، کەچی لەکردەوەدا هیچ سوپەرمانێکی گوتارە ئیسلامییەکان نابنە رزگارکەری کێشەکان.

## ٣-٥ بەراوردی بەرکاهێنانی چەمکەکان لای (فەرەج)و (باپیر)




چارتی ژمارە (٣) بەکارهێنانی چەمکەکان لای (فەرەج)و (باپیر)




چارتی ژمارە (٤) بەکارهێنانی چەمکەکان لای (فەرەج)

بەپێی چارتی ژمارە (٤) بایەخدان لە گوتارەکەی (فەرەج٠ بەمەسەلەی یاسا و دەستور، بەرێژەی ٪١٧ەیە، کەئەم نیشانی دەدات ئەم نێرەرە ئیسلامییە، کاری کردووە نیشانی وەرگری گوتارەکەی بدات، کە ئەوان بایەخ بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و یاسایی و دەستوری دەدەن، بۆیەشە هەر لەم روانگەیەوە بەرێژەی ٪١٥، ئاماژە بەچەمکی خەڵک دەکات، دیارە ئەم دوو چەمکەی لە ئەنجامی متمانە بەخۆبوون خستۆتە پلەی یەکەم و دووەم، دەبینرێت لەپلەی سێیەمدا بەرێژەی ٪١٣ بایەخی بە درەخستنی باس و بابەتی متمانە و بڕوابەخۆبوون و نەبوونی متمانەو کاریگەری نەرێنی ئەم بوارە کردووە. ئینجا لەپشت متمانە دەیەوێت هێز نیشان بدات کەبەرێژەی ٪١١ بەکاریهێناوە. دواتریش دێتە سەر یەکهەڵوێستی و یەکڕیزی بەرێژەی ٪١٠ ئاماژەی بۆکراوە.


ئینجا لە٪٦ باسی فکرو بیروباوەڕی کردووە و دواتیرش بەرێژەی ٪٥ ئاماژەی بە رۆلی چەمکی ئاشتی ئاشتەوایی کردووە، بەرێژەی ٪٤یش باسی گەندەڵی و چاکسازیی وگەل و مەزهەبی کردووە. دوای ئەوەش بەرێژی ٪٣ باسی چەمکەکانی ئاین و نەتەوەو ئایدیۆلۆجیای کردووە. هەروەها چەمکی عەدالەتو نوێبوونەوەشی بەرێژەی سفر بەکارهێناوە. واتە مەبەستمە بڵێم کە خراپترین بایەخدان لەگوتارەکەیان مەسەلەی عەدالەت و نوێبوونەوەیە.


ئەگەر سەیری خشتەکە بکەین دەبینرێت کە (فەرەج) بەرێژەی ٪٤٤ی زۆن و توانا و وزەی قسەکانی خۆی بۆ تەنیا چوار چەمکی (دەستورو یاساو متمانەو هێزو یەکهەڵویستیو فکرو بیر) تەرخان کردووە. کەچی لەبەرانبەردائەم نێرەرە ٪٥٦ی توناو وزەو زۆنی قسەکانی بۆ ئەم چەمکانە تەرخان کردووە، بەمجۆرە:(ئاین، چاکسازی، گەندەڵی، نوێبوونەوە، عەدالەت، ئاشتی، خەڵک، گەل، نەتەوە، ئایدیۆلۆجیا، مەزهەب).

ئەم دابەشکردنە پێناچێت بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو بێتو نێرەر بەر لە قسەکردن بەرنامەی بۆ داڕشتبێت، تا چەندە تا بتوانێت بەپێی (ئامانجو مەبەستو گرینگیو بایەخی هەریەکێک لەم چەمکانە) زۆنی قسەکردنو وزەی

ئاخافتن‌و رێژەی بەکارهێنانی هەریەکێکیان بەشێوەیەکی رێکوپێک‌و یەکسان، یان بەپێی ئەو بایەخەی نێرەر هەیەتی بۆ هەریەکێک لەچەمک‌و دۆخەکان کاری لەبارەوە بکات. واتا مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە بەکارهێنانی ئەم چەمکانە بەپێی بەرنامەیەکی لەپێشینە و کار لەسەر کراو نییە، بەلکو رەشۆکی‌و بەرێککەوتە رێژەکان دوای راپەراندنی گوتارەکە بەمجۆرە دابەشبوون.

ئەمەش بەیەکێک لەگرفت‌و کەموکوتییەکانی گوتارو چۆنیەتی دابەشکردنی رێژەی بەکارهێنانی چەمکەکان‌و بایەخی هەریەک لەم چەمکانە لای نێرەر دەردەخات، بێگومان ئەمە کاریگەریی لای وەرگرو گوێگرەکانیش دەبێت. چونکە هەر چەمکێک لای وەرگرەکانی گوتارەکە (دۆخێکی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و دەروونی‌و فکری) تایبەت بەخۆیان هەیە. بۆیەشە ئاساییە کاریگەریی گوتارەکە‌و کارتێکردنی دەروونی‌و وروژاندن لای وەرگرەکان بەپێی رێژەی بەکارهێنانی چەمکەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێت.







چارتی ژمارە (٥) بەکارهێنانی چەمکەکان لای (باپیر)

بەپێی چارتی ژمارە (٥) ئەم نێرەرە ئیسلامییە سیاسییە، بەمجۆرە کاری کردووە، چەمکو پەیامو مەبەستەکانی خۆی بگەیەنێتە گوێگرەکانی. دەستورو یاسای بەرێژەی (١٧٪) و خەڵک بەرێژەی (١٥٪)و متمانە بەرێژەی (١٣٪) و هێز (١١٪)و یەکهەڵوێستی بەرێژەی (١٠)و فکرو بیر (٦٪)و ئاشتی (٥٪) و هەریەکێک لە گەلو ئایدیۆلۆجیاو گەندەڵیو چاکسازی بەرێژەی (٤٪)و مەزهەبو نەتەوەو ئاینی بەرێژەی (٣٪) بەکارهێناوە. کە لەبواری نوێبوونەوەو عەدالەتدا وزەی قسەکردنی بۆ ئەم بوارە تەرخان نەکردووە. ئەگەر سەیری چارتی ژمارە (٥) بکەین بۆمان دەدەکەوێت نیوەی ئەو تواناو شێونەی بۆ چەمکەکانی داناوە کە دەکاتە ٪٥٠، بۆ چەمکی (دەستورویاساو متمانەو هێزو یەکهەڵویستییە). ٪٥٠ ەکەی دیکەش بۆ تێکڕای چەمکەکانی دیکە بەکارهێنراوە کە بریتین لە (ئاین، چاکساز،گەندەڵی، نوێبوونەوە، عەدالەت، ئاشتی، خەڵک، گەل، نەتەوە، ئایدیۆلۆجیا، مەزهەب،فکرو بیر).


ڕێژەو ئاستو زۆنی بەکارهێنانی چەمکەکان، واتە تەرخانبوونی ٪٥٠ ی هەموو گوتارەکە بۆ چەند چەمکێکو لە٪٥٠ەکەی دیکەش بۆ زۆربەری

